گۆڤاری ئەدەبی- فەرهەنگیی خوێندکارانی

ئەنجومەنی زانستیی زمان و وێژەی کوردی

ژمارەی ٤، بەهاری ١٣٩٨ی هەتاوی

زانستگای کوردستان

جێگرایەتیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی



## فایلی تایبەت

• شێخ نووری شێخ ساڵح

## ڕەخنەی وەرگێڕان

• خوێندنەوەی ٧ بەرهەمی وەرگێڕدراو بۆ کوردی

• کارەسات و فاشیزم

• کابووکێ، ئۆرکێستریک بۆ هەموو وەرزەکان

• کورد و ئەدەبیات لە یەکێتیی سۆڤیەتدا

• چیرۆکی سەروەری و گەورەیی

• نەورۆز، جەژنا بهارێ

• پرسیاری بێوەڵام

هەواڵنامەی کتێب

## ناسنامە

ڕەشترین قوڵەی ئافریقام
بۆچی بە من پێدەکەنی؟ خۆ ڕەنگم نا،
باسی بەختم دەکەم، بەختم

تەنیاترین مرۆڤی نێو قەرەباڵغیی ئەم دونیایەم؛
باسی ڕۆحم دەکەم، ڕۆحم

بێکەسترین لەدایکبووی سەر ئەم خاکەم؛
دە بەس قاقام بۆ بکێشە،
باسی شیعرم دەکەم، شیعرم

مارف ئاغایی

هەواڵنامەی کتێب

# ئاوزین (۴)

## گۆڤاری ئەدەبی_فەرهەنگیی خوێندکارانی ئەنجومەنی زانستیی زمان و وێژەی کوردیی زانستگای کوردستان


**خاوەنی ئیمتیاز:** ئەنجومەنی زانستیی زمان و وێژەی کوردی

**ڕاوێژکار:** د. بەختیار سەجادی

**سەرنووسەر:** توورەج خەسرەوی

**بەرپرس:** فەرهەنگ مستەفانژاد

**بەرپرسی ڕاهێنان:** شلێر ڕەحمانی

**بەرپرسی توێژینەوە:** زانا ڕەشیدی

**بەرپرسی فەرهەنگی:** سومەیە یووسفیان

**بەپرسی فێرکاری:** شەقایق حەسەنزادە

**بەرپرسی زانستی:** ئێحسان میرەکی

**بەرپرسی پێوەندی:** سارا سەیجانیوەندی

**بەرپرسی ئەرشیف:** ڕۆژین مورادی

**جوانکاریی لاپەڕەکان:** ئاوزین

**پێداچوونەوە:** سومەیە کەریمی



**ناونیشانی گۆڤاری ئاوزین:** سنە، زانستگای کوردستان، کۆلێجی زمان و وێژە، نووسینگەی ئەنجومەنی زانستیی زمان و وێژەی کوردی.

**کۆدی پۆستی:** ٦٦١٧٧١٥١٧٥

**ئیمەیل:** awzin1394@gmail.com





هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


**سەروتار** ٦

**چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا (٣)** ٩

سەیدیی هەورامی ٩

تاهیربەگ جاف ١٥

مەستوورەی ئەردەڵان ١٩

**فایلی ژمارە: شێخ نووری شێخ ساڵح** ٢٢

پێشەکی ٢٣

ژیاننامەی شێخ نووری شێخ ساڵح ٢٥

نوێخوازی لە شیعری شێخ نووری شێخ ساڵحدا ٢٨

تیۆریی ئەدەبی لە نووسینەکانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا ٣٥

**وتار** ٣٩

کارەسات لە نێوان فاشیزم و ساکارسازیدا ٤٠

«چیرۆکی سەروەری و گەورەیی» ٤٧

نەورۆز، جەژنا بهارێ ٦٩

کورد و ئەدەبیات لە یەکیەتی سۆڤیەتدا ٧٧

دێرە زێڕینەکانی مێژوو ٨٤

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی گابۆڕ ٨٩

**ڕەخنەی وەرگێڕان** ٩٤

کەلیدەر ٩٥

شازدە ئەحتجاب ١٠١

دیرۆکی ئافراندن ١٠٧

دایە باوە کێ خراوە؟ ١١٤

شلم شوربا ١١٧

ماسییە ڕەشە بچکۆلە ١٢١

مۆرانە ١٢٧


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| **هونەر** | ١٣٢ |
| کابووکێ | ١٣٣ |
| پرسیاری بێوەڵام | ١٦١ |
| تەمبوور | ١٩٨ |
| کورتەیەک لە مێژووی وێنەکێشان لە کوردستان‌دا | ٢٠٤ |
| **ڕەنگامە** | ٢٠٩ |
| کورتە پێناسەیێکی دوو قوتابخانەی کفری و ڕوانگە | ٢١٠ |
| پێگەی خشڵ و زەنبەر لە مەم و زیندا | ٢١٣ |
| بەشی دەنگیی کتێبخانەی نابینایانی زانستگای کوردستان | ٢١٥ |
| مەشکە | ٢١٨ |
| **ڕەخنە لە ئاوزین** | ٢٢٤ |
| پێداچوونەوەیەک بۆ ناوخۆ | ٢٢٥ |
| **چیرۆک** | ٢٢٩ |
| کفتەی کەر | ٢٣٠ |
| باران | ٢٣٣ |
| پیرەپیاوی سەر پردەکە | ٢٣٦ |
| **شیعر** | ٢٣٩ |
| تاراوگەی بیرەوەرییەکان | ٢٤٠ |
| درەنگ ... | ٢٤١ |
| **بەرهەمە تازەچاپکراوەکان** | ٢٤٢ |

هەواڵنامەی کتێب

# سەروتار

وتەیەکی باوە دەڵێن «گۆم هەتا قووڵتر بێت، مەلەی خۆشترە». ئەم ڕستەیە لەو پەڕی کورتیدا، ناخی مەبەستەکە دەردەخات و تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی بەردەنگ بۆ کاکڵی باسەکە ڕادەکێشێت. لە ئاقاری ئەدەبدا کە بۆخۆی گۆمێکی قووڵی بێبنە و تا ڕۆ دەچیتە نێو لقێکیەوە، بە هەزارەوهەزارێکدا ڕاپێچت دەکات و پێ دەخەیتە جیهانێکی دیکەوە، ئەم فرەلایەنی و بە هەموو بارێکدا تەشەنەسەندنە، زەمەن شەرمەساری خۆی دەکات و وەکوو ئەوەیە دەریایەک لە گۆزەیەکدا جێگە بکەیتەوە. جوانی ئەدەب لەوەدایە کە سنوور و بەربەستێکی بۆ دیاری ناکرێت و کەسیش ئەوەی لا پێویست و پەسەند نییە و هەر چەشنە جیاکاری و پۆلبەندییەکیش، دیسان بەپێی خودی ئەدەب و تایبەتمەندییە دیار و پێناسەکراو و جیهانداگرەکانیەتی. سەردەمانێک ڤەگێڕی هەمووشتزان، باڵی دەکشایە سەر هەموو ئاقارێکدا و هەموو دەڤەرێکی داتەنیبوو، بەڵام بیری سەرڕێژکراوی وێژەوانی سنووربەزێن، واقیع بە خەیاڵەوە دەبەستێتەوە و واقیعێکی نوێ بە دەستەوە دەدات.

ئەگەرچی ئەم گۆڤارە تایبەتە بە ئەدەب و مژارە ئەدەبییەکان و بۆخۆی جێگای زۆری هەیە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بەڵام لەم ژمارەیەدا، بەپێی پێویست، بەشێکمان بە نێوی هونەر داناوە کە هەڵگری چوار بابەتە و بە هیوایین بکەوێتە بەر چاوی هونەردۆستان و هۆگرانی هونەر و بە دڵیان بێت. لەبەر ئەوەی گۆڤارێکی هونەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نییە کە تەنیا بپەرژێتە سەر بابەتە هونەرییەکان یان گۆڤارێکی تایبەت بە مووسیقا، بە ناچار ئەم بەشەمان لەم ژمارەیەدا داناوە. هیوادارین بەشی مووسیقای زانستگای کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڤارێک دەر بکات کە هۆگران بتوانن بە زمانی کوردیش لەو گۆڤارەدا بابەت بڵاو بکەنەوە و گرنگی بە بەرهەمهێنان و نووسین و خوێندنەوە بدرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی پێبدرێت.

بەپێی بۆچوونی پاشپێکهاتەیی‌خوازیی دێریدایی، وا باشترە ئاخافتن بکەین بە ژێربەشی نووسین و وەکوو دوابڕیار و دواچالاکی چاو لە قسەکردن نەکەین. بەردەوام لە قسەکردندا جۆرێک ڕەهاخوازی دەردەکەوێت کە بێژەر ناچارە لە ڕەچاوکردنی ئەو هاوکێشەیە؛ ئەو بابەت و واتا گشتییانە کە ئاقار و دەڤەرێکی بەربڵاو دەگرنەوە، دەبێ بە دیاریکراوی بە شێوەی بەش و پارچە و پاژی جیاجیا، لێک بدرێنەوە و خوێندنەوەی تایبەت بۆ یەک بە یەکیان بخرێتە ئاراوە. چونکوو واتا بگۆڕە و لە دڵیدا واتای دیکە لە دایک دەبێت و ئەم پرۆسەیە لە نووسیندا دێتە ئەنجام. لە قسەکردندا دەرفەتی ئەوە نییە بگەڕێیتەوە نێو

ڕستەکە و پەرە بە واتا و دەلالەتێک بدەیت، ناتوانیت بەشە جیاجیاکانی دەستەبەندی بکەیت و بەپێی بەرودوایی بابەتەکان بیخەیتە ئاراوە، چونکوو ناکرێ دیسان بابەتەکان دووپات بکرێنەوە؛ لە نووسیندا بە پێچەوانەی قسەکردن، کات بە تەواوەتی بە سەر بەرهەم و شێوەی خولقاندنی بەرهەمەکەدا زاڵ نییە و بە شێوەیەکی لۆژیکی و هزرمەندانەتر ئاوڕ لە بابەتەکان دەدرێتەوە. کەوایە، ئەو چاوەڕوانییە لە خوێنەری وریا و چالاک هەیە کە بیر و بۆچوون و ڕەخنە و تێبینییەکانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بە شێوەی نووسین، بخاتە ئاراوە.

هەروا کە لە ژمارەی پێشوودا ڕامانگەیاند لە ژمارەی داهاتوو بە دواوە بەشێک بە نێوی ڕەخنە لە *ئاوزین* دادەنێین، لەم ژمارەیەدا ئەو بەشەی پێ زیاد کراوە؛ بەڵام بە داخەوە سەرەڕای هەوڵ و بانگەشە بۆ پێکهێنانی ئەم بابەتە، لە کۆتاییدا تەنیا یەک کەس دڵی خۆی ڕازی کرد و ئامادە بوو بە کورتی چەند دێڕێک بە نێو ڕەخنە بنووسێت، ئەوەش بە پێداگری زۆر و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئێمە خۆمان پێمان خۆشە ڕەخنەمان لێبگیردرێت و ئەو بابەتانەی کە بەردەنگ بە دڵی نییە یان بە باتەێکی بێ-کەڵک و نەرێنیی دەزانێت یان ئەگەر پێشنیارێکی هەیە، بە نووسین ئاماژەی پێبکات. مەخابن زۆر کەس لە واتای ڕەخنە تێنەگەیشتوونە و ئەو بەستێنەش لە کۆمەڵگادا زەینی تاک و سووژەی کوردی بۆ ئەو بابەتە ئامادە نەکردووە. ڕەخنە ئەگەر تێکدەریش بێت بەکەڵکە و هەروەها ئەگەر هەڵەش بێت، دیسان بە چەشنێکی دیکە قازانجی دەبێت. ئەو بابەتەی کە دەکەوێتە بەر ڕەخنە، پێش هەموو شتێک، بە واتای ئەوەیە کە ئەوەندە بایەخی سەرنج و لێوردبوونەوەی هەیە کە لەسەری بنووسرێت و لێک بدرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێت.

یەکێ لە هۆکارەکانی دیکەی ئامادەنەبوونی ئەو شێوە ڕوانینە بۆ بابەتەکان ئەوەیە کە زۆر بە کەمی بابەتەکان دەخوێندرێنەوە، بۆیە کاردانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە نووسینەکان لە لایەن بەردەنگەوە پێک نایێت. ئەم بابەتەش، گرنگیی خوێنەر لە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب و فەرهەنگدا دەر دەخات کە چەندە لە هەڵکشان و داکشانی ئاست و گەشەی پرسە جۆراوجۆرەکاندا کارتێکەریی هەیە و دەتوانێت ئاراستە و داهاتوو و ئاکامەکان دەستنیشان بکات. لەکۆتاییدا سپاسی هەموو مامۆستایان و خوێندکاران و ئەو چالاکە ئەدەبی و هونەرییانە دەکەم کە بە نووسین و بەرهەمهێنان و پاڵپشتییە دوور و نزیکەکانیان، لە ئاراستەی پەرەسەندن و گرنگیدانی هەمەلایەنە بە ڕۆشنبیری و نووسین و داهێناندا هەنگاو هەڵدەگرن.

# لێکۆڵینەوە

- ✓ سەیدیی هەورامی
- ✓ تاهیربەگ جاف
- ✓ مەستوورەی ئەردەڵان

هەواڵنامەی کتێب

# چەمکی مەرگ لە نێو شیعری شاعیرانی کورددا

# (٣)

## سەیدیی هەورامی



ژیلا سەجادی

### ١. مەرگ، کۆتایی ڕێبوارێکی میوانە؛

هەموو شتێک کۆتاییەکی هەیە و ئێمەیش وەکوو میوانگەلێکی ئەم گەردوونە، پێویستە بەرەو تاڵییەکی ڕاست بچین، ئەو تاڵییە مەرگە و مەرگیش کۆتایی ئەم ڕێبوارییە و میوانییەیە. هەندێ کات مەرگ وەکوو ڕێگایەکی دەرباز بوونە لە زۆرێک لە ئێش و ئازار و دوورییەکانی ئەم ڕۆژگارە، ئێستا ئەگەر دوورییەک تێکەڵاو بێت لە دووری یار و خۆشەویست و لاواندنەوەی ئەم شتە لە شیعری شاعیرانی کورددا، ڕەنگدانەوەیێکی باشی هەیە و بووەتە هۆی ئەوەی کە بە شیعرەکانیان ئەوە بڵێنەوە کە زۆر کات مەرگ باشترە تا دووری لە خۆشەویست.

عەشق و خۆشەویستی لە ئەدەبیاتدا جێگە و پێگەیێکی بەرزی هەیە و زۆربەی شاعیران ئەزموونی دووری لە خۆشەویستیان هەبووە کە یەکێ لەو شاعیرانە سەیدییە هەر بۆیە مردنی پێباشترە تا ئەوەیکە عاشق لە یاری دوور بکەوێتەوە، لێرەدا سەیدی چەمکی مردن وەکوو بابەتێکی ئەرێنی ناو دەبات و بە لای سەیدییەوە ژیان بە بێ یار وەکوو مەرگ وایە و بێ یار گیان هیچ کەڵکێکی نییە و هیچ خۆشییەکی تێدا بەدی ناکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە چەند بەیت لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە:

۱. ببۆنە قەقنەس، سۆچۆنە مێرۆ/ نەکێشۆ کافر دەردی جیایی: یانی عاشق ببێ بە قەقنەس بسووتێ و بمرێ باشترە لەوەیکە لە یاری دوور بکەوێتەوە (پێسەو مەجۆڵەی، ل. ٤٠)

۲. گەر من جە باڵای یارم بوو جیا/ ڕەنگەیم فاڕیۆ، مەنەیش مەحاڵا: یانی ئەگەر من لە باڵای یارم جیا ببمەوە، ڕەنگم ئەگۆڕێ و ئیتر زیندوو بوونم مەحاڵە (سەنگی سوفید ڕەنگ، ل. ۱۲۰)

۳. سەیدی پەرێ عەشق چوون قەیسی سانی/ مەردەیش وەشتەرەن جە زیندەگانی: یانی شاعیر بۆ عەشق وەکوو مەجنوونی دووەمە و حاڵی وەکووحاڵی قەیسە، کەوابوو مردنی لە ژیان پێ باشترە و حەز بە مردن ئەکات نەک بە مان (شیرین خاڵت بام، ل. ۱۳۹)

٤. مەژۆ بێ یارە، ژیواو تە مەحاڵۆ/ بە جان دادن رضایی!؟،گفتم آری عیزرائیل وتی ژیانی تۆ بە بێ یار مەحاڵە ڕازیت کە گیانوو بکێشم وتم بەڵێ ڕازیم،گیانم بکێشە (مرا دیشب، ل.۲٦۱)

**۲. ڕۆژێک دێت کە خودی مەرگیش دەمرێت؛**

مەرگ یەکێ لەو وشانەیە کە خەڵکی بە گشتی بیستوویانە و دەشیزانن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی دەبن و دەستی خۆی دەخاتە بەینیان، کە وابوو دەبێ بزانین مردن تەنیا وەکوو زۆرانگیرێکە کە پشتی هەمووان دەدات لە زەوی و ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. مەرگ ڕەحم بە هیچ بوونەوەرێک ناکات و بە دڵنیاییەوە دەبێ هەموو چێژی بکەن ئیسە چ دەوڵەمەند بێت یان هەژار، چ لاو بێت یا پیر، چ کافر بێت یا موسڵمان. ڕۆژێک دێت کە خودی «مەرگ»یش دەمرێت.

۱. هەزار جامی جە شەربەت ئەر بنۆشمێ/ جە ئاخر ژار و مەرگیمان قەتاڵا: یانی هەزار جامی شەربەتی خۆش ئەگەر بخۆینۆ و لەم دونیادا بە خۆشی و شایی بژین لە ئاخرا بە ژەهری مەرگ ئەمرین کە واتە با پێی شاد نەبین (شەرابوو عەشقو تۆ، ل. ١٤٤)

۲.بە ناگاه باخەوان مەبرۆ بە تێغمان/ نیەن ڕەحمش، جە یاوان و جە کاڵا: یانی لە ناکاو عیزرائیل گیانمان ئەکێشێت و ڕەحم ناکات بە جوان و پیر (شەرابوو عەشق و تۆ، ل. ١٤٥)

٣. وەنەش فەرزەن بشۆ پی کاروانە/ ئەگەر بوجهل ـەنوو، وەر هۆ«بلال»ـا: یانی فەرزە لە سەر هەموو کەس بچێ بەم کاروانی مردنە ئەگەربوو جەهل بێ یا خۆ بێلال بێت (شەرابوو عەشق و تۆ، ل. ١٤٥)

٤. وەلێ کەس جاوید چەنەش نەمەندەن/ هەر پەنج ڕۆ کەسێو چاگەنە بەندەن: یانی کەس تا سەر لەم دونیا نامێنێت و هەر پێنج شەش ڕۆژێک بەند ئەبن و دوایی کۆچ ئەکەن (یاران دێوانە، ل. ٢١٦)

**٣. مردن بە دەستی یار و بەختەوەرییەکی هەتایی؛**

زۆرجار شاعیرانمان کات و ساتێکیان هێناوەتە بەرچاویان کە ئاواتیان ئەوە بووە کە دوایین کات و ساتەکانی ژیانیان بە دەستی یار و دڵدارەکەیان کۆتایی بێت و هەمیشە وەکوو داخێک و ئاواتێک، لە هەوڵی گەیشتن بەو شتە بوون و ئەمەیان بە شێوازی هۆنراوە و بە سۆزێکی ناخ هەژێنەوە لاواندوەتەوە و لەگەڵیدا ژیاون.

**ئەم وێنانەی خوارەوە لە دیوانی سەیدیدا، وێنەگەلێکی باشن بۆ سەلماندنی وتەکەمان:**

١. ئەگەر تەقدیر بە دەس تۆ بیا مەرگم/ مەودای تێغی تیژ مەدات وە جەرگم: یانی ئەگەر مەرگم بە دەستی تۆ بوایێ بە تێغێ تیژ جەرگت هەڵ ئەدڕیم (قیبلەم ویر نەبێ ل . ١٥٨)

٢. مەدات وە جەرگم سەد جار نێشی تێغ/ تا ڕیشەی گیان مەکەندی جە بێخ: یانی ئەوەندە تێغت ئەدا لە جەرگم تا ڕیشەی گیانمت دەرئەهێنا (قیبلەم ویر نەبێ، ل. ١٥٩)

٣. تۆ دیدەت پەی قەسد کوشتەی من ڕەشتەن/ چمان کە سەیدی بابەی تۆش کوشتەن: یانی یار ئەیەوێت بە چاوڕەژین شاعیر بکوژێت وا ئەزانێ کە سەیدی باوکی ئەوی کوشتووە (قیبلەم ویر نەبێ، ل. ١٦٠)

٤. یار وات کوشتەو تەئاسۆنۆ جە لام/ ترسم اندر حشر گیری دامنم: یانی یار وتی کوشتنی تۆ لام ئاسانە بەڵام ئەترسم لە ڕۆژی حەشرا بەرۆکم بگری و داوای تۆڵەم لێ بکەیت (ئەز قسێوەت ماچوو، ل. ٢٣٤)

**٥.** تا بمیرم گردم از عشقت خلاص وەس کەرۆ خەلق و خوای لۆمە و مەنەم: یانی بە زوڵفت بمخنکێنە تا بمرم و ڕزگارم بێت لە لۆمەی خەڵکی (ئەز قسێوەت ماچوو، ل. ٢١٦)

**٦.** سەیدی ئەر یارەم کوشۆم وەشڵەی بە من/ زندەام دم از شهادت می زنم: یانی سەیدی ئەگەر یارم بمکوژێت خۆزگەم بە خۆم ئەو کاتە شەهیدم شەهیدیش زیندووە و نامرێت (ئەز قسێوەت ماچوو، ل. ٢١٧)

دەتوانین لەم چەند بەیتە وەکوو وێنەیێک لە خەرمانەی شیعری سەیدی بهێنینەوە و ئەوە بهێنینە بەرچاومان کە سەیدیش وەکوو زۆربەیەک لە شاعیرانی کورد، مەرگ وەکوو دیاردەیەکی گرینگ بێنێتە بەرچاو و لە هۆنراوە بە سۆزەکانیدا بتوانێت پشکێکی دیار و باش و بەرچاو دابین بکات و وەکوو گرینگایەتییەک باسی لێ بکات.

یەکێک لە دیارترینی ئەو چەمک گەلە گرینگە لەو شیعرانەدا، ئەوەیە کە خۆشی و گوزەرانی دونیا، وەک شت گەلێکن کە بوونیان پەیوەستن بە کاتەوە و کاتە کە ئارام ئارام بەرەو دونیای نەمان دەچێت و بەرەو ئاقاری مەرگ دەڕوا و ئەوەشمان پێ دەڵێت کە تەنیا ڕێگرێک لە بەردەم عەیش و نۆشی دونیاوە، تەنیا مەرگە و ڕۆژێکیش دێت کە خودی مەرگیش بەرەو نەمان ڕێ دەپێوێت.

**٤. چاو پێکەوتنی دڵدار (سەیدی) لەگەڵ دڵبەرەکەی لە پێش مردندا؛**

ئەم بابەتە تەنیا ئاواتی سەیدی نییە و بە دڵنیاییەوە هەر مرۆڤێک پێش مردن چاوەڕوانی کەسێکە کە لەم جیهانە لە هەموو کەسێکی دیکە پتر خۆشی ویستووە و گیرۆدەی بووە و پێی خۆشە پێش مردن و ماڵاوایی لەم گەردوونە، چاوەکانیان لەگەڵ یەک جێژوان بکەن و شەرابی پێک گەیشتن و لێک نزیک بوونەوەیان بخۆنەوە و لە دوای ئەو دیدارە پیرۆزە، ماڵئاوایی لە ژیان و یەکتر بکەن. باسکردنی ئەم وێنە جوانە لە ئەدەبیات و بەتایبەت شیعری کوردی لە شیعری شاعیراندا، دیار بووە و توانیویانە بە شێوازێکی جوان و شاعیرانە و هەست بزوێنانە، ئەو وێنا جوانە بخەنە ناو ئامێزی شیعرەوە و هەریەکە بە شێوازگەلێکی تایبەت و جیا، باس لەو بینین و یەکگرتنەوە بکەن و جێژوانیان بهێننە بەرچاوی ئەو خوێنەرانەی کە تامەزرۆی بینین و خوێندنەوەی ئەو کات و ساتە پڕ لە هەست و خۆشەویستییەن.

سەیدیی هەورامیش وەکوو شاعیرێکی دیاری ئەم ئاسمانی ئەدەبە، ئەو بینین و یەک گرتنەوەی بە شێوازگەلێکی شاعیرانە و هەستیارانەوە هێناوەتە ناو هۆنراوەکانیدا و باسی لێ کردووە. بۆ وێنە لەم بەیتانەی خوارەوە ئەو شتە دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت.

١. ڕوێ وەر جە مەرگ بە دیدەم بدیا/ لەب وەبانی لەب لاڵی تۆم بنیا: یانی خۆزگا ڕۆژێک پیش مردنم بە چاوی خۆم چاوم بە چاوە جوانەکانت بکەوتایە و لێوی خۆم بخستاییێتە سەر لێوی لەعلی یاقووتی ئاڵی تۆوە، و هەردووکمان سەرمان بخستاییێتە سەر سەرین و پێکەوە حیکاتی پێشووی خۆمان بۆ یەکتری بکردایە،کە بە عەشقەوە چیمان بە سەر هاتبوو (قیبلەم چی دونیا، ل. ١٦٢)

٢.بدیام دەستی تۆم وستەن نە گەردەن/ ئەوسا بواستام ئاوات وە مەردەن: یانی چاوم پێ بکەوتایە کە دەستی تۆم ها لە ما ئەو کاتە لە خۆشیا ئاواتم بە مردن ئەخواست( قیبلەم چی دونیا، ل. ١٦٢)

٣. باڵای وێم پەخشان باڵات بکەردام/ داخم نەمەندا، ئەوسا بمردام: یانی بۆنی زوڵفی بۆن خۆشتم بکردایە، تەوافی کەعبەی کوڵمتم کردایە، باڵای خۆم لە باڵای تۆوە بئاڵاندایە ئەو کاتە داخم نەئەما ئەگەر ئیتر بمردایەم (قیبلەم چی دونیا، ل. ١٦٢)

٤. ئەوسا جەو دما ئەگەر مەردم/ پەی مەردەیی وێم شادی مەکەردم: یانی پاش بەدی هێنانی ئەم ئاواتانەم ئەگەر ئەمردم بۆ ئەو مردنەم شاییم ئەگێڕا (قیبلەم چی دونیا، ل. ١٦٢)

### ١. ٥. مەرگ و ئاوێتە بوونی لەگەڵ سرووشت

سروشت و ژیانەوەی بەردەوام هەست بزوێن و چرۆ دەرکردنی دار و گوڵێک، کۆمەڵێک خۆشی و خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و بووەتە چاوگەیێک بۆ لاواندوە و بزواندنی هەستی مرۆڤ.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە مەرگ و نەمان تەنیا بۆ مرۆڤ نییە و ڕۆژێک دەبێت سروشت و سەرجەم پێکهاتە سروشتییەکان، تامی ئەو نەمانە بچێژن و بڕۆن بەرەو ئەو ئاقارە نادیارە. ئەم ڕەوتە ڕەنگدانەوەیێکی دیاری بووە لە ناو بیر و هزری شاعیران و ئەدیبانی کۆمەڵگامان و بە شێوازگەلێکی

باوی ئەدەبی، ئیسە چ شیعر بوو بێت یا پەخشان، هەست و نەستی خۆیانیان نووسیوەتەوە و لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا تێکەڵیان کردووە.

چرۆ دەرکردن، وەرین و زەرد بوونی گەڵاییێک، گۆڕینی ڕەنگ گەلی پێکهاتەکانی سروشت و ئەو دیمەنانە، هەر یەکەو بووەتە کۆمەڵێک بابەتی بەردەستی شاعیرانێک وەکوو سەیدی و هەر یەکەو بە شێوازێک هەستی خۆیان دەربڕیوە.

١. بەڵام داران بە وێشان کەس نەنازان/ خەڵاتان تا وەسەر پێشان نمازان: یانی پێویستە دارەکان بە خۆیانەوە نەنازن، چونکە ئەم خەڵاتانە تا سەر نایان دەنێ و ڕۆژێک لێیان ئەسێننەوە (یەک و دوو، ل. ٦٣)

٢. سوەیل دەوران بە کامش بۆ، بە کامش/ بەڵێ، لوتفش نییەن چەندان دەوامش: یانی سوەیل دەوران بە کام و ئاواتی بێت لوتفی تا سەر بەردەوام نییە (یەک و دوو، ل. ٦٣)

٣. نمازۆ سوەیل هەفتێو بشۆ پێش/ مەفەرمۆ سیاو بادی، بەد ئەندێش: ناهێڵێ هەفتەیەکی پێ بچێت، شا سوەیل ئەمر ئەکات بە بادی بەد ئەندیش تا خەڵاتەکانیان لێ بسێنێتەوە (یەک و دوو، ل. ٦٣)

٤. خەڵاتان جوملە مەستانۆ چێشان/ درەختان مەبان خاتر پەرێشان: یانی هەموو خەڵاتەکانیان لێ ئەسێنێتەوە، دارەکان هەموویان پەرێشان و غەمبار ئەبن (یەک و دوو، ل. ٦٤)

٥. بە ڕەشتەی ئەو، جە شادی کەس نەدۆ دەم/ بە ڕیزەش هەم نەنیشۆ کەس بە ماتەم: یانی بە ڕەشتنی ئەو، گەڵای دارەکان سوور و زەرد ئەبن، کەس شاد نەبێت و بە نەمانی گەڵای دارەکانیش کەس ماتەم نەبێت.

سەرچاوە:

هەورامی، سەیدی. *دیوانی سەیدی*. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی. سلێمانی: چاپخانەی کامەرانی، ۱۹۷۱.

هەواڵنامەی دێژر

# تاهیربەگ جاف



سنوور سوبحانی

تاهیربەگ جاف کوڕی وەسمان پاشای کوڕی محەممەد پاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگ لە عەشیرەتی جافە. دایکی ناوی عادیلە خانمە و کچی قادربەگی ساحێبقڕانە، کە لە بنەماڵەیێکی گەورەی سنە بوون. تاهیربەگ لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە دایک بووە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەنێردرێتە بەر خوێندن بۆ فێر بوونی قورئانی پیرۆز و کتێبی شاعیرانی فارس و کورد وەکوو سەعدی، حافز، شێخ ڕەزا و نالی و هتد... هەروەها عەرەبیش کە لە حوجرەی فەقیەکانی کوردستان فێر دەبێ.

تاهیر بەگ لەبەر ئەوە بنەماڵەی دایکی لە سنە بووە و خاوەن عیلم و زانست دەبن جارجار هاتووچووی سنە دەکات کە ناوەندی عیلم و زانست دەبێ و لەوێدا بەم بۆنەوە زۆرتر هان ئەدرێ لەگەڵ خوێندن خۆی خەریک بکات و لەگەڵ پیاوانی خاوەن عیلم و زانستی ئەو سەردەمە دائەنیشێ و زیاتر لەگەڵ زانستدا ئاشنا دەبێ. تاهیربەگ بە هۆی دەسەڵاتداریەتی بریتانیا لە کوردستان زمانی ئینگلیزیش فێر دەبێ. بەم جۆرە پێناسەی دەکرێ شۆخ و شەنگی بنەماڵەی جافان، شاعیری دڵتەڕی دەستەی دڵسافان، پەردەی ناسکی بیری و باوەڕی تەلی تاری کۆڕی ئاهەنگی بووە، بادەنۆشی دیوەخانی مەی نۆشان لە ستایشی مەهوەشاندا، لە بەهەشتی دەشتی شیعرا شۆڕەسوارێکی بەدیمەن، لە سرووشتی عەشقا بەشدارێکی دەوڵەمەن.

بێگومان مردن بەشێکی سەرەکی و قۆناغێکە لە ژیانی مرۆڤ، ئەم قۆناغە وەکوو زۆرینەی قۆناغەکانی ژیان دێت و دەڕوا. مرۆڤ ڕۆژێک لەدایک دەبێ و ڕۆژێکیش کۆتایی دێت و دەمرێ، هەر بەم بۆنەوە مەرگ و بیری مەرگ بەشێکی سەرەکی لە ژیان و لە ڕوانینی مرۆڤەکانە. ترس و

دڵەڕاوکێی مردن وای کردووە کە زۆر کەس تام و چێژی ژیانی ڕاستەقینە و سەرەکی لەدەست بدەن و هۆش و بیری ژیانیان نەمێنێت. ژیان خۆشترین دیاری گەردوونە بۆ مرۆڤ.

تاهیربەگ جاف بە شاعیرێکی شیرین زمان و دڵتەڕ ناسراوە بەم بۆنەوە ڕەنگەی چەمکی مەرگ لە شیعرەکانیدا لە پەنای شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی زۆر ڕەنگدانەوەی نەبێت.

**۱) مردن لە پێگەی بابەتێکی ئەرێنیدا**

لەم بەشەدا هەرچەن شاعیر زۆر بە کورتی باسی مردنی لە پێگەی بابەتێکی ئەرێنیدا کردووە بەڵام لە چەند نموونە لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێ کە جێگەی باسە، لێرەدا شاعیر باس لەسەر مەرگ دەکات و هیچ ترسێکی لە مردن نییە و بە خۆی دەڵێ کە دونیا شایانی ئەوە نییە کە پشتی پێ ببەستی و دڵی پێ خۆش بکەیت و دونیا بە خەیاڵێک دەزانێک کە مرۆڤ هەر هیوای هەیە و پێی ناگات، ژیان کە لە زاهیردا دەیبینی جوان ئەنوێنێ وەک ئەوەیکە دەڵێن دوورکوژی نزیک خەسارە دونیاش هەروایە هەموو شتێکی دێت و تێدەپەڕێ و نازانی چۆن دێت و دەڕوا. شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دونیا هەموو شتێک گۆڕدراوە و خەم و شادی و مردن و زیندوو بوون وەک یەک وایە و مردن و نەبوونی پێ پاشترە.

نموونەکانی ئەم بەشە:

۱. لە ڕواڵەتدا جوان نیشاندانی ژیان بەڵام لە ڕاستیدا بێ بایەخ بوون و تێپەڕ بوونی و کۆتایی هاتنی. (ل. ۳۹)

2. شێوازی دونیا گۆڕدراوە و گلەیی و گازندە کردن لە ژیان و مردن و نەبوون باشترە لە ژیان. (ل. ۵۱)

3. دڵ نەبەستن بە دونیا و پڕوپووچی ژیان هەڵاتن لە گێژاوی دونیا. (ل. ۹۳)

**۲) مردن لە پێناو خۆشەویستی و دووری لە یار**

باسی شیعری دڵداری تاهیربەگ و ئەوینی ئاگراویی مەدهۆش و سەرخۆشی کردووە. دووری لە یار بووەتە هۆی نائومێدی و دەرد و میحنەت و بە یارەکەی دەڵێت لە دووری تۆ مردووم و یاری بە جەفاکار



هەواڵنامەی کتێب

دەزانێت کە ئەوی لە خۆی دوور خستووەتەوە و تاقەتی ژیانی نەماوە و بێ ئوقرەیە و ژیان بڕستی لێ بڕیوە. شاعیر بە یارەکەی دەڵێ من کە عاشقی تۆم شیاوی ئەوە نیم کە لە دووریت بمرم داوای لێ دەکا بگەڕێتەوە و لە مردن ڕزگاری بکات و ژیانی خۆی بەستووەتەوە بە وەسڵ و پێ گەیشتن بە یارەکەی. شاعیر لە شیعرێکیدا خۆی شوبهاندووە بە مۆمێکەوە کە دەسووتێ و لەناو دەچێ و ژیانی دەڕواتە ناو سەحرای فەنا و نەبوون.

نموونەکانی ئەم بەشە:

١. سووتان و لە ناوچوون وەکوو مۆم. (ل. ٣٦)

٢. نەمانی تاقەت، بێ ئۆقرەیی و مردن لە دووری یاردا. (ل. ٧٠)

٣. هیجران و دووری لە یار و ئارەزووی گەڕاندنەوەی یار بۆ زیندوو کردنەوەی. (ل. ٧٠)

٤. لە دەس چوونی ڕۆح و گیان. (ل. ٨٥)

٣) **شوبهاندن و مردن و لەناوچوون لە پێناو چەند ئەندامی یار**، وەکوو: (چاو و برۆ، برژانگ، زوڵف، بەژن و باڵا)

دڵی تاهیربەگ لەم بەشەدا ناسک خەیاڵ دێتە بەرچاو. لەم بەشەدا شاعیر مردنی خۆی خستووەتە ئەستۆی ئەندامەکانی یارەوە وەک ئەوەیکە بەژن و باڵای یاری شوبهاندووە بە سەرو و خۆی بە غوڵامی ئەزانێت. زوڵفی تاتاری یارەکەی کە بە بەژنیدا هاتووەتە خوارەوە و خۆی بە ئەسیری زوڵفی دەزانێت، تیری برژانگی بە مار شوبهاندووە کە تیژ و ژەهراوییە و دەیکوژێ یان مردنی خۆی خستووەتە ئەستۆی چاوی یارەوە کە کاری لێ دەکەن و بە دەستی چاوەکانی یارەوە شەهید بووە.

نموونەکانی ئەم بەشە:

١. مردن بەهۆی ون بوونی چاوانی یارەوە. (ل. ٣٥)

٢. چاوەکانی یار ئاشق کوژە و منی کوشتووە. (ل. ٣٦)

هەواڵنامەی کێژ

**٣.** زوڵفی یار خەتاکار و جەفاکارە و بووە بەهۆی مردنی شاعیر. (ل. ٦٣)

**٤.** برژانگی یار لە تیژییدا وەک تیر وایە و لە ژەهراوی بووندا وەک تیر وایە کە بووەتە هۆی قەتڵ و مردن. (ل. ٦٣)

**٥.** جەرگی شاعیر بەهۆی تیری برژانگی یارەکەیەوە بڕاوە، لە ڕۆژی حەشردا بزانن کە شەهید بوونم بەهۆی تیری برژانگی یارەوە بووە. (ل. ٧٦)

**٦.** شاعیر دەڵێت چاوەکانی یار سێحراوی بوون و منیان جادوو کرد و بە دەستی تیغی برۆی یارەوە مردم. (ل. ٨٥)

**٧.** هۆی مردنی شاعیر جوانی چاوەکانی یاریەتی. (ل. ٨٦)

**سەرچاوە:**

جاف، تاهیر بەگ. *دیوانی تاهیربەگی جاف*. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەسەن گۆران. چاپی دووەم. سنە: دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران، ٢٧١١.

کتێبخانەی ئەوا

# مەستوورەی ئەردەڵان



کولسووم محەمەدی

دەورانی خۆشی و کامەرانی لە ژیانی مەستوورەدا زۆر کورت بوو، بەجورێک کە لە هەموو سەردەمەکانی ژیانی مەستوورەدا، مەرگی هاوڕێیانی وەکوو دایک، باوک، براکەی، خەسرەوخان، سوڵتان خانم، بووەتە هۆی داخدار کردنی دڵی مەستوورە. ئەم کارەساتەی لە دەسدانی ئازیزانی مەستوورە کاریگەری زۆریان لە سەر لە ژیان، بیر و هەستی ئەودا بووە کە بەجوانی ڕەنگدانەوەی ئەو شتە لە شێعرەکانیدا دەبینین. شیوەن و هاوار لە دەست مەرگ و ئەجەلێک کە لە ئازیزانی جیا کردووەتەوە، لە زۆربەی شێعرەکانیدا زاڵە.

**مەرگی خەسرەوخان:**

دەورانی ژیانی هاوبەش و پێکەوەبوونی خەسرەوخان و مەستوورە زۆر کورت بوو. خەسرەوخان لە ساڵی 1250کۆچی مانگی لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کردووە و داخ و کەسەرێکی زۆری ناوەتە سەر دڵی مەستوورە. خەمی دڵی مەستوورە تا ڕادەیەک کە بەشی زۆری دیوانەکەی شیوەن و لاواندنەوەی خەسرەوخان و هاوار لە دەستی گەردوونە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. شیعری یەکەمی کە بەتەواوی شیوەنە بۆ لە دەستدانی خەسرەوخان و تەنانەت ئەم داخە تا ڕادەیەک کە وێرد و زیکریان بووەتە شیوەن و واوەیلا و تەواوی ئەم سەرزەمینە بۆ لە دەستدانی خەسرەوخان، ئازییەت بارن. گەڵای دارەکان کە سەما دەکەن، بولبولان کە دەخوێنن هەمووی نەوحە و شیوەنی مەرگی خەسرەوخانە. (ل. ٢٥)

٢. مەرگی خۆی لە پێناوی مەرگی خەسرەودا دەبینێ، بە مەرگی خوسرەوخان بۆخۆشی بە مردوو دەزانێت. (ل. ٢٥)

٣. هەروەها شیعری چوارەم، پێنجەم و شەشەم لە دیوانەکەیدا، هەموو لاواندنەوەی خەسرەوخان و بە پوچ-زانینی دونیا لە دوای مەرگی خۆشەویستەکەی و نیشاندانی چارەڕەشی خۆیە. هەروەها جوان وەسف کردنی وەرزی بەهار کە لە نەبوونی خەسرەوخان ئەو هەموو جوانییەش کز و خەمبارن و کەس سەیری جوانی بەهار ناکات و تەواوی کۆشک و کاخ و شار بە چوڵ دەزانێت. هەروەها شینی سوڵتان خانم خوشکی خەسرەوخان لە دوای مەرگی براکەی نیشان دراوە.

**مەرگی سوڵتان خانم:**

یەکێکی دیکە لەو داخانەی سەر دڵی مەستوورە، لە دەستدانی سوڵتان خانمی خوشکی خەسرەوخانە کە وادیارە نێوانیان زۆرخۆش بووە. مەستوورە گلەیی دەکات لە چەرخی گەردوون و داخی مەرگی خەسرەو لە سەر دڵی تازە دەبێتەوە.

**داد لە دەس گەردوون:**

بابەتێکی زۆر دیار؛ سەرنجڕاکێش، ڕوانگەی مەستوورەیە سەبارەت بە مەرگ، تا ڕادەیەکی زۆر هەموو شاعیران مەرگ بە حەق دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە مەرگ لە ڕێی هەموومانە و ڕوانگەی ئەرێنییان بە مەرگ هەیە. بەڵام مەرگ لە ڕوانگەی مەستوورەوە لە چارەی ئێمە دایە و زۆر ئەم بابەتە لە لای خوداوە نابینێت و هەڵسووڕانی فەلەک و ئەجرامی ئاسمانییە کە مەرگ و چارەی ئێمە دیاری دەکات. لە سەردەمانی پێشتر ئەستێرەکان و ئەجرامی ئاسمانی لە ژیانی خەڵک و کاروباریان کاریگەری زۆری بووە و بڕوایان بە سەعد ونەحس بوونی بڕێک لەمانە بووە. مەستوورە خۆی بە چارەڕەش دەزانی وا بیر دەکاتەوە کە ئەم کارەساتانە لە چارەی ئەو نووسراوە و گلەیی زۆر لەچەرخی گەردوون دەکات.

هەواڵنامەی دیپ

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. لە شیعری سێهەم داد و هاوار لە دەس گەردوونی چەپ گەرد بوو لە ناو بردنی لاوەکان و ناکام بوونیان، بەتایبەت داد لە مەرگی بێ‌وادەی هاوسەری.

٢. هاوار لە دەس بەختی خۆی کە وەکوو جلی بەری کە لە دوای خۆشەویستەکەی ڕەشی کردووە بەختیشی ڕەشە (ل.٢٥)

تەواوی عالەم و ڕۆژ و شەو وەکوو بەختی خۆی ڕەش و نەحس دەزانێت. (ل.٤٠)

خۆی گرفتار و گیرۆدەی گەردوون و سپێهری چەپ‌گەرد دەزانێت کە ڕزگاری نابێت. (ل. ٥٠-٤٢)

بە دوژمن زانینی چەرخی فەلەک و ڕوانگەی نەرێنی سەبارەت بە مەرگ. (ل.٥٠)

**مردن بە دەستی یار:**

ئەم بابەتە لە شیعری زۆربەی شاعیران بەرچاو دەکەوێ لە حاڵێکدا ئەمە لە شیعری مەستوورەدا زۆر کەم نموونەی هەیە.

واجیب زانینی سپاس و پێزانین ئەگەر بە دەستی یار بمرێت وکفنەکەی بە زوڵفی یار بدوورێت. (ل.٢٧)

بڕوا بە ژیانی پاش مەرگ

سەرەڕای ئەوەی کە مەستوورە چەرخی گەردوون لە مەرگی یارانی خەتاکار دەزانێ بەڵام بڕوای بە ڕۆژی قیامەت و ژیانی پاش مەرگ هەیە.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**


١. داوا لە خودا دەکات کە خەسرەوخان لە پاش مەرگی ژیانێکی خۆشی بێت و ڕوسووری قیامەت بێت. (ل.٢٦)

٢. تا ڕۆژی قیامەت هەر شیوەن لە بۆ خەسرەوخان دەکات.

٣. هیوای گەیشتن بە یەک لە ڕۆژی قیامەت و دیتنەوەی یەک لە دونیای مەحشەر.

**سەرچاوە:**

*ئەردەڵان، ماەشەرەف. دیوانی مەستوورە*. لێکۆڵینەوە: محەمەد عەلی قەرەداغی. سنە: کالێج، ١٣٩٤.



هەواڵنامەی کتێب

فایلی ژمارە:

# شێخ نووری شێخ ساڵح

## پێشەکی

پێشەنگایەتی و دەستپێشخەری، لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا، کە لە ڕوانگەی دەروونناسانەوە یەکێ لە مۆرکە سەرەکییەکانی کەسێکی تەندروستە، ڕەوتێکی هزری و زەینییە و پێویستەیەکی پێشکەوتن-خوازانەیە. ئەم تایبەتمەندییە، بەرهەمی تێڕوانینی قووڵ و تێگەیشتنی هەمەلایەنەیە و لەو پێناوەدا پێویستە لە ئاستێکی سەرتر و لە گۆشەنیگایەکی بەرزترەوە چاو لە بابەتەکە بکرێت تا ئاسۆیەکی دوورتر و داهاتوویەکی چاوەڕوانکراوی بۆ دەستەبەر بکرێت. بۆ داڕشتنی تیۆری، لە تەنیشت زانیاری و زاڵبوون بەسەر بابەتی بەرباسدا، کە بە دەستمایەیەکی بەرایی و بەجێ دێتە ئەژمار، پێویستە ئەو بیرداڕێژە جگە لەم بابەتانە، بەهرە و توانستێکی دیالێکتیکئاسای دیکەی بە مەبەستی دەستەبەندی و لێکگرێدان و گونجاندنی هەر یەک لە پاژە پێکهێنەرەکان و لە کۆتاییدا داهێنان و دەرخستنی جەستەی تیۆرییەکەی هەبێت. ئەم دەرەنجام و دەرکەوتەیە ئاکامی سەنگ و سووککردنی زەینییەتێکی گەشەتەوەر و بەرزەجێخوازە کە ڕۆچووەتە نێو ناخی جیهانی مژارەکەوە و لە پێگەی کەسێکی بزۆز و چالاکەوە چاو لە بابەتەکان دەکات و شرۆڤە و ڕاڤەیان دەکات.

ئەگەر ئاوازدانەر بیت، شێوەکار بیت، وێنەگر بیت، شاعیر بیت، نووسەر بیت، تەنیا بە بەرهەمهێنان و چالاکی لەو هونەر و ئەدەب و پیشەیە و لەو ئاقارەدا، ناتوانیت گەشە بەو بوارە بدەیت و وە پێشی بخەیت؛ ڕاستە بەرهەمی هونەری و ئەدەبی بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێک پێناسە و تایبەتمەندییە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگدا پێوەندی ساز دەکات و بەردەنگ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرهەمەکەدا یەک بە دوای یەک ئەو مۆرک و وردەکاری و شێوە ڕوانینانە دەدۆزێتەوە، بەڵام هەندێ پێناسە و پێویستی و چوارچێوەی دیکە هەیە کە دەبێ وەکوو ناسنامە و نەخشەڕێگایەیک بنووسرێنەوە و چوارچێوەیەک کە هەڵگری چەندین بابەتی دیاریکراوە و بە ڕوونی پێناسە کراوە، بۆ ئەو بوارە ئامادە بکرێت تاکوو لایەنەکانی دیکەشی وە دەر بخرێت و تازە ببێتەوە. ئەم شێوە ڕوانینە بۆ هەر یەک لە بوارە جیاجیاکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستە جۆربەجۆرەکانی گۆڕان و گەشە لە بابەتەکاندا پۆلبەندی بکرێن.



هەوالنامەی کێژ

بیردارِێژ بڕوای بە دواهەمین نییە و بەردەوام چاو لە پێشەوە دەکات و کۆتایی لای ئەو، بە واتای دەستپێکردنێکی دیکەیە و هەوڵ دەدات لەو ڕەوتە نوێیەدا بەشدار بێت و دەوری سەرەکی بگێڕێت. ئەگەرچی هەموو کاتێک خۆی بە تەنیا دەبینێتەوە بەڵام ئەم هەستە و ئەم تاک کەوتنە لە بەرانبەر هەوڵدان و چالاکییەکانیدا ڕێگر نییە و نابێتە هۆی کۆڵدان و دەستەوەستان مانەوەی. تەنانەت ئەو تەنیاییە ناوازەیە، لە بابەتە هزرییەکاندا، چڕبوونەوە و قووڵبوونەوەی زۆرتری بە دواوەیە و زۆر جار لە بیرێکەوە دەچێتە نێو بیرێکی دیکەوە و ئەم میکانیزمە ئەگەر بە شێوەیەکی داهێنەرانە بڕواتە پێشەوە و هەر لە بازنەیەکدا تەنیا بە دەوری یەک بیردا نەسووڕێتەوە، دەتوانێت ڕێگە و ئاراستەی نوێ دەستنیشان بکات و جیهانەکانی دیکە بدۆزێتەوە. لەوانەیە زۆرێک لەو بیرۆکانەی کە دواتر بنەما و بەستێنی بوارێکی تایبەتیان پێک هێناوە و بۆ چوونە نێو ئاقار و دەڤەرێکی نوێ ڕێگەیان خۆش کردووە، پێشتر وەکوو خەیاڵ و بیرێکی خام، بە نەدرکاوی و شاراوە لە زەینی تاکێکدا دەرکەوتبێت؛ بەڵام ئەوەی کە بیرۆکەیەک، سیستم و چوارچێوەی بۆ دابڕێژرێت و لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە پێناسە بکرێت و بە وردی لێک بدرێتەوە و بخرێتە بەردەست، جیاوازیی هەیە و مەبەستێکی بە دواوەیە و ڕەوتێکی هزرتەوەر و نوێخوازانەیە.

ئەم شێوە ڕوانین و تێگەیشتنانە و ئەم داهێنەرێتییە، پێوەندیی ڕاستەخۆی لەگەڵ ڕۆشنبیریدا هەیە و لە قۆناغی یەکەمدا، کارتێکەرییە دوولایەنەکانی تاک و کۆمەڵگا، یەکەم جموجووڵە پێویستەکانی بزاڤێکی ڕوو لە گەشە دەستەبەر دەکات کە بەرەبەرە جیهانی خۆی دەخولقێنێت و مۆرکە تایبەتەکانی خۆی پێناسە دەکات. هەر داهێنانێک پاش ئەوەی گەشە دەکات، سەرەتایەکە بۆ داهێنان و ئافراندنی دیکە و بە شێوەیەکی زنجیرئاسا گرێدراوی یەکن و زۆر جار دەتوانێت پێ بخاتە ئاقارەکانی دیکە و لە چوارچێوەی بوارێکی دیکەشدا وەکوو نەخشەڕێگایەک چاوی لێبکرێت.

توورەج خەسرەوی

# ژیاننامەی شێخ نووری شێخ ساڵح



ڕۆژین موڕادی، سارا سەیجانیوەندی

ناوی تەواوی شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵحی کوڕی شێخ غەنی کوڕی سەید عەبدولقادری کوڕی سەیید حەسەنی کوڕی سەیید عەلی کوڕی سەیید محەمەد دەولە ساداتی بەرزەنجەیە. شێخ نووری لە ساڵی ١٣١٢ی ڕۆمی واتە لە ساڵی ١٨٩٦ی زایینی لە شاری سولەیمانی لە گەڕەکی دەرگەزێن لەدایک بووە. بە پێی ئەو زانیارییەی کە لە ئەنجامی پشکنینی دۆسیەی شاعێرەوە بۆم دەرکەوت ناوی محەمەد نووری شێخ ساڵحە. خوێندن بەرایی لە قوتابخانەی تایبەتی خواجە ئەفەندی بووە بەرنامەی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی حوجرەی مزگەوتی تەواو کردووە تا گەیشتۆتە قۆناغی موستەعیدی و ئیتر وازی لە خوێندنی ئایینی هێناوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرنەگرتووە.

نووری ماوەییێکی زۆری ژیانی بە مووچەخۆری میری بردۆتە سەر لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری سلێمانی کاتبی دووەم بوو. لە ساڵی ١٩٢٢کراوە بە کاتبی یەکەم لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ بووە بە مووچەخۆری کارگێڕی پیشەسازان چەند جارێک لە کاروباری میری تووشی دوور خستنەوە بووە. هەروەها گیراوە و لە گرتووخانەدا بەند کراوە. لە ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٩ لە کارگیری خەزینە لە سلێمانی و هەولێر مووچە خۆر بووە. لە سەردەمی لاویەتیدا نووری حەزی لە کچێک کردووە، وا ڕێک کەوتووە شووی بە یەکێکی دیکە کردووە. نووری کەسێکی هونەرپەروەر بووە بە تایبەتی کە گۆرانی دەنگی زۆر خۆشی بووە شارەزاییێکی تەواوی لە مەقام و گۆرانییە کلاسیکییەکان و میلییەکان ناو کوردەواری (فۆلکلۆر) بووە تا پلەییێک ئەم بەهرەیە یارمەتی داوە گوێیەکی موسیقی بە هێزی هەبێ و هەڵە لە کێش و قافیەی شێعریدا نەکا.

شێخ نووری لە ۲۰ی کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۵۸ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە. شێخ نووری یەکێک لە شاعیرە دەگمەنەکانی ئەدەبی کوردی زۆرترین بابەت و هونەرەکانی و ئەدەبی کلاسیکی و خۆماڵی لە ڕووی ڕۆخسارەوە لە بەرهەمی شێعری خۆیدا بە کاری هێناوە، نوێکردنەوەکانی تایبەتیی بە خۆی و لە ئەدەبی کوردیدا بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراون. شێخ نووری شێخ ساڵح زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی زانیوە و بێ‌گومان شێخ نووری یەکێک لەو کەسانە بووە کە ڕەوشت و ڕوو خەسڵەتی و پلە و پایەی کۆمەلایەتی و هەروەها لایەنی مرۆڤایەتی و بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شێعر و ئەدەب زاد و هەروەها پیاوێکی جگر سۆزی میلەت و وڵات پارێز بووە.

لە پاشی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ۱۸۸۱ بەرپای کرد، گەلی کوردمان کەوتنە خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی و ئاشکرا تا بتوانن هۆشیاری نەتەوایەتی لە ناویاندا بڵاو بکەنەوە لەو هەلومەرجەدا هەستیان بە پێویستی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە کرد، مێژوونووسان و ڕۆژهەلات ناسەکانیش لەوانە ماوەی نێوان ۱۸۹۰- ۱۹۱۰ بە ماوەی تێکۆشانی پێشکەوتوو دادەنێن. شێخ نووری لە کۆڕی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەستێکی توانای هەبووە.

هەروەها لەوانەیە شێخ نووری شێخ ساڵح و جەمال عیرفان و کەمال باپیر و کەسانی دیکە و ئینگلیزییەکان لە نیسانی ۱۹۲۰ ڕۆژنامەی *پێشکەوتن* یان دەرکرد. لە ۱۹۲٤ ڕۆژنامەی *ژیانەوەیان* دەرکرد. ئەم دوو ڕۆژنامەیە زمانی حاڵی خۆیان بوون و بە سەرپەرەشتی ئەوان دەرچوو. زۆرتر تەرخان کرا بۆ پروپاگەندەی نەخشە و پیلانە نەگریسەکانی خۆیان ئەگەرچی بایەخی بەلایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەدا و کۆمەڵێ شاعیری ڕۆشنبیر بۆ ڕۆژنامەکەیان دەنووسی. شێخ نووری لە وتارەکانیدا بایەخی بە زۆرلایەنی جۆراوجۆر داوە وەکوو ئەدەب و سیاسەت و مێژوو. زمان و ئابووری و هەموو ئەو لایەنانەی بە سەر کردووە و هەروەها لە سەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی *پێشکەوتن ژیان و ژیانەوە* زۆر وتاری بەنرخی نووسیوە.

شێخ نووری لە ڕۆژنامەی *بانگی کوردستان*-دا بایەخی زۆری بە بابەتی خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی داوە و هەروەها  بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕۆشنبیری دەژمێردرێ و ئەو

ڕۆشنبیرییە کارێکی وای کرد کە هەر زوو لە پایەی خۆی تێبگات و هۆشیارانە دەست بکات بە خەباتی وشە وەک ڕووناکبیری و نیشتمان پەروەری. شیعرە وەرگێردراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح سێ دانە شیعر تورکی، سێ دانە شیعر عەرەبی، یەک دانە شیعری فارسی و هەروەها خەیامی بە کوردی وەرگێڕاوە.

دەوری نووری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا: نووری یەکێکە لە شاعیرە سەرەکییەکانی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی ئەوەی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی سەدەی بیستەم لە ناوچەی سلێمانی سەری هەڵدا شاعیر وەکوو پێویست بوو بە لاسایی کردنەوەی قوتابخانەی نالی دەستی پێ کرد لە دواییدا یەکەم هەنگاوی نوێکردنەوە ئەو ئاشنایەتییە بوو کە لەگەڵ شیعری عوسمانی پێشکەوتووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوەوە بوو. شێخ نووری تا دوایی ژیانی وەک شاعیرێکی داهێنەر مایەوە. لەبەر ئەوە بوو بە سەرانی ئەو شاعیرانەی دەستێکی درێژیان هەبوو لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی.

نووری تەنها وەکوو شاعیرێکی گەورە و نوێکەرەوە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا خۆی نانوێنێ بەڵکوو بایەخی زۆری بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنە و ڕەوانبێژی و کێشی و قافیەی شیعری ئیسلامەوە داوە. مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی ئیسلامی بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبی و شارستانییەت و مەدەنییەتەیە کە لە ئەنجامی لێکدانی کولتووری عەرەب و عەجەم و تورکی عوسمانی و کوردی لە دوای ئیسلام دروست بوو. نەک بە مانا ئایینییەکەی شێعر لە زانستیی ئەدەبدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕان و دەستکاری و داهێنانە تازانەی نەتەوە موسوڵمانەکانی ناعەرەب کردیان بە شێواز و دەستوری تازە کەوتنە ناوەوە ئەمە لە بەشداری کردنی ڕۆشنبیری هەموو ئەو نەتەوانە پەیدا بوو بۆ بەڵگەی شیعری عەرەبی و کلاسیکی پێش ئیسلام تا سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسیانیش تەنیا قەسیدە بوو.

سەرچاوە:

شێخ نووری شێخ ساڵح. *دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح*. ساغکردنەوەی ئازاد عەبدولواحید هەولێر. ئاراس، ٢٠٠٨.

هەواڵنامەی کتێب

# نوێخوازی لە شیعری شێخ نووری شێخساڵحدا



سومەیە یووسفیان، زانا ڕەشیدی

هەواڵنامەی کتێب

**شێخ نووری شێخ ساڵح (۱۹۵۸-۱۸۹۶)**

شێخ نووری شێخ ساڵح لە ساڵی ١٨٩٦ی زایینی لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایک بووە. سەرەتا لە حوجرە و لای چەند مەلایەک خوێندنی دەست پێ‌کردووە و پاشان چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی. هەروەها، لە ڕوشدییەی عەسکەری خوێندوویەتی و فێری زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی بووە. شێخ نووری لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفیددا لە چەندین ڕۆژنامە، وەکوو: *ڕۆژی کوردستان* و *بانگی کوردستان* ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە و لە بواری سیاسیدا پیاوێکی بە ئەزموون و تێکۆشەر بووە.

شێخ نووری لەگەڵ عەبدوڵا گۆران ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان بووە، لە تێپەڕاندنی شێوازی کلاسیکی و دامەزراندن و بەکار هێنانی ڕێبازێکی نوێ لە شیعری کوردیدا. هەروەها، لە ڕێگەی ئەم ڕێبازە نوێیە و ئەم نوێ کردنەوەیە شۆڕشێکی ئەدەبی گەورەیان لە شیعری کوردیدا دروس کردووە. شیعرەکانی شێخ نووری لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیرانە و پێشکەوتووانەیە، کە لەو سەردەمەدا بوونەتە ڕچەشکێن. یەکەم دیوانی شیعری شێخ نووری شێخ ساڵح لە ساڵی ١٩٥٨دا لە چاپ دراوە. شێخ نووری لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، وەکوو: *پێشکەوتن*، *ژیانەوە*، *ژیان*، *بانگی کوردستان* و *ڕۆژی کوردستان* چالاک و ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری بووە. شێخ لە تەمەنی ٦٢ ساڵی و لە

ساڵی ١٩٥٨ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

شێخ نووری لە شیعری کوردیدا ماوەی گوێزانەوەیە لە کۆنەوە بۆ نوێ. زەمان و سەرەتای دەرکەوتنی هۆنراوەی نوێی کوردی دەوروبەری شەڕی جیهانی یەکەمە. شێخ نووری و عەبدوڵا گۆران شۆڕشێکی قووڵ و بەرچاویان هێنایە ئاراوە، بەڵام زۆر کەس ئەم شۆڕشەیان بە لاوە باش نەبوو و بە یاخی بوونیان دەزانی. ئەم شۆڕشە سەرەڕای هەموو کەم وکوڕییەکانی، شۆڕشێکی واقیعی و پێویست بوو. ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «شێخ نووری لە دانانی هۆنراوەی کوردیدا پەیڕەوی تۆفیق فیکرەت-ی کردووە، کە یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی تورکیە.» هەروەها، ڕەفیق حیلمی دەڵێ: «لە وەزن قافیە و شێوە و ئاهەنگدا مامۆستا نووری ڕێگەیەکی تازەی داناوە بۆ شیعری کوردی، لە بەر ئەمە شێخ نووری سەردەمێک سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی سلێمانی بووە، زۆریان تەنانەت گۆران-یش هەوڵی لاسایی کردنەوەی شێخ نووری-یان داوە.»

سەرەڕای ئەوەی کە شێخ نووری شاعیرێکی خاوەن بەهرەیە، شاعیرێکی هۆشیار و ڕۆشنبیریشە کە بە چەکی ڕۆشنبیری لەگەڵ گۆران و ڕاپەڕینەکان ئەو سەردەمەدا بووە. ئەگەرچی لای هەندێ کەس ئەو چەکە کاریگەر نییە، بەڵام چەکێکە کە لە ناوەوە مرۆڤ ساز دەکات. ئەم شاعیرە هەستی بە گرینگی هەڵگرتنی چەکی هۆشیاری کردووە بۆ ئەوەیکە لە پەنای بەهرەی داهێنانی، خۆی زیاتر هەست بە پێویستی کۆت شکاندنی شیعری ئەو سەردەمە بکات. هەستی کردووە کە پێویستی بە دەرباز بوونە و لە ترسی دەربڕین و دوودڵی و سانسۆڕ کەوتۆتە هەوڵ و تەقالا بۆ ئەوەیکە لە دنیای شیعردا خۆی ڕزگار بکات.

شێخ نووری شێخ ساڵح وەک شاعیری ڕچەشکێن، نرخ و بایەخی ئازادی زانیوە و یەکێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو شۆڕشەیە. سەربەستی و ئازادی لە لای ئەو بێنرخ و بێبایەخ نییە؛ بەڵکوو هۆکارێکە بۆ دەرخستن و سەلماندنی مرۆڤایەتی خۆی، کە لە پەرژین و کۆتەکانی زات ڕزگاری دەکات. ئەو ڕاپەڕین و نوێ بوونەوەیە کە شێخ نووری لە شیعری کوردیدا هێنایە ئاراوە، هەڵسانەوەی نەتەوەی کوردە

لە سەردەمێکدا کە خەریک بوو بارە سیاسییەکەی دەبووژایەوە. تەکانی شیعری شێخ نووری لەگەڵ چەسپاندنی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری نوێی ئەو سەردەمە هاتە ئاراوە.

مامۆستا نووری ویستی بە داهێنان و ڕوانینی نوێوە ئەو بارە تازەیە ڕاگەیەنێت، بۆ ئەوەیکە بە هۆی داهێنان و نوێ کردنەوەکەی مەسەلەی نەتەوەکەی گەورە بگاتەوە؛ چونکە تێگەیشتبوو کە نەتەوەیەک ئەوەندە بوونی هەیە، کە داهێنان و نوێ کردنەوەی هەبێ. هەر بۆیە ئەو واقیعە تازەی بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە چۆڕاندە نێو ئەو وەرچەرخان و تەقینەوەی کە سەرەتای شیعری نوێی لێوە دەست پێکرد.

کاتێ دەڵێین کە شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، مەبەستمان ئەوەیە بە وشە بارێکی باشتر و چاکتر دەخولقێنێت. لە هەموو شۆڕشێکدا وشەی ڕۆشنبیری پێشڕەو بەرامبەر بەو خەباتە دەوەستێ، کە تێکۆشەرێک لە کۆڕی خەباتدا دەیکات. مامۆستا نووری وەک پاشکۆیەک یان کەسێکی زەلیل دوای بارودۆخ و ڕووداوەکان نەکەوتووە؛ بەڵکوو زۆر هۆشیارانە لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی هەڵسوکەوتی کردووە و لێیان ورد بۆتەوە. هەروەها، هەوڵێکی بێ وچانیشی داوە کە ڕێڕەوی ڕووداوەکان بگۆڕێ و بە شیعر و کەرەستە نوێکەیەوە ئەوەندەی کە لە هێز و توانایدا بووە هەوڵی داوە.

بە هۆی هەڵسووڕانی کاروباری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانییەوە کۆمەڵێ وتاری نووسیوە کە لەگەڵ گەرموگوڕیی و خێرایی ڕووداوەکاندا بێت و ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆی لەبارەیانەوە دەربڕیوە. ئەمە هەوڵێکی دڵسۆزانەی شاعیرێکە کە بە تەواوی لە سەردەمی خۆیدا لە دەور و ڕۆڵی خۆی گەیشتبێ بۆ دەرخستن و خستنە بەرچاوی ڕووداوەکان و ڕوون کردنەوەیان. کە ئەو ڕووداوانە بەشێکی گرینگ و زیندوون لە مێژووی نوێماندا.

شێخ نووری بە تیۆریی و پراکتیکەوە چووە مەیدان و کەوتە جووڵە. زانی کە شیعری کوردی پێویستی بە جووڵاندن و گۆڕانە، تاکوو بتوانێ لەگەڵ هەنگاوەکانی سەردەم و گۆڕانکارییەکاندا هەنگاو هەڵێنێت. ئەو بارودۆخە نوێیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتە ئاراوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تەقینەوەی بەهرەی شاعیرانەی شێخ نووری بووە و مامۆستا نووری بە یەکەم شیعری نوێی ڕاپەڕینی شیعری ڕاگەیاند؛ چونکە زانی ئەم ڕاگەیاندنە پڕ بە پێستی واقیع و سەردەمەکەیەتی.

هەروەها، کۆمەڵێ پێداویستی مێژوویی و نەتەوەیی و شارستانیی ڕەپێشی کردووە و گوێی بەوە نەدا کە ئەو بزووتنەوەیە پاڵپشتی دەکرێت یان نا. شێخ نووری بێ دوودڵی و ڕاوەستان ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد و بناغەیەکی نوێی بۆ شیعری کوردی دانا.

شێخ نووری شێخ ساڵح دواتر هەوڵیدا بە کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەیی بیروڕای خۆی بخاتەڕوو. هەروەها، لەو زەمانەدا نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕووداو و ڕاپەڕینی گرینگ بووەوە. نۆبەرەی ئەو ڕاپەڕینانە، ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ سەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران بووە تا شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید. شیخ نووری یەکێک لەو شاعیرانە بووە کە چووە نێو ڕێباز و داواکانی شێخ مەحمودی حەفیدەوە و پاڵپشتی لە سەربەخۆیی خوازی بیروڕا و سیاسییەکانی دەکرد.

مامۆستا نووری وەک ڕۆشنبیرێک باری دواکەوتووی کۆمەڵی ئەوسای ڕەت کردەوە و کەوتە خەبات کردن بۆ ژیانێکی باشتر. شۆڕشە ئەدەبییەکەی لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی سەری هەڵدا. هەروەها، لە لایەنی ڕۆشنبیرییەوە، ڕۆشنبیری سەردەمەکەی ڕەت کردەوە و هەوڵیدا جۆرێک ڕۆشنبیری جێگەی بگرێتەوە کە لەگەڵ ژیانی نوێدا بسازێت. گومان لەوەدا نییە کە گۆڕین و نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لە سەر دەستی شێخ نووری، تەنیا گۆڕینی فۆرم و شێوەی شیعرەکانی نەبووە؛ واتە تەنیا گۆڕینی کێش و سەروا و هێنانی دەستەواژە و ڕستەی شیعری تازە نەبووە. شێخ نووری شیعری زیاتر لە ژیان نزیک کردەوە و فڕێی دایە نێو باوەشی ژیانەوە. لەوێوە لە گۆشانیگایەکی نوێوە سەودای لەگەڵدا کرد.

شێخ نووری لە شیعرەکانیدا ویژدانی زیندووی نەتەوەکەی ڕوون دەکاتەوە و زۆربەی ڕووداوەکانی ڕاستگۆیانە باس کردووە. شیعرەکانی شێخ نووری ئاوێنەیەکی باڵانومای سەردەمێکی ناسکی نەتەوەی کوردن؛ بۆیە وەک شاعیرێک زۆربەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی نووسیوەتەوە. دەتوانین بڵێین کە ئەم شاعیرە نوێخوازە یەکێ لەو کەسانەیە کە لە کوردستاندا تۆوی بیری نوێ-یان چاندووە. شێخ نووری شاعیری چینی خواروو و هەژاری کۆمەڵگا نەبووە کە شیعری ڕۆژانە و سەرپێی نووسیبێ تا لەگەڵ چێژی گشتی بەڕێوە بڕوات؛ بەڵکوو وەک شاعیرێکی هونەرمەند و شارەزای سەنعەتەکەی دەستی داوەتە نووسینی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەرچەندە شاعیرێکی خاوەن توانایی و دەسەڵات بووە، بەڵام لەو کاتەدا هەر ئەو جۆرە شیعرانەی پەسەند کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستا نووری ناوەڕۆکی شیعرەکانی نوێ کردۆتەوە و مەستی کردوون بە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و بە شیعری نیشتمانی و سیاسی لە سەر دیاردە تازەکانی ژیانی کورد وەستاوە، تاکوو زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو دیاردانە ڕابکێشێ و لێی ورد ببنەوە. لە ئەزموونی شاعیرایەتی شێخ نووریدا زیاتر واقیعییەت بە سەریدا زاڵە. ئەگەر لە سەرەتاوە بە ڕۆمانتیکیش دەستی پێ کردبێت، ئەوەندە لە باوەشی ڕۆمانتیکدا ئۆقرەی نەگرتووە و هەنگاوەکانی زیاتر بەرەو ڕیالیزم هەڵگرتووە. گرینگترین لایەن لە شیعری ئەم شاعیرەدا لایەنی ڕاستگۆییە. لە دەرخستن و بەرەو پیرەوە چوونی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی ئەو ڕاستگۆییە شیعرەکانی گەرموگوڕتر کردووە.

پرسی بەستنەوەی ڕاپەڕینە شیعرییەکەی شێخ نووری بە جموجۆڵی سیاسی ئەو سەردەمە کارێکی زۆر پێویستە؛ چونکە زمانی شیعری ئەو، زمانی ئەو بارودۆخە نوێیە بوو کە زۆرانبازی و ململانێی ئەو هێزانە سازیان کرد کە ڕووبەڕووی کورد ببوونەوە. واتە شێخ نووری بە زمانی ئەو ڕووداوانە نووسیویەتی، کە ویستی لە واقیعی کوردستاندا گۆڕان بەدی بهێنێت و ژیانی کورد بگۆڕێت. ئەمیش لە لای خۆیەوە ویستوویەتی شیعر لە کۆت و پێوەند ڕاپسکێنێ. بە هۆی ئەوەی لە سەرەتای داهێنان و تازە بوونەوەکەی شاعیر پێوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵی بە جووڵانەوەی سیاسی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەبێ. هەر بۆیە تازە بوونەوەکەی زادەی زەمان و شوێن و سەردەمی خۆیەتی و وەکوو شایەت و بەشداربوویەک لە ڕووداوەکان دەردەکەوێت.

شێخ نووری سەر بە هیچ حیزب و بزووتنەوەیەکی چەپگەرایی نەبووە؛ بەڵکوو زۆرتر هەڵگری بیری ناسیۆنالیستی بووە. بیری ناسیۆنالیستیش لەو سەردەمەدا بیرێکی پێشکەوتنخواز و نوێ بووە. شێخ نووری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەدەب و بیروڕای خۆی لە سەر بنەمای پێشکەوتنخوازی و نوێخوازی بڵاو کردۆتەوە. شێخ نووری بەو مانایە نوێخواز بووە کە بە بیرێکی ناسیۆنالیستییەوە داکۆکی لە ماف و داوا ڕەواکانی نەتەوەی خۆی کردووە و بە بیرێکی ڕەخنەگرانە هەژاری و دواکەوتوویی نەتەوەکەی خستۆتەڕوو. هەروەها، ڕەخنەی لە دابونەریتە کۆنەکان گرتووە و کوڕ و کچە لاوەکانی نەتەوەی کوردی هان داوە کە بۆ پێشخستنی وڵات و نەتەوەکەیان زۆتر هەوڵی فێربوونی زانست و هونەر بدەن. شێخ نووری لە سەردەمی خۆیدا شاعیرێکی نوێخواز بووە، هەم لە ڕووی شیعر و شاعیرییەوە، هەم لە

هەواڵنامەی کتێب

ڕووی فیکری و هەم لە ڕووی ڕەخنەگرییەوە. دەتوانین بڵێین کە نوێخوازی لە فیکردا پێشمەرجی - نوێخوازیی شیعرییە.

شێخ نووری ماوەیەکی ژیانی لە تورکیە بە سەر بردووە. بەشێکی منداڵی و لاویەتی لە ئەستەمبول گوزەراندووە و بە زمانی تورکی خوێندوویەتی. شێخ نووری لە نزیکەوە ئەدەبی تورکی بە زمانی تورکی خوێندووە، بەتایبەتی ئەدەبی نوێخوازیی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیستەم؛ واتە سەردەمی کۆتاییەکانی ئیمپراتووری عوسمانی. شێخ نووری بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کاریگەری شیعری نوێخوازیی تورکی لە سەر بووە و لە ڕێگەی ناسین و ناساندنی ئەو نوێخوازییەوە هەوڵی داوە نوێخوازی لە شیعری کوردیدا بەدی بێنێت. شیعری تورکیش لەو کاتانەدا لە ژێر کاریگەری شیعر و ئەدەبیاتی نوێخوازیی ئورووپاییدا بووە، بەتایبەتی شیعری فەڕانسەوی و چیرۆک و ڕۆمانی ڕووسی. لە ڕێگای خوێندنەوە و وەرگێڕانی شیعری ڕامبۆ، شارڵ بودلێر و مالارمە لە لایەکەوە و ئەدەبی ڕووسی-ش لە لایەکی دیکەوە شیعر و ئەدەبیاتی تورکیی گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەردا هات و بەرەو نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی هەنگاوی نا. هەروەها، دەتوانین بڵێین شێخ نووری شێخ ساڵح بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری شیعر و فیکری ئورووپایی لە سەر بووە.

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد ئەسوەد، نەوزاد. بیری پێشکەوتن خوازی. گۆڤاری *ڕۆڤار*، ژمارە ٨٨. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠.

خەزنەدار، مارف. بیبلیۆگرافیا و ڕەخنە، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح. گۆڤاری *ڕامان*. ژمارە ١٣٢؛ هەولێر: ٢٠٠٨.

سالار، ئەحمەد؛ (ئێوە بوون دیوانی نووری شێخ ساڵح)تان لە خەم ڕەخساند؛ گۆڤاری *ڕامان*؛ ژمارە ٢١٦؛ هەولێر: ٢٠١٥.

ساڵح، مەجید؛ بیری ناسیۆنالیزم؛ گۆڤاری *ڕۆڤار*، ژمارە ٨٨؛ سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠.

هەواڵنامەی کتێب

سەراج، هاشم؛ دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح؛ گۆڤاری *ڕامان*؛ ژمارە ۱۳۳؛ هەولێر: ۲۰۰۸.

عوسمان، ڕەئووف؛ *مەرجەعیاتی ڕووناکبیریی و شاعیرێتیی*؛ *گۆڤاری ڕۆڤار*؛ ژمارە ۸۸؛ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛ سلێمانی.

عەبدولواحید، ئازاد؛ *شێخ نووری شێخ ساڵح و سەردەمەکەی*؛ *گۆڤاری ڕۆڤار*؛ ژمارە ۸۸؛ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛ سلێمانی.

عەبدولواحید، ئازاد (ئامادەکردن و ساغ کردنەوە)؛ *دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح*؛ بەرگی یەکەم؛ چاپی دووەم؛ ئاراس؛ هەولێر: ۲۰۰۸.

موکری، کامەران؛ *پێشەکی کامەران موکری بۆ چاپی یەکەمی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح*؛ *گۆڤاری ڕۆڤار*؛ ژمارە ۸۸؛ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم؛ سلێمانی.

هەورامی، جوتیار تۆفیق؛ *خوێندنەوەیەکی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح*؛ *گۆڤاری ڕامان*؛ ژمارە ۱۳۹؛ هەولێر: ۲۰۰۸.

هەوالنامەی کتێب

# تیۆریی ئەدەبی لە نووسینەکانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا



فەرهەنگ مستەفانژاد

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر شێخ نووری شێخ ساڵح وتارێک بنووسین دەبێ سەرەتا ئەوە ساغ کەینەوە کە ئاخو شێخ نوور سەرەتای شێعری نوێی کوردییە یان مامۆستا گۆران ؟ دیارەکە ئێستا لە زمان ئەدەبی کوردی مامۆستا گۆران بە باوکی شێعری نوێی کوردی دادەنێن بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە مامۆستا گۆران سەرەتای شێعری نوێی کوردییە چونکە شێخ نووری شێخ ساڵح لە بواری زەمانییەوە پێشتر لە مامۆستا گۆران دەستی بە دارێژەری شێعری نوێی کوردی کردووە. بەو حاڵەشەوە هەندێک کەس پێیان وایە کە مامۆستا گۆران دستپێکەری شێعری نوێی کوردییە هەر وەکوو ئازاد عەبدولواحید لە پێشەکی دیوانەکەی شێخ نووریدا دەڵێت کە ئەگەر مامۆستا گۆران ئێستا زیندوو بوایە ئەو نازناوەی قەبووڵ نەدەکردوو پێی باشتر بوو کە بدرێتە پاڵ شێخ نووری شێخ ساڵحەوە ئەوەش بە واتای بچووک بوونەوەی جێگەو پێگەی مامۆستا گۆران لە ناو شێعری نوێی کوردی نییە.

شێخ نووری لە وتارێکدا بە ناوی *لە شێوازدا شەخسیەت* دەنووسێت کە «چۆن ئەدەبیات شەخسییە شێوازیش ئاوا شەخسییە، چون هەر کەسێک زەوقێکی ئەدەبی و تەرزێکی لێکۆڵەری هەیە ئاواش شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، شێواز ئەوەندە گرینگە کە بێ ئەوەی کەسایەتییەکە بناسین بۆمان دەردەکەوێ کە چ جۆر تایبەتمەندی گەلێکی هەیە، شێوەی نووسینی کەسێکیش کە زۆر

نووسراوەکانیت خوێندۆتەوە بە ئاسایی شێوازەکەت بۆ دەردەکەوێ». شێخ نووری زۆر بە جوانی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی خۆی زانیوە و خۆی لە ڕیزی شاعیرانێکی وەکوو نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا داناوە و پێی وابووە کە هەر کەسێکی خوڵقێنەر دەبێ شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێت هەر بۆیەش بەدوای شێوازێکی تایبەت بە خۆیدا گەڕاوە.

شێخ نووری زۆر بە جوانی هەستی بەوە کردووە کە شێعری نوێ دەبێ هاوکات بێت لەگەڵ ژیان و بوون و مرۆڤ، و پێی وابووە کە نوێ بوونەوە نابێت هەر لە فۆرم و قاڵبدا بێت بەڵکوو بە پێی زەمانە دەبێ ناوەرۆکیش نوێ بێتەوە و حاڵ و وەزعی زەمانە بێتە ناو شێعرەوە. شێخ نووری دەڵێت کە بزووتنەوەی ئەدەبی ئەرکی سەرەکی ڕۆشنبیران و داهێنەرانە و داوا دەکات کە ڕۆشنبیرانی کورد ئەو ئەرکەیان بە زووترین کات و بە جوانترین شێوە بهێنە ئاراوە.

لە ڕوانگەی شێخ نوورییەوە شێوە و ناوەڕۆک زۆر گرینگە هەر بۆیەش لەو بارەوە دەڵێت کە « بنەڕەتی ئەدەبیات جوانییە و وەکوو ئەوە وایە کە جل و بەرگێکی جوان بکرێتە بەر واتا و بناغەی مەنتقیش ڕاستییە، لە نووسینی ئەسەرێکی ئەدەبیدا ئەو شتەی کە دەبێت لە بەر چاو بگیرێ و کاریگەری هەیە جوانکارییە و بۆ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ مەنتق یەک بگرێ نابێت لە حەقیقەت لادات و دەبێت لە چوار چێوەی حەقیقەت دا بێت»، مەبەستی شێخ نووری ئەوەیە کە واتا و جوانی بەیەکەوە گرێ دراون بەو واتایە کە دەقێکی جوان ئەگەر واتای نەبێت هیچ بایەخێکی نییە و دەقێکی ئەدەبی ئەگەر جوانی تێدا نەبێت ئەوە کەمتر سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئینجا دەڵێت کە بناغەی مەنتق ڕاستییە بەو واتایە کە دەیهەوێ هووشەکاری لە شێعری نوێ دوور بخاتەوە کە یەکێک لە جوانیەکانی شێعری کلاسیک بووە و هونەر بکاتە ئامرازێک بۆ بەدواگەڕانی حەقیقەت.

شێخ نووری زۆر بەجوانی پەیوەندی شێوە و ناوەرۆکی بۆمان شی دەکاتەوە ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە وەها کەسایەتییەک دەتوانێ شێوەیەکی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەبێ، و خۆشی دەڵێت کە «ئەدەبیات هەوڵ دەدات ئەو شتانەی کە وا لە نێو ژیاندا دەدیترێت شێوەیەکی جوانیان بداتێ». بێ گومان ئەو شتەی کە شێخ نووری دەیڵێت تیئۆریەکی ئەدەبییە و دەیهەوێ وەها فۆرمێک لە نێو ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا پێک بێنێت و شێعر و خەڵک لەگەڵ یەک بکاتە هاوڕێ و شێعر ببێتە ئاوێنەیەک بۆ ژیان. شێخ نووری لەبارەی چۆنییەتی وتنی بابەت و دەربڕینەکەی دەڵێت کە «ئەدەبیات

شەخسییە و دەتوانین بە نیسبەت شەخسەوە نیشانی بدەین و تەنها عیلم فەن غەیری شەخسییە» لێرەدا دەیهەوێ بڵێت کە بابەت هەر بابەتە بەڵام جۆری گێڕانەوەکەی جیاوازە.

شێخ نووری لە بارەی چوارچێوەی شێعری نوێی کوردیدا لە وتارێکی ڕەخنەییدا دەڵێت هەندێک پێوەر پێویستە لە پێش نووسیندا لە بەر چاو بگیرێن هەندێک پێوەریش پێویستە لە کاتی نووسیندا لە بەر چاو بگیرێ، ئەو پێوەرانەی وا پێویستن لە کاتی نووسیندا لە بەر چاو بگیرێن بریتین لە ١. وەحدەت ٢. ئیجاد ٣. تەربییەت. وەحدەت: بابەتێکت بەدەستەوەیە کە بینووسی لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە ئەوە لە بەر چاو بگری کە خەلەل بە وەحدەتی بابەتەکە نەگات، کەواتە پێش هەموو شتێک دەبێت حەد و مەرز بۆ بابەت تەعین کەین.

ئەوەی زۆر بەرچاوە ئەوەیە کە شێخ نووری هێڵێکی جیاکەرەوەی لە نێوان کێشی شێعری نوێی کوردی و کلاسیکی کوردی دروست کرد، و بابەت و ناوەڕۆکی تازە و هەستی نەتەوەی ئەو کێشە تازەیەی ڕازاندەوە و ئەوەش خۆی هەنگاوێک بوو بۆ نزیک بوونەوە لە کێشی شێعری خۆمالی. هەنگاو نانی شێخ نووری بۆ تازە کردنەوەی شێعری نوێ تەنها کاریگەری لەسەر کێش نەبوو بەڵکوو کاریگەری لەسەر ئاهەنگ و مۆسیقاش دانا، شێخ نووری خۆی دەڵێت کە ماهییەتی ئەسلی وەزن وقافیە ئاهەنگە، ئەگەر بیرێکی جوان و هەستێکی لەتیف و خیاڵێکی جوان لەناخی ئینساندا بمێنێتەوە ئەگەر نەنووسرێ و نەیەتە سەر زمان بەشێوەیەکی تەبیعی تەئسیر لەسەر ئینسان دانانێت هەر بۆیەش دەبێت بنووسرێت کاتێک نووسرا و خسترا بەر چاو دەبێت هۆشمان بەسەر ئاهەنگەوە بێت کە دەبێتە هۆی جوانییەکەی.

هەرچەند جودا کردنەوەی خیاڵ لە شێعر محاڵە بەڵام شاعیرانی قوتابخانەی شێعری نوێ خۆیان لە هووشەکاری دوور ڕاگرتوە . شێخ نووری لە وتارێکدا باس لەوە دەکات کە موافەقەت _ ئیجاد و تەرویج بە دەلالەت کردنی ئەلغاز ئەڵێین بەسەر معانی مەقسوودا، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بە تەواوی بەیان بکرێ دەبێ چەند وشەیەک بدۆزییەوە کە بڕێکیان جیاوازی لەگەڵ یەکتردا هەبێت بۆ نموونە: کاتێک لە بوون و نەبوونی شتێکدا شک و گومان هەیە بۆ ئەو شتە دەڵێین وا زەن دەکەین، وا ئومێد ئەکەین، وا شەبە ئەکەین. هەر کام لەو دەستە وشانە ئەگەر بەر کار بێنین دەزانین کە شک و گومانی تێدایە تەنها ئەگەر بە وردی بڕوانین دەزانین کە چەند جیاوازیەکی بچووکیان تێدایە بۆ نموونە وقووع دەگەڵ زەن هەم لەگەڵ مەئمول هەم لەگەڵ مەشکوک لاوازترە لە وقووع لەگەڵ ئومێد. هەر بۆیەش ئەگەر لە بوونی

شتێکدا گومان هەبوو ئەوە دەڵێین مەزنوونە یا مەشکووکە یا مەئموولە، کەوابێ لە وەختێکدا ئەگەر ئیحتمالی پێش هاتن یا پێش نەهاتن زیاد بێت بڵێین فلان شتە وقووعی ئومێد دەکەین، ئەوە هەڵەیە چوونکە بەم شێوەیە ئیحتمالی پێش هاتنی زیاتر دەکەین، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە هەندێک وشە کە وا دەزانین هاو واتان لە ئەسڵدا جیاوازییان هەیە.

یەکێک لە دەست کەوتەکانی قوتابخانەی شێعری نوێی کوردی ڕوو کردنە نووسینە، ئەو بیرەش لە ئەنجامی ئەوە هاتە کایەوە کە ئەدەب کەوتە باوەشی ژیان و زیاتر بە خەم و ئاوات و خەباتی گەلەوە نووسرا و هەوڵیدا ببێتە ئەدەبێکی پەیامدار و خاوەنی لێپرسینەوە، ئەو قوتابخانەیە وەها شێوە و فۆرمێکیان کردە هێمای شێعری نوێی کوردی. شێخ نووری خۆی دەڵێت: وزووحی ئەفکار و حیساب بە سەهلی تێگەیاندنە، مەبەست لە نووسین ئەوەیە کە ئەو ئەفکارەی کە لە دەروونماندایە بە هەموو کەس ڕاگەیێندرێ و بخرێتە بەر چاو و بخوێندرێتەوە.

**سەرچاوە:**

شێخ ساڵح، شێخ نووری. *دیوانی شێعر*. ساغکردنەوەی ئازاد عەبدولواحید. هەولێر: ئاراس، ۲۰۰۸.

کتێبخانەی هەواڵنامە

# وتار

- ✓ کارەسات لە نێوان فاشیزم و ساکارسازیدا
- ✓ «چیرۆکی سەروەریی و گەورەیی»
- ✓ نەورۆز، جەژنا بهارێ
- ✓ کورد و ئەدەبیات لە یەکیەتی سۆڤیەتدا
- ✓ دێرە زێڕینەکانی مێژوو
- ✓ خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی گابۆڕ

هەواڵنامەی کتێب

# کارەسات لە نێوان فاشیزم و ساکارسازیدا

**(۲)**

لێدوانی د. بەختیار سەجادی لە ساڵوەگەڕی کیمیابارانی هەڵەبجە،
کە لە ساڵی ۱۳۹۷ی هەتاوی لە زانستگای کوردستاندا پێشکەش کرا.



ئا: ئەسرین زاهێدی

هەواڵنامەی کتێب

کارەسات یان کۆمەڵکوژی، واتە تێگەیشتن لە ئازار، ڕەنج، خۆشەویستییەکان، هیواکان و خەونەکانی چەندین کەس و، ئەمەش دیارە لە توانای کەسدا نییە. تاکەکەس، تاک، یان سووژە ناتوانێت لە ئازاری کۆمەڵ تێبگات. لەوانەیە تاکەکەس بتوانێت لە ئازاری کەسێک تێبگات؛ بەڵام تاکەکەس ناتوانێت لە ئازاری کۆ تێبگات و، ئەوانەی کە پێیان وایە ئەتوانن لە کارەسات تێبگەن، کارەساتیان کۆکردۆتەوە، کارەساتیان سادە کردۆتەوە، کارەساتیان خولاسە کردۆتەوە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، سادەکردنەوەی و کورتکردنەوەی کارەسات بۆخۆی جۆرێکە لە ڕێگەخۆش-کردن بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر. ئەو کەسانەی کە کارەساتیان خولقاندووە ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە غەیرییەت و ئۆڵتێریتی و جیاوازی نییە. ئەو کەسانەی کە کارەسات ئەخوڵقێنن، پاژ لە پێناو گشتدا قوربانی ئەکەن. ئەوکەسانەی کە کارەسات ئەخولقێنن سیستمێکی ساکارکەرەوەیان هەیە؛ ڕوانینێکی گشتیسازانەیان هەیە. لێرەدا وە بیر ڕستە بەناوبانگەکەی ئادۆرنۆ دەکەوینەوە کە دەڵێت: «گشت حەقیقەت نییە». ئەگەر ئێمە پێمان وایە حەقیقەت گشتە، کەواتە پاژەکان چییان بەسەر دێت؟ ئایا بخرێنە

پەراوێزەوە؟ ئایا ئەنفال بکرێن؟ ئایا لە ناو بچن؟ ئایا بخرێنە زیندانەوە؟ ئایا بنێردرێن بۆ ئوردووگاکانی کاری زۆرەملێ. کەواتە جۆرێک لە فاشیزم لەو ڕوانگەگەلەدا بوونی هەیە.

ئەگەر چی ئیمڕۆژە بیرمەندانی کورد و غەیری کورد باس لە فاشیزمی ڕۆژئاوایی و فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی ئەکەن بەڵام ئێمە پێمان وایە کە فاشیزم لە بنەڕەتدا پێڕەوی لە یەک ڕوانگە دەکات. فاشیزم لە هەموویاندا هەیە. چ لە بەعسیزمدا کە ئەنفال و هەڵەبجەی خولقاند، چ لە داعشیزمدا کە ئەو کارەساتانەی خولقاندووە، چە لە هیتلردا کە کارەساتی خولقاندووە. لە فرانکۆ، مووسیلینی و ئیستالین و هەروەها لە بونیادگەرایی ئایینیشدا هەیە.

فاشیزم دزە ئەکاتە نێو ژیانی تاکەکانەوە. فاشیزم لەو دەرکەوتە سادە و ساکارەی فەلسەفەی مکانیکی و دەستکردی جیایی سووژە لە ئۆبژەوە سەرچاوە ئەگرێت. وەکوو دکارت پێی وتووین لە کتێبی *بیرکردنەوە یەکەمینەکان*دا: هەرکاتێک باوەڕمان بە جیاوازیی نێوان سووژە و ئۆبژە بێت خێرا یەک شت سەر هەڵئەدات، ئەویش دەسەڵاتە. دەسەڵاتی سووژە بەسەر ئۆبژەدا. لەوانەیە ئۆبژە لە قۆناغی یەکەمدا سرووشت بێت. هەر وەک ئەزانین لە ئورووپای سەدەی حەڤدەهەم و سەدەی هەژدەهەمدا، بۆ یەکەمجار شارەکان گەورە بوونەوە. مرۆڤ پێویستە کە جەنگەڵەکان و دارەکان لە ناو ببات، سرووشت لە ناو ببات بە مەبەستی گەورەکردنەوەی شارەکان. کەواتە دەسەڵاتی سووژە بە مل ئۆبژەیە. ئەگەر ئۆبژەکە سرووشت بێت، کێشەمان نییە؛ بەڵام ئەم عەقڵانییەتە پەتییە مکانیکییە دێکارتییە مۆدێرنەیە کە مۆدێرنیتەی ئامرازمەندی لێ کەوتەوە. مۆدێڕنیتەی سەرەتایی ئەگەر بگۆڕدرێت و ببێتە دەسەڵاتی سووژە بەسەر سووژەدا، واتە مرۆڤ، مرۆڤ بکوژێت، ئەوە ئیتر فاشیزمە؛ ئەوە ئیتر کارەساتی لێ ئەکەوێتەوە.

ئێمە کێشەمان لەگەڵ عەقڵانییەتدا نییە، بەڵام کێشەمان هەیە لەگەڵ عەقڵئامرازیدا. عەقڵ-ئامرازی بە واتایەکی زۆر سادەتر ئەوەیە کە ئەڵێت: «ئامانج، پاساوی هەموو ئامرازێکە.». واتە تۆ لە ناو ئامانجێکدا هەموو شتێک وەکوو ئامراز بەکار بهێنیت. یەکێک لە دەرەنجامە نەرێنی و نێگەتیڤەکانی ڕوانینێکی فەلسەفی (ناواینهمانی) واتە نائەمئەوێتی بۆ جیایی و دووریی نێوان سووژە و ئۆبژە لە ئاکامدا ئەبێتە هۆی ڕەچاوکردنی مرۆڤ وەکوو ئۆبژە و کۆمەڵکوژکردنی مرۆڤ. بەعسیزم فاشیزمە، داعشیزم فاشیزمە. لەبەر ئەوەی کە لە چەندین نووسیندا دەربارەی بنەما فەلسەفییەکانی ئەم

ڕوانینە باسم کردووە من لێرا باسی ئەم بابەتە ناکەم و خێرا دێمە سەر بابەتێکی تر. ئەو بابەتەش بابەتێکە دەربارەی شێوەی مامەڵەی ئەدەبیاتی کوردی، هونەری کوردی، مووسیقیی کوردی، فیلمی کوردی، شانۆی کوردی و زمانی کوردی لەگەڵ کارەساتدا.

بەندە پێشتر دەربارەی فاشیزم، کۆمەڵکوژی، ڕەنگدانەوەی فاشیزم لە ئەدەبیاتدا، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵکوژی لە هونەردا، دەرەنجامە نەرێنییەکانی عەقڵئامرازی، گۆڕینی هاوکێشەی سووژە و ئۆبژە بۆ سووژە و سوژە و دەربارەی سرووشت و سروشت و چییەتیی مەتەڵئاسای کارەسات نووسینم ئاراستە کردووە. بەڵام بۆ ئێستا ئەمەوێت بابەتێکی تر ئاراستە بکەم. ئەویش باسی شێوەی ڕوانینی ئێمەیە بۆ کارەسات. باسی پێوەندیی ئەدەب و هونەری کوردی لەگەڵ کارەساتدا. لێرەدا بە ئاشکرا، ڕاستەوخۆ و بە ڕاشکاوییەوە ئەڵێم: هونەر و ئەدەبی ڕۆمانتیک، نۆستالژیک، ڕەهاخواز، ئیدئۆلۆژیک، سێنتمێنتاڵیست و هەستمەند نەک هەر کارەسات نانوێنێتەوە بەڵکوو لە لایەکەوە زەمینە خۆش ئەکات بۆ زۆر سادە وەرگرتنی کارەساتێکی تر، لە لایەکی تریشەوە سیستمی خولقێنەری ئەو جۆرە ئەدەبە و ئەو جۆرە هونەرە زۆر نزیکە لە سیستمی خولقێنەری کارەسات. بە واتایەکی تر، ئەدەبیاتی ڕۆمانتیک، شیعرێکی هەستمەند و شانۆنامەیەکی تەواو سنتمنتاڵیست بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان ناتوانێت ناخی کارەسات دەربخات. یەکێک لە دژوارترین کارەکان، نواندنەوەی کارەساتە لە ئەدەبیات، هونەر و زماندا.

ڕۆمانی *قەسابخانەی ژمارەی پێنج*، نووسینی کرێت ڤۆنێگات، باسی کارەساتی هۆلۆکۆست لە ئەڵماندا دەکات. کەسایەتییەکان دەنگیان وەکوو دەنگی با بڵێین بوونەوەرە نامۆوەکانیان لێ دێت. واتە تێناگەین چی ئەڵێن. گیانی مرۆڤ خۆ تەماتە نییە بڵێین ئەمە دوو کیلۆ تەماتەیە ئەوەش سێ کیلۆ تەماتەیە؛ بڵێین ئەمە کارەساتە کە ڕووی داوە و دووسەد هەزار نەفەر کوژراون و کارەساتێکی تر ڕووی داوە سی هەزار نەفەر کوژراون، کەواتە ئەم کارەساتە کە دووسەد هەزار کەس کوژراوە، زۆر گرنگترە لەو کارەساتەی کە سی هەزار کەس کوژراوە. ئەمە خۆ بیرکاری نیە، خۆ لۆژیکی دەستکردی مێکانیکی نییە.

ئەم مەنتقە ڕاستە فەلسەفەی زانست سوودبەخشە و پێشکەوتنی زانستیش بنەڕەتی لە ناو مەنتیق و فەلسەفەی شیکارانە و ئەنگلۆدایە، بەڵام ئێمە لە بیرمان نەچێتەوە کە شانبەشانی پێشکەوتنە زانستییەکان، بەردەوام لە لایەن بیرمەندانەوە ڕەخنە گیراوە لە لایەن و دەرەنجام و ئاکامە نەرێنییەکانی

ڕوانینێکی سادەی مکانیکی بۆ پێوەندیی نێوان سووژە و ئۆبژە. ئێمە لە مێژووی ڕۆژئاوای سەدەی هەژدەهەمدا ئەڵێین سەدەی ڕەوشەنگەری، واتە مرۆڤ پێش دەکەوێت. جیمز وات ماشینی هەڵم درووست ئەکات. پێشتر نیۆتۆن قانوونی ڕاکێشانی دۆزیوەتەوە. لە ڕستەی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەی، *دیالکتیکی ڕۆشنگەری*-دا، کە موراد فەرهادپوور و ئومید مێهراباد وەریان گێڕاوەتەوە بە فارسی و منیش شەرحەکەیم بۆ کوردی وەرگێڕاوە و ساڵی هەشتاویەک لە دەزگای سەردەم چاپ کرا، لە ڕستەی یەکەمی کتێبەکەدا دەوترێت مرۆڤ پێی وایە پێش کەوتووە، مرۆڤ تەنها پێی وایە ڕەوشەنگرە. بەڵێ گۆی زەوی ڕووناک بووەتەوە بەڵام ئەگەر لە هەسارەیەکی دوورەدەستەوە تماشای گۆی زەوی بکەین، ڕۆشنە بەڵام نەک بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە؛ گۆی زەوی ڕووناکە لەبەر ئەو کارەساتە کە مرۆڤ پێکیهێناوە. گۆی زەوی ئەدرەوشێتەوە بەڵام بەهۆی کارەساتەوە ئەدرەوشێتەوە.

ئەمە ڕوانینێکی ڕادیکاڵە، ئێمە پێمان وایە کە ئەو شیعرە کوردییانە، ئەو فیلمە کوردییانە، ئەو مووسیقییە کوردییانە ناتوانن ئەو کارەساتانە بتوێننەوە. ئایا بۆ هەڵەبجە، ئەنفال و بۆ ئەو کارەساتە کە ڕووی داوە بەسەر نەتەوەدا بەسەر ئێمەدا بەسەر مرۆڤدا، نابێتە بەشێک لە ناسنامەی ئێمە! یەکێک لەو بیرمەندە گەورانەی کە هەموو خزمەکانی لە ئاشویتز-دا لە ناو چوون تا ئەو ڕۆژەی کە مابوو پێ-نەدەکەنی و بەردەوام تووڕە بوو. ترووما بێبڕانەوەیە، لای ئێمە تەنها بۆ قوربانییەکان بێبڕانەوەیە؛ نەک هەر بۆ کۆ، بۆ کۆی کۆمەڵگا بەڵکوو تەنانەت بۆ تاقمی خوێندەواریش نەبۆتە کێشەیەکی جیدی. باسی فۆرم و چوارچێوە و ساختاری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە ئەچنە خانەی جوانیناسیی هونەرەوە. جوانیناسیی کلاسیک، غەزەڵ و ... ناتوانن ئەو دەورە بگێڕن. ئەم فۆرم و ناوەرۆکەی خوارەوە لە بنەڕەتدا لەگەڵ بابەتی بەرباسدا دژایەتی هەیە.

گر دست دهد ز مغز گندم نانی ‌‌ ‌‌ وز می دو منی ز گوسفندی رانی

با لالەرخی و گوشە بستانی ‌‌ ‌‌ عیشی بود آن نە حد هر سلطانی

ئەو هیوایە و ئەو ئیدەئالیزما لێرەدا بە تەواوەتی ونە. ئەمە بە کەڵکی کارەسات نایەت. لە ئەدەب و مووسیقی کوردیدا چەندین ساڵە بەم شێوە ڕەچاو کراوە، چونکە بە داخەوە میدیاکان و تەلەفزیۆنەکان دەورێکی زۆر نەرێنی ئەگێڕن لە سادەکردنەوەی کارەساتدا؛ لە هەستمەندکردنەوەی کارەساتدا. بۆ نموونە، گۆرانییێکی کوردی هەیە کە بەردەوام بەتایبەت لەساڵیادی هەڵەبجەدا بڵاو ئەبێتەوە بە ناو «بە تەنیا

جێم مەهێڵن». ڕاستە شیعرەکە تا ڕادەیەک سەرکەوتووە، بەڵام ڕیتمەکەی ئەگەر بە ڕیتمی خێرا بیخوێنین بۆ هەڵپەڕکێ ئەبێت و ئەگەر بە ڕیتمێکی ئارام بیخوێنین ئەمە ئەبێ بە بەزەیی ئەمە ئەبێ بە هەست. بەواتایەکی تر ئەو ڕیتمە، ئەو ئاوازە کە دانراوە لە سەر ئەو گۆرانییەی کە بمانخاتەوە یادی کارەساتی هەڵەبجە و نەک هەر نامانخاتەوە یادی ڕەنجی ئەو قوربانیانە بەڵکوو زەینیەتیشمان بە لاڕێدا دەبا و سادەشی ئەکاتەوە بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر. ئەو کارەساتانەی کە بە سەر ئێمەدا هاتووە، لەوانەیە کە بە سەر هەر کەسێکی تردا هاتبایا، هەر ئەوە بەس بوو کە گۆڕانکارییەکی بنەمایی لە ڕوانین و بۆچوونی ئەو کەسەدا پێک بێت. بەڵام لەوانەیە ئێمە کارەساتەکان زۆر سادە ئەکەینەوە و ڕاگەیێنەرەکان لەم ڕووەوە ئولگووسازی ئەکەن بەڵام ئولگووە سادەکان. ڕاگەیێنەرە کوردییەکان، کاناڵە کوردییەکان، ڕاستەوخۆ ئەڵێم ئەو کاناڵە کوردییانەی لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئەم یادە ئەکەنەوە، کارەساتەکان سادە ئەکەنەوە و بە شێوەیەکی هەستمەند لێ ئەکۆڵنەوە، بەشێوەیەکی ژوورناڵیستی و مێکانیکی و ئەمەش تۆ دوور ئەخاتەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا شتێکی دژەمرۆییانەیە، چونکە کارەسات واتە ئەنفال واتە ئاگاداربوون لە ڕەنجی سەدوهەشتاودوو هەزار کەس؛ هەندێ شاعیری سەرکەوتوو کە لە شێعری کوردی هاوچەرخدا نموونەی کوردی زۆرمان هەیە و هەروەها شیعری درێژی باش هەیە دەربارەی ئازارەکانی تاکەکەسێک کە ئەنفال ئەکرێت. بەڵام ئەو شاعیرە بۆ هاتووە لە چوار دێڕدا، ڕەنجی پێنج هەزار قوربانی هەڵەبجە بۆ ئێمە سادە ئەکاتەوە. ئایا تۆ ڕەنجی پێنج هەزار کەس لە چوار دێڕدا کورت ئەکەیتەوە. ئایا ئەمە یەکەمجار خەیانەت نییە لەو ڕەنجە کە ئەو قوربانیانە کێشاویانە؟ کەواتە باس کردن لە کارەسات، باسێکی جیدی و گرینگ و بنەماییە و من لێرەدا بە ئاشکرا دەڵێم شیعر و ئەدەبیات و هونەری ڕۆمانتیک، ئیدئۆلۆژیک، نۆستالژیک و سێنتمێنتاڵیست بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت نەک هەر کارەسات بۆ تۆ بنوێنێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە و لە لایەکی ترەوە زەینیەتی تۆش ئامادە ئەکات بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر.

لوویی بۆنۆئیل دەرهێنەری بەنێوبانگی سووررئالیست فیلمێکی هەیە دەربارەی بێچارەکانی دەوروبەری ڕۆم. لە شوێنێکدا پیرەپیاوێک نیشان ئەدات، پیرەپیاوێکی کوێرە، سواڵکەرە، ئیفلیجە، بەدبەختە و پەراوێزنشینیشە؛ بەدبەختی بەدبەختی بەدبەختە. جارێکیان ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە؛ سێ کوڕ لەو گەڕەکەدا ئەیگرنە بەر بەرد. لەم سێکانسەدا کە ئێمە تماشا ئەکەین ئەبینین ساختمانێکی چوار نهۆمیی

نیوەکارە دیارە. دوایی لە ژیاننامەکەیدا ئەڵێت سەرەتا مەبەستم وابوو گرووپێکی ئۆرکێستری چەندکەسی بانگ بکەم، گرووپی ئۆرکێستری ناوازە. سەد کەس بە کۆت و شەرواڵەوە، پاپیۆن، خاوێن و ڕێکوپێک. هەموویان لە نهۆمی چواری ئەو بینایەوە لەو کاتەدا کە منداڵەکان بەرد فڕێ ئەدەن بۆ پیرەپیاوەکە، خەریکی ژەندنی موسیقان؛ بەڵام دەنگی ئەم مۆسیقایە نایەت و دەمەویست ئەمە پیشان بدەم کە موسیقای ڕۆژئاوایی دەرمانی دەردی ڕەنجی مرۆڤی هاوچەرخ نییە.

ئەمە شێوەی ڕوانینی بۆنۆئیلە بۆ کارەسات؛ بۆ ئەو یەک کەسە. کەچی هاوشێوەکەیمان ئێمە بینی لە فیلمی تەختەڕەش-دا؛ ئەمن بابەتێکم نووسی بە ناو سەمیرای بچووک و بابانوئێلی گەورە، کە خانمی سەمیرا هاتبوو ئەو فیلمەی دروس کردبوو لە بارەی ئەو پیرەپیاوە هەورامییەی کە لە بۆمبارانەکانی سەدامدا کاتێ هەرایە و خەڵک هەڵدێن، خەڵک ئەگیرێت، قیژەی مناڵە، پیرەپیاوێکیش کە نەخۆشینێکی هەیە ناتوانێت میز بکات. لەو شوێنەدا خەڵکەکە پێ‌ئەکەنین، جەماعەتی نوخبە پێئەکەنێ، واتە ئەو بە شێوەیەک ئەم پیرەپیاوەی نیشان دابوو کە خەڵک پێ‌ئەکەنی.

زۆرێک لە فیلسووفان پێیان وایە مرۆڤ پێش نەکەوتووە. ئەم کارەساتە کە لە زەمەنی هاوچەرخدا ڕووی داوە، لە هیچ دەورەیەکی مێژوویيدا ڕووی نەداوە. بە میلیۆنان کەس بە وەحشیگەری و بێ‌ڕەحمانەترین شێوە کوژراون. وشەی وەحشیگەری ئەو وشەیەیە ئێمە بەردەوام بیری لێ ئەکەینەوە؛ ئادۆرنۆ وشەی وەحشیگەری بە کار دێنێت کە لە شوێنێکدا کە بە فارسی وەرگێڕدراوەتەوە، هەڵەیە؛ کە ئەڵێ: «بعد از آشتی شعر آشغال است.» من بەدواداچوونم کرد بۆ ئەم ڕستەی دواییە و زانیم بە هەڵە وەرگێڕدراوەتەوە بە فارسی چونکە ئادۆرنۆ وەها دەڵێت: «بعد از آشتی نوشتن شعر وحشیانه است.» واتە کارەسات ڕووی داوە، پێنج هەزار کەس لەناو چوون. ئێستە من بە مووسیقایەکی سادە و بە شیعرێ سادە باسی لێوە بکەم! ئەمە وەحشیگەری نییە؟!

کەواتە بەکورتی لێرەدا ڕاشکاوانە دەری‌دەبڕم کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی بە زمانی کوردی، مووسیقیی کوردی، شیعری کوردی، ڕۆمانی کوردی، شانۆی کوردی، شانۆنامەکان، شێوەکارییەکان، پەیکەرەکان، نەک هەموویان بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی لە لایەن کوردانەوە دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە بەرهەم هێنراون، نەک

هەر نەیانتوانیوە ئەو کارەساتە بنوێننەوە بەڵکوو کارەساتەکەیان کورت کردووەتەوە. کارەساتەکەیان سادە کردووەتەوە، کارەساتەکەیان گشتی کردووەتەوە.

ئێستا دەگەینە باسێکی تر کە دایدەنێین بۆ دەرفەتێکی تر: تایبەتمەندیگەلی فۆرمیک و چوارچێوەگەلی مەنزوومی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە کامانەن کە ئەتوانن بە شێوەیەک لە شێوەکان تا ڕادەیەک کارەسات بنوێننەوە؟ من ئیتر ئەو باسە ناورووژێنم. هیوادارم هەمووومان وا ڕابێین و خۆمان و منداڵەکانمان و کەسانی دەورووبەرمان وا ڕابێنین کە تۆزێک جدیتر و قووڵتر و زۆر بە چڕێتییەوە ئاوڕ لەو کارەساتانە بدەینەوە کە نەک هەر بە سەر کورددا بەڵکوو بە سەر هەموو کەسێکدا و هەموو مرۆڤدا هاتووە. ئەمە بابەتێکی زۆر جدییە و ئێمە نابێت بە شێوەیەکی ڕووکەشییانە تەماشای ئەم پرسە بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# «چیرۆکی سەروەری و گەورەیی»

خوێندنەوەی دوو چیرۆکی

جاناتان مەلی زەریایی – ڕیچارد باخ

ماسییە ڕەشی چکۆلە – سەمەد بێهرەنگی



لەتیف سوڵتانی[1]

کارناسی زمان و ئەدەبی فارسی

هەواڵنامەی کتێب

بەر لەوەی بچمە نێو باسەکەوە حەز دەکەم سەرەتای وتارەکەم بە ڕا و بۆچوونەکانی سەمەد بێهرەنگی مامۆستای منداڵان و نووسەری شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی هەمیشە زیندوو، لەسەر ئەدەبیاتی منداڵان دەست پێ بکەم:

ئیتر کات و سەردەمی ئەوە تێپەڕیوە کە ئەدەبی منداڵان قەتیس و بەرتەسک بکەینەوە لە بانگەواز و بانگەشە و خەیاڵات و هەندێ وردەئامۆژگاری ویشک و کلیشەیی وەکوو: دەبێ و نابێ و پاکوخاوێنی لەش و گوێڕایەڵبوونی باوک و دایک و گوێدان بە بەتەمەنەکان و ئارام و بێدەنگ بوون لەلای میوان و بەیانیان زوو لە خەو هەستە تا لەشساغ و شاد بی و پێبکەنێ تا دنیا بە ڕووت پێبکەنێ و هەندێ شتی دیکە لەم نموونانە.

---

[1] letifkurd@gmail.com

کە ئەنجامی هەمووشیان بێئاگا و نەزان مانەوەی منداڵانە لە پرس و کێشە گەورە و سەختەکان و ڕاستییەکانی ژیانی دەوروبەریان. بۆ دەبێ لەکاتێکدا ڕۆژانە دایک و باب و برا و خوشک و دراوسێ و کەسوکاری بە پیسترین شێوە زوڵمیان لێ دەکرێ و دەچەوسێنرێنەوە، کەرامەتیان پێشێل دەکرێ، سووکایەتییان پێ دەکرێ، بۆ دەبێ لە کاتێکدا براگەورەکەی تینووی هەڵمژینی نەختێ هەوای پاک و هەناسەی ئازادە، منداڵ لەنێو دۆشەگێکی نەرم و قۆزاخێک لە بەختەوەریی و شادی و وەهمی هیوای بێبنەمادا بخنکێنین؟!! منداڵ دەبێ لە خەیاڵە هیوابەخشە بێناوەڕۆک و سستەکان دوور ڕابگرین و پاشان هیوایەکیتری بەڵام لەسەر بنەمای ناسینی ڕاستەقینە تاڵ و نالەبارە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان و خەبات دژ بەوانە لە مێشکیدا بڕوێنین.

ئایا منداڵ جگە لە فێربوونی پاکوخاوێنی و گوێڕایەڵی و بە قسەکردنی مامۆستاکەی (کامەمامۆستا؟) و ئەدەب (کامە ئەدەب؟) ئەو ئەدەبەی کە زاڵمان و چینی دەسەڵاتدار و پۆشتە لایەنگریی و بانگەوازی بۆ دەکەن، شتێکی دیکەی پێویست نییە؟ ئایا نابێ بە منداڵ بڵێین کە لە وڵاتی تۆدا منداڵانێک هەن کە ڕەنگی گۆشت و تەنانەت پەنیر، مانگ بە مانگ بە چاو نابینن؟ چونکە تاقمێکی بچووکی ورگزلی بێویژدانی پارەپەرست دەیانەوێ هەمیشە گۆشتی قاز و قەلەموونی سوورەوەکراو لە شەرابدا لەسەر سفرەکەیاندا بێ!؟

ئایا نابێ بە منداڵ بڵێین کە پتر لە نیوەی خەڵکی جیهان برسین و بۆ ئەوانە برسی ماونەتەوە؟و ڕێگای لەناوبردنی برسێیتی چییە؟ ئایا نابێ بە منداڵ بڵێین دەوڵەتانی داگیرکەری ئیستعمارگەری جیهانیی لەگەڵ هاوپیاڵەکانیاندا وەکوو زێروو، شیلەی گیان و خوێنی میللەتانی ژێردەست و چەوساوە دەمژن؟! ئایا نابێ تێگەیشتنێکی زانستی و ڕاست لە مێژوو و گۆڕانکاری و گەشە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە منداڵ بدەین؟ بۆ دەبێ منداڵگەلێکی پاستۆڕیزە و بێدەنگ و گوێڕایەڵ پەروەردە بکەین؟ منداڵانێک کە فێری پرسیارکردن نەکرابن و وەکوو تووتی شتەکانمان بۆ لەبەر و دووپات کەنەوە. مەگەر دەمانەوێ ئەوان لە پشت جامخانەی دووکانە خەرازی فرۆشییەکانی باڵاشارەوە دانێین کە بووکە شووشەگەلێکی جوان و خەملاویان لێ دروست بکەین؟

بۆ دەڵێین درۆ خراپە؟ بۆ دەڵێین دزیی باش نییە؟ بۆ دەڵێین بەقسەکردنی باوک و دایک شتێکی شیاوە؟ بۆ نایێن هۆکارەکانی دروستبوون و پەرەپێدانی درۆ و دزیی بۆ منداڵان ڕوون بکەینەوە؟ منداڵان فێر

دەکەین ڕاستگۆ بن لە کاتێکدا زەمانی ئەوەیە چاوی ڕاست لەگەڵ چاوی چەپ درۆ دەکا و برا لە برا بەگومانە.

ئایا گوێڕایەڵیی لە مامۆستا و باوک و دایکێکی ناباو و نەوسپەرست کە ئامانجیان تەنیا خۆشڕابواردن و بێدەردیسەر ڕۆژگار تێپەڕاندن و خواردن و خەوتن و هەرچی زیاتر گیرفان پڕکردنە کارێکی شیاو و باشە؟ بۆ بانگەشەی یارمەتیدانی هەژاران و چەساوان دەکەین و قەت ناڵێین بۆ ئەو کابرا نەدارە و بۆ ئەم ورگ‌زلە دەوڵەمەندە؟ کە ئێستا وا سنگی دێنێتە پێشەوە و بەشێکی زۆر بچووکی پاشماوەی سامانەکەی خۆی بە هەزار مننەتەوە دەدا بەو نەدارە،کە بەڵێ منیش پیاوێکی خێرومەند و چاکەکارم و هەمیشە کەسانێکی بێچارە و بەلەنگازی وەکوو تۆ یارمەتی دەدەم؛ هەڵبەت ئەمیشە بۆ ڕەزای خودا دەکەم ئەگینا خۆت کە مرۆڤ بە حیساب نایێیت!

ئێستا کاتی ئەوەیە لە ئەدەبی منداڵاندا دوو خاڵ لە بەرچاو بگیردرێ و بیانکەینە بنچینەی کارەکەمان. خاڵی یەکەم: ئەدەبی منداڵان دەبێ ببێتە پردێک لە نێوان دنیای ڕەنگامەی بێئاگایی و لە خەون و خەیاڵە شیرینەکانی منداڵ و دنیای تاریک و تژی لە ڕاستەقینە تاڵ و پڕ لە ئازارەکانی ئاقاری کۆمەڵایەتی بەتەمەنەکان.

منداڵ دەبێ لەم پردەوە تێپەڕێ و وشیارانە و چەکدار و چرا بەدەست پێ بنێتە نێو دنیای تاڵی ژیانەوە؛ لەم کاتەدایە کە منداڵ دەتوانێ یارمەتیدەر و هاریکاری ڕاستەقینەی باوکی بێت لەم ژیانە تاڵەدا و ببێتە هۆکاری گۆڕانی ئەرێنیی لە کۆمەڵگای مەند و وەستاو و هەردەم ڕۆچوو لە گەندەڵیی و تاوان و دزیی و جەنایەتدا. منداڵ دەبێ بزانێ کە باوکی بە چ ئازار و ڕەنجێکەوە پارووەنانێک بە دەست دێنێ و برا گەورەکەی زوڵملێکراو لە نێو ئەم زەلکاوەدا دەست و پێ لێدەدا و دەخنکێ.

ئەوی دیکە منداڵیش دەبێ بزانێ کە باوکی لە چ ڕێگەیەکەوە بە بەردەوامبوونی ئەم ڕۆژەڕەشییە و ئەم زستانە سەخڵەت و تووشەی دەستکردی مرۆڤەکان یارمەتی دەگەیێنێ. منداڵان دەبێ لە هۆکارە بێبنەما هیوادەرە سستەکان دوور ڕابگرین؛ منداڵان دەبێ بزانن کە باوکانیشیان لە قووڵایی و ناخی زەلکاوی ئەم کۆمەڵگا خنکاوە لە زوڵم و تاوانەدا دەست و پێ لێدەدەن.

پوختەی قسە و خاڵی دووەم ئەوەیە: دەبێ تێڕوانین و جیهانبینییەکی ڕێکوپێک و ورد بە منداڵ بدەین، پێوەرێکی پێ بدەین کە بتوانێ کێشە جۆربەجۆرە ئەخلاقی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە

هەلومەرج و بارودۆخە بگۆڕە هەمیشەییەکاندا هەڵسەنگێنێت. ئاشکرایە کە دابونەریتەکان لەو شتانە نین کە بۆ هەمیشە بەردەوام و پایەدار بن؛ ئەوەی ساڵی پێشوو چاک بوو ڕەنگە دوو ساڵی دیکە خراپ لێکبدرێتەوە؛ ئاکارێ کە لەنێو گەل یان چینێکی کۆمەڵایەتیدا بە داب دەژمێردرێت ڕەنگە لە نێو گەل و چینێکی دیکەدا دژی داب حیساب بکرێ.

لە بنەماڵەیەکدا کە باوکێکی سووک هەموو داهاتی بنەماڵەکەی بۆ خۆشڕابواردن و کەیف و قومار خەرج دەکا و هیچ دەور و بایەخێکی لە کۆمەڵگادا نییە و کۆسپێکی سەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، منداڵەکەی قەت پێویست ناکات گوێڕایەڵ و بێدەنگ بێ و بیروبۆچوونەکانی باوکی خۆی وەک خۆی قبووڵ بکات. منداڵ دەبێ هەر لە منداڵییەوە فێری سەروەریی و کەرامەت و گەورەیی و ژیان لەگەڵ کەرامەت و سەروەریدا بکرێت.....

ئەدەبی منداڵان نابێ بانگەشە و پڕۆپاگەندە بۆ خۆشەویستیی و مرۆڤدۆستیی و قەناعەت و خاکەساریی لە جۆری ئەخلاقی مەسیحییەت بکات. دەبێ بە منداڵ بوترێ: لەو کەسەی کە دژی مرۆڤ و کۆسپی سەر ڕێگای گەشەی مێژوویی کۆمەڵگایە، ئەوەی کە چەوسێنەرە بێزی هەڵبستێت و ڕقی لێ بێتەوە. ئەم نەفرەت و ڕقە دەبێ لە ئەدەبی منداڵاندا جێ و ڕێی خۆی بکاتەوە.....

## «جاناتان مەلی زەریایی»

«ڕیچارد باخ» نووسەر و فڕۆکەوانی ئەمریکی لە ساڵی ۱۹۳۶ لە «ئۆک پارک»ی ئەیالەتی «ئیلینۆ»ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایک بووە. ڕیچارد باخ بە چەند پشت دەگەڕێتەوە بۆ باپیری واتە سباستیان باخ مۆسیقاری ناوداری ئەڵمانی. ڕیچارد هەر لە دەورانی خوێندنی دواناوەندییەوە تامەزرۆی نووسین و فڕین دەبێ و لە ئەنجامدا دەبێتە فڕۆکەوانێکی نووسەر یان باشتر بڵێین نووسەرێکی فڕۆکەوان. باخ لە ساڵی ۱۹۵۵ دەچێتە کۆلێژی «لانگ بیچ» کە هەنووکەش لە ئەیالەتی کالیفۆڕنیادا هەر بەو ناوە دەناسرێت.

زۆر و کەم بەرهەمەکانی باخ بە جۆرێک تێکەڵاوی فڕینە، باخ بە نووسینی کورتە ڕۆمانی «جاناتان مەلی زەریایی(مرغ دریایی) کە لە ڕاستیدا چیرۆکێکی درێژە، سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنێ. هەرچەند بەرهەمەکانی دیکەی دوایی ئەو سەرکەوتنەیان بە دەست نەهێنا. باخ ژنە دووەمەکەی



هەواڵنامەی کێژ

واتە «لێسلی پریش»ی لە ساڵی ١٩٧٣ لەکاتی دروستکردنی فیلمی جاناتان مەلی زەریاییدا کە هەر لە چیرۆکەکەی خۆی وەرگیراوە چاو پێ کەوت. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٧٣دا لەلایەن «هاڵ بارتلێت» دەرهێنەری ئەمریکی لە دوو کاتژمێردا کراوەتە فیلمێکی سینەمایی.

هەندێ لە بەرهەمەکانی دیکەی ڕیچارد باخ بریتین لە:

-نامۆیەک لە زەویدا (١٩٦٣)

- فڕۆکەی زیندوو (١٩٦٦)

- هیچ شتێک لەنەکاو نییە (١٩٦٩)

- جاناتان مەلی زەریایی (١٩٧٠)

- بەهرەی فڕین (١٩٧٤)

- دوور و تا ڕادەیەک نزیک (١٩٧٦)

- خەیاڵ (١٩٧٧)

- پردێک بەرەو هەرمان (١٩٨٤)

- تاقانە (١٩٨٨)

- هەڵاتن لە هەدادان (١٩٩٤)

- دەرەنگەکانی من (١٩٩٩)

چیرۆکی جاناتان مەلی زەریایی، بەسەرهاتی مەلێکی زەرياييیە کە نایهەوێ وەکوو باب و باپیران و مەلەکانی دیکە بژیت، چونکە ئەوان ساڵەهای ساڵە لەگەڵ ژیانێکی نزم و سووکدا ڕاهاتوونە و لە پاشماوەی زبڵوزاڵی ئەو مەلەوانانە دەخۆن کە لە بەلەمەکانیانەوە دەیرژێننە نێو زەریا. ئەوپەڕی ئاسۆی بیریان لە پاشاخوڕخواردن و چڵکاوخۆریی و خەوتن تێناپەڕێ. بۆ سەدان ساڵە باپیرانیشیان هەر بەو جۆرە ژیاون و ناشیانهەوێت کەس ئەو ژیانەیان لێ تێک بدات و بیانگۆڕێت. بەڵام جاناتان ئەو جۆرە ژیانەی ناوێت و حەز دەکات خۆی تا قووڵایی زەریا ڕۆبچێت و بۆ خۆی ماسی ڕاو بکات. هیچکام لە مەلەکانی دی ئەمەیان پێ خۆش نییە، بۆیە سەرکۆنە و لۆمەی دەکەن و باوک و دایکی گاڵتەی پێ دەکەن و خۆشیان ناوێ.

هەواڵنامەی کتێب

جاناتان هەرچەند هەموو ڕۆژێ هەوڵ دەدا بە هەموو هێزییەوە تا قووڵایی زەریا بڕوات، پەڕوباڵی زامدار دەبێت، بەڵام ناتوانێ ماسییەک ڕاو بکات. لێ قەت بێ‌هیوا نابێت و بەردەوام دووبارە هەوڵ دەدات. ئەنجومەنی باڵای مەلە زەریاییەکان لە دادگاییەکی ڕواڵەتیدا جاناتان بە تاوانی شکاندنی دابونەریتە کۆنەکان مەحکووم بە دوورخستنەوە لە وڵات دەکات. بۆیە جاناتان لە کۆڕی مەلەکان دەر دەکرێت و ئەویش پاش ساڵەهای ساڵ دووریی لە وڵاتی خۆی نەوەیەکی نوێ بەڵام سەروەر و بە بیرێکی نوێیەوە لە مەلە زەریاییەکان پەروەردە دەکات و.... پاشماوەی چیرۆکەکە.

چیرۆکی ماسییە ڕەشی چکۆلەی «سەمەد بێهرەنگی» نووسەری شۆڕشگێڕی تورک، هاوشێوە و نزیکییەکی زۆری لەگەڵ چیرۆکی جاناتاندا هەیە، چونکە لە ماسییە ڕەشی چکۆلەشدا، ماسییەکە نایهەوێ وەکوو باب و باپیرانی بژیت کە بۆ سەدان ساڵە لە گۆمێکی بچووکدا دەژین و بەو جۆرە ژیانە کۆیلایەتی و زیندانە ڕاهاتوون و ئاسۆی بیر و ئەندێشەی قەتیسماویان لەوپەڕی گۆمەکە تێپەڕ ناکات. بەڵام ماسییە ڕەشی چکۆلە دەیهەوێ بڕاوت و زەریا بدۆزێتەوە. هەرکام لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە کە دەبنە ڕێنوێن یان دوژمنی ماسییە ڕەش، لە ڕاستیدا سەمبۆلی تاقم و چینێکی نێو کۆمەڵگان.

چیرۆکی جاناتان وەکوو چیرۆکی ماسییە ڕەشی چکۆلەی سەمەد هەرچەند بە زمانێکی ساکار نووسراوە بەڵام هەمیشە ئەو جۆرە چیرۆکانە لە بیرەوەری خەڵکدا دەمێننەوە کە زمانێکی منداڵانە و ساکار و بەڵام نەمادین و بیرێکی بەرزی قووڵیان تێدایە. ئەم جۆرە چیرۆکانە هەر کەسە بۆ خۆی لە ڕوانگە و تێڕوانینی خۆیەوە شەرح و شرۆڤەی دەکات. بۆیە هەندێک دێن و چیرۆکی جاناتان لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە – تێڕوانینی نیگایەکی ئەمریکی بۆ عیرفانی ڕۆژهەڵاتی - شرۆڤە دەکەن.

تێڕوانینی منی کوردیش بۆ ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە جاناتان سەمبۆلی ئینسانی کوردی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕە، کوردێک کە بیر لە ئازادی و سەروەریی دەکاتەوە، کوردێک کە هەوڵ دەدات و ئەرکی ئەوە کەوتۆتە سەرشانی کە ژیانێکی پڕ لە سەروەری و کەرامەت و گەورەیی بۆ میلەتەکەی دەستەبەر بکات. ژیانێکی سەربەرزانە و بەشەرەف، نەک ژیانێکی پڕ لە کۆیلایەتی و بندەستی و چڵکاوخۆری وەکوو کۆڕی مەلە زەریاییەکان. چیرۆکی جاناتان چیرۆکی «مسئولیت»ە، چیرۆکی بەرپرسیارەتی لەهەمبەر کۆمەڵگایەکی نەزان و لە گوێی گادا خەوتوودا.

ئەمە ئێمەین کە «مسئولیت»مان هەیە، «مسئولیت»ێکی قورس بۆ ئاگاییدان بە تاک بە تاکی گەلەکەمان. چیرۆکی جاناتان چیرۆکی ئازادی و گەیشتن بە سەروەرییە. دوایین پەیامی جاناتانیش ئەوینە. ئەوین و خۆشەویستی گەلەکەت. لێخۆشبوون لەو خەڵکەی کە تۆیان بە دوورخستنەوە لە زێد و وڵاتەکەت ئەشکەنجە کردووە. چیرۆکی جاناتان پەیامێکی مەعنەوی و دەروونناسانەشی تێدایە، کە مرۆڤەکان هان دەدا مانایەک بۆ ژیانی خۆیان بدۆزنەوە. مخابن ئەمڕۆ ژیانی مادی و ماشێنی وای لە مرۆڤ کردووە ڕەگ و هۆوییەتی خۆیان بزر بکەن و لە سارای بێهۆوییەتی و سەرگەردانیدا وێڵ بن. هیوادارم بتوانم ئەم کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردییش و کتێبخانەی کوردییشی پێ دەوڵەمەند ببێ.

«چەند دێڕێکی هەڵبژاردە لە چیرۆکی جاناتان مەلی زەریایی»

بڕوا بەوەی کە چاوەکانت پێت دەڵێن مەکە، چاوەکانت ژیانی تۆ سنووردار دەکەنەوە.
تاقە یاسا، یاسای گەیشتن بە سەروەری و ئازادییە، هیچ یاسایەکی دی بوونی نییە.
ڕۆژ یەکەمین تیشکە زێڕینەکانی خۆی لەسەر زەریای زێوینی کازیوە دەپژاند. لە دوورەوە بەلەمێکی ماسیگیری شەپۆلەکانی ئاوی زەریای شەق دەکرد و دەچووە پێش. لەولاوەتر کۆڕی مەلە زەریاییە برسییەکان بە قیرەقیڕ و هاتوهەرایەکی سەیرەوە بە دوای پاشاخوڕی پاشماوەی خۆراکی مەلەوانەکاندا دەسووڕانەوە و زۆر بێبەزەیی و دڕندانە بە چنگ و دەندووک یەکتریان زامدار دەکرد و هەڵدەدڕی. بەڵام دوورتر جاناتان نوقمی زەریای خەیاڵ بوو و وەکوو هەمیشە خولیایەکی بەس گەورە و بەرزەفڕانەی لە ناخدا هەڵگرتبوو.

جاناتان هەڵدەفڕێت و لە شینایی ئاسماندا بزر دەبێ. لەسەر باڵی با سوار دەبێ و بەرەو زەریا دەنۆڕێت. پاشان بەلەز بەرەو خوارێ تێدەکوتێ و باڵەکانی کۆ دەکاتەوە و بۆ ئەوەی بگاتە نێو دڵی زەریا خۆی توند بەسەر ئاوەکەدا ڕادەکێشێ. پەڕوباڵی خوێناوی و زامدار دەبێ، بەڵام ئەو وەکوو هەمیشە بەرزەفڕانە لە وڵامی دایکیدا کە لێی دەپرسێ: ئاخۆ ژیانی ئاسایی وەکوو خەڵکیی بەو ڕادەیە بۆت دژوارە؟ بۆ لەو پاشماوە خۆراکەی ناخۆی کە هەموان لێی دەخۆن؟ دەڵێ: من دەمەوێ فێری فڕین ببم.

باوکی بە دەموڕاوێژێکی مامەڵەگەرانەوە پێی دەڵێ: لەبیرت نەچێ کە ئامانج لە فڕین تەنیا خواردنە و بەس. کوڕم...! تۆ زیاتر لە مستێک ئێسکوپڕووسک و پەڕوپۆ هیچی تر نیت!

جاناتان دەیان حەوتە خەریکی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی خۆی دەبێ، بەڵام هێشتا بە ڕادەی پێویست نەیدەتوانی بگاتە قووڵایی زەریا. شەوێک لە قووڵایی ئاسمانی تاریکدا لەگەڵ خۆیدا تێدەفکری و دەیگوت: من نە باڵەکانم بڕستی باڵی شەهێنیان هەیە و نە توانایی و هێزی هەڵۆشم هەیە. من جگە لە مەلە زەریاییەکی لانەواز و داماو شتێکی دیکە نیم، چونکە سروشتی ئەندامانی جەستەم بۆ وەها کارێکی ئەستەم نەخوڵقاوە. ڕەنگە دایکم ڕاست دەکا و من دەبێ هەموو شتێک لەبیر بکەم و بگەڕێمەوە نێو مێگەلەکەم و ئەم بڕیارەم هەموان دڵخۆش دەکات.

جاناتان بۆ یەک سات خۆی وەکوو ئەو هەزاران مەلە زەریاییەی مێگەلەکەی هاتە پێش چاو. بۆیە زۆر شڵەژا و بە خۆی گوت: من ئەگەر یەکێک لەوانم بۆ لەم شەوە نووتەکەدا و لە بەرزایی ئەم ئاسمانەدا هەڵدەفڕم؟ هیچ مەلێکی زەریایی خاوەنی وەها بوێرییەک نییە. ڕەنگە چاوەکانم چاوی کوندەبوو بێ و باڵەکانیشم تەنانەت بەهێزتر لە باڵی شەهێن. بۆیە دیسان دای لە شەقەی باڵ و هەڵفڕی و تا ڕادەیەک چووە تەشقی ئاسمانی بێبنەوە کە تاکوو ئەوکات هیچ باڵندەیەک بوێرییەکی وەهای لە فڕیندا پەیدا نەکردبوو. بەبێ هیچ دڕدۆنگیی و بێهیوایی و ترسێک لە مەرگ، لە دۆخ و هێڵێکی ئاسۆییدا بەرەو خوار بووەوە و لەژێر تیشکی مانگەشەودا برووسکەئاسا خۆی فڕێ دا نێو قووڵایی ئاوەکەوە. بەڵێ! ئەو هێشتا زیندوو بوو، نوقم لە شانازییدا. ئەمە گرنگترین ساتەوەختی مێژوویی مێگەلەکەیان بوو. جاناتان تێگەیشت کە ئامانجی ژیان تەنیا خواردن و زیندوومانەوە نییە، بەڵکوو ئامانجی هەرەگەورە ڕزگاربوونە لە نەزانیی و دەستلەملانی فێربوون و ژیانێک لەگەڵ سەروەریی و شکۆ. بەڵام ئەمە هەموو بەسەرهاتەکە نەبوو، جاناتان لەلایەن ئەنجومەنی ڕیش سپی و پیاوماقووڵانی مەلە زەریاییەکانەوە بە تاوانی شکاندنی نەریتە کۆنەکان و قەشمەری کردن بە دابە دێرینەکان، مەحکووم بە دوورخرانەوە لە کۆڕ و وڵاتی خۆی کرا.

جاناتان بیری لە ژیانێکی پڕواتا و ناوەڕۆکە بەرز و پڕشکۆیەکان دەکردەوە. لێیان دەتۆرێت و کۆڕی مەلەکان بەجێدێڵێ و بە هەموو هێزییەوە بەرەو ئاسۆیەکی نادیار هەڵدەفڕێ. ئەو ئیدی فێری فڕین بووبوو و بۆ ئەو تاوانەی کە پێی مەحکووم بە هەڵوەدایی کرابوو هیچ بەداخ نەبوو. ئێوارەی ئەو

ڕۆژە جاناتان دوو مەلی زەریایی جوانی بینی کە بۆ بەخێرهاتنی ئەو هاتبوون. لێیانی پرسی ئێوە کێن و من لەکوێم؟

لە وەڵامدا گوتیان: ئێمە برای تۆین و تۆ یەک لەو ملوێنەها مەلە زەریاییەی کە گەیشتوونەتە ئێرە و ئەوانەی کە لێرە دەیانبینی هەموویان میناک تۆ هەڵوەدای سەروەریی و گەورەیین.

ئەمانەش وەک تۆ گەڕیدەن و ئامانجیان لە ژیان بە کەماڵ گەیشتن و شکۆ و سەروەرییە.

چونکە هەموو شتێک لە ژیاندا سنووردارە و بەتەنیا کەماڵ و سەروەرییە کە بێ‌سنوور و هەتاهەتایی و هەرمانە.

ئێمە لێرە بۆ ناسینی ئازادی هەوڵ دەدەین و کات و شوێنیش لامان بێ مانایە و نهێنی ئەمەش تەنیا ئەوەیە کە تۆ نابێ وەکوو داوێک چاو لە خۆت بکەی و خۆت سنووردار کەیەوە.

مانگێک دواتر جاناتان خەریکی ڕاهێنانی بێچوە مەلە زەریاییەکان بوو، بەڵام دڵی تاسەبار و کەیلی وڵاتی خۆی بوو، ئیزنی وەرگرت کە بچێتەوە بۆ نێو مێگەلەکەی. هاوڕێیەکەی پرسی مەگەر ئەوان بە خوێنت تینوو نین؟ مەگەر ئەوان تۆیان لە خۆ نەتاراند؟ وەڵامی دایەوە: وایە، بەڵام ئەوان ناتوانن تێبگەن، نەک ئەوەی نەیانهەوێ تێبگەن. ئەرکی من لێرە بە دواوە یارمەتیدانی ئەوانە بۆ تێگەیشتن لە واتای ژیانی ئازاد و پڕ لە سەروەریی. ئەرخەیان و دڵنیام ئەوان ڕۆژێک تێدەگەن و ئەوەی کە من دەیبینم ئەوانیش دەیبینن. ئەمڕۆ بەڵام مەسئوولییەت و کاری من یارمەتیدانە بەوان نەک دوژمنایەتی.

.......................................................................................

ئێستا ئیدی ژیان مانایەکی‌تری بۆی هەبوو، لەباتی ئەم هاتوچۆیە تاقەتپڕووکێنەی بەدوای بەلەمی مەلەوانەکاندا، ئێستا ئیتر هۆیەکی بۆ ژیانی خۆی دۆزیبۆوەوە. دەتوانین خۆمان لەم نەزانینە ڕزگار بکەین و ببینە مەخلووقاتێکی سەرسوڕهێنەر، دەتوانین بگەین بە ئازادیی و فێری فڕین ببین.

.......................................................................................

خەمی جاناتان خەمی تەنیایی و بەتەنیا مانەوە نەبوو، بەڵکوو ئەوەی کە لە ناخەوە ئازاری دەدا و وەکوو کرمێک دەیخوارد، کەمتەرخەمیی و گرنگینەدانی مەلەکانی دیکە بوو کە نەیاندەویست بڕوا بە شکۆ و چێژی فڕین بێنن، چاوی دڵیان نەدەکردەوە تاکوو ئەم سەروەریی و شکۆیە ببینن.

.......................................................................................

هەوارنامەی کتێب

بیرت لەوە کردۆتەوە کە دەبێ چەند دانە ژیانمان تێپەڕاندبێت تاکوو ئەم بیرە گەیشتبێتە زەینمان کە ژیان گرنگترە لە خواردن و شەڕکردن و نیشاندانی هێز و تواناکمان لە کۆڕی مەلەکاندا؟ دەبێ هەزار جار و تەنانەت دە هەزار جار ژیانمان کردبێ تاکوو فێر بووبێتین شتێک هەیە بە ناوی کەماڵ. و سەد جاری دیکە بژین تاکوو تێبگەین ئامانجمان لە ژیان گەیشتن بە کەماڵە و بەس. هەڵبەت ئەم یاسایە یاسای ژیانی دنیای داهاتووشمانە، چونکە ئێمە ئەو دنیاشمان بەپێی ئەو شتانە هەڵدەبژێرین کە لەم دنیایەدا فێری دەبین. ئەگەر لێرە شتێک فێر نەبین دنیای داهاتووشمان وەکوو ئەم دنیایە وایە. کە وایە ئەوەی لامان گرنگە زاڵبوونە بەسەر کۆسپ و لەمپەرەکاندا.

..........................................................................................

سەیرە کە وا ئەو مەلانەی بە هۆی دووربوونی مەودا و ڕێگاوە هیچ ڕێز و بایەخێک بۆ گەیشتن بە کەماڵ دانانێن. تەنانەت بە نەرمەنەرمەش ناگەنە هیچ شوێنێک و ئەوانەی کە بۆ گەیشتن بە کەماڵ هیچ گرنگییەک بە دووری ڕێگا نادەن ئەمانەن کە خێرا دەگەنە ئامانجی خۆیان. جاناتان! لەبیرت نەچێ بەهەشت کات و شوێنێکی خەیاڵی نییە، کات و شوێن هیچ واتایەکیان نییە، بەهەشت گەیشتن بە کەماڵە.

..........................................................................................

بۆچی ئەستەمترین کاری ئەم دنیایە ئەمەیە کە باڵندەیەک لەوە تێبگەیێنی کە ئازادە؟ لەکاتێکدا ئەو دەتوانێ بە چەند جار ڕاهێنان ئەم شتە بە خۆی بسەلمێنێ. بۆ دەبێ ئەم کارە ئەوەندە دژوار بێ؟

..........................................................................................

ئەگەر من هەوڵ بدەم و دەسکەوتی ئەم تێکۆشانەم پێشکەوتن بێ، «مسئولیت»ێکم دەکەوێتە سەرشان، ئەویش ئەوەیە کە بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم و یارمەتی ئەوانە بدەم کە وەکوو من بە دوای هەقیقەت و ئازادیدان. تاکوو خێراتر و باشتر لە من ڕێگای گەیشتن بە کەماڵ بپێون. هەبوونی من هەمان بیر و ئەندێشەی ناخی منە. ئەگەر بیر و ئەندێشەکانم بە شتێکەوە زنجیر کرابێ، لەو زنجیرەدا بۆ

هەتایە دەمێنمەوە و ئەگەریش بیرێکی سەربەستم هەبێ کە وایە سەربەستم. ڕێک لەوێوە کە تۆ لەو جیهانەیدا کە تێیدا دەژی خۆت دادەبڕێنی، ڕێگایەکی ڕاستەقینە دەکەوێتە پێشت.

.......................................................................

بڕیار نییە ئێمە هەموان بگۆڕین، چونکە لە تواناماندا نییە. تۆ ئەگەر کەسێکت دۆزییەوە و کەڵکەڵەی «مسئولیت»ت خستە مێشک و دڵییەوە و ڕێگایەکت پێ پیشان دا، ئەوکات ئەوت داڕشتووە، ئەوسا کە دروستت کرد و کەسایەتی ئەوت داڕشت، ئەو خۆی ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە و کەسانی زیاتر دەخاتە سەر ڕێگا.

## «ماسییە ڕەشی چکۆلە ، خوێندنەوەیەکی کورتی سەمبۆلناسانە»

بێگومان ناوی سەمەد و ئەدەبی منداڵان پێکەوە گرێ دراوە، هەڵبەت ئەم بۆچوونانەی ئەو پێوەندی بە هەلومەرجی بنەماڵەیی و کۆمەڵگاکەیەوە بووە. بێهڕەنگی لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژاری گەڕەکی چەرەندابی شاری تەورێز(تاوڕێز) لەدایک بوو. دایکی سارا و باوکی عیززەت کرێکارێکی سادە بوو کە بە زۆر بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی کە حەوت کەس بوون دابین دەکرد.

سەمەد لەمەڕ ژیانی خۆیەوە دەنووسێ: وەکوو کارگ بێ باب و داک لە دایک نەبوومە، بەڵام وەکوو کارگ گەورە بوومە، بەڵام نە وەکوو کارگ خێرا لە پێ‌بکەوم، لە هەر کوێ نمەئاوێکم دەست دەکەوت خۆم دەگەیاندێ، کەسێک ئاودێریمی نەکرد؛ من گەورە بووم وەکوو دار سنجوو(سرنچک)ێکی خوار و خێچ بە ئاوێکی کەمەوە.

بێهڕەنگی پاش تەواوکردنی خوێندنی لە زانکۆی تەورێز، لە گوندەکانی دەوروبەری تەورێز دەبێتە مامۆستای قوتابخانە لە قۆناخی سەرەتاییدا. بەناوبانگترین بەرهەمی سەمەد چیرۆکێکە بۆ منداڵان بە ناوی «ماسییە ڕەشی چکۆلە» کە بە چەندین زمان تەنانەت کوردییش تەرجەمە کراوە و چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە. ئەم چیرۆکە چیرۆکێکە کە لە ئەدەبی منداڵاندا هیچ سنوور و بەربەستێکی زەمەنی و مەکانی نایگرێتەوە؛ لە ڕاستیدا شاکارێکی کەموێنەی جیهانییە کە لە هەر فەرهەنگ و زمانێکدا بخوێنرێتەوە، مانا و پەیامە بەرزەکەی خۆی دەتوانێ بۆ ئەو فەرهەنگە بگوێزێتەوە. ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بە زمانی تورکی نووسراوە.

سەمبۆڵناسی زانستێکە کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانین لەو واتایانەی کە خۆیان لەنێو واتاکانی دیکەدا حەشار داوە تێبگەین و لێکیان دەینەوە.

بۆیە هەمیشە لە سەمبۆڵناسیدا لەگەڵ نیشانە و مەبەست بەرەوڕووین. ئەم بابەتە، تەنیا واتا ئاشکرا و بەرچاوەکان لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو ئاکار و وشە و دەقە ئەدەبی و بەرهەمە هونەری و تەنانەت ڕەفتارە غەیرەکەلامییەکانیش دەتوانن خاوەنی لایەنێکی سەمبۆلیک بن. بۆ میناک جووڵاندنی سەر وەکوو ڕەفتارێکی سەمبۆلیک لەکاتی پەرژاندن و ڕەزامەندیدا، ڕەنگەکانی نێو تابلۆیەکی شێوەکاری، وشەکانی نێو دەقی ڕۆمان یان چیرۆکێک و هتد... هەموو دەتوانن پیشاندەری لایەنە سەمبۆلیکەکانی دەوروبەرمان بن.

بۆیە سەمبۆڵناسی و لێکدانەوەی نیشانەکان پێوەرێکی گرنگە بۆ ناسینی فەرهەنگەکان. بۆ نموونە ڕەنگە لێکدانەوەی سەمبۆڵناسەکان لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دی و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازییان هەبێ، ئەمە بە مانای ئەوەیە کە هەر کەسە بەپێی ناسیاریی فەرهەنگیی خۆی سەمبۆلەکان لێک دەداتەوە ، کە لەم نێوەدا دەوری «ناسین» گرنگییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە سەرەتا دەبێ سەمبۆل و ماناکانیان بناسرێن، پاشان لێک بدرێنەوە.

لەم بوارەدا سێ یاسا یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینی نەماد و نیشانەکان:

١- connotation: بە مانای ئەوەیە واتایەک لە دووتوێ واتایەکی دیکەدا خۆی حەشار دابێ و لە ئاکامدا بە شێوەی وێڕایی (ضمنی )وترابێتەوە.

٢- denotation: بە مانای وتنی ئاشکرای نیشانە و سەمبۆلەکانن.

٣- intertextuality: بە مانای ئەوەی کە خوێندنەوەی دەقێک، ڕەنگە زانیارییەکی تایبەتمان بە دەستەوە نەدا، بەڵام پاش خوێندنەوەی دەقێکی دی زانیارییەکمان دەست بکەوێ کە دەتوانێ بۆ لێکدانەوەی دەقی یەکەم بەکەڵک بێت.

ئامانجی ئەم بەشە لە وتارەکەش شرۆڤەی سەمبۆڵناسانەی چیرۆکی ماسییە ڕەشی چکۆلەیە. ئەم چیرۆکە گێڕانەوەیەکە لە بارەی ماسییەکی ڕەشی چکۆلە کە وێڕای ئاریشە و ئاستەنگەکانی بەردەمی، ئازایانە بڕیار دەدا لەو گۆمەی کە تێیدا دەژی خۆی ڕزگار کات و بۆ دیتنی زەریا بەرەو زەریا بکەوێتە ڕێ و دنیایەکی تازەی دی بناسێ. ئەم ماسییە لەنێو گۆمێکدا لە پشت تاشە بەردێکی

ڕەش و لە ژێر میچی قەوزەیەکدا لەگەڵ دایکیدا دەژی و لە دووپاتبوونەوەی ژیاندا هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دایکی و ماسییەکانی دراوسێدا لەنێو بستێک جێگادا هەر دەڕۆن و دێنەوە، هەر دەڕۆن و دێنەوە و کارێکی دیکەیان جگە لەم هاتوچۆیە وەڕەزکەر و دووپاتەیە نییە، ئەوان قەت ناوێرن لەو بستە شوێنەدا تۆزێک بچنە پێشترەوە، ئەم هاتوچۆیە دووپاتەیە ماسییە ڕەشی چکۆلە دەخاتە نێو بیر و خەیاڵێکی لاسارەوە.

لە خۆی دەپرسێ: بەڕاست کۆتایی ئەم جۆبارە دەگاتە کوێ؟ ئەگەرچی سەمەد گێڕانەوەیەکی زۆر وردی لە ژیانی دووپاتەی ماسییەڕەشی چکۆلە بە خوێنەر نەداوە، بەڵام ڕستەی«لە بەیانییەوە تا نیوەشەو بە خێرایی لەنێو بستێک جێگادا دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە« بەجوانی ژیانی وەڕەزکەر و بێئاڵوگۆڕی ئەو ماسییانەی لە مێشکی خوێنەردا وێنا کردووە. ژیانی یەکجۆر و بێئاڵوگۆڕ و دووپاتە لەو گۆمەدا ڕۆحی وێڵ و سەوداسەری ماسییە ڕەش ڕازی ناکات، ئەو پێویستی بە لەدایکبوونێکی دووبارەیە؛ دەبێ کۆڵی سەفەر هەڵگرێت و کۆتایی جۆبار و کۆتایی ژیان بدۆزێتەوە. بێگومان چیرۆکی ماسییەڕەش لە سەردەمێکدا نووسراوە کە ڕژێمی ئەو کات خەفەمانێکی توندی سیاسی لە ئێراندا دەست پێکردبوو، سەمەدیش بەناچاری چەکی قەڵەمی گرتە دەست تاکوو لە شۆڕش دژ بەم دێوزمەیەدا کە وڵاتی داگرتووە بەشدار بێت.

ماسییە ڕەش چیرۆکی بەرخۆدانی بێهەڕەنگییە دژ بە دەسەڵاتی زاڵی ئەو کات، ئەو دەسەڵاتە ڕەشەی کە تەنانەت خەڵکی لە ئاواتی نیو نیگایەک بەرەو زەریا لە پشت بەردەکانی نێو جۆبارەوە بێبەش کردبوو، حوکوومەتێک کە وەها ترسێکی خستبووە نێو دڵی باوک و دایکانەوە کە دەترسان نەبادا ڕۆڵەکانیان وەکوو ماسییەڕەشی چکۆلە بکەونە نێو داوی مەلی ماسیخۆرەوە. حوکوومەتێک کە بۆ تۆقاندنی خەڵکی سادە دەیگوت لە هەر ماڵێکدا سیخوڕ و ساواکییەکمان هەیە.

بەڵام ماسییە ڕەش ئەوەی پێمان سەلماند کە لە پشت بەردی ڕەشی جۆبارەوە زەلکاوێکە کە بە گەیشتن و لە باوەشگرتنی زەریا، دەتوانرێ پاقژ و خاوێن بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو نەیدەویست وەکوو ماسییە پیرەکانی دیکە لاویەتی خۆی بەئاسانی و لە بێئاگایی و بێخەبەریدا بە فیڕۆ بدا و لەکاتی پیریدا گازندە و بۆڵەبۆڵ بکات و بناڵێنێ.

هەواڵنامەی کێژ

ماسییە ڕەش بێئۆقرە بیر لە یەکگرتنەوەی هەموو ماسییەکان دەکاتەوە کە بە یەکگرتنەوەیان جەستەی ماسیگریان لە ترسان خستۆتە لەرزە. سەمەد بە ئاشکرا داوای یەکییەتی و یەکگرتنەوەی ناومالّی حزب و پارتە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی دەکات و ڕەخنەیان لێ دەگرێت کە لەباتی بیرکردنەوە لە ئامانج کە لەنێو بردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە خەریکی شەڕی ناوخۆیی و ئاژاوە و دووبەرەکین کە قەت بەهیچ کوێیان ناگەیێنێت.

هەڵبژاردنی زمانی سەمبۆلیک لە چیرۆکەکانی سەمەددا لە ڕاستیدا بوارێکە بۆ بە ئازادی و بێبەربەست قسەکردن، ئەو لە زمانی ئاژەڵانەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە کەسایەتی ئاژەڵان بیر و بڕواکانی خۆی لە کۆمەڵگای لەگوێی گا خەوتوودا دەردەبڕی. نووسەرانی دیکەش لە جیهاندا زۆر کەڵکیان لەم ئامرازە وەرگرتووە بۆ نموونە لە چیرۆکەکانی عەزیز نەسینیشدا لە زمانی ئاژەڵانەوە بە شێوەیەکی نەمادین دژ بە دەسەڵاتی ئەوکاتی تورکیا کەڵک وەرگیراوە و جۆرج ئۆرویڵیش لە کتێبی «قەڵای ئاژەڵان»دا لەم زمانە کەڵکی وەرگرتووە بۆ شۆڕش دژ بە دیکتاتۆرەکانی سەردەم. بەڵام لە قەڵای ئاژەڵانی جۆرج ئۆرویڵدا ئێمە دەبینین کە ئەو شۆڕشەی کە ئاژەڵەکان دژ بە زاڵمان دەیکەن و دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەڕووخێنن، لە ئەنجامدا خۆی دیکتاتۆرییەکی ڕەشتر بەدی دەهێنێت و دەبێتە سەرەتای سەردەمێکی ڕەشتر لە ژیانیاندا.

زمانی ئاژەڵان زمانێکە کە خێرا منداڵان خووی پێدەگرن؛ ئامانجی سەرەکی سەمەدیش چاندنی هزری سەربەخۆیی فیکریی لە گیان و مێشکی ئەواندایە، تاکوو هێزی جیاکردنەوەی چاک لە خراپیان پیشان بدات. لە ڕاستیدا تەنیا هیوای سەمەد لە شۆڕش دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی پەهلەوی، نەوەی نوێیە؛ واتە منداڵانیک کە ئەگەر سەربەخۆیی بیر و ئەندێشەیان نەبێت و پشتگەرم بە بنەماڵە بن قەت ناتوانن ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان لە قەتیسماویی گۆمی ژیان تێپەڕێنن و قەت لە پانتایی زەریادا مەلە ناکەن و وەکوو باب و باپیران و باوک و دایکانیان لە زەلکاوی سووکایەتی و بچووکی و پووچیدا دەژین و ئاکام لەنێو ژیانێکی سووک و حەقیریشدا بە نەگبەتییەوە دەمرن.

ئەو دەیهەویست بە منداڵان بڵێت: ئەگەرچی ماسییە ڕەشی چکۆلە قەت نەگەڕایەوە ئامێزی دایکی، بەڵام ژیانی هەتاهەتایی دۆزییەوە و چ وێنە و لێکچوونیکی جوانە لە نێوان چارەنووسی سەمەد

و ماسییەڕەشدا؛ هەر دووک گەیشتنە پانتایی زەریا و ژیانی نەمریی و هەرمان.(سەمەدیش لەلایەن ساواکەوە لە ڕووباری ئاراسدا خنکێندرا)

سەمەد و هاوڕێیانی دەیانهەویست ئارمانشارێک دروست بکەن کە لەوێدا نە ماسیخۆرێک بوونی هەبێت نە ماسیگرێک؛ ئارمانشارێک کە لەوێدا منداڵانی هەژاری لادێیی مافی یەکسانیان هەبێت لەگەڵ منداڵانی تەرپۆشی ناسکونازداری دیکەدا، یۆتۆپیایەک کە لەوێدا مانگەشەو لە پشت هەوری ڕەشدا نەمێنێتەوە و بە بزە زێڕینەکانی خۆی ژیانمان پێ ببەخشێت، وڵاتێک کە لەوێدا هەگبەی بێگانان و سەرمایەدارانی خوێنمژ لە خوێنی لاوانی وڵات پڕ نەبێت و وڵات لانکی ئازادی و سەربەستی بێت.

ئەو دەیهەویست لە ژیان و تەنانەت لەکاتی مەرگیدا ، بوونی خۆی کاریگەرییەکی ئەرێنی لە ژیانی خەڵکدا دابنێت. ئەو وەکوو قارەمانی چیرۆکەکانی خۆی بەو جۆرە ژیا کە پاش تێپەڕینی چەندین دەیە لە مەرگی، هێشتاکەش ئاواتی گەیشتن بە زەریا لە دڵی لاواندا دەچێنێ و چ کاریگەرییەک باشتر لەمە: نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میلەتا دەژین.

ئەو باش ئاگادار بوو کە مەرگ هەردەم بۆسەی بۆ ناوەتەوە بەڵام قەت نەچووە پێشوازییەوە، دەیهەویست ئەوەندە بژی کە بتوانێ بڕواکانی بێنێتە دی «مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان» ئەگەریش مەرگ ئاوقەی هات خەمێکی نییە چونکە مەرگ هەقە؛ بێهڕەنگی بڕوای وابوو مەرگ لە ڕێ ئازادی وڵاتدا، مەرگ نییە بەڵکوو ژیانەوەیەکی دووبارەیە و ماسییە ڕەشی چکۆلە دووگیانی لەدایکبوونی دووبارەی سەمەدە لە یاد و بیرەوەرییەکانماندا.

سەمەد پەروەردەکردنی منداڵانی بە تەنیا لە قوتابخانە و لەنێو پۆلەکاندا نەدەبینی بەڵکوو سوقراتئاسا لە کۆڵانان و بازاڕ و سەرخەرمانان و ماڵ بە ماڵی گوندنشینان دەگەڕا و زۆربەی شەوان دەچووە ماڵی گوندنشینان و لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشداریی دەکرد و ئەوانی لەگەڵ وشەی سەروەریی و «مسئولیت» و بەرپرسیارەتی و شۆڕش و ئەرکە سەرەکییەکانی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵانیان، بە گێڕانەوەی چیرۆک و حەکایەت ئاشنا و ئاگادار دەکردەوە. مەبەستی لە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە دووڕاگرتنی خەڵکی ساویلکەی لادێ بوو لە خورافەپەرستی و مردووپەرستی و فاڵچییەتی و جنگیریی و تەلیسم و سیحر و....

هەوڵی دەدا بە وشیارکردنەوەی گوندنشینانی نەخوێندەوار، ئەوان بتوانن مانا و ئامانجێک بۆ ژیانی خۆیان بدۆزنەوە، لەکاتی خەرمان هەڵگرتندا دەچووە سەر خەرمان و بە یارمەتیدانی جووتیاران قوتابیانی خۆیشی بە کردەوە بۆ هاریکاریکردنی باوکانیان هان دەدا.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە مەبەستی سەمەد لە ماسییە ڕەشی چکۆلە، دروستکردنی قارەمان و قارەمانپەروەری نییە، چونکە گالیلە گوتەنی: بێچارە میلەتێک کە پێویستی بە قارەمان بێت؛ مەبەستی سەمەد دروستکردنی کۆمەڵگایەکە کە تاکەکانی ببنە مرۆڤگەلێکی خۆکرد و سەربەست، نەک دیل و کۆیلەی شوێنکەوتووی هەندێک قازانجپەرست و فێڵباز.

مخابن لە فەرهەنگ و ئەدەبی ئێمەدا چ لە نێو ڕووناکبیران و خوێندەواراندا و چ لە نێو خەڵکی عەوام و نەخوێندەواردا هەمیشە خوومان بەوە گرتووە و پێی ڕاهاتووین کە زۆربەی هەرە زۆرمان لە هەر ڕووداو و دیاردەیەکی ناخۆش کە بۆمان ڕوودەدا گلەیی و گازندا دەکەین، جا ئەم ڕووداوە ڕەنگە کۆمەڵایەتی،سروشتی، سیاسی یان ئەخلاقی بێت جیاوازییەکی نییە. زۆربەمان چاوەڕوانییەکی نابەجێمان لە ژیان هەیە، چونکە ژیان بەپێی و هاوتەریبی ئاواتەکانمان ناگەڕێ، بۆیە خێرا بیر لە بێمانایی و بێئامانجیی و بێناوەڕۆکیی ژیان دەکەینەوە و دەست دەکەینە جوێندان و گلەیی و گازندە و لە کۆتاییشدا بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانمان پەنا دەبەینە بەر پاڕانەوە و خورافات و چارەنووس و فاڵ و قەدەر و شانس، و لەجیاتی هەوڵ و حەرەکەت و گۆڕان و کار، پەستیی و سووکایەتی بەرۆکمان دەگرێت.

بەڵام دەبێ بە خۆماندا بچینەوە و فێر ببین و بڕوامان وابێت کە ژیان چ چاوەڕوانییەکی لە ئێمە هەیە؟ نەک بە پێچەوانەوە ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لە ژیان هەیە؟! پرسیار لەوەی کە مانای ژیان چییە؟ زۆر هەڵەیە و بە هیچ کوێمان ناگەیێنێت! هەر کەسە وەڵامدەری ژیانی خۆیە و لێپرسراوە لەوەی کە لە بەرانبەر هەر دیاردەیەکدا بڕیاری سەربەخۆ بدات و چارەنووسی خۆی دروست بکات. چونکە مرۆڤ چارەنووسسازە نەک تاوانبار و تەسلیمی چارەنووسێکی وەهمی و سیزیێفئاسا.

ئەم چیرۆکە چەند توخم و واتا و کرۆکێک لە خۆ دەگرێ کە هەر کامەیان بە ئاکار و تایبەتمەندی و ئەو هەلانەی کە دەیخولقێنن ڕەوتی چیرۆکەکەمان بۆ پێک دێنن. جوانی و وردبینی چیرۆکەکە لە تێگەیشتنی مانای نیشانە و توخمەکانی نێو چیرۆکەکەدایە. سەرەتا دەبێ واتا و توخم و

کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە بناسرێن، کە بریتین لە: قارەمانی چیرۆکەکە، ماسییە ڕەشی چکۆلە، دایکی ماسییە ڕەش، دراوسێی ماسییە ڕەش، شەیتانۆکەی پێچەڵپێچ، پیرە ماسی کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، باڵندەی ماسیخۆر، ئەو ماسییە چکۆلانەی لەگەڵ ماسییە ڕەشدا ڕێ دەکەون، بۆق ، کەوچکە ماسییەکان، قرژاڵ، مارمێلکە، ماسییەچنە(مرغ سقا)، مشار ماسی، مانگ و خۆر، هەوری ڕەش، ڕووبار، زەریا، زەلکاو، یازدە هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ ماسی، ماسییە سووری چکۆلەی کۆتایی چیرۆکەکە و چەند کەسایەتییەکی دی کە دەورێکی ئەوتۆیان لە بەرێوەبردنی ڕەوتی چیرۆکەکەدا نییە.

هەرکام لەم توخمانە بە شێوەیەکی سەمبۆلیک ڕەوت و تێگەیشتنمان لە چیرۆکەکە دەبەنە پێش. ماسییە ڕەش سەمبۆلی بوونەوەرێکی خۆناسە کە ئەم خۆناسینە بووەتە هۆی دروستبوونی بوێرییەک بۆ ناسینی غەیرەخۆ و دنیای دەرەوە. ماسییە ڕەشی چکۆلە، دایکی خۆی و پیرە ماسییەکانی دیکەی نێو گۆمەکە بە کەمتەرخەمی و سستی و بەفێڕووچوونی تەمەنیان تاوانبار دەکات کە جگە لە سەیران و هاتوچۆی بێهۆ لە شوێنێکی چکۆلەی دووپاتەدا کەڵک و قازانجێکیان لە ژیانی خۆیان نەبردووە. و بوونی دنیایەکی دیکەی جگە لە دنیای تەسکی خۆیان بە مێشکدا نایێ. ژیانیان بەم شێوە دووپاتەیە پەژراندووە و قەت بیر لە گۆڕانی ناکەنەوە. لە کاتێکدا ئەم بە ئاواتی دیتنی مانگەشەوە. مانگەشەو سەمبۆلی ڕووناکییە کە یارمەتی ماسییە ڕەش دەدا تاکوو خۆناسین و زانایی خۆی بە ئەنجام بگەیێنێ. هەروەها ماسییە ڕەشی چکۆلە، سەمبۆلی بەرەیەکی پرسیارکەرە کە بیرو بڕوا کۆنەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ماسییە ڕەش سەمبۆلی بەرەیەکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و بوێر و ئاشقی زانایییە. ئەم چیرۆکە تا ڕادەیەک دەتوانێ نیشاندەری کەلێن و درزێک بێت لە نێوان دوو بەرەی کۆن و نوێدا، بەرەیەکی ترسەنۆک و تەوەزەل و کۆنەپەرست و سووک و بەرەیەکی ئاگا و ئازا و بوێر بۆ بچڕانی زنجیری کۆیلایەتی و ژیانی دووپاتە.

بەڵام بۆ ماسییەکی ڕەش؟ ڕەنگی ڕەش سەمبۆلی خەم و خەفەت و ئەوپەڕی نەداریی و نەگبەتییە. ئاماژەیەکە بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، هەندێ جاریش دەتوانێ سەمبۆلی مەرگ و ترس و ناڕوونی بێت؛ ماسییە ڕەشی چکۆلەی چیرۆکەکە لە نێوان دوو بەرەی گەورەیی و نەناسین دایە.

هەوراز کتێب

شەڕی ئەو شەڕ لەگەڵ ژیانی دووپاتەیە، کە ناچار ئەم تێکهەڵچوون و شەڕە ئەو فڕێ دەداتە نێو دنیای نهێنی و نەناسراوەکان، ماسییە ڕەش بۆ تێپەڕین لە سنووری ژیانی دووپاتە ڕێگەیەکی جگە لە بچڕانی گوریسە دووپاتەکانی هەرڕۆژە و ڕۆژمەرگی نییە. ماسییە ڕەش خاڵێکی بچووکە لە بوونێکی گەورەتر کە خۆی لە هەمبەر ئەم هەموو شکۆ و گەورەییەدا بە ڕاستی ناسیوە و تێدەگات.

ئەو لە گۆمێکی بچووکدا قەتیس کراوە، بەمەشەوە تێدەگا کە ئەم دنیا بچووکەی ئەو هەموو شتێکی ئەم جیهانە نییە. ئەو دەزانێ گۆمەکەی ئەو کۆتایی دنیا نییە؛ بە پێچەوانەوە هەموو خزم و کەسی ماسییەکە ڕوانین جیهانبینییەکەیان تەنیا و تەنیا ئەو گۆمە بچووکەیە و قەت شوێن و دنیایەکی گەورەتر بە مێشکیاندا نایێ. ماسییە ڕەش دەبێ بە ئامانجی خۆی بگات، تەنانەت ئەگەر نرخی ئەم ئامانجە هەڵوەدایی و ئاوارەیی و ڕەنگە مەرگیش بێت.

بە یارمەتی هاوتەمەنەکانی خۆی خۆیان فڕێ دەدەنە تاڤگەیەکەوە؛ لە کۆتاییدا پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییە دەگاتە زەریا و جوانییەکانی، ئەو جوانییانەی کە تووشی سەدان کێشە و گرفتیان دەکات لە کۆتاییدا بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبنە یەخسیری یەکێک لەم کێشەگەلە، بەمەشەوە تەنانەت لەکاتی مەرگدا هێشتا هیوای دوارۆژی هەیە و هەوڵ دەدا هاوڕێیەکەی خۆی ڕزگار بکات و پاشان خۆی.

ئەو ئێستا گەیشتۆتە سەروەریی و کەماڵێک کە مەرگ و ژیانی لەلا یەکسانە، کۆتایی چیرۆکەکە بە مەرگ تەواو نابێ، تەنیا ئەوە وتراوە کە ماسییە ڕەش ون بووە و ئیدی کەس ئەوی نەدیتۆتەوە. بەڵام خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە تەنیا کەسانێک ماسییەکە دەبینن کە لە ئامانجی ماسییە ڕەش تێگەیشتبێتن. ئەمە بە مانای تێگەیشتنی ڕواڵەتیی نییە بەڵکوو بەم مانایەیە کە ماسییە ڕەشی چکۆلە بە بیر و دنیابینییەکەیەوە لە ژیاندا تۆمار کراوە و تەنیا کەسانێک وەکوو ماسییە سووری چکۆلەی چیرۆکەکە ماسییە ڕەش لە ناخی خۆیاندا هەست پێدەکەن.

لە سۆنگەیەکی دیکەشەوە دەتوانین چاو لە چیرۆکەکە بکەین، چیرۆکەکە لەوێوە دەست پێدەکات کە ماسییەکی پیر لە شەوی چلەدا دوازدە هەزار بێچوو و نەوەکانی خۆی لە دەوری خۆ کۆ کردۆتەوە و بۆیان چیرۆکی ماسییە ڕەشی چکۆلە دەگێڕێتەوە. شەوی چلە بێگومان درێژترین شەوی ساڵە و وادیارە سەمەد مەبەستی نیشاندانی ئەوپەڕی دیکتاتۆری و زوڵم و ستەمە.

ماسییە پیر وەکوو ڕێبەرێکی سیاسی کارامە بە هۆی ئەزموونەکانییەوە لە قوژبن و سووچێکی زەریادا کە دوور لە هەر جۆرە هەرا و ئاڵۆزییەکی سیاسییە چیرۆکی ماسییە ڕەشیان بۆ دەگێڕێتەوە. لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا یەکێ لەو دوازدە هەزار ماسییە ون دەبێ و بۆ گەیشتن بە ئازادی و گۆڕان لەوانی دیکە جوێ دەبێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ماسییەکانی دیکە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە دیسان خەو دەیانباتەوە.

ڕۆیشتنی ماسییە ڕەش بە مانای شۆڕش و جووڵانەوە و پێکهێنانی گۆڕانکارییە ئەمە لە کاتێکدایە ماسییە پیرەکانی دیکەی گۆمەکە ماسییە ڕەش هەردەم لە ڕۆیشتن پەژیوان دەکەنەوە، دەسەڵات بە جۆرێک خۆی داسەپاندووە و پێناسە کردووە کە لەلای ئەو ماسییانە هیچ ڕێگە چارەیەک جگە لە سازان و هەڵکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە نالەبارەدا نابینن.

«ئاخر گیانەکەم جۆبارێکە سەرەتا و کۆتایی نییە، هەر ئەمەیە و بەس. جۆبار هەمیشە لە ڕۆیشتندایە بە هیچ کوێ ناگات». هاوڕێیەتی ماسییە ڕەش لەگەڵ شەیتانۆکەدا کە گوایە تەنیا هۆکاری هاندانی هەستی بزواندنی ماسییە ڕەشە خۆی خاڵێکی گرنگە؛ شەیتانۆکە گیانەوەرێکە کە هەمیشە هێواش هێواش و بەردەوام ڕۆیشتنی خۆی لە چیرۆکەکاندا، تەنیا گیانەوەرێکە کە لێبڕاوانە بە دوای گەیشتن بە ئامانجەکانیەتی. بۆیە دایکی ماسییە ڕەش، لۆمەی دەکا کە نابێ هاوڕێیەتی لەگەڵ شەیتانۆکەدا بکات و شەیتانۆکە بە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی خولیاکانی ماسییە ڕەش دەزانێ.

ئاکامیش شەیتانۆکە بە دەستی ماسییەکانی دیکە بێسەروشوێن دەکرێ. هەر لەم بوارەدا ماسییە ڕەشی چکۆلە لەگەڵ بۆق و کەوچکەماسییەکاندا ئاشنا دەبێ؛ کە ئەوانیش وەکوو پیرە ماسییەکان شتێک لەمەڕ زەریاوە نازانن و تەنیا خۆیان و چۆمەکەی خۆیان بە کۆتایی هەموو شتێک دەزانن. ئەمانە سەمبۆلی بوونەوەرانێکی بێناسنامە و خۆویست و نەزانن کە تەنیا خۆیان بە خاوەنی جوانیی و ئەسڵ و ڕەسەنایەتی دەزانن و بەس.

ماسییە ڕەش لە درێژەی ڕێگادا قرژاڵ دەبینێ،کە سەمبۆلی کەسانێکی قازانجپەرست و وردەبوورژوایە کە خوێنی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگایان لە شووشە کردووە. مارمێلکە لە دەرەوە بە ماسییە ڕەشی چکۆلە ڕادەگەیێنێ کە ماسیخۆرە و مشارماسی و ماسیچنە ئەو مەترسیانەن کە

هەڕەشەی مەرگی لێ دەکەن و دەبێ لە ڕێگادا ئاگای لێیان بێ و خۆی لێیان لابدا. ئەم سییانە سەمبۆلی چینی دەوڵەمەندی بێخەمن. مارمێلکەش سەمبۆلی تاقمی دڵسۆز و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەرن کە بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە نە تەنیا ماسییە ڕەش لە بڕیارەکەی پەژیوان ناکاتەوە بەڵکوو بۆ پاراستن و بەرگری لە گیانی خۆی و شۆڕش دژ بە دوژمنان خنجێرێکی دەداتێ. کە ئەم خنجێرە خۆی لە ڕوانگەی سەمەدەوە سەمبۆلی شۆڕشی چەکدارییە.

ڕەنگە ئەگەرچی سەمەد خۆی حەزی بە شۆڕشی چەکداری نەدەکرد، بەڵام هەندێ جار چارەیەکی جگە لەم شێوە شۆڕشە نەدەدی. هەر بۆیە ماسییە ڕەشی چکۆلە ئەو کاتەی وا دەکەوێتە نێو دەمی ماسیخۆرەوە چارەیەک جگە لە کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی خنجێرەکەی نابینێ. لەم بارەیەوە پەروێزی خورسەند دەڵێ: چیرۆکەکانی سەمەد هەموویان فەرمانی بەرەو پێش چوون و دەستپێکردنی شەڕێکە کە ئەگەر تۆی دیل لە تانوپۆی نەدارییدا دەستی پێ نەکەی و نەیتەقێنی، دوژمنەکەت بەرەو ڕووت دەیتەقێنێ و کەلەسەرێکت بۆ ناهێڵێتەوە تاکوو شوێنی مێشک و بیر و هزر و ژیانێک بێت. خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەوەیە کە ماسییە ڕەش لە ناوەوە بە خنجێرەکە گەرووی ماسیخۆرەکە هەڵدەدڕێت کە ئەمە خۆی پەیامەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بەرەوڕووی دوژمن هێزت نەگاتێ و دەرەقەتی نەهاتی لە ناوەوە هەرەسی پێ بێنە.

ئەو دوژمنانە کێن؟ ماسیخۆرە بوونەوەرێکی فێڵباز و سیاسەتوانە کە نێچیرەکانی خۆی فریو دەدا و پاشان ڕاوی دەکا و دەیخوات. لەم ڕووبارەدا ماسییە چکۆلەی زۆر دەژین کە لە ترسی ماسیخۆرە و ماسیچنە و مشارماسی ناوێرن لەگەڵ ماسییە ڕەش بکەون، بەڵام وەسوەسە و حەزیای هاوڕێیەتی لەگەڵ ماسییە ڕەش هەموو ناخیانی داگرتووە و ئاکام لەگەڵی دەکەون.

ماسییە ڕەش تامەزرۆی دیتنی مانگ و ڕووناکیەکەیەتی؛ لەکاتێکدا مانگ ڕووناکی خۆی لە خۆر وەردەگرێ. مانگ سەمبۆلی بوونەورێکی هەقخوازە کە توانیویە بە ڕووناکی خۆر بگات و لە ناسینی ئەو تیشکێک وەربگرێت. ئەم خاڵەش جێی سەرنجە کە ڕەنگە ئەو ماسییە پیرە کە چیرۆکی ماسییەڕەشی چکۆلە بۆ نەوەکانی خۆی دەگێڕێتەوە هەمان ماسییە ڕەش بێت کە ئێستا پیربووە و چیرۆکی شۆڕش و ئەزموونەکانی خۆی بۆ ماسییەکانی دی دەگوازێتەوە. پاش کۆتایی هاتنی چیرۆکەکەی ماسییە پیرە، هەموو ماسییەکان خەو دەیانباتەوە، تەنیا ماسییەکی سوور خەوی لێناکەوێ،

ئەمە ڕەنگە سەمبۆلی بەرەیەکی نوێ بێت بە ئامانجێکی نوێیەوە لە مێشکیاندا. ڕەنگە سەمبۆلی ئەو بەرەیە بێت کە سەمەد دڵی پێیان خۆش کردووە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم ماسییەسوورە چکۆلە لە زەریادا دەژی و بە ئاواتی گەیشتن بە زەریایە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر ماسییەڕەشی چکۆلە گەیشتە ئاواتی خۆی ئەم زەریا دووەمە چ مانایەکی هەیە؟ زەریا خۆی ڕواڵەت و مانایەکی هەیە، ئەم ڕواڵەتانە لە درێژەی زەمەندا نوێ دەبنەوە، بەڵام مانای زەریا کە لە دڵی هەموو بێچوە ماسییەکاندایە، ئەوان بەرەو لای خۆ ڕادەکێشی.کەوایە ئەم زەریا نوێیە لەگەڵ زەریایەک کە ماسییەڕەشی چکۆلەی پێ گەیشت یەکسان نییە. خاڵێکی دی ئەوەیە کە ماسییەڕەش بەها و بایەخ بە پرسیارەکانی خۆی دەدات هەرچەند وەڵامەکان سادە بن و ئەمە زیندووڕاگرتنی پرسیارەکانە کە هیوای ئاکامێکی دی لە دڵی ماسییە ڕەشدا دەخولقێنێ. لەکاتێکدا دایکی هەر ئەو پرسیارانەی ماسییەڕەشی لە منداڵیدا لە مێشکدا هەبوو بەڵام گرنگییەکی پێیان نەدەدا. بۆیە ئێستا لە تاریکیدا، کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا جەختی لەسەر کراوە دەژی.

خاڵێکی دی ئەوەیە لەم چیرۆکەدا دوو جودایی و لێکدابڕان لە کۆمەڵ ڕوودەدات. یەکەم ماسییەڕەش لە کۆمەڵێکی داڕزاو و دیلی دەستی تاریکی دادەبڕێ، ئەم دابڕانە ئاکامێکی خۆشی بە دواوەیە. بەڵام دابڕانی دووەم کاتێ ڕوودەدا کە ماسییەڕەش گەیشتۆتە زەریا و لەو کەسانە دادەبڕێ کە لەگەڵ ماسیگرەکاندا شۆڕش دەکەن. لێرەدا دابڕانێکی ناخۆشە.

ڕەنگە سەمەد لەم چیرۆکەدا ویستی تاک و کۆی کۆمەڵگای لە پاڵ یەکدا هێنا بێت، کاتێ کە ماسییەڕەش گەیشتە کۆمەڵ وتی: گرنگ ئەوەیە مان و نەمانی من چ کارتێکەرییەکی لە ژیانی خەڵکدا هەیە، بەڵام پاش ئەوە بە ویست و دڵخوازی خۆی کە گەیشتن بە خۆر بوو هاتە سەر ئاو. خاڵێکی دی ئەوەیە لەم چیرۆکەدا سەمەد گێڕەوەی پەروەردەکردن و گەشەی سێ بەرەی شۆڕشگێڕە. بەرەی یەکەم شەیتانۆکە، بەرەی دووەم ماسییەڕەشی چکۆلە و بەرەی سێیەم ماسییەسوورە چکۆلەکان.

ڕەنگە نەتوانین وشەی ڕادیکاڵ و ئانارشیست بەم ماسییە چکۆلەیەوە بلکێنین، بەڵام بەدڵنیاییەوە کەسایەتییەکی دژەکۆنپارێزی هەیە کە بە پێچەوانەی ویست و ڕۆیشتنی هەمووان ڕێگەی خۆی دەگرێتە پێش و دەڕوات. ئەگەرچی چکۆلە وشەیەکە کە هەستی بەزەیی دەخاتە مێشکەوە، بەڵام نووسەر

بۆیە ماسییەکی چکۆلەی هەڵبژاردووە چونکە خوێنەرانیشی تەمەنیان کەمە و تەنانەت هەندێ جار چکۆلە بانگ دەکرێن. بۆیە باشتر دەتوانن لەگەڵ کەسێکی وەکوو خۆیاندا پێوەندی و هاوسۆزی پێک بێنن.

لە لایەکیشەوە بوێربوون و ئازایەتی لەم تەمەنەدا بۆ گۆڕانی شتەکان زۆرە، بۆیە لەم چیرۆکەدا ماسییەڕەش کاتێ لێبڕاوانە دەڕوات تا بگاتە زەریا، بە خۆی دەڵێ: مەرگ زۆر ئاسان دەتوانێ بێتە سۆراخم بەڵام من نابەزم و تا دەتوانم دەژیم، نابێ بچمە پێشوازیی مەرگەوە، هەڵبەت ئەگەر جارێک ناچار لەگەڵ مەرگدا بەرەو ڕوو بوومەوە کە دەشبم گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ژیان و مەرگی من چ کاریگەرییەک لە ژیانی خەڵکدا دادەنێت.

**سەرچاوەکان:**


باخ، ڕیچارد. *جاناتان مرغ دریایی*. ترجمەی سمێنە صالحی. مانوس، ۱۳۹۵.

بهرنگی، اسد. *برادرم صمد*. تبریز: ۱۳۷۸.

بهرنگی، صمد. *قصەهای بهرنگ*. چاپ الکترنیکی، ۱۳۹٤.

بهرنگی، صمد. *ماهی سیاه کوچولو*. کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان، ۱۳٤۷.


هەوراماڵ کتێب

# نەورۆز، جەژنا بهارێ[1]



گوهارتن ژ عەرەبی رە: وەحید سندی
ماستەری بەشی زمان و ئەدەبی فارسی

هەر د کەڤندا ئێك ژ عاداتێن کوردان ئەوبوو د ڕۆژا (٢٠)ئادارێدا دەردکەڤتن بۆ پێشوازیکرن لسالا نوی و دەستپێکا بهارێ، کاروکریارێن وان و ڕێك و کولان و بزارێن وان ب ڕەنگەکێ نوی دهاتن خەملاندن و ب بزاڤ دکەڤتن، لگەل دەرکەڤتنا تیرۆژکێن ڕۆژێ یێن سپی لسەر کەسکاتییا دەڤەرێ و لگەل مەشیانا بەردەواما «دیجلە»ی و کەڤتنا تیشکان ب چیایێن بلند، ل وی دەمی لسەر هەمیان پێدڤیبوو ئەو سپێدەهیا ڕۆژا پاشتر دەرکەڤن ناڤ جهەکێ دیارێ باژێری و پیرۆزباهییێ لهەڤدوو بکەن، گێرانا ئاهەنگ و ڤیستەڤالان ب هەلکەفتا هاتنا ڕۆژا نوی و بهارێ، ئەڤ یەك وەکۆ عادەتەکێ بەردەوامبوو د ناڤ هەمی کوردستانێدا . وەسان هزردکر سرۆشتی ماف و منەتەکا مەزن لسەر وان هەیە، ژ واجبێ وانایە لهەمبەری ئەڤێ بوونا نوی ئاهەنگان بگێرن، دڤێ ڕۆژێدا هەمی کەس بگرە ژ زارۆك و پیر و ژن و زەلام هەرتشتێ هەی ژ داهێنانا د جیهانا ئاڤاکرن و شارستانیەتێدا ل پاش خوەدا دهێلان و بەرپەرەکێ نوی ژ داهێنانا ئیلاهییا ساحر ڤەدکر.. ئەو ل ڤێ ڕۆژێ دژێر تیشکێن ڕۆژێدا دمان و خوەشی لگەلدا دەربازدکر.

ئەڤ چەندە ل جزیرێ و دەردورا وێ دبوو هاریکار بۆ هەبوونا بزاڤ و چالاکییان د سالێدا، نەکۆ بتنێ د ناڤ کۆچکا میریدا. لسەر خزمەتکار و خولامێن قەسرێ پێدڤیبوو ل ئێڤارا ئەڤێ ڕۆژێ کۆچکا میری ب هەمی جوانیڤە ب خەملینن، داکۆ میر بەشداری د ناڤ ڤیستەڤالا بهارێدا بکەت، دیسان میری کۆمەکا کەس و خزمەتکاران لگەل خوە برن بۆ چوونا ڕاڤ و نێچیرێ، ل ڤی دەمیدا ناڤخوەیا قەسرێ

---

[1] تێبینی: ئەڤە بابەتە پشکەکە ژ «مەم و زین»ـا ئەحمەدێ خانی، ئەڤا ژ لایێ (الدکتور محمد سعید رمچان البوگی)ڤە هاتی وەرگێران بۆ زمانێ (عەرەبی) و ب شێوازێ پەخشانی کرییە چیرۆك و دارشتییە، ئەڤ چیرۆکە ژ لایێ (وحید سندی)ڤە هاتییە کوردیکرن.

گەلەك تەنا و بێدەنگ دبوو و ب تایبەت ل قاتێ سەریێ قەسرێ، چونکی بتنێ دوو خاتوینێن «ستی و زین» ل وێرێ دمان، ئەواناژی مێهڤاندارییا کەسەکێ دکر داکۆ بۆ وان سحبەت و ئاخڤتنان بکەت هەتا ڕۆژ بەرەڤ ئاڤابوونێ دچوو، هەتا تیرۆژکێن ڕۆژێ ل دەمێ ئێڤاریدا وەکۆ زێری د ناڤ باغ و بیستانانداڕەنگڤەددا، دیسان ب شاپەرێن ئاڤا دیجلەی دکەڤتن و تێدا د تەیسین و هەتا دگەهشتن دەردورێن «جزیر»ێ ژی.

ئەوان گەنگەشە لسەر ئەڤێ ڕۆژا نوی و ڕەوشا جەژنێ دکر... جەژنا سرۆشتی ئەڤا دووبارە دبت دنیایێ ب سندسەکا نوی دخەملینت... هەتا سحبەتان وان ژ جوانیا جەژنێ بەرەڤ جوانیا نەفسێ دچوو، جوانییا د دیتنا ئافرەتێ و جوانییا د دیتنا زەلامیدا، نابت کەس هزر بکەت ئەڤە وەکۆ هەرکینا ئاڤێ و ڕووبارییە، یانژی کەسکاتێ و داروبارن، بەلکۆ ئەڤە جوانییا ڕووحا ساخ و شەوقا وێ یە، ئەڤ ڕووحەژی بۆ کەسێ نینە، بتنێ یا ئافرەتێ بۆ زەلامی و بەرۆڤاژی...

ستیێ گوت: «ئەز نەشێم ب چ زەلامان عەجێبگرتی ببم، بتنێ ئەو کەس نەبت ئەڤێ جوانییا وی گەهشتی ڕادەیەکێ هند زێدە هەتا وەکۆ فیتنەیا سرۆشتی لێ هاتی و کارتێکرن ل من کری... ».

زینێ بەرسڤدا: «وەی نەماییێ؛ ئانکۆ دڤێت ئەو کەس خودان جوانییەکا هەری زێدەبت! ئەرێ ئەڤ کەسێ ب ڤی ڕەنگی دێ لکیڤەبت؟ ئەرێ تو وەسا هزردکەی زەلام هەمی وەکۆ تە د ناڤ قەسراندا دژین؟ ئەو خوەشی و نازێن تو تێدا، ما خەلك هەمی تێدایە؟».

گوت: «بەلێ دەما ئەز لێ دگەرم دڤێت ئەز وی زەلامی ببینم ئەڤێ د هزر و خەیالا مندا».

زینێ ب کەنیڤە بەرسڤدا: «ئەرێ تو دێ چەوا ل وی زەلامێ د خەیالا خوەدا گەری..؟ ئەرێ تو دێ خوە وەکۆ زەلامان لێ کەی.. و تو دێ د ناڤ کۆم و جڤات و سحبەتێن واندا گەری هەتا تو وی کەسی ببینی ئەڤێ تە وێنێ وی د خەیالا خوەدا چێکری...؟!».

ستی بێهنەکێ بێدەنگ ما، هندەك داڤێن پرچا خوە ڕاکرن، پاشی سەرێ خوە هەژاند و گوت: «بەلێ، ئاریشە بتنێ ئەڤەیە و نە چ دی.

جارەکا دی خوە بێدەنگکر.

پشتی دەمەکێ کێم زینێ کەنیەکا بلند بەردا...! پاشی نهێنیەك بۆ خۆشکا خوە گوت، ئەوژی: «گوهداربە، من بۆ ڤێ ئاریشێ چارەیەکا دیتی».

پاشی سەرێ خوە نێزیکی یێ خۆشکا خوەکر، ژ ترسا وێ یەکێ نەکۆ کەسەك گوهدارییێ ل وان بکەت، گوتێ: تو د زانی سوبا جەژنا بهارێ «نەورۆز»یێیە، خەلکێ ئەڤێ «جزیر»ێ ژی هەمی دەردکەڤن ناڤ باخ و بیستانێن خوە، لەورا ئەڤە باشترین دەلیڤەیە بۆ هزرکرن د ڤی بابەتی.»

ئەوێ گوت: «وەی نەمایێ، ئەرێ چ چارە د ڤێ چەندێدا هەیە..؟! ئەرێ کەنگی د ڤێ ڕۆژێدا ئافرەت لگەل زەلامان کۆمبووینە و چوونە د ناڤ جڤاتا ئێکدا وەکۆ تووە زر دکەی..؟ یانژی ئەم دێ چین جهەکێ زەلام لێ نەبن، یان ... .

بەلێ یا مە چ چارەیێن دی پشتی ڤێ نینن.. من دڤێت بێژم تە سۆبە کەس د ناڤ ڤی باژێریدا نامینت، هەمی دێ چن ناڤ سرۆشتی، ڤێجا چ ڕێك نینن و ئەگەر هوسابت ئەم دێ مینین د ناڤ قەسرێدا و نەشێن دەرکەڤین، لەورا هەتا کەسێن د ناڤ قەسرێدا هەمی دچن، پاشی ئەم هەردوو ب جلك و شێوێ زەلاما دێ دەرکەڤین، پاشی ئەم دێ چین د ناڤ یێن واندا و پشتڕاستبە ئەو دێ هزرکەن ئەم ژی دوو گەنجێن قەسرێنە، ژبیرنەکە یا ژ هەمییێ باشتر هزرا مە دێ سەرگرت، پاشی ئەم ب دلێ خوە دێ ل وی گەنجی گەرین ئەڤێ ژ هەمییان جوانتر و ژێهاتیتر د ناڤ ڤێ «جزیر»ێدا.

زینێ بەلا خوە ژ خۆشکا خوە ڤەنەکر هەتا ڕازیکری و ئەوژی ئینایی سەر هزرا خوە، پاشی ل سپێدەهیا زوی یا ڕۆژا پاشتر گەلەك بلەز کارێ خوەکر.

پاشی ڕابوون ب گەنگەشەکرنێ لسەر ب جە ئینانا وان پلانان ئەوێن ل ڕۆژا پاشتر بجە بینن، ئەو ڕازیبوون لسەر هندێ چ ئاخڤتنان نەکەن هەتا ڕۆژ بەرەڤ ئاڤابوونێ دچت و شاپەرێن تارییێ خوە بسەر «جزیر»ێ و خانیێن وێ دا بەرددەن، هەتا ل دەمێ تاری پەیدادبت پاشی ئەو بشێین خوە ل پێش چاڤێن خەلکێ ڤەشێرین، ئەو ژ هندێ د ترسیان نەکۆ کەسەك لسەر جڤاتا وان هایداربت و گوە ل سحبەتا وان

هەواڵنامەی کتێب

ببت، ئەو سحبەتا ئەوان نەدڤیا بۆ کەسێ بێژن و وەکۆ نهێنیەکێ لدەڤ خوە پاراستی، لەورا هەر زوی ئاخڤتنا خوە گرت، هێدی هێدی ب رێ کەڤتن بەرەڤ چوونێ.

لڤێرە هندەك خولامێن قەسرێ دیتن و پرسیار ژێ کر: ئەرێ میر ژ دیوانێ دەرکەڤتییە یان نە...؟

بەرسڤدان: نەخێر هەتا نوکە ئەو لگەل هندەك دەستەکا خوە یێن د ناڤ کۆچکێدا و یێن سحبەتێ لسەر چوونا ڕاڤ ونێچیرا سۆبە دکەن و باشترین نێچیرڤانێن هەلبژارتین بۆ کریارا نێچیرێ .

ئەڤ دەنگوباسە ڤەشارت.. چونکی ئەوێ د زانی ئەڤ چەندە دێ بت ڕێکەك بۆ ب دەستڤەئینانا سەرکەڤتنێ لسەر وێ پلانا دەینادی، ئەڤ هزرا بۆ چ تشتەکی نەهاتییە دەینان، ئەگەر ژ بەر جوانیەکێ نەبت ئەو حێبەتی هێلاین! ئەوان وەسا هزر دکر چ تشتەك نەفسا وان تژی ناکەت، ئەگەر ئەڤ جوانی و تازەهییە نەبت، ژبەر ڤێ چەندێ ئەو گەلەك دمینن و دمینن هەتا کەسەکێ ژ هەژی خوە ببینن!..

پاشی ئەوان خاترا خوە ژ هەڤدوو خواست..هەر ئێك ژ وان چوو ژۆرا خوە یا تایبەت... هەتا سپێدێ ئەو جارەکادی ئێك ببینن و بچن بەرەڤ ژڤانێ خوە..

ل سپێدەهیا ڕۆژا دوویێ تیرۆشکێن ڕۆژێ خوە بسەر جزیرێدا دا بەردان و بازار یێ خالیبوو، گورەپانانان کەس لێ نەبوو... پاشی هەمی دەرکەڤتن بۆ چوونا د ناڤ سرۆشتیدا و بوراندنا خوەشیێ د ناڤ خەلکێدا بۆ گەهشتن د ناڤ وی سرۆشتیدا ئەڤێ ماوێ چەند مەهایە مایی د بن تاڤیێن بارانان سەرمایا بەفرێدا.

هەمی خەلکێ دەڤەرێ د ڤێ ڕۆژێدا ژ ناڤ ئاڤاهی و ئاڤەدانی دەرکەڤتن بەرەڤ سرۆشتێ سحریێ دەڤەرێ، بەرەڤ لێڤێن ڕۆیباری یێ وەکۆ زیڤی... چوون د ناڤ کەسکاتییێدا... ئەڤێ هاتی خەملاندن ب جوانترین جۆرێن گولان، چوونا لسەر چیایێ »جودی« ئەڤێ ب دیباجەیا سندسی هاتییە ڕاپێچان.

لهەر چار ئالییان تو بەرێخوەدانێ ل دەڤەرێ بکەی، چاڤێن تە دۆماهیا ڤان دیمەنێن سحری نابینن، ئەڤ سرۆشت یێ بووی تێکەلەك ژ هەمی چین و ڕەنگ و ئاراستەیان، دڤی سرۆشتیدا زەنگینێ وەکۆ کەسەکێ هەژار لێ هاتی، زارۆك و پیرێ یێن لگەل ئێك تێکەلبووین، کەسێ زانا و نەزان یێن کەڤتین ناڤ ئێکدا، کەسێن عاشق بۆ ژ هش برنا دلێ خوە کۆپەکێ مەییا ژبیرکرن ڤرِدکەن، دیسان کەسێن شاعێر کارتێکرن لێبوویە د ناڤ ڤی سرۆشتیدا ژ هشێ خوە چووینە، ئایەتێن ئیلهامێ بۆ خوە وەردگرن، هەروەسا کەسێن فەیلەسۆف ژی ئەڤێن بوینە ئێخسیرێ عەجێبیێ و پێڤە مایین مژویل، یێن کرنۆش «سوجد»ێ دبن بۆ دانەرێ ڤێ سحر و جوانییێ!...

یا داهێنەر... سرۆشت دەیکا هەمیایە بێ جوداهی، ڤیانێ پێشکێشی هەمیان دکەت وەکۆ ئێك، گرنژینێ پێشکێشی هەمیان دکەت وەکۆ ئێك، هەمی ژ ئێك ئامانی ڤەدخۆن بێ جوداهی، هەمی خەلك د ڤێ ڕۆژێدا کەیف خوەش دبن و سەمایێ د ناڤ سنگێن سرۆشتیدا دکەن، هەر تشتەکێ د ڤێ نهێنییێدا دەرمانەکە بۆ دلی، هەر دیمەنەکێ جوانیا ژ ناڤ بچت و ئەڤ ڕەنگێن دەستچێکریان هەمی بۆ وارەکێ کێم هەبوونە...ئەو مەیا لڤێرە چ نینە، ئەگەر ئەو شەربەت نەبت یا دهێت گڤاشتن، جوانی ژی چ نینە، ئەگەر ئەو ڕەنگڤەدان نەبت یا ژ چێکریان دهێت.

بەلێ بتنێ ئێك تشتێ هەی د ڤێ ڕۆژێدا عەقلێ خەلکێ یێ پێچایی و هێلایی ڕاوەستایی..! ئەوژی ئەو کۆمبوونا دوو گەنجایە، ئەگەر ئەڤ سرۆشتێ سەیر هەمی فیتنان د ناڤ خوەدا ب حەوینت و سحرێ ل خەلکێ بکەت، پاشی ئەڤێ هەمیێ پاڤێژت د ناڤ دنیایێ دا و د ناڤ دیمەنێ دوو گەنجاندا هەمی فیتنە و سحر تێدا کۆمبیت ببن جوانترین!..

ئەڤ لافاوا ڤەچەنقینێ سەری دکێشت بۆ هەر کەسەکێ بمینت حێبەتی ژ وێ جوانیا غەریب یاکۆ خودێ دای...! کەسەك ژ ڤی خەلکی لڤێرەدا دەربازنابت ئەگەر ماوەیەکێ ژ هشێ خوە نەچت و کارتێکرن لێ نەبت، هەروەکۆ پرسیاردکەت: ئەرێ ئەڤە هەردوو گەنجە کینە ئەڤێن چ نەخوەشی و تەنگاڤیێن دنیایێ لسەر دێمێ وان نە.؟! ئەرێ ئەو دوو فریشتەنە ژ ئەسمانان هاتین د ناڤ ڤێ جەژنێدا؟! یانژی دوو جێمکێن ڤی سرۆشتێ خودان سەردابرنن.؟! لەشێ وان د ڤان هەردوو گەنجاندا بۆ مە بوویە دیاریەك و سۆپاسیەك داکۆ ئەم ب پارێزین و ڕێزێ لێ بگرین.؟!

هەواڵنامەی کتێب

د ڕاستیدا هەمی کەس ب دیتنا وان عەجێبمایی و حێبەتی مان.. د هزرێن خوەدا گوتن ئەڤ هەردوو گەنجە نەکەسن، بتنێ ئەگەر هەردوو خاتین «ستی و زین» نەبن..! ئەون یێن ب جلك و شێوێ زەلامان دەرکەڤتین بۆ ناڤ ئاهەنگێ، داکۆ ژێگرتنا وان ب ساناهی بکەڤت و بشێن ئەو گەنجێ سەرنجا وان ڕاکێشت ب جوانیا خوە ئەو بۆ خوە دەستنیشانکەن.

لگەل ڤەن هەمیێ ئەڤان هەردوو خاتینێن قەسرێ ئەڤێن ب سحرا خوە دلا دسەردا دبن نەشیان د ڤێ ڕۆژێدا گەنجەکێ ژ ناڤ ڤان هەمی کەسان دەستنیشانکە، هیچ کەسەکێ ژ وان سەرنجا وان ڕانەکێشا و کارتێکرن ل دلێ وان نەکر..! چونکی ئەوان پیڤەرەکێ مەزن بۆ جوانیێ هەبوو، هەتا وی ڕادەی بەلکۆ هندەك ژ وان پیڤەران وەکۆ موعجیزەیەکێ بن د دەستێ چێکەریدا! ئەرێ پا چ موعجیزەیەکا نەدشیاندا لڤێرێ هەیە هەتا ئەو ببینن؟ ئەرێ کا ئەو کەسێ خودانێ دیمەنێ هەرێ بلند ... وەکۆ وی تشتی ل دۆماهیێ ببت نەتشتەك موعجیزە و غەریب..؟!

ب ڤی ڕەنگی و ب درێژاهیا ڕۆژێ ل ژێر تیشکێن ڕۆژێ و لبەر لێڤا ئاڤێ و د ناڤ سرۆشتی و دیمەنێ گولاندا خەلکی ژیانا خوە دەربازکر، هەردیسان لبەر سیبەرا داران دڕوینشتن، هەتا تیشکێن ڕۆژێ لێ ب دویر بکەڤن و ئەو بشێن د ناڤ گیای و گولاندا و لبەر سیبەرا داران ڕوینن خار، هەتا ڕۆژ بەرەڤ ئالیەکێڤە بچت و سلاڤا وێ ببت سلاڤا خاترخاستنێ و ڕاوەستیانا وێ ژی ببت هزرکرنەکا کویر و چوون د ناڤ خەیالا خوەدا هەتا دگەهت حەقیقەتێ، ئەو حەقیقەتا گرێدایی بدەمێ فەنابوون و ژ ناڤچوونێدا، یاکۆ دهێت قەدەغەکرن ژ مەزنیا مانا هەروهەر.

لگەل ئەڤێ سلاڤا خاترخاستنا ڕۆژێ، هەمی خەلك ب کارێن خوە ڕابوون.

لدەما زڤرین بەرەڤ مالێ ڕێك گەلەك ببوون قەرەبالغ ژ بەر هاتنا مێر و ژن و زارۆکان، هەردوو خاتینان ژی گەلەك هشیاریا خوە وەرگرت و بزاڤکر خوە بگەهینن ڕێکا ژ هەمیا کورتر داکۆ د وێ ڕێکێدا و د ناڤ قەرەبالغا خەلکی ب زویترین دەم بگەهن قەسرێ، بەلێ د ڤی دەمیدا ڕویدانەکا سەیر ڕویدا!!...

د ڕێکا چوونێدا و د ناڤ ڤێ هەمی قەرەبالغێدا سەرنجا هەردوو خاتینان بەرەڤ دوو گەنجان هات ڕاکێشان، دوو گەنجێن خودان دیمەنەکێ جوان..! ئەو تا ڕادەیەکێ ئیحراجبوون... بەلێ ئەوان چ هزر نەکرن دێ ڤان هەردوو گەنجان ناسکەن و دێ ئەو ب فەرمانا وان ڕابن.

ئەڤ هەردوو گەنج بەرەڤ وان هەردوو خاتینان هاتن، هەتا د ڕێکێدا هەردوو ڕوی ب ڕوی هەڤدوو بووین، پاشی لبەرامبەری ئێك ڕاوەستیاین، پاشی ب چاڤێن خوە باش بەرێخوەدان لێ کر هەتا ب باشی ل بەژنا وان نێری و هەتا دڤی حالیدا هەر ئێك ژ وان ژ حالچووی و د جهێ خوەدا کەڤتین خار بەرامبەری ئێك و ئاگەه ژ ڕەوشا دەوروبەرێن خوە و دنیایێ نەماین.

سەرنجا هەردوو خاتینێن قەسرێ گەلەك ب ڤان دوو کەسان هاتە ڕاکێشان و ئەڤە بۆ ئەگەرێ وێ یەکێ پێڤە بهێن گرێدان و هزربکەن ئەڤە ژ کیڤە هاتینە... ژ چ چینەکا جڤاکینە...؟ بەلێ لگەل هندێدا ئەو ترسیان نەکۆ ئەڤ ڕاوەستیانا لبەرامبەری وان نهێنیا وان ئاشکەرا بکەت و ئەو گەنج بزانن ئەڤە نە زەلامن، بەلکۆ ئافرەتن. هەردیسان ئەڤێ بەرێخوەدان و مانا وان د ڕێکێدا وەلێکر خەلك ل دەردوورا وان کۆمببن و بەرێخوە بدەنێ، هەروەکۆ تشتەکێ نەسرۆشتی یێ ل ڤێ ڕێکێدا ڕویدایی و ئەڤ کەسێن گەهشتین ئێك نەسرۆشتینە، هەتا بارێ ڕێکێ ئاسایی ببت ڤە هەردوو خاتین نەچاربوون کەڤتن سەر ڕێکا هاتنێ، هاتن و تژی ژ دلوڤانی و ڤیانەکا مەزن.

گەهشتن جهێ خوە.. بێگومان هێشتا ترس د دلێ واندا هەبوو..هەردوو ڕوینشتن دەڤ ئێك و بەرێخوەدان سەروچاڤێن ئێك، هزر د دیتنا وان دا کرن، ئەرێ ئەڤ کەسێن دیتین کیبوون؟ ئەرێ ئەو ناسدکەن یان نە..؟ بەلێ ئەوان چ ژێ نەزانی، نەهات سەر هزرا وان بۆ ڕۆژەکا بتنێ و ل جهەکێ ژێ ئەوان ئەڤ کەسە دیتبن!..

لسەر دیمەنێ هەرئێك ژ وان ڕەنگەکێ مەزن ژ جوانییا سەرنجڕاکێش ژ سیمایێ جوانی و ڕامانێن ژێهاتییێ هەبوون، ئەڤ چەندەژی بۆ بەلگە هەرئێك ژ وان ژیانا خوە ل جهەکێ بلند دەربازدکەت..! دیسان ژ جلکێ وان و ڕەنگێ وان ژی ئەڤ چەندە باشتر دیاردبت ئەڤ هەردوو کەسە یان برایێن ئێکن یانژی

نیاسێن نێزیکێن ئێکن... دیسان دیمەنێ جەستەیێ وان ژ شێواز و ڕەنگەکێ وەسابوو دەلالەتا هندێ د دا ژیانا وان د خوەشیاندا دەرباز دبت !..

هەدوو خاتینان ب چاڤەکێ گەلەك دلوڤانی و ڤیان بەرێخوەدان لڤان کەسان دکر ئەڤێن لدەڤ وان ڕوینشتی لسەر ئەردی، هەرئێك ژ وان د ناڤ دەریایەکا هەستاندا غەرق ببوو، چ لڤینەك ئەنجام نەددا بتنێ هەوایێ نەفسا خوە ب خوەشی دبر و دئینا، ئەڤێ ڤیانا وان ئەو کێشان بەرەڤ نیاسینا شیانێن چێکەرێ ڕووحێ و داهێنەرێ وێ بەرەڤ ڤیانەکا غەریب و بێ ڕامان!..

بەرێخوەدانێ و ئەو ڕوینشتیبوون ب ڕەخ وانڤە د ناڤ ڤی سرۆشتیدا و ب حێبەتیڤە پرسیارکر: ئەرێ د ناڤ چ باغچەیەکێدا ئەڤ هەردوو شتل شوینبوونە؟! ئەرێ د ناڤ کیژ گولێدا ئەڤ هەردوو بشکۆژە دەرکەڤتینە؟! ئەرێ چ عەورەکێ ئەڤ ئاڤە هەلگرتییە؟! یانژی ئەرێ ئەڤ هەردوو سحرە ژ کیڤە هاتنە؟ !

ڕوینشتنا وان گەلەك نەڤەکێشا.. ئەوان هند دیت سویارەك یێ ژ وێ ڕەخێ دهێت بەرەڤ باژێریڤە، ئەوان وەسا هزرکر ئەڤە میرە لگەل دارودەستەکا خوە جارەکا دی ژ نێچرێ ڤەگەرا، ئەوان هزرکر باشترین ڕێك ئەوە زویکا بگەهن قەسرێ بەری میر بگەهت، ڕابوون سەرخوە و هەردوو حووریان خاترا خوە خاستن و پاشی هەرئێك ژ وان گۆستیرەکا ب بها کرە تلییێن ڤان هەردوو گەنجان، ئەو گۆستیرێن ب جوانی و هویری هاتین نەقشاندن و ب ئەلماس و یاقووتێ ناڤێ هەڤالێ وان لسەر هاتی نڤێسین کرنە تلییێن ڤان هەردوو حووریان، لگەل گۆستیرەکا ئاساییا ل تلییێن وان گوهورین، داکۆ ئەڤ چەندە ببت وەکۆ پێکگوهورکەکێ لدەڤ وان و ببت دەربرینەك ژ ڕێز و ڤیانا وان، پاشی ژی دا ببت ڕێکەك بۆ نیاسینا پترا ئێك و گەرهان ل بنەرەتا وێ گۆستیرێ، ب ڤی ڕەنگی هەردوو خاتین ڤەگەران پشتی گۆستیرێن خوە ژ یێن ئاسایی گوهورین ب دوو گۆستیرێن ئەلماسی و هەری باش.

# کورد و ئەدەبیات لە یەکیەتی سۆڤیەتدا



مستەفا عەبدوڵا بۆتانی
ماستەری بەشی زمان و ئەدەبی فارسی

**ئەدەبی کوردی لە قەفقاس**

لە سەدەی بیستەمدا لە نێو کۆمەڵگای کوردی وڵاتی ڕووسیا، تەنها لە ئەرمەنستان لە قەفقاس ئەدەبی نووسراو هەبوو بە زمانی کوردی، خەڵکەکە بە گشتی هەژارو نەخوێندەوار و ئاوارەبوون. لە نێو کوردی سۆڤیەتدا قسەیەکی باو هەیە دەڵێت: «لەپێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا، تەنها کەسێك هەبووە خوێندن و نووسینی زانیبێت، ئەویش عەرەب شەمۆیە». ئەم قسەیە ڕەنگە ڕاست نەبێت بەڵام لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە لەو کاتەدا کوردانی سۆڤیەت لە هاتوچۆ و ئاوارەییدابوون و بیری نەتەوەیی و خۆسەری لەبەر هۆکاری برس و ترس غایب بوو.

لە یەریڤان دوو قوتابخانەی کوردی هەبووە، هەروەها قونسلی ڕوس قوتابخانەیەکی کوردی دامەزراند، لەوانەیە ئەم قوتابخانانە بەناو کوردی بووبن، بەڵام لە ڕاستیدا بە کوردی وانەیان تێدا نەوتراوەتەوە، دیسان چەندین قوتابخانەی تریشیان لە شوێنی جیاجیا کردۆتەوە بەناو بەزمانی کوردی، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان بیری پاوانخوازی و تۆتالیریزمی بوو بە کورد و زمانی کوردی و چارەنووس و خۆسەرییەکەی.

کوردانی سۆڤیەت هەرچەندە لەو کاتەدا خوێندن و نووسین و بەرهەمی نوسراویان نەبوو، بەڵام لە ئەدەبی فۆلکلۆر و میلی زۆر دەوڵەمەندبوون و خاوەن گەنجینەیەکی بێ هاوتا بوون، بۆیەش کە خوێندەواری و نووسینیان پێگەیشت، هەر زوو دەستیان بە کۆکردنەوە و نووسینی ئەو بەرهەمە فلکلۆری و

هەواڵنامەی کتێب

میلیيانە کرد، دوای ئەویش هەڵسان بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەو بەرهەمانە، ئەمەش بووە پێشینەو پرنسیپێکی باش بۆ قۆناغی دواتری ئەدەبیات لەو شوێنە کە ئەدەبی کلاسیکە.

**خوێندەواربوون و چاوکراوەیی کۆمەڵگای کوردی**

لە ساڵی ۱۹۱۷دا، عەرەب شەمۆ لەگەڵ مامۆستای قوتابخانەیەکی ئەرمەنی ئی مارۆکۆلۆڤ یەکەمین ئەلفوبێی کوردی بەتیپی لاتینی بڵاوکردەوە بۆ نووسین و خوێندن بەزمانی کوردی لە کتێبێکدا بەناوی *خۆهینبوونا ئڤیسارا-کرمانجی*، ئەم پیت و ئەلفوبێیە تاساڵی ۱۹۳۷ بەردەوام بوو و چەندین کتێبی پێ-نووسرا و بڵاوکرایەوە. دواتر خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغەکرا لەلایەن ئێستالین-ەوە، پاشانیش هەڵسا بەسەپاندنی پیت و ئەلفوبێی کریلیک بەسەر هەموو ڕووسیا.

لەساڵی ١٩٤٦دا ماف درایەوە بە خەڵکی ئەرمەنستان و دەستیان کرد بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی *رەیا تازە* کە ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی گرینگی لە بەرۆشنبیرکردنی کۆمەڵگای کوردی و بەرەوپێشبردنی ڕەوتی نووسین و خوێندن هەبووە لە نێو کوردانی سۆڤیەتدا، لە ساڵانی دواتریشدا چەند کتێبێك بە زمانی کوردی چاپکران و ئیدی هێدی هێدی و بەرەبەرە ژمارەی پەرتووکی چاپکراوی کوردی ڕوویان لە هەڵکشان و زیادبوون کرد دەربارەی ئەدەبی میلی و فۆلکلۆری و بابەتی تری ئەدەبی، تا وای لێهات ساڵی ۱۹٦۰ ژمارەی کتێبی چاپکراو بوو بە ۱۳ کتێب.

**قۆناغەکانی ژیانی کلتوری:**

قۆناغەکانی ژیانی کلتوری لە لای کوردانی یەکێتی سۆڤیەت لە سێ قۆناغ پێکدێن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**قۆناغی یەکەم:** ئەم قۆناغە لە ساڵی ۱۹۲۰ دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تاساڵی ۱۹۳۷، لەم سەردەمەدا حکومەتی کۆمۆنیستی نوێ ئەو حکومەتە تۆتالیتریزمییەی ستالین ڕابەری و سەرۆکایەتی دەکرد، گوێی بۆ داخوازی و داواکارییەکانی نەتەوەکانی نێو یەکێتی سۆڤیەت شل کرد، بەڵام مەیدانی ئەدەبی کوردی واڵا و چۆڵە بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیر و تۆرەڤانی کوردی، خۆشبەختانە دوای ماوەیەك

خوێندەوارە ئەرمەنییەکان بەم کارە هەڵسان و لە **٢٣**ی ئاداری ساڵی **١٩٢١** خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی هاتەکردن و لە ئۆکتۆبەری ساڵی **١٩٢١** کتێبی *شەمس* چاپکرا.

هەروەها لە ساڵی **١٩٢٢** قوتابخانەیەك بە زمانی کوردی لە تەبلیس کرایەوەو خوێندکار و دەرچووانی ئەم قەتابخانەیە بوونە نووسەر و شاعیر و تۆرەڤانی بەناوبانگی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت، وەکو قەناتی کوردۆ، چەرکەز باکاییێف، هەروەها جەردۆییێ گێنجۆ بەرپرسیاری پێشووی ڕۆژنامەی *ڕەیا تازە*.

**قۆناغی دووەم:** ئەم قۆناغە لەساڵی **١٩٣٧** دەست پیێدەکات وبەردەوام دەبێت تاساڵی **١٩٥٥**، ساڵی **١٩٣٧** زوڵم و زۆرداری لە تەواوی سۆڤیەت بڵاودەبێتەوە، بەم چەندەش کارو چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دێتە وەستاندن، هەروەها ڕۆشنبیر و تۆرەڤانانی کوردی هاتنەگرتن و نەفیکران، لەوانە عەرەب شەمۆ نەفی دەکرێ بۆ سیبریا وحەجیێ جندی و گێنجۆ دێنەگرتن و دەخرێنە زیندانەوە، ئێدی بەم شێوەیە کارو چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی پەکی دەکەوێت و ڕەوتەکە پەروەردەیی و ئەدەبییەکە دەوەستێت.

**قۆناغی سییەم:** لەدوای ساڵانی**١٩٥٥** ئاسۆیەکی گەشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەدیارکەوت و دووبارە دەست بە لە چاپدانی ڕۆژنامەی *ڕەیا تازە* کرایەوە و دوان و قسەکردن لە ڕادیۆی یەریڤان بەزمانی کوردی دەستی پیێکرد، ئەمەشیان بۆ گەیاندنی دوو مەبەست بوو:

**١-** گەیاندنی دەنگی نەتەوەی کورد لەو وەڵاتە، چونکە پێشتر ڕێگیری لیێدەکرا.

**٢-**گەیاندنی کلتووری کوردی لە چیرۆك و موزیك و ستران و دەف و زوڕنا و زمانی کوردی بە جیهان.

بەم چەندەش نووسەر و تۆرەڤان و ڕۆشنبیرە کوردە نەفی کراو و زیندان کراوەکان گەڕانەوە گۆڕەپانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، لەوانە عەرەب شەمۆ کە دەگەڕێتەوە سۆڤیەت و بەردەوامی بە خەبات و چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەدات و مێژوویەکی گەورە بۆ ئەدەبیاتی کوردانی سۆڤیەت تۆمار دەکات، دیارترین چالاکی ئەدەبیشی نووسینی ڕۆمانی *شڤانێ کوردە* و  شایەنی باسیشە بەیەکەمین ڕۆمانی کوردی دادەنرێت.

**ستالین و کورد**

لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە سۆڤیەت دەسەڵاتی ستالین بەهێزبوو و هێدی هێدی زوڵم و زۆرداری دەستی پێ‌کرد و چاپ کردنی ڕۆژنامەی *ڕەیا تازەی* ڕاگرت، سەرەڕای ئەوەش لەم سەردەمەدا چەندین بەرهەمی باش و بەناوبانگ چاپ کران، لەوانە شڤانێ کوردی عەرەب شەمۆ که وەرگێڕدرا بۆسەر زمانەکانی ئەرمەنی و ڕووسی و فەڕەنسی وعەرەبیش. ستالین لەم ماوەیەدا دەستی بەگرتنی خەڵك و چەوساندنەوە کرد، چونکە بەبۆچوونی خۆی جێگای متمانە نەبوون، بۆیەش سنووره کوردییەکانی یەکلایی کردەوە و هەندێ لە کوردان لەمبەر و هەندێك لەوبەری سنووردا بەش‌کرا بوون، ئەم چەندەش تا لەناوچوونی ستالین بەردەوام بوو.

**کورد و جەنگی دووەمی گێتی**

سەرەتا کوردانی سۆڤیەت بەشدارییان لەشەڕدا نەکرد، بەڵام دوای هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤیەت و داگیرکردنی نیوەی خاکی سۆڤیەت لەناو ئەورووپاوە، ئیدی کوردەکانی سۆڤەیەتیش ناچارکران و بەکارهێنران بۆ بەرگری‌کردن لە سۆڤیەت، بەمەش چەندین قوربانی و زیانی گیانی لەلایەن کوردەوە درا. دوای ئەوەش کار و چالاکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردانی سۆڤیەت ڕاگیران و ڕێنووسی لاتینی هاتەلادان و ڕێنووس و پیتی کریلی(سلاڤی) سەپێنرا، بەم چەندەیەش کورد وەك ئامراز و داردەست بەرکارهێنرا و هەمیشه شەریکی دۆڕان و شەڕ و بەرگری بەناچاری دەکرا.

**دەرکەوتنی ئەدەبی نوسراوی کوردی**

پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷، میلەتی کوردی ئەرمەنستان خوێندەوار نەبوون، بەڵام خاوەن ئەدەبێکی فۆلکلۆری بەرز و دەوڵەمەندبوون، لەپاش پەیدابوونی خوێندەواری لە نێویان، لەژێر کاریگەری ئەو ئەدەبە فۆلکلۆره بەرزە ئەدەبێکی نوێی کلاسیکی پەیدابوو، لەو کاتەدا نەك تەنها نەتەوەی کورد، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی سۆڤیەت کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەدەبی سۆڤیەت، ئەم ئەدەبە کلاسیکە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری نەتەوایەتی و دڵداری و دەروونی نێو کۆمەڵگای کوردی بوو.

بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێك شیعر، وتار و چیرۆك لە کتێبێک بە ناونیشانی *عەفراندنا ئەولن* لە ساڵی **١٩٣٢** لەلایەن نەشرا حکومەتا شەورا فلستانێ لە یەریڤان بڵاوکرایەوە. شیعر و نووسینی نێو ئەم کتێبە بەزمانێکی میلی و ڕەوان نووسراوەتەوە و شاعیران کێشی سیلابی خۆماڵییان بەکارهێناوە و لەهەموو ڕوویێکەوە لەئەدەبی میلی و سەرزارەکییەوە نزیکە، چونکە یەکەمین تاقیکردنەوەبوو بۆ نووسین و داهێنانی ئەدەبێکی کوردیی پێشکەوتوو لەو وەڵاتە بەزمانی کوردی، جێگای تێبینییە ئەم ئەدەبە لەسەر بنەما و پڕەنسیپی مارکسیزم بنیات نراوە و گرینگییەکی ئەوتۆ بە دەروون و ناوەوەی ئادەمیزاد نادات.

ئەمەی خوارەوە نموونەیەکی لیریکییە بەناوی ئەم ژ دخونن ی عەتاری شەمۆ:

ز/ما/نێ /مە/یێ/لال/ڤە/بوو =٨ بڕگە

خە/ڤاتـ/چی/تەڤ/شا/بوون =٦ بڕگە

مـ/لێ/مە/یێ/گ/رێـ/دای/ئا/زا/بوو =١٠ بڕگە

دەو/را/نا/کە/ڤن/ئونـ/دا/بوو =٨ بڕگە

لەڕووی ڕوخسارەوە:

*کێشێکی خۆماڵی بەکارهێناوە.

*ناونیشانی تێدا بەکارهاتووە.

*خاڵبەندی بەکارنەهێنراوە.

**لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

شاعیر بەراورد لەنێوان ژیانی کۆن و ئەوکاتەی ئەم شیعرەی نووسیوە دەکات، کە چۆن لەپێشاندا زمانیان لاڵبوو و نەخوێندەوار بوون، بەڵام ئێستا بیر ڕۆشن و چاوکراوەن و لەژێردەستی و دیلایەتی نەماون و سەربەستترن لە جاران.

هەواڵنامەی کتێب

**بابەت و ژانرەکان:**

لەو ئەدەبیاتەی باسمان کرد لەلای کوردی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی گشتی ئەم ژانرانە هەبوون:

۱- **وتار:** ژانرێکی گرینگی ئەدەبە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتەکانی بەدەوری دڵداری و وەسف و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسوڕێتەوە، زۆرتر بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرە...هتد، دەشێ. وتار لەئەدەبیاتی کوردی سۆڤیەتدا بەهۆی ڕۆژنامەی *ڕەیا تازە* پێشکەوت لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، کە هەفتەی دووجار بڵاودەکرایەوە.

۲- **چیرۆک:** ئەدەبی کوردی لەم بارەیەوە دەوڵەمەندبوو، دیسان چیرۆک نووسە کوردەکان لاسایی چیرۆک نووسە ئەوروپییەکانیان دەکردەوە. شایەنی تێبینییە چونکە سەرەتای داهێنانی ئەدەبی نووسراو بوو، بۆیە گەلێك جار بێ ئەوەی هەست بکەن وتار و چیرۆکیان تێکەڵ بەیەک دەکرد.

۳- **ڕۆمان:** یەکەمین ڕۆمان لە ئەدەبیاتی کوردی سۆڤیەت لەلایەن عەرەب شەمۆوە هاتۆتە نووسین، ئەو ڕۆمانەی عەرەب شەمۆ نووسیویەتی بەناونیشانی *شڤانێ کورد*، بەیەکەمین ڕۆمان دادەنرێت لە تەواوی ئەدەبیاتی کوردیی کوردستانی گەورە، جگە لە عەرەب شەمۆ ڕۆمان نوسێکی بەناوبانگی تریش لەو سەردەمەدا هەبوو بەناوی عەلی عەبدولڕەحمان.

٤- لیریک (غنایی): ئەم ژانرە لەڕووی ڕوخسارەوە و بەژمارەی دێرەکان ژانرێکی ئەوروپاییە، کوردانی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ لەئەدەبیاتی ڕووسی وەریانگرتووە. ژانرێکی سەرەکی ئەدەبیاتی سۆڤیەت بوو و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزادی گرتبووە خۆی.

۵- **پۆییم** (قەسیدەی درێژ، بەیتی ئەدەبی میلی سەرزار): ئەم ژانرە ئەدەبییە دەگرێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژئاوا، لەڕۆژهەڵات قەسیدە چامەی پێدەڵێن و لە ئەدەبی میلی کوردی بەیتی پێدەڵێن، شاعیرانی سۆڤیەتمان لەئەدەبی ڕووسی و ئەرمەنی وەریان گرتووە.

## سەرچاوەکان:

*پەرتووک

فەریدا حەجی جەوادی. حەجییێ جندی *(ژیان و کار)*، چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٨.

د. مارف خەزنەدار. *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی شەشەم A، چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٦.

*گۆڤار:

چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیلێ جەلیل، گۆڤاری *مەتین*. ژمارە ٨٩. دهۆک: ١٩٩٩.

نڤیسینا د. عەسکەرێ بۆیك، ژ ڤەگوهاستنا خێری بۆزانی. گۆڤاری *مەتین*. ژمارە ١١٧، دهۆک: چریا ئێکێ، ٢٠٠١.

# دێڕە زێڕینەکانی مێژوو



عەبدولڕەحمان ئوشکوو

هەر نەتەوەیەك چەند پێوانەیەکی هەیە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی خۆی لە ئاستی جیهانیدا وەك زمان، فەرهەنگ، مێژوو، ناوداران و چەندین هێمانی تر. ئەمانە هۆکاری مانەوەی نەتەوەن بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ لە بەرانبەر ئاسمیلاسیۆن و توانەوەدا هەروەها لە هەر سەردەمێکدا کەسانێك لەسەر کرۆکی گەل سەر هەڵئەدەن و بە هۆی توانایی و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵێکی یەکجار گرینگ لە کۆمەڵگەی خۆیاندا دەبینن و دەبنە هۆکاری سەرەکیی پێش کەوتنی کولتووری و زانستی گەلەکەیان.

گەر سەرنج بدەین فارس زمانەکان شانازی دەکەن بە مەولانای ڕۆمییەوە لە حیکمەت و عیرفاندا یان فیردەوسی لە حەماسەدا یان ئەبووعەلی سینا لە فەلسەفە و پزیشکیدا، ئەم کەسایەتییانە هەڵبژاردەن و بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاستی جیهانیش دا ناسراون؛ گەلی کوردیش وەك سەرجەم گەلانی دیکە بژاردە و هەڵکەوتەی زانستی و ئەدەبی و فەرهەنگی هەبووە بەڵام نەبوونی دەسەڵاتێکی گشتگیری سیاسی و ئاژاوەی نێوخۆیی لە زۆربەی کاتدا بووەتە هۆی ئەوەی لە نیشتمانی خۆیاندا نەمێننەوە و پاش ماوەیەك ببنە شانازی وڵاتانی تر.

لێرەدا ئاوڕێك دەدەینە سەر چەند ئەستێرەیەك کە بە ئەستەم لە تەمی فەرامۆشیدا پرشنگ دەهاوێژنە سەر ئاسمانی تاریکی ئەم گەلە. کەم کەسێك هەبێت ئاگاداری مێژووی ڕۆژهەڵات بێت و ناوی سوهرەوەردی نەبیستبێت، سوهرەوەردییەکان بنەماڵەیەکی ناوداری زانستیی کوردن کە نموونە بە ٢ کەسیان دێنینەوە ١- شێخ شەهابەدین یەحیا سوهرەوەردی ناسراو بە شێخی ئیشراق لە ناوچەی گەڕووسی کوردستان لەدایك بووە و دوای بڕینی دواپلەکانی زانست فەلسەفەی ئیشراقی دامەزراند. ئەم فیلسووفە

لاوە کوردە ڕێبەری ئیفلاتوونییەکانی جیهانی ئیسلامە و یەکەم کەس بوو کە لە فەلسەفەی ئیبنووسینادا گۆڕانکاری کرد و لە ماوەی ٣٦ساڵی تەمەنی پڕبەرەکەتی خۆیدا ٥٠ کتێبی نووسیوە کە هەرکام دەریایەکی زانست و ماریفەتە. ٢- شەهابەدین عومەری سوهرەوەردی ئامۆزای شێخی ئیشراق و خواناسی بەناوبانگی شاری بەغدا و خاوەنی کتێبی «عوارف المعارف» کە لەگەڵ ئیحیای ئیمام غەزالی و ڕیسالەی قوشەیریەدا گرینگترین کتێبەکانی عیرفانن. شێخ عومەری سوهرەوەردی مامۆستای پەروەردەیی حەکیمی ناودار سەعدی شیرازی بووە وەك ئاماژەی پێ دەکا:

مقالات مردان به مردی شنو

نه از سعدی از سهروردی شنو

مرا شیخ دانای مرشد شهاب

دو اندرز فرمود بر روی آب

یکی آنکه در نفس خودبین مباش

دگر آنکه با خلق بدبین مباش

لە زۆرینەی زانستە ئیسلامییەکاندا کوردەکان پێشڕەو بوون و کافییە سەیری نازناوی جەزەری (خەڵکی شاری جزیرابۆتان)، ئورمەوی (خەڵکی ورمێ)، ئوشنەوی (خەڵکی شنۆ)، ئامێدی، هەکاری، دینەوەری، شەهرەزووری، مەردۆخی و تەختەوی (خەڵکی ئاوایی تەختەی لای سنە)بکەین کە پەڕەپەڕەی شارستانییەتی ئیسلام و وڵاتانی ئیسلامی بە ناویانەوە ڕەنگینە. مەشهوورە دەڵێن وتەی ئیمام غەزالییە کە ئیسلام لەسەر ٣ کۆڵەکە ڕاوەستاوە: شارەزووری، ئامێدی، دینەوەری.

بۆ وێنە ئیبنوسەلاحی شارەزووری بنیاتنەری زانستی فەرموودەناسییە(علوم الحدیث) و «مقدمەابن صلاح» گرینگترین کتێبی ئەم زانستەیە. «ابن حاجب» و «ابوحنیفە دینوری» لە وێژە و ڕێزمانی عەرەبیدا پێشەنگ بوون. لە مێژوودا ئیبنوخەلەکان و ئیبنوئەسیر گەورەترین مێژوونووسانی سەردەمی خۆیان بوون. داهێنەری تەعبیر یان خەونامە ئیبنووسیرینی کوردە. لە فیقهی ئیسلامیدا کتێبی «الوضوح» دانراوی موسەنیفی چۆڕی هاوسەنگی کتێبی توحفەیە و گرینگترین کتێبەکانی فیقهی

شافیعین. ماهشەرەف خانم ناسراو بە مەستوورەی ئەردەڵان یەکەمین خاتوونی موسوڵمانە کە دانراوی فیقهی هەیە بە ناوی شەرعیات و هەروەها یەکەمین ژنی مێژوونووسە لە جیهاندا.

کتێب و دەفتەر و تاریخ و کاغەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زمانی

مەلا و شێخ و میر و پادشامان

هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی

سرووشتی دڵنشین و کوێستانە شاخاوی و فێنکەکانی ئەم نیشتمانە ئەوە ئەخوازێ لە هەر سەردەمێکدا ئەدیبی دڵناسک و هۆنەری هەستیاری تێدا هەبووبێت کە زاخاوی دەروون و چەوسانەوەی گەلەکەی هەڵڕێژابێتە سەر پەڕەی کاغەز.

لێرەدا ئاماژە بە شاکاری مەم و زینی خانی دەکەین کە دەمارگیری نابێت ئەگەر لای شانامە و ئیلیاد و ئودیسەدا ناوی لێ بەرین وەك ڕۆژهەڵاتناسی ناودار ڕۆدینکۆی ڕووسی دەڵێ کە مەزنترین شاکاری ئەدەبی جیهانە. ئەحمەدی خانی یەکەمین کەسە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا باسی لە نەتەوەخوازی کردووە و هۆکاری دواکەتنی گەلەکەی بە دووبەرەکایەتی و نەبوونی دەسەڵات دەزانێت.

گەر دێ هەبوا مە ئیتتفاقەك

فێکرا بکرا مەژی خودانەك

رووم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مە را دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

هەروەها حەزرەتی نالی پاش خواجه حافز ئاستی مانای لە چوارچێوەی کێش و کورتی وشەدا گیاندووەتە دواچڵ و ڕکابەرێکی بۆ خۆی نەهێشتووەتەوە.

ئەحمەد شەوقی یەکێك لەو هەزاران کوردەی تاراوگەیە کە بە گەورەترین ئەدیبی هاوچەرخی عەرەبی دەناسن ئاوەها باس لە بنچینەی خۆیەوە دەکات:

سمعت بأذنی من الاب و هو قائل

من الکرد اصلی جئت فی العرب ناشئا

(لە باوکم بیست کە دەیوت بنەچەمان کوردە و پاشان هاتووینەتە نێو عەرەب)

سەنایی غەزنەوی لە قەسیدەیەکدا دەڵێت:

سالها باید کە تا یك سنگ اصلی ز آفتاب

لعل گردد در بدخشان یا عقیق اندر یمن

عمرها باید کە تا یك کودکی از روی طبع

عالمی گردد نکو یا شاعری شیرین سخن

قرن ها باید کە تا از پشت آدم نطفەای

بوالوفای کرد گردد یا شود ویس قرن

یەکێکی تر لە زانا نەناسراوەکانمان بەدیعوزەمان جەزەرییە و لە دیاربەکری باکووری کوردستان ژیاوە خاوەنی کتێبی «الجامع بین العلم و العمل» کە بە ئینگلیسی و فارسی وەرگێڕدراوە و شێوەی سازکردنی ٥٠ دەستگای میکانیکی تێدایە کە زۆربەیان داهێنانی خۆیەتی. جەزەری سەردەمی خۆی سەرۆکی ئەندازیاران بووە و باوکی زانستی ڕۆباتیکی جیهانە.

هەروەها لە بواری ڕامیاری و سەربازیدا گەلی کورد هەمیشە بە دلێری و ئازایی و نەبەزییەوە بەناوبانگ بووە و شێرانێك لەم بێشە دەرچوون و سامیان خستوەتە دڵی دوژمنانەوە کە یادیان بۆ هەمیشە لە بێستوونی بیرەوەری ئەم میلەتەدا دەمێنێتەوە. یەکێك لەم سەرکردە ڕامیاری و سیاسییانە سوڵتان

سەلاحەددینی ئەیوبییە و بە تەنها لەشکری خۆیەوە سپای هاوبەشی خاچپەرستانی بەزاند. چەکی سوڵتان سەلاحەددین وەك مێژوونووسان پێمان دەڵێن بازووی شەڕ نەبوو بەڵکوو جوانمێری و لێبووردەیی بوو و هاوشێوەی دوژمنەکانی تۆڵەی نەدەکردەوە وەك ئالبێرشاندۆر لە کتێبەکەیدا باسی دەکات.

سوڵتان سەلاحەدین لە سەردەمێکدا کە دروست کردنی دەوڵەت میلەت لەسەر بنەمای نەتەوە باو نەبوو و ئەم چەمکە لە دوای شۆڕشی ۱۷۸۹ی فەڕەنسا هاتە کایەوە توانی دەنگی کوردبوونی خۆی بە دنیا ڕابگەیەنێت.

صفی الدین عبدالمؤمن« ئەرمەوی »

مووسیقیزانێکی کورد بووە کە لە دوای فارابییەوە لە بنەماکانی مووسیقیدا لێکۆڵینەوەی کردووە و کۆنترین نۆت نووسینی عەرەبی و فارسی لە کتێبی ئەلئەدوار-دا هێناوە.

هەموو گەلانی دنیا بە ناسنامە و فەرهەنگ و مێژووی خۆیانەوە دەژین و گەر ئەمانەیان لێ بسڕدرێتەوە گەل دەمرێ بۆیە لێرەدا ئەرکی خوێندکارانی هێژا زیاتر جێی بەرپرسیارەتییە. بەو هیوایە چینی داهاتوو بە چاوگرتن لە پێشینە و ئاگاداری لە ئێستا و هیوا بە ئایندە و دواڕۆژێکی ڕووناکتر بخولقێنێ.

هەوالنامەی کتێب

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کابۆڕ

## بەرهەمی سەید قادر هیدایەتی



پرشنگ مستەفازادە

ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە کۆمەڵایەتی-سیاسییە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩ی هەتاوی لە کۆمەڵگایەکی کوردنشین بە تایبەت لە ناوچەی موکریان و شاری بۆکان نیشان دەدات. ئەو ترسە دەبیندرێ کە لەو سەردەمەدا بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بووە هەم لە باری سیاسی کە حکوومەت بە سەر خەڵکدا زاڵ بوون و تەنانەت لە ماڵی خۆشیاندا جێگایان نەدەبۆوە و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی خۆیان قەدەغە بووە و نەیاندەوێرا کتێب و بابەتێکی کوردی بە ئاشکرایی بە دەستیانەوە بێ و بیخوێننەوە. هەروەها ئەو بیر و باوەڕە هەڵەیە کە خەڵکی ئەو سەردەمە پێشیان بە منداڵەکانیان دەگرت کە بە شوێن عەلاقە و ئارەزووی خۆیان کەون، کە منداڵان ناچار دەبوون یان دەبێ گوێڕایەڵی گەورەکانیان بن یا بە دزی و بە شاراوەیی بە دوای عەلاقە و ئارەزووی خۆیان کەون، کە زۆر جار لە نێو ئەو ڕێگا شاراوەیەدا تووشیان بە ڕێگای لابەلادا دەهات.

لەو ڕۆمانەدا بە هێنانەوەی بەردەوامی کوتی، کوتم، کوتت، دەیکوت، بە خوێنەر دەسەلمێنێ کە ئەم چیرۆکە پێشتر بۆ کەسێکی دیکە گێڕدراوەتەوە و ئێستا ئەوان خەریکن بەسەرهاتەکە دیسان بۆ بەردەنگ دەگێڕنەوە بەڵام هیچ مەودایەک لە نێوان چیرۆکی بیسراوە لە لایەن گێڕەوە و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بۆ بەردەنگ نییە. بە بیانووی ئەم چیرۆکە بەسەر هاتەکانی ساڵی ٦٨ و ٦٩ی هەتاوی بۆکان دەگێڕێتەوە، کە لەو سەردەمە شتێکی مێژوویی ڕووی داوە و گێڕەوە دەیهەوێ ڕوونی کاتەوە و وەک توێژەرێک سەردانی هەموو کارێکتەرەکان دەکات و بەردەوام دەپرسێت چیت کرد؟ چی گوت؟ چی کرد؟ بەڵام خودی ئەو پرسیارانە نەهاتوون تەنیا وەڵامی پرسیارانە هاتوون و ڕێک هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکان بە بەردەنگ نیشان دەدرێن. هەروەها هاتنی چیرۆکێکی دیکە لەبارەی گاکوژی و

کوشتارگا کە لە زەینی کەسایەتی کەریمدا دەگێڕدرێتەوە، دیمەنێکی قیزەون کە خوێن و کوشتاری تێدایە و لەسەر مێشکی کەریم کاردانەوەی ناخۆشی هەبووە و بەردەوام لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی ڕۆمانەکە دێت. «سەلاخەکە کەلاکی مانگایەکی لەبەر دەستدا بوو کەوڵی دەکرد. هێشتا سم و لاقەکانی بە حەواوە بوون و لێ نەکرابوونەوە، ڕەگێکی سەر ورگی زوو زوو لێی دەدا دەجووڵاوە. ئاااا! خۆ سەریشیان بڕیوە! ئەو ڕەگە بۆ لە جووڵە کەوتووە و هەر لێدەدا؟! ماوە؟ یانی نەمردووە؟ سەرەکەی لەو لاوە دانرابوو. چاوی لەمن دەکرد. ماوم .ماوم. مابوو. وەڵڵا مابوو. ئەو مانگایە هێشتا مندار نەببۆوە چاوی لەمن دەکرد. ڕەگەکەش هەر دەجووڵاوە. ئەی هاوار ئەو مانگایە ماوە!

ڕووم کردە ئەولاوە. مانگاو گوێلکەکانی دیکە خوێن بەری چاوی گرتبوون و دەیانمووشاند و بۆنیان بە دار و دیوار و عەرزەکەی کوشتارگاوە دەکرد و سمکۆڵیان دەکرد. ڕووم کردەوە لای سەرە بڕاوەکە چاوی هەر لە من بڕیبوو، زەق زەق چاوی لێدەکردم. مااااوم. مااااااااوم. ڕووم کردە ئەولا. لەگەڵ وەرسووڕانی من جوانەگایەک دەستی کرد بە بۆڕاندن، ئەوانی دیکەش بە دوای ئەودا کردیانە گابۆڕ. چوومە دەرێ. بابم کوتی بۆ چوویە دەرێ؟ ترسای؟ کوتم پێم خۆش نەبوو. کوتی هەر تۆ ڕۆشتیە دەرێ هێنایانە دەرێ، کوتم چی؟ کوتی مانگاکەی کەوڵیان کرد، گوێلکێکی لە زگدابوو ئاوسی بوو.» (ل. ۱۱۲)

ئەو چیرۆکە پێشتر بۆ گێڕەوەی ڕۆمانی گابۆڕ گێڕدراوەتەوە و گێڕەوە فۆرم و ڕێزمانێکی ڕێک و پێکی پێدەدات و بۆ بەردەنگی دەگێڕێتەوە و لەو بەشەدا کەریم قسەی باوکی دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: «باوکم کوتی» لێرەدا باوکی کەریم ڕاستەوخۆ قسە ناکات، کە ئێمە لێرەدا دوو چیرۆک دەخوێنینەوە.

باشترین پێوەر بۆ چیرۆکی باش ئەوەیە کە بزانین چەندە لە ڕاستی و واقیعی ژیان نزیکە و موبتەنی بەر واقەعیەت بێ و نابێ بە شوێن شتی نوێ و تازەوە بین، هەروەها دەبێ بۆ دوو چینی: ۱. خوێندکار و پسپۆڕی ئەو بوارە و ۲. خەڵکی ئاسایی قسەی هەبێت. ئەو ڕۆمانەش ڕێک وایە هەم واقەعیەتی ژیانە ئەویش لە ساڵەکانی ۱۳٦۸ و ۱۳٦۹ کە باسی ئەو ڕووداوانە کراون لەوانەیە بۆ هەر تاکێک لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە ڕووی دابێت و هەروەها لەو چیرۆکە هیچ شتێکی تازە و نوێ بەدی ناکرێ و ڕووداوەکانی  مێژووی ئەو سەردەمەمان بۆ باس دەکەن. وەکوو: پیاو سالاری، سەخت

گیری و زاڵ بوونی حکومەت بەسەر خەڵکدا و نەهێشتنی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و زۆر شتی دیکە. ئەو ڕۆمانە بۆ هەر دوو چینەکە دەبێت هەم خوێندکار و پسپۆڕ و هەم خەڵکی ئاسایی کە بە خوێندنەوەی دەتوانن چێژی لێ وەرگرن و شایەد لە زۆر بەشی ڕۆمانەکەدا کە حاڵەتی تەنز و پێکەنینی هەیە بەردەنگ وەپێکەنین بخات یان نارەحەتی بکات وەک عاشق بوونی کەریم یان جنێو دانەکانی یا لە دەست دەرهێنانی پووڵەکە، کە ئەو دوو کچە دیتبوویانەوە و بە درۆ لێیان ستاندن سەرجەم ئەو ڕووداوانە بۆ بەردەنگی ئاسایش چێژبەخشن.

لە تانوپۆی ئەو چیرۆکە بەرودوایی زەمانی ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩مان هەیە و لە پێوەندی ڕووداوەکان مەنتقین و جوان دیارە کە ڕووداوەکان چۆن هاتوونە ئاراوە و هۆی ڕووداوەکان جوان ڕوون کراوەتەوە و بە ئێمەی خوێنەر نیشان دەدرێ. کەسایەتی یانی هەندێک تایبەتمەندی ڕەفتاری کە لە ئینساندا هەیە برێکی پێکەوە کۆ دەبێتەوە پێی دەڵێن کەسایەتی و هەرچی تایبەنمەندییە جیاوازە ڕەفتارییە مرۆییەکان زیاتر بێ چیرۆک ئەدەبیترە و باشترین پێوەر ئەوەیە کە کەسایەتییەکان لە چیرۆکدا بەراورد بکەین لەگەڵ کەسایەتی ژیانی ڕاستەقینە. لەو چیرۆکەش دەتوانین ئەو تایبەتمەندیانە ببینین. وەک کەریم و مەتەلیب کە دوو خوێندکارن شلووقی و هاروهاجی و کایەی منداڵانەیان هەیە و لە دوو بنەماڵەی جیاواز لەیکترن و دوایی باسی سەردەمی تازە لاوییان دەکرێ. لە چیرۆکدا دوو جۆرە کەسایەتیمان هەیە کە دەستەیەک دەگۆڕدرێن وەک مەتەلیب. بۆ وێنە ڕوانگەی لەسەر نێوەکەی خۆی دەگۆڕدرێ و هەوڵ دەدات نێوی خۆی بکاتە هەژیر. و دەستەی دووهەم کە نەگۆڕن و سابت دەمێننەوە. وەکوو کەسایەتییەکانی دیکەی چیرۆکەکە. لەو چیرۆکەدا کەسایەتی پەروەری بە شێوەی ناڕاستەوخۆیە و ڕەنگ و بۆیەکی شانۆیی داوەتێ. کەسایەتی بڕواپێکراو ئەو کەسایەتییەیە کە کەسایەتی سەرەکی متمانەی پێدەکات. وێ دەچێت لێرەدا مەتەلیب کەسایەتی بڕوا پێکراوی کەریمە و هەموو ڕازەکانیان لەلای یەکتر دەڵێن و هەر بۆخۆیان دەزانن چی دەکەن و چی ناکەن.

گۆشەنیگا: گۆشەنیگاکان هەمیشە یا یەکەم کەسن یا سێهەم کەس و هەندێک جاریش دووهەم کەسە. لەو ڕۆمانەدا هەر سێ جۆرەکە دەبیندرێت. گۆشەنیگای یەکەم کەس کە لە «کوتم، کوتم»ەکاندا بەدی دەکرێت. وەکوو: «کوتم: کەریم وەرە با بڕۆین.»

کوتم: بۆ کوێ؟

کوتم:کارت نەبێ وەرە با بڕۆین.»

گۆشەنیگای دووهەم کەس کە ئەویش بە «کوتت،کوتت»ەکاندا لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت. وەکوو:«کوتت: باشە ئەوە لەسەر دەفتەرەکانیش پاکت کردەوە، ئەی سجیلەکەت چی لێدەکەی؟

کوتت: بەدبەختی سجیلەکەمە.

کوتت: خۆ من ناتوانم سجیلەکەم بگۆڕم.»

هەروەها گۆشەنیگای سێهەم کەس کە ئەویش بە «کوتی، کوتی»یەکاندا کە لە بەشی شەشی ڕۆمانەکەدا دەبیندرێ وەکوو: «کوتی: ئەوە هاتنەوە کەڵەگا؟

کوتی: باقی پووڵەکەمان بۆ هێناوی.

کوتی: ها ئەوەش سروەکەتان.

کوتی: دەستت خۆش بێ.

کوتی: کتێبی دیکەتان ناوێ؟

کوتی: نا.»

لەو ڕۆمانەدا زۆرجار گێڕەوەی سێهەم کەس زۆر ڕوون خۆی نیشان دەدات و بە شێوەی سێهەم کەسی کامێرا مێتۆد خۆی دەنوێنێ وەکوو: «مەیدانەکەیان خاکە چۆڵێک بوو کە کابرایەکی کەریزەیی کڕیبووی شانسی ئەوان، نەدەهات بەلایەوە سازی بکا. ئەو خاکە چۆڵە ڕاست بەرامبەری پازگا بوو. پازگا پێشترماڵی حەمەدەمین ئاغا بوو. خانوو بەرەیەکی زۆر گەورە، خاوەنی دەیان دیو و مدبەق و گەوڕ و هۆڵ و باغ و باغچە و ئاشپەز و چاپەز و کارەکەر و کارداد و کلفەت و شوان. ئەو دام و دەزگایە بە هەموو کەب کەبە و دەب دەبە و بێنەوبەرەی خۆیەوە وەک دوایین تەقەللا بوو بۆ پاراستن و حەسرەت خواردن بۆ ڕێ و شوێن و دەسەڵاتی لە کیس چووی ئاغایەتی، لە نێو شاردا خۆی دەنواند.»

هەروەها کانوونی موشاهیدە یان فەوکەلایزێر ڕوونی لەو ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێ بۆ نموونە ئەو کاتەی کە کەریم و مەتەلیب بۆ دروست کردنی تیر دەچنەوە بۆ دزینی سیم؛ تا بیانفرۆشن و پووڵی کتێب

کڕین دەربێننەوە. کەریم لە لایەن زەلامێکەوە لە حەوشەکەدا دەگیرێ و تووشی ئازار و ئەزیەت و دەست درێژی دەبێ و بە زۆری خۆی لە چنگی دەرباز دەکات و ئەوە دەبێتە فەوکەلایزێر، چونکە کەریم ئەو ڕووداوە تەجروبە دەکات و پاشان بۆ متەلیبی دەگێڕێتەوە.

ناوەڕۆک: هەر ئەو ئیدە سەرەکییەیە کە نووسەر دەیهەوێ ئێمە پێی بگەین. دوو ڕێگامان بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆکی چیرۆک و ڕۆمان هەیە: ۱. لە ڕێگای دۆزینەوەی مۆتیفەکانی چیرۆک و لە لای یەک دانانی ئەو مۆتیفانە لە بەندێکدا کە واتادار بێت، دەبێتە ناوەڕۆکی چیرۆک و ڕۆمان ۲. دۆزینەوەی کێشەکانی چیرۆکەکە بەو پرسیارانە«کێشەکە لەگەڵ کێیە؟ بۆچی کێشە هەیە؟» و بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە ناوەڕۆکی چیرۆک و ڕۆمان دەبینرێتەوە.

**سەرچاوە:**


سەجادی، بەختیار. «سوبژێکتیڤیتە لە نێوان ئێپیفێنی و سنوورەکاندا». *سێبەری زیندووی نووسین؛ کۆمەڵەوتارێک لەسەر ڕۆمانی گابۆڕ*. چاپی دووەم. سەقز: ناوەندی بڵاوکردنەدوەی گوتار، ۱۳۹۷.

محەمەدپوور، کاوان. «مەیلی بەڕاڤەکردنی مێژوو». *سێبەری زیندووی نووسین؛ کۆمەڵەوتارێک لەسەر ڕۆمانی گابۆڕ*. چاپی دووەم. سەقز: ناوەندی بڵاوکردنەدوەی گوتار، ۱۳۹۷.


هەواڵنامەی کتێب

# ڕەخنەی وەرگێڕان

- ✓ کەلیدەر
- ✓ شازدە ئەحتجاب
- ✓ دیرۆکی ئافراندن
- ✓ دایە باوە کێ خراوە؟
- ✓ شلم شوربا
- ✓ ماسییە ڕەشە بچکۆلە
- ✓ مۆرانە

هەواڵنامەی کتێب

# کەلیدەر[1]

## (بەرگی دووهەم)

## وەرگێڕانی سیامەند شاسواری



دڵنیا گەوهەری‌نژاد

هەواڵنامەی کتێب

کەلیدەر بەرهەمی مەحموود دەوڵەت ئابادی کە سێ هەزار لاپەڕەیە و لە دە بەرگدا نووسراوە. سەبارەت بە ژیانی بنەماڵەیەکی کوردی ئێرانە کە بەرەو نزارەکانی خوراسان کۆچ دەکەن. ڕۆمانی کەلیدەر کە لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی ئێران پاش شەڕی دووهەمی جیهانی نووسراوە لە ساڵەکانی ١٣٢٥ تاکوو ١٣٢٧ ڕوو ئەدات و سەبارەت بە شۆڕشی گوڵمحەمەدخان لە کوردەکانی کرمانجی خوراسانە.

### وەرگێڕانی کەلیدەر

وەرگێڕی ئەم بەرهەمە، وەرگێڕێکی وەفادار بە نووسەر و زۆرە کەم پێش هاتووە کە وشەیەک بسڕێتەوە یان بیگۆڕێت بە وشەیەکی دیکە یا دەستەواژەیەک یان ڕستەیەکی پاش و پێش کردبێت یان سڕیبێتیەوە. وەرگێڕانێکی دەق‌بەدەق و وشە بە وشەیە هەموو شتێکی وەکوو خودی دەقە سەرەکیەکە هەر بە هەمان شێوە و ڕێزمان هێناوەتە نێو دەقی مەبەستەوە. ئەم وەرگێڕانە سەرچاوە گرایە و لە ڕەوتی سەرەکی دەقی سەرچاوە لای نەداوە و دەقی سەرەچاوەی لە دەقی مەبەست گرینگ‌تر زانیوە.

[1] *کەلیدەر*، بەرهەمی مەحموود دەوڵەتئابادی.

هەروەها لە شێوازی نووسەری دەقی سەرچاوە لای نەداوە و خۆی دوور نەکردۆتەوە، جودا لەوەی کە نووسەری زۆر بەلاوە گرینگ بووە بە هەمان شێوەش وشە و پێکهاتەی نووسراوەکەشی بەلاوە گرینگ بووە و هەوڵی داوە کە پێکهاتەی ڕستە و جۆری دانانی وشەکان نەگۆڕدرێت. وەرگێر لەم وەرگێڕانە توانیویەتی مەبەست و واتا و ئامانجی سەرەکی دەقی سەرچاوە بگوازێتەوە بۆ دەقی مەبەست. لە بەر ئەوەیکە ڕۆمانێکی ئەدەبی-هونەرییە وەرگێڕ، نووسەری دەقی سەرچاوەی زۆر بەلاوە گرینگە و هەوڵ ئەدات کە بە پێی شێوازی نووسەری دەقی سەرچاوە وەرگێڕانەکە ئەنجام بدات.

**بەراوردی وەرگێڕانی *کەلیدەر* لە دوو ئاستدا**

**یەکەم: ئاستێکی ورد بینانە** (خودی دەق، بابەت، ڕێزمان، مەتەڵەکان، وشە، پێکهاتەی ڕستە، بەردەنگ، مەبەست، جۆری دەق)

**۱.جۆری دەق:** *کەلیدەر* دەقێکی ئەدەبی-هونەرییە و لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی، نووسەری دەقی سەرچاوە زۆر گرینگە و ئەبێ بە پێی شێوازی نووسەر کاری وەرگێڕان ئەنجام بدرێت. سیامەندی شاسواری لە وەرگێڕانی ڕۆمانی کەلیدەر لە بەر ئەوەیکە بەرهەمێکی ئەدەبی-هونەرییە، نووسەری زۆر بەلاوە گرینگ بووە و هەوڵی داوە تا ئەو جێگەی کە ڕێی‌تێچووە بە پێی شێوازی نووسەر وەرگێڕانەکە ئەنجام بدات و هەمان ڕێزمان و شێوەی ڕیز کردنی وشەکان لە پەنای یەک هەر بە هەمان شێوەی دەقی سەرەکییە.

وەرگێڕانێکی دەق‌بەدەق و وشە بە وشەیە و هەروەها واتاشی زۆر بەلاوە گرینگە و هەوڵی داوە کە دەقەکە زۆرتر بەرەو نووسەر بڕوات و هەمان شێواز و وشە و ڕستەی دەقی سەرچاوەی بە کار هێناوە. و بە هیچ شێوەیەک دەقەکە ناگۆڕێت و شتێکی لێ نەسڕیوەتەوە و دەست تێوەردانی وەرگێڕ بەر چاو ناکەوێ.

**نموونەکانی ئەم بەشە** (لاپەڕەی ٥٢١ تا ٥٢٥):

۱. سەرچاوە: کرانه‌ای به پهنای فرسنگها بر کویر، ابرویی زمخت بر نگاهی گداخته.

مەبەست: بەستێنێک بە پانتایی چەندین فەرسەق. برۆیەکی ئەستوور لە سەر نیگایەکی ئاگراوی. (ل. ٥٢١ دیڕی یەکەم)

**٢.** سەرچاوە: طاغ درختی‌ست نه افراشته و سر به آسمان برداشته. کوتاه است و ریشه در ژرفاها دارد. گاه، بیش از بیست پا، تا که ریشه به نم رساند، در دل خاک، بی امان فرو می‌دود.

مەبەست: تاغ، دارێکە نە زۆر بەرز و سەر لە ئاسمان. کورتە و ڕیشەی لە قووڵاییدایە. جار، زیاتر لە بیست پێ. بۆ ئەوەی ڕیشە بە تەڕایی بگات، بە بێ ئەمان بە ناخی خاکدا ڕۆ ئەچێ. (ل. ٥٢١. د. هەشتەم)

**٣.** سەرچاوە: نباید، سنگواره، بر جای بمانی و گریز زندگانی‌ات را نظاره کنی.

مەبەست: نابێ وەکوو بەرد، لە شوێنی خۆت دانیشیت و بە فیڕۆ چوونی ژیانت سەیر سەیر بکەی. (ل. ٥٢٣، د. بیستویەک)

**٤.** سەرچاوە: «هی اله مزارم، های. های بی‌قرارم، های. یاری ندارم، های. یاری ندارممم... های!»

مەبەست: «ئای بە ئازارم، ئای. ئای بێ قەرارم، ئای. هەر خۆم بێیارم، ئای. هەر خۆم بێیاررررم... ئای!» (ل. ٥٢٥، د. بیستودو)

**٢. خوێنەر و بەردەنگ:** مەحموود دەوڵەت ئابادی، خۆی خەڵکی ئەو ناوچە بووە کە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە هەر لەو ناوچەیە ڕوو ئەدات، و بە پێی ڕووداوێکی ڕاستەقینە ڕۆمانی کەلیدەری نووسیوە و ئاماژە بە ژیان و ڕەسم و نەریتی ئەو ناوچە دەکات کە شوێنێکی مێژووییە و ئاماژەیە بە ساڵەکانی بەرگری و هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی خوراسان و عەشایری کوردییە کە کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچە.

ئەم ڕۆمانە تایبەتە بە خەڵکی خوراسان بە تایبەت کوردی کرمانج، پڕە لە وشە و ئێستلاحات و نێوی شوێن‌گەلێ تایبەت بەو ناوچەیە. هەرچەن کە ڕۆمانێکی جیهانییە و زۆر بە ناوبانگە بەڵام تایبەت بەو خەڵک و ناوچەیە کە سەرجەم چیرۆکەکە لەو ناوچە بەڕێوە دەچێت.

وەرگێڕانی کەلەیدەری سیامەندی شاسواری بە کوردی هەرچەند کە وەکوو دەقی سەرچاوەکە زۆر بە ناو بانگ نییە بەلام لە بەر ئەوەیکە بە زمانی کوردی وەریگێڕاوەتەوە بۆ بەردەنگی کوردزمانی خۆی و کتێبی کەلیدەر سەبارەت بە کوردی کرمانجە ئەتوانین بڵێین کە بەردەنگی دەقی سەرچاوە لەگەڵ بەردەنگی دەقی مەبەست جۆرێک هاوشێوەیی لە نێوانیاندا هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**نموونەکانی ئەم بەشە** (لاپەڕەی ٥٢٦ تا ٥٣٢) :

۱. سەرچاوە: به کالشور می‌آمدند و درمنه و غیچ بار می کردند.

مەبەست: ئەهاتن بۆ دەراوی شۆڕاو، گەون و تاغی و تەنگزیان بار ئەکرد. (ل. ٥٢٦، د.شازدە)

۲. سەرچاوە: شادی نرمی زیر پوست بیگ محمد می‌مخید.

مەبەست: شادییەکی نەرم لە ژێر پێستی بەگ‌محەمەددا بزووت. (ل. ٥٣٠، د.بیست و هەشت)

۳. سەرچاوە: نان ساجی با کمه می‌خورد.

مەبەست: نان ساجی بە ماستی خەستەوە ئەخوارد. (ل. ٥٣١، د. پانزدە)

٤. سەرچاوە: بلقیس نان ساج را پیش دست پسر، میان سارغ گذاشت.

مەبەست: بڵقیس نانە تیرییەکەی لە بەردەستی کوڕەکەی لە سەر سفرەکە دانا. (ل. ٥٣٢، د.هەشت)

- وشەهاییک وەکوو کال شور و درمنه و غیچ، وشەهاییکی تایبەت بەو ناوچەیەن.

- نان ساجی و کمه خواردەمەنی مەحەلی ئەو ناوچەیە هەروەها سارغ وشەیەکی مەحەلییە.

٥ . سەرچاوە: پاتاوەهایش را بر پای پیچیده و قدم در هیزمزار گذاشته بود.

مەبەست: پووزەوانەی پێچابوو و پێی لە لێرەوار نابوو. (ل. ٥٥٤، د. نۆزدە)

**چەند خاڵی لاواز:**

۱. یەکێتی واتایی ڕەعایەت نەکردووە بۆ وێنە لە نموونەی ۳ و ٤دا، بۆ واتای نان ساجی دوو جۆر وشەی بە کار هێناوە؛ لە شوێنێکدا ئەڵێ نان ساجی بە ماستەوە دەخوارد؛ لە شوێنێکی دیکە ئەڵێ نانی تیرییەکەی لە بەردەستی کوڕەکەی دانا.

۲. نێوی شوێنەکانی تەرجومە کردۆتەوە. بۆ وێنە ئەڵێ بە کالشور می‌آمدند، کالشوری کردۆتە دەراوی شۆڕاو.

**٣. مەبەستی دانەری دەقی سەرچاوە:** مەحموود دەوڵەت ئابادی بە نووسینی کەلیدەر ویستوویەتی کە کۆمەڵگای دێهاتی و عەشایر لە دەورەیەکە نیشان بدات کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تێدا ڕوو ئەدات. و کەلیدەر کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە چارەنووسی تراژیکی ڕەعیەتە ئێرانییەکان و قەبیلە ڕەشماڵەکان لە دەورەیەکی زۆر و خەفەقان و سەرکوت‌کاریی بە ئێمە نیشان ئەدات و ئەیەوێ لە ڕەنج و سەختی، چینی خواروی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی حاکمانی ئەو کاتە بە سەر چینی خواروو وەکوو جوتیارەکان بە ئێمە نیشان بدات. مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم کتێبە نیشاندانی ئێستبدادی ڕەزاشاه لەو کاتەدایە.

هەروەها وەرگێڕ هەوڵی داوە کە ناوەرۆکی چیرۆک و مەبەستی دانەری سەرەکی لە نووسینی کتێبی کەلیدەر بە تەواوەتی بگوازێتەوە بۆ نێو دەقی مەبەست و تا ڕادەیەک توانیویە لە گواستنەوەی مانا لە دەقی سەرچاوە بۆ دەقی مەبەست سەرکەوتوو بێت؛ هەروەها توانیویە بەو شێوە کە نووسەر ویستوویەتی ئەو دەورەی سیاسیە بۆ بەردەنگی خۆی بە تەسویر بکێشێت، وەرگێڕیش هەوڵی داوە هەر ئەو وێنەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بخاتە پێش چاوی خوێنەر.

**٤. هاوواتایی:** هەر بە هەمان شێوە کە نووسەر وشە و ڕستە و مەتەڵەکانی هێناوە، وەرگێڕ هەر بە هەمان شێوە و هەر بەهەمان جۆر وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و هاوواتای بۆ وشە و مەتەڵەکان نەهێناوە؛ و هەر بە هەمان شێوازێک کە لە فارسییەکە بە کار چووە بە شێوەی وشە بە وشە و دەقبەدەق مەتەڵەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

**نموونەکانی ئەم بەشە:**

١. سەرچاوە: به خود در هم فشردن، پیچیدن، لب را به دندان خاییدن، خون دل خوردن، گونه به سیلی سرخ نگاهداشتن، نداری و ناچاری نهفته داشتن، چشم و دل سیر وانمودن، مشتی بر شکم کوفتن و بر خاک خفتن، با این همه جبین گشاده داشتن. خاموش بمان و بمان.

مەبەست: گوشار بۆ خۆی بهێنێ، خۆخواردنەوە، لێو بە ددان گەستن، خوێنی دڵ خواردن،ڕوومەت بە زللە سوور ڕاگرتن، شاردنەوەی نەداریی، چاو و دڵ بە تێر پێشاندان، مشت لە ورگ کوتان و لە سەر خاک خەوتن، سەرەڕای هەمووی ئەمانەش ڕوو بە گەشی ڕاگرتن. خامۆش بمێنە و بمێنە. (ل.٥٥٤، د.بیست و چوار)

**٢. سەرچاوە: این است کە کاردش بە استخوان رسیدە و دیگر جلوی زبانش را نمی‌تواند بگیرد.**

مەبەست: بۆیەش کێرد گەیشتۆتە سەر ئێسقانی و پێش زمانی خۆی پێ ڕاناگیرێ. (ل.٧٦٤، د.بیست و پێنج)

**٣. سەرچاوە: پایت را از گلیمت نباید بیشتر دراز کنی...**

مەبەست: قاچت لە بەڕەی خۆت درێژتر مەکە... (ل.٧٨٦، د.نۆزدە)

-ئەوەیکە وەرگێڕ بۆ مەتەڵەکان هاوواتای دانەناوە دەتوانێ جۆرێک خاڵی لاوازی وەرگێڕانەکە بێت.

**دووهەم: ئاستێکی گشتی** (ئایا سەرچاوەگرایە یان مەبەستگرایە، ئایا بیانی کراوە یان خۆماڵی کراو، ئایا فۆرمی بە لاوە گرینگە یان واتا).

وەرگێڕانێکی سەرچاوەگرایە و دەقی سەرچاوەی بەلاوە گرینگ ترە تاکوو دەقی مەبەست و زۆرتر دەقەکە بەرەو لای نووسەری دەقی سەرچاوە دەچێت و شێوازی وەرگێڕان لە بەرژەوەندی نووسەر، زمان و کەلتووری دەقی سەرچاوەیە و تا ڕادەیەکی زۆر وەرگێڕانێکی بیانی کراوە. بەڵام لەبری ئەوەیکە بیانی کراوە و سەرچاوەگرایە توانیویەتی واتا و مەبەستی نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر لە دەقی سەرچاوە، بگوازێتەوە بۆ دەقی مەبەست.

**سەرچاوەکان:**


دەوڵەت ئابادی، مەحموود. *کلیدر*(بەرگی دووهەم). تهران: فرهنگ معاصر، ١٣٧٤.

دەوڵەت ئابادی، مەحموود؛ *کەلیدەر* (بەرگی دووهەم)؛ وەرگێڕانی سیامەند شاسواری؛ چاپی یەکەم: ٢٠١٢.

# شازده اُحتجاب[1]

## وەرگێڕانی عەتا نەهایی



سومەیە یووسفیان

هەواڵنامەی کتێب

عەتا نەهایی (وەرگێڕ) لە سەرەتای کتێبەکەدا پێشەکییەکی هێناوە، کە ئەم پێشەکییە لە کتێبەکەی هوشەنگی گوڵشیریدا (نووسەر) نییە. وەرگێڕ لەم پێشەکییەدا باسی نووسەر و هەندێک لە ژیان و بەرهەمەکانی دەکات و، دەڵێ: هاوکات لەگەڵ دێڕی کۆتایی ئەم ڕۆمانە هەواڵی مەرگ و کۆچی دوایی هوشەنگ گوڵشیری-م پێ گەیشتووە. وەرگێڕ ئاماژەیەکی زۆر کورتی کردووە بە بەرهەم و تێکۆشانی ئەم نووسەرە لە درێژەی ژیانیدا. هەروەها دەڵێ: کاتێ خەریکی نووسینی دێڕی ئاخری ئەم ڕۆمانە بووم، نووسەری ئەم ڕۆمانە بە خاک نەسپێردرابوو و هەر بۆیە ئەم ڕۆمانە پێشکەش دەکەم بە گیانی ئەم نووسەرە کۆچ کردووە.

ئەم ڕۆمانە دووەمین ڕۆمانی مودێرن و یەکەم ڕۆمانی بڵاو کراوەی نووسەرە کە کراوە بە فیلمیش. باسی لە تەکنیکە سەرەکییەکان ئەم ڕۆمانە کردووە و لایەنێکی دیکە کە هوشەنگ گوڵشیری لە هەموو نووسەرانی دیکە جودا دەکاتەوە. ئەو جیاوازییە مەسەلەی زمانە کە تایبەتمەندیگەلێکی هەیە،

---

[1] *شازده احتجاب*، بەرهەمی هووشەنگ گوڵشیری.

وەکوو: کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئاخاوتن. وەرگێڕ هەوڵی داوە کە تایبەتمەنییەکانی ئەم زمانە بۆ زمانی کوردی بگوازێتەوە.

ئەم بەراوردکارییە بەراوردێکی ئەدەبییە لە ڕۆمانێک لە زمانی فارسی کە وەرگێڕدراوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. هەروەها، نووسەرانی هەر دوو زمان نووسەرانێکی بە ناوبانگ و توانان. کاتێک کە ئەم دەقەی وەرگێڕ دەخوێنیتەوە، وا هەست دەکەی کە وەرگێڕانێکی وشە بە وشەیە؛ چونکە هەموو بابەتەکان و وشەکان وەک خۆی بە کار براون. هەروەها، بە دەقی سەرچاوە و نووسەر وەفادارە و گۆڕانکاری زۆری تێدا نابیندرێ، بەڵام کەم کەم کە لێی ورد دەبینەوە تێدەگەین کە وەرگێڕ وەرگێڕانێکی ڕستە بە ڕستەی کردووە.

لە نێو دەقە وەرگێڕدراوەکاندا زۆر کەم پێش دێت، کە وەرگێڕ هەم خوێنەر و هەم نووسەر و دەقی سەرچاوە لە بەر چاو بگرێت. ئەگەر لەم وەرگێڕانەی عەتا نەهاییدا ورد بینەوە تێدەگەین کە وەرگێڕ وەفادارە بە نووسەر و خوێنەران و بەردەنگی وەرگێڕانەکەی خۆیشی لەبەر چاو گرتووە. ئەم وەرگێڕانە نیشانەی چالاکی و زیرەکی وەرگێڕە. عەتا نەهایی وەرگێڕ و نووسەرێکی توانا و لێهاتووە کە لە نێو ڕۆمانەکانیدا هەموو کات دەتوانی بابەتی نوێ بدۆزێتەوە. بۆ وێنە: زۆر لە نووسەران و وەرگێڕانی دیکە باسی ژن دەکات و بایەخ بە ژن و کۆمەڵگا دەدات.

وەرگێڕانی ڕۆمانی *شازادە ئێحتجاب* وەرگێڕانێکی ڕستە بە ڕستەیە؛ واتە لەم کارەدا بناغەکانی ڕێزمانی و شێوەی ڕێز کردنی وشەکان لە زمانی مبەستدا لە بەرچاو دەگیرێ و واتای ڕستە هاوسان و بە پێی ڕستەی زمانی دەسپێک لە بەرچاو گیراوە. بەم چەشنە هەر کام لە ڕستەکانی زمانی دەسپێک بە پاراستنی مانای یەک بە یەکی وشەکان وەرئەگێڕدرێتەوە بۆ ڕستەیەک لە زمانی مەبەست.

نووسەر کەڵکی زۆری لە زمانی ئاخاوتن وەرگرتووە و ئەمە دەتوانێ هۆکارێکی باش بێ بۆ ئەوەیکە وەرگێڕ ڕۆمانێکی وەرگێڕاوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. لەم ڕۆمانەدا نووسەر بایەخ بە سادەیی و ساکاری زمان ئەدات و تێکۆشاوە بە زمانی ڕۆژانە و ئاسایی ڕۆمانەکەی بنووسێت و، ئەمە دەتوانێ هۆکارێکی باش بێت بۆ ئەوەیکەی وەرگێڕانەکە، وەرگێڕانێکی ئاسایی بێ.

وەرگێڕ گۆڕانکاری زۆری بە سەر دەقدا نەهێناوە و ئەسڵی دەقەکەی پاراستووە. دەتوانین بڵێین کە بەردەنگ و خوێنەری نووسەر و وەرگێڕیش چینی مامناوەندی و یا خەڵکی ئاساییە. زمانی هەر دوو

ڕۆمان، زمانێکی پوخت و پاراو و ڕوونە و، زۆر بە ئاسانی دەتوانی لێی تێبگەیت. بۆ تێگەیشتنی واتای وشەکان و واتای گشتی ڕۆمانەکە پێویست بەوە ناکات زۆر فیکری و مێشکی خۆت ئاڵۆز بکەیت. وەرگێڕ هەوڵی داوە کە خوێنەر بە ئاسانی و بە ڕاحەتی لە زمانەکەی تێبگات و پەیامی نووسەر و دەقیش نەگۆڕێت.

لە زۆر شوێندا دەبینین کە وەرگێڕ بۆ تێگەیشتنی زیاتری خوێنەر و بەردەنگی لە **هاوواتا** (مترادف) کەڵکی وەرگرتووە. بۆ وێنە:

فارسی: اون وقت من یک نفر آدم و این همه کار.

کوردی: ئەوسا من بە تاقی تەنیا و ئەم هەموو ئەرک و فەرمانە.

گەر سەرنج بدەین هەم ئەرک بە واتای کارە و هەم فەرمان و دەتوانین لە نێو دەقدا بە شێوەیەکی جیاواز ئەم دوو وشەیە بە کار ببەین، بەڵام لەم ڕستەدا و لە چەندین ڕستەی دیکەشدا وەرگێڕ ئەم کارەی دووپات کردۆتەوە تا خوێنەر جوانتر و باشتر لێی تێبگات. دەتوانین بڵێین بەم شێوەیە ڕستەکە هەم جوانترە و هەم خوێندنەوەشی بە لای خوێنەرەوە خۆشتر و ساکارترە.

وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا لە هەندێ وشە کەڵک وەردەگرێت کە کوردی ئەسیلە. بۆ وێنە:

هۆڵ بە واتای اتاق

حاست بە واتای جلو

ئاپۆڕە بە واتای انبوه

کەشەفە بە واتای سینی

نەویەوە بە واتای خم شدن

دەمار بە واتای رگ

دەسرۆکە بە واتای دستمال

ڕاما بە واتای تماشا کردن.

هەواڵنامەی کتێب

زمانی کوردی لەم وەرگێڕانەدا پەتی و پاراوە و لە لایەن وەرگێڕەوە پارێزراوە. بۆ وێنە کە بە بادبادک دەڵێ کۆلارە هەست بە جۆرێک ڕازاندنەوە دەکرێ لە نێو دەق و زمانی مەبەستدا. هەروەها وەرگێڕ لە چەند جێگەدا چەند شتی سڕیوەتەوە و ڕستەی گۆڕیوە، وەکوو:

فارسی: بعد با شست دست اشکها را که حالا از شیار سرخاب رد می شد پاک کرد.

کوردی: بە قامکە گەورەکەی فرمێسکەکانی بۆ سڕی.

لەم ڕستەدا دەبینین کە بە شێوەی ڕستە بە ڕستە وەرگێڕدراوەتەوە و بە هۆی ئەوەی کە ڕستەکە ڕستەیەکی پاراو و ساکار بێ چەند وشەیەکی سڕیبێتەوە. شایەت بڵێین ئەم کارە هەڵەیە، بەڵام دەبینین کە ڕستەکە پاراوتر و کورتترە و هەروەها خوێندنەوەشی ئاسایی و خۆشترە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕ خوێنەر و بەردەنگی لە بەرچاو گرتووە. بۆ وێنە:

فارسی: امروز حالمان چندان خوب نبود.

کوردی: ئیمڕۆ حاڵمان باش نییە. سڕینەوەی ئاوەڵکرداری چەندان.

فارسی: با همان چشمایش که از پشت شیشه‌های درشت عینک نگاه می کرد.

کوردی: بەو چاوانەی کە لە پشت شووشەی چاویلکەکەوە دەیڕوانی. سڕینەوەی ئاوەڵناوی درشت.

فارسی: تند تند صورتش را بزک کند.

کوردی: لە بەر ئاوێنەکە خۆی جوان بکات. سڕینەوەی ئاوەڵکرداری تند تند.

ئەم چەند وێنەیە چەند وێنەی ئاسایی بوو، کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا سڕیویەتەوە. زۆر بە کەمی دەبیندرێ کە وەرگێڕ لەم جۆرە کارەی کردبێ. ڕوون و ئاشکرایە کە وەرگێڕ بۆ ئەوەیکە دەقەکە بۆ خوێنەر ئاسان بکاتەوە و دژوار نەبێ و خوێنەر بە خوێندنەوەی دەقەکە هەست بە ماندوویی نەکات، ئەم کارەی کردووە. هەروەها، وەرگێڕ لە چەند جێگەدا لە نێو دەقەکەدا وشەی هێناوە و زیادی کردووە. بۆ وێنە:

فارسی: وقتی راه افتاد موج آمد.

کوردی: کە ڕێکەوتن لەوە دەچوو شەپۆلێک بەڕێوە بێ. بە هێنانی (لەوە دەچوو) شک و گومان دەخاتە نێو ڕستەکەوە.

فارسی: روبروی آیینه ایستاد.

کوردی: لە ڕووبەڕووی ئاوێنە گەورەکەدا ڕاوەستا. هێنانی ئاوەڵناو بۆ وشەی ئاوێنە.

لە شوێنێکدا وەرگێڕ لە پەندی پێشینیان کەڵکی وەرگرتووە، کە ئەمە دەتوانێ هەم بە واتای چێژبەخشین بە دەقەکە بێ و خوێنەر چێژی زیاتری لێ وەرگرێ و هەم بە واتای تەئکیدێکی زیاتر لە سەر دەقی مەبەست بێ؛ واتە تەئکید لە سەر ڕستەی دەقی مەبەست.

فارسی: دهان زن عمو بزرگت بازمانده بود، گریه نمی کرد.

کوردی: دەمی ژنی مامە گەورەکەت وەک تەڵەی تەقیو بوو، نە دەگریا.

ئەم پەندە لە ناوچە کوردنشینەکاندا بۆ کەسێ کە بێ دەنگ بێت یا بۆ کەسێ کە لە شتێ زۆر سەری سووڕمابێ و دەمی کربێتەوە بەکار دەبرێت، کە وەرگێڕ زۆر بە جێ و بە شێوەیەکی باش کەڵکی لەم پەندی پێشینیانە وەرگرتووە. هەروەها، ئەم وەرگێڕانە چەند شتی دیکەشی تێدایە، کە بەڕای من هەڵەیە و لەوانەیە خوێنەر تووشی هەڵە بێت. بۆ وێنە:

فارسی: زبانش را دور دهان چرخاند.

کوردی: زمانی بە ناو دەمیدا سووڕاند.

بە ڕای من کاتێ دەڵێ: دور دهان یانی مەبەست لە دەرەوەی دەمیەتی، بەڵام وەرگێڕ کوتوویە ناو دەم، کە باشتر وابوو بڵێ زمانی بە دەوری دەمیدا سووڕاند تا بڵێ بە ناو دەمیدا. وێنە و نموونەگەلی لەم جۆرە لەم وەرگێڕانەدا زۆر کەمن و تاک و تووکن.

بە شێوەیەکی هاماوی (کلی) دەتوانین بڵێین ئەم وەرگێڕانە، وەرگێڕانێکی ئاسان و ساکارە و گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا نابیندرێ و هەروەها، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو دەقەدا؛ واتە دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەست نییە و وەرگێڕانەکەش تا ڕادەیەکی زۆر وەکوو دەقی سەرەکی و سەرچاوەکەی وایە. بەڵام هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، وەرگێڕ بۆ خۆی لە سەرەتای ڕۆمانەکە دەڵێ: کە زمانی ئەم

ڕۆمانە زۆر لە زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانە نزیکە و کەڵکی لێ وەرگیراوە و هەروەها، منیش دەمەوێ بەو جۆرە بیگوازمەوە بۆ سەر زمانی کوردی. وەرگێڕ هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی کردووە تاکوو ئەم جۆرە زمانە کە لە دەقی سەرچاوەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لە وەرگێڕانەکەیدا بیپارێزێ و وەکوو نووسەر زمانی دەقەکەی زمانێکی ڕۆژانە و ئاخاوتنی بێت و خوێنەر و بەردەنگ لە بەرچاو بگرێ.

## سەرچاوەکان:


گلشیری، هوشنگ. *شازده احتجاب*. تهران: انتشارات نیلوفر، ١٣٦٨.

گوڵشیری، هوشەنگ. *شازادە ئحتجاب*. وەرگێڕانی عەتا نەهایی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١.

وەیسی، هوما (کانی)؛ *حەوت خانی وەرگێڕان*؛ کانی کتێب؛ سنە: ١٣٩٤.


هەواڵنامەی کتێب

# دیرۆکی ئافراندن[1]

وەرگێڕانی هێمن تەرواڵ



زانا ڕەشیدی

**جۆری دەق**

جۆری دەق؛ واتەی زمانی نووسینی پەرتووکەکان ئەدەبییە. دەتوانین بڵێین کە کورتە چیرۆکن، کە هەر کامیان پێکهاتوون لە چەند لاپەڕە.

**خوێنەری دەق**

خوێنەری ئەم دەقە یا بەردەنگی ئەم دەقە خوێندەوارەکانن. ئەم خوێندەوارانە دەتوانن قوتابیان، خوێندکاران، مامۆستایان و خەڵکانی دیکە بن. بە واتایەکی دیکە زۆرتریان خوێندەوارانی بواری ئەدەب و ویژەن.

لە ڕەوتی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ بە دوو زمانی مەبەست و دەسپێکەوە خەریکە. وەرگێڕ دەبێ تێ بکۆشێ کە خوێنەر لە وەرگێڕانەکەی تێ بگات و پەیامی نووسەریش نەگۆڕێت. لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بە تایبەت لەو گۆڕانکارییانەی کە وەرگێڕ لە دەقی سەرچاوەوە بۆ دەق و زمانی مەبەست دەیکات، تەنیا دەبێ گوزارشتی ئەو واتایە بکات کە لە دەقی سەرەکی و سەرچاوەدا هەیە. هاوتایی وشەکان بنەماگەلێکی بەهێزن بۆ دارشتنەوەی دەقەکە لە زمانی سەرچاوەدا.

[1] کورتەچیرۆکێکی نووسراوەی سادق هیدایەت.

**چەند ڕێگای سەرکەوتنی وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا**

١گواستنەوە ٢. گۆڕانکاری ٣. هاوتا کردن ٤. زیاد کردن و کورت کردنەوە ٥. داڕشتنەوەی دەق

**لە پرۆسەی وەرگێراندا پێویستە وەرگێڕ لە چەند خاڵدا توانایی هەبێ تا لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ، ئەو خاڵانە بریتین لە:**

١توانستی دوو زمانی ٢. کارامەیی شیکاری ٣. کارامەیی نووسین ٤. توانستی تێ‌گەیاندن و تێگەیشتنی وەرگر

**بەراوردی دەقی سەرچاوە و مەبەست**

لە وەرگێڕانی نووسراودا چەند جۆر وەرگێڕانمان هەیە، وەکوو: وشە بە وشە، واتایی، لێکدانەوەیی، داهێنانی، کورت کراوە.

**وەرگێڕانی واتایی (ڕستە بە ڕستە)**

لەم بابەتەدا و لەم جۆرە وەرگێڕانەدا ڕستە پێوەری وەرگێڕانە و ڕێزمان و شێوەی داڕشتنی وشەکان لە زمانی مەبەستدا ڕچاو دەکرێ و واتای ڕستە هاوواتا کە بە پێی واتای ڕستەی زمانی مەبەست دیاری دەکرێت. لە وەرگێڕانی واتاییدا چەمک و ناوەڕۆک و واتای گشتی دەقی سەرەکی و سەرچاوە بۆ زمان و دەقی مەبەست وەردەگێڕدرێت و بیرۆکەی سەرەکی بە پێی ئەو زمانە لێکدەدرێتەوە.

**چەند خاڵ بۆ ڕوون کردنەوەی وەرگێڕانی واتایی**

١ هەر یەک لە ڕستەکانی زمانی سەرچاوە بۆ ڕستەیەک لە زمانی مەبەستدا وەردەگێڕدرێت.

٢ دەستە واژە و بەند (پاڕاگراف) دەبن بە پێوەری وەرگێڕان.

٣ وەرگێڕ لەم وەرگێڕانەدا زۆرتر بایەخ بە دەق ئەدات.

٤ لە وەرگێڕانی واتاییدا هەوڵ دەدرێت کە بە شێوەیەکی تەواو واتای دەقی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕدرێتەوە. هەروەها، هەندێکجار واتای زمانی مەبەست دەسەپێندرێت.

٥ ئەم وەرگێڕانە بە باشترین و بەربڵاوترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت؛ چونکە وەرگێڕ بە شێوەیەکی زانستی واتای دەق و زمانی سەرچاوە دەپارێزێت.

**وەرگێڕانی واتایی (ڕستە بە ڕستە)**

وەرگێڕ لەم نێوەدا بە پێی دەق و مەبەستی وەرگێڕان جاروبار گرینگی زیاتر دەداتە وەرگر-ی پەیام و جاروبار بە نێرەر-ی پەیام.

**وەرگێڕانی واتایی گرینگی زیاتر دەداتە نووسەر**

وەرگێڕ لە ئاوا دۆخێکدا تێدەکۆشێ تا تەنیا پەیامی دەق بۆ خوێنەر بگوازێتەوە. بەم شێوەیە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە، کە پێکهاتەگەلی شکڵی و مانایی ناتەبا بچێتە نێو زمانی مەبەستەوە.

**وەرگێڕانی واتایی گرینگی زۆرتر ئەدات بە خوێنەر**

وەرگێڕ تێدەکۆشێ تا دەقە وەرگێڕدراوەکەی تا جێگایەک کە ئەلوێ بۆ خوێنەر ئاشنا بێت. بەم شێوەیە هەمووکات ئەگەری ئەوە هەیە کە دەقی بەدەسهاتوو، بە تەواوی قسەی نووسەر نەبێت. لە وەرگێڕانی واتاییدا هەوڵ دەدرێت تاکوو هەموو نموونە پێکهاتەیی و ماناییەکانی زمانی دەسپێک بگوازێتەوە بۆ زمانی مەبەست، جاروباریش بە سەریدا دائەسەپێ و ئاساییە کە ئاوا وەرگێڕانێک بە ساکاری ناخوێندرێتەوە.

**وەرگێڕانی کتێبی *افسانه آفرینش***

ئەم وەرگێڕانە، وەرگێڕانێکی ڕستە بە ڕستەیە و گەر تۆزێک لە وەرگێڕانەکە ورد بینەوە دەبینین کە وەرگێڕ ڕستە بە ڕستە بابەتەکانی وەرگێڕاوەتەوە. وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە دەچێتە ژێر بەشی وەرگێڕانی واتایی (پێوەندی)یەوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕ هەم نووسەر و هەم بەردەنگ و خوێنەری بۆگرینە. هەروەها گرینگی ئەدات بە دەق و زمانی سەرەکی و سەرچاوە و هەوڵ ئەدات ناوەڕۆکی دەق و بیر و هزری نووسەر بپارێزێ و نەیانگۆڕێت.

کتێبخانەی هەوارنامە

**هێنانی چەند نموونە لە دەقی سەرچاوە و مەبەستدا و هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانەکە**

ــ فارسی: خالق اف. کوردی: بینایی چاوان. لێرەدا وەرگێڕ ئەم دەستەی واژەی بە جۆرێک وەرگێڕاوەتەوە، کە ڕوون و ئاشکرا نییە. زۆریش هەوڵمداوە کە لێی تێبگەم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بزانم کە بۆچی بەو جۆرە وەرگێڕانی کردووە.

ــ فارسی: بابا آدم. کوردی: باوادەمێ. لێرەدا وەرگێڕ، وەرگێڕانێکی باشی نەکردووە و بە جێی باوادەمێ دەیتوانی بنووسێ باوەئادەم.

ــ فارسی: عینک کلفت به چشم زده. کوردی: چاویلکەیەکی کوڵفتی لە بەرچاوە. لێرەدا لە بەر چاوە واتە لە ڕووبڕوویدایە یا خود بەرانبەرییەتی و چاوی لێ ئەکات، کە لە زمان و دەقی سەرەکیدا مانایەکی دیکەی هەیە، بە جێی ئەوەیکە بنووسێ لەبەر چاوە، دەبوایێ بینووسیایێ کە چاویلکەیەکی کوڵفتی کردۆتە چاوی. هەروەها، وەرگێڕ لێرەدا کە ویستوویەتی وێنەسازی بکات تووشی هەڵە بووە و بە باشی پەیامەکەی نەگەیاندووە.

ــ فارسی: پهلوی او دختر سفید پوستی، باد بزن در دست دارد.

کوردی: کچێکی چەرمەڵانە و نەرم و نیان، باوەشێنێکی بەدەستەوەیە.

زیاد کردنی وشە و هێنانی هاوواتا (مترادف) بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر و بەردەنگ.

ــ فارسی: بال های آنها به پشتشان خوابیده. کوردی: باڵەکانیان لەسەر پشتیان خڕ کردۆتەوە.

ــ فارسی: فقط ملا عزرائیل صورتش مثل کاسەی سر مرده است. کوردی: مەلا ئیزرائیل کە دەم و چاوی لە کاسەی سەری مردووەکان دەچێ.

سڕینەوەی وشەی فقط کە لێرەدا بۆ تەئکید کردن لە سەر بابەتێک هاتووە و لە شک و گومان دوورمان دەکاتەوە بۆ ئەو بابەتە، وەرگێڕ سڕیویەتەوە. ئەم سڕینەوەیە لێرەدا هەڵەیە.

ــ فارسی: این مردک را بیانداز بیرون! کوردی: ئەم هەتیوە بکەنە دەرەوە.

لێرەدا وەرگێڕ جۆری ڕێزمان و کرداری لە تاکەوە گۆڕیوە بۆ کۆ، کە ماناکەی بە باشی ناگەیەنێت.

هەواڵنامەی کتێب

ــ فارسی: جبرئیل پاشا: چرا که بد بیاید؟! ارادەی خالق اُف است. کوردی: جەبرەئیل پاشا: بۆ چی باش نەبێ؟! ئیرادە ئیرادەی بینایی چاوانە.

هێنانی وشەی زیادی و دووپات کردنەوەی وشەی ئیرادە بۆ تەئکیدی زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە.

ــ فارسی: جبرئیل پاشا از زور خندە، زوزە می کشد. کوردی: جەبرەئیل پاشا لە تاو پێکەنیندا دەلووریێنێتەوە.

لێرەدا دەلووریێنێتەوە، مانایەکی جوان ناگەیەنێت و باشتر وایە بە جێی دەلووریێنێتەوە، بڵێین دەلووریێنێ.

ــ فارسی: میدانی کە امروز ششمین روز است کە مشغول کار هستیم. کوردی: ئەمڕۆ شەشەمین ڕۆژە کە سەرقاڵی ئەم کارەین.

دەتوانین بڵێین کە ڕستە فارسییەکە ڕستەیەکی پرسیارانە؛ چونکە لە سەرەتای ڕستەکەوە وشە یا کرداری میدانی هێناوە، بەڵام لە وەرگێڕانەکەدا ئەم وشەیە سڕاوەتەوە و جۆری ڕستەکەی گۆڕیوە و کردوویە بە ڕستەیەکی هەواڵی.

ــ فارسی: دورنمای زمین. کوردی: دیمەنی سەرسەوزی.

لێرەدا زەمینی بە سەرسەوزی وەرگێڕاوەتەوە، وەرگێڕانێکی هەڵەیە و سەرسەوزی مانایەکی جیاوازی هەیە.

ــ فارسی: ننە حوا (رو می کند بە بابا آدم): خاک بە سرم، میمونە را دیدی کە ادای مرا در آورد؟ کوردی: دایە حەوا (ڕوو لە باوادەمێ): قوڕ بە سەرم! ورد ئەویتەو ئەو مەیموونەت بینی کە چۆن لاسایی منی کردەوە؟

لێرەدا گۆڕانی ڕاویژ (لحن)ی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک دەبیندرێ، کە بە شێوەزار یا زاراوەیەکی دیکە ئاخاوتن دەکەن. هەروەها، وەرگێڕ چەند وشەی بە وەرگێڕانەکەی زیاد کردووە، بۆ باشتر تێگەیشتنی خوێنەر و بەردەنگ.

ــ فارسی: ننە حوا هم دست انداختە، شاخەی درخت را جلو می کشد و پشت برگ ها پنهان می شود. کوردی: دایە حەواش دەست دەهێنێت و لقێک لە دار تووەکە دێنێتە پێشەوە و لە پشت گەڵاکاندا خۆیان حەشار دەدەن.

لەم وەرگێڕانەدا کرداری ڕستە لە تاکەوە گۆڕدراوە بۆ کۆ، دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکارییە هەڵەیە و خوێنەر تووشی گومان دەکات. هەروەها، تەنیا دایە حەوا خۆی حەشار ئەدات. لەم دێڕەدا وەرگێڕ چەند وشەی زیادی بۆباشتر تێگەیشتنی خوێنەر و بەردەنگ هێناوە.

ـــ فارسی: پرده می افتد. از پشت پرده صدای نعره و زوزه‌ی جانوران کم کم خاموش می شود. کوردی: پەردەکە دادێت. لە پشت پەردەکەوە دەنگی قوولە و نووزەی گیانلەبەرەکان هێدی‌هێدی نامێنێ.

باشتر وابوو کە وەرگێڕ بە جێی وشەی قوولە، وشەی نەڕەی بە کار بگرتایێ. هەروەها، بە جێی هێدی‌هێدی نامێنێ، باشتر وایە بیکوتایێ وردەوردە تەواو دەبێ (نامێنێ).

ـــ فارسی: کنار میز یک دانه صندلی راحتی جلو آیینه بلندی گذاشته شده. کوردی: لە کن مێزەکە کورسییەکی نەرم و ڕاحەت لە هەمبەر ئاوێنەیەکی بەرز و درێژدا دانراوە.

هێنانی وشەی هاوواتا بۆ باشتر تێگەیشتنی خوێنەر.

ـــ فارسی: دامن قبای آبی رنگ خود را به کمر شالش زده، آهسته قدم می زند. کوردی: داوێنی کەراسەکەی بە پشتوێنەکەیدا هەڵواسیوە و لە نێو ژوورەکە بە هێواشی هاتوچوو دەکات.

هێنانی وشەی زیاتر بۆ باشتر تێگەیشتنی خوێنەر.

ـــ فارسی: توده گل را به شکل استوانه لووله کرده‌اند، به میان اتاق ما سراند و هن هن می کند. کوردی: نقەنق ئەو ئەپە قوڕەی کە وەکوو گلیل دەرهاتبوو، دەخزێنێتە ناوڕاستی ژوورەکە.

گۆڕانی ڕێزمانی ڕستە بە پێی زمانی مەبەست. هەروەها، هێنانی نقەنق بۆ سەرەتای ڕستە.

ـــ فارسی: روز پنجم جانوران را ... . کوردی: ڕۆژی پێنجەم جانەوەرەکان ... .

سڕینەوەی (را) لە ڕستەکەدا. ئەم سڕینەوەی لە چەند جێگەی دیکەشدا ڕوویداوە.

ئەم نموونە گەلە چەندین نموونەی باش و خراپ بوون کە لە وەرگێڕانەکەدا دیاری کراون. بە پێی ئەم تایبەتمەندییانە و ئەم نموونە گەلە دەزانین کە وەرگێڕانێکی ڕستە بە ڕستەیە. دەتوانین بڵێن ئەم وەرگێڕانە، وەرگێڕانی زۆر باش نییە و زۆر خراپیش نییە؛ واتە لە نێوان چاک و خراپ دایە. هەندێ لە تایبەتمەندییەکان لایەنی باشی و هەندێکی دیکەیان لایەنە خراپەکەی دەردەخەن.

**سەرچاوە:**

تەروالّ، هێمن؛ *دیرۆکی ئافراندن*؛ چاپی یەکەم: ٢٧١٣ی کوردی.

زەند، کەریم؛ *زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان*؛ ١٩٧٧.

مستەفا عەللاف، پەروین عوسمان؛ *واتا و وەرگێڕان*؛ چاپخانەی ڕۆژهەڵات؛ هەولێر: ٢٠٠٩.

وەیسی، هوما (کانی)؛ *حەوت خانی وەرگێڕان*؛ کانی کتێب؛ سنە: ١٣٩٤.

هەواڵنامەی کتێب

# دایە باوە کێ خراوە؟

## وەرگێڕانی مامۆستا هەژار



سومەیە کەریمی

پێش هەموو شتێک دەمهەوێت باسی شێوە و شێوازی وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار بکەم و بڵێم لێرا مەستی چی بووە و چۆن بووە سەبارەت بەو باسە چاوم بە وتارێکی مامۆستا جەمال نەبەز کەوت بەناوی«وەرگێڕان هونەرە » لەوێدا زۆر بەڕوونی باسی چەشنەکانی وەرگێڕان دەکات و دەڵێ سێ جۆر وەرگێڕانمان هەیە کە بریتییە لە: ١. وشە بە وشە ٢. وەرگێڕان بەدەسکارییەوە (ئەمیش بۆ خۆی دووبەشە ١:وەرگێڕان بەفراوانکردن ٢: وەرگێڕان بە کورتکراوە) ٣. وەرگێڕان بە ئیلهامەوە

بەڕای من کارەکەی مامۆستا هەژار دەتوانین بخەینە خانەی ژمارە سێوە واتا وەرگێڕان بە ئیلهامەوە. بەڵام چۆن؟ مەبەست لە وەرگێڕان بە ئیلهامەوە واتا وەرگێڕ خۆی نابەستێت بە دەقەکەوە، نایهەوێت دەقاودەق بابەتەکە بنوێنێت و پێشکەشی خوێنەری بکات، بەڵکوو بەتەنیا بیر و هزرکە لە دەقی سەرچاوەوە دەگرێت و ئەوسا هەمووی بەشێوەی خۆی دەهێنێتە سەر دەقی مەبەست. هەروەک چۆن هەژار بۆ خۆشی وتەکەی ئیمام عەلی هێناوە کە فەرموویەتی: مەڕوانە وێژەر کێ بووە، وێژراوەکە بخە بەرچاو. واتا هەژار لێرادا فەقەت ویستوویەتی کەڵک لە بیر و هزری شەریعەتی بگرێت وبیر بۆچوونەکانی ئەو داڕێژێتە سەر زمانی کوردی. واتە چۆن؟ بیرەکە وەردەگرێت، لێیتێدەگایت و پاشان بە شێوەی خۆی و بە زمانی خۆی دایدەڕێژێتە سەر زمانی کوردی.

لەلاییێکی دیکەشەوە شایەد هەندێ کەس لەم جۆرە وەرگێڕانە بە ئاگا نەبن و بڵێن هەژار موکریانی هەر لە سەرەتایی ترین ڕستەیەوە تووشی هەڵە بووە. دەبوو بە جێگای دایە باوە کێ خراوە؟ دایە

باوە ئێمە تاوانبارینی بهێنایە. بەڵام دەکرێت بڵێین نەخێر بەڕێزگیان وا نییە مەبەستی هەژار شتێکی کە بووە، ویستوویەتی لە بیری شەریعەتی کەڵک وەربگرێت و لەو ڕێگاوە بە ئێمەی کورد بڵێ کە چی چاکە و چی خراپە و ئەو باسانە چۆنە ئیجا بە شێوەی خۆی باسی دەکات.

هەروەها شایانی باسە کە بڵێم ئەو شتانەی سەبارەت بە هەژار کوتم بەشێوەیێکی لایەنگرانە نەبووە، هەژاریش وەک هەموو نووسەرێکی کە ڕەخنەی لەسەرە، ڕەخنەش نەک بەس خاڵە لاوازەکانی نووسەرێک باس بکەین بەڵکوو خاڵە بەرچاوەکان و تایبەتمەندییەکانیشی دەبێت باس بکرێت.

هەژار لەم وەرگێڕانەیدا دوو لاپەڕەی بە قەڵەمی خۆی نووسیوە. بە سەر دێڕی خوشک و برا کوردەکانم! دەستی پێکردووە. هەروەها وەکوو شەریعەتی ناوەڕۆکەکەی دابەش کردووەتە سەر چەن بەش و بۆ هەر بەشێک لە بابەتەکان سەر دێڕێکی هەڵبژاردووە، بەڵام بۆ ئەم سەر دێڕانەش بەپێی بیروبۆچوونی خۆی وشە و دەستە وشەی بەکار هێناوە.

بۆنموونە:

جهانی به وسعت یک محله

یک مسله اساسی امروز مطرح است و ان این است که ما، بعنوان طرفداری از مذهب و همچنین ما به عنوان اعتقاد به تشیع، در زمان خودمان و در برابر نسل تحصیلکرده جدیدمان متهمیم.»

«جیهانێک لە ناو کۆڵانێک»

ئێمەی ئیمڕۆ- کە خۆمان ناوناوە دیندارە. سوور دەزانین چینی خوێندەواری تازە، بە تاوانبارمان دەزانن؛ تیز و تەشەرمان تێدەگرن. لایان وایە ئاوەزمان پارسەنگی دەوێ و ئایینداری، کۆمەڵی پێپاش دەکەوێ»

لێرەدا گەر سەرنج بدەین ئەم شێوە وەرگێڕانە واتایێکی دیکەشی لێدەبێتەوە کە زۆر بەر چاوە. شەریعەتی دەڵێت: «جهانی به وسعت یک محله»مەبەستی جیهانێک بە پانتایی کۆڵانێک بووە، کەچی هەژار وەریگێڕاوەتە سەر جیهانێک لە ناو کۆڵانێک. دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەست یەک ناگرنەوە و ئەگەر بە پێی وەرگێڕانی دەقاودەق چاو لەم وەرگێڕانە بکەین دەڵێین جێگای باس و لێکدانەوەی هەیە. بەڵام هەروا کە لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێکرد ئەم وەرگێڕانە بە شێوەی دەقاودەق نەهاتووتە ئەنجام بەڵکوو لە

بەکارهێنانی وشە و چەمکەکان و ڕستەکاندا و هەروها شێوەی تێڕوانین و بۆچوونەکانی بە پێی ڕوانگە و بیری خۆی لێکی‌داوەتەوە؛ دەتوانین بەم وەرگێڕانە بڵێین وەرگێڕانی ئازاد، مەبەست لە ئازاد ئەوەیە کە وەرگێڕ خۆی نابەستێت بە دەقی سەرەکی یان دەقی سەرچاوە. وەرگێڕانەکەی هەژار زۆر ئازادانەیە گەر پۆلێن بەندییێک بۆ ئەم وەرگێرانە بکەین دەچێتە ئەو خانە وەرگێڕانەوە کە زۆر شتی لەباری گواستنەوەی واتا، وشە ودەستە وشەدا ڕەچاو نەکراوە.

لەم نمونەی خوارێدا زۆر بە جوانی بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە ئازادە:

«کربلا، یک مکتب انقلابی بزرگ است. اگر استعمار خارجی و استعمار داخلی، غرض های سیاسی و مرضهای فکری، قرن ها کار کرد.»

«باوە! تۆ چیرۆکێکت هەس، باسی حوسێن و کەربەلا. دایم و دەرهەم بەساڵ، بەمانگ، بە شەو، بە ڕۆژ، کردووتە بە بنێشتە خۆشکە و دەیجوویەوە.»

هەژار بە مەبەستی چاکتر تێگەیشتنی بەردەنگ هەوڵی داوە نمونەهاییێک بهێنێتەوە کە لە ناو ئێمەی کورد زۆر باوە و لێمان نزیکترە و تێگەیشتنی ئاسانترە. شایەد «گەر بهاتایە دەقاودەق شتەکان و نمونەکانی ئەوانی بخستایەتە بەرباس بۆ بەردەنگ تێگەیشتنی ئاسان نەبووایە و شایەدیش دەقەکەمان بە هی خۆمان نەزانیبا و بمانکوتایە باس و باوەڕ و دینی کابرای شیعە بە منی کوردی سونی مەزهەب چی؟!»

**سەرچاوەکان:**


شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمان؛ *چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی*؛ ئانا؛ سنە: ۱۳۹۱.

شریعتی، علی؛ *پدر، مادر، ما متهمیم*؛ شبدیز؛ تهران: ۱۳۵۷.

نەبەز، جەماڵ؛ *وەرگێڕان هونەرە*؛ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (دەزگەی ڕاگەیاندن): ۲۰۰۸.


هەواڵنامەی کتێب

# شلم شوربا[1]

## وەرگێڕانی بێهزاد خۆشحاڵی



شەقایق حەسەنزادە

چێشتی مجێور بەسەرهاتی نووسەری گەورەی کورد مامۆستاهەژارە بە قەڵەمی خۆی. چوارچێوەیێکی تایبەتی هەیە. لە خزمەتی ئەوەدایە چیرۆک یا ژیاننامەکە بە شێوەیێکی سەرنجڕاکێش و پوخت و پاراو بەیان بکات. زمانەکەی خۆماڵیە لە شێوازێکی تایبەت کەڵکی وەرگرتووە. ئەو ڕابردووەی بۆ کوڕەکەی خۆی، خانی، نووسیوە. کە ئاماژە بەوە دەکات بۆ لاوێکی دەگێڕمەوە و نابێ بڵێن ئەدەبی و زانستی نییە. بە زمانێکی ساکار کە خۆی قسەی پێ کردووە نووسیویەتی. بەرهەمەکەی خۆماڵیە و ساکار. لە وشەی زۆربەی زاراوەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی کەڵکی وەرگرتووە. لەبەر ئەوەیکە زۆربەی ڕووداوەکانی بیر نەماوە و یەک لە دوای یەک باسی ناکات ناوی چێشتی مجێوری بۆی هەڵبژاردووە.

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان کە گواستنەوەی دەقێکی سەرچاوەیە کە لە زمانی سەرچاوەدا نووسراوە بۆ دەقی مەبەست. وەرگێڕان دوو بەشە: بەشێکی ئەدەبی و بەشێکی غەیرە ئەدەبی، وەک بابەتگەلی زانستی. وەرگێڕان دەتوانێت وشە بە وشە یا ئازاد بێت. وەرگێڕان دەبێت سەبکی نووسەر بگوێزێتەوە. لە دەقی ئەدەبی زۆرتر گرینگی بە سەرچاوە دەدرێت واتە سەرچاوەگەرایە و دەبێت چێژی دەقی سەرچاوە لە دەقی مەبەستدا هەست بکرێت. نووسەر گرینگە چ فۆرمێکی بێت، وەرگێڕ دەبێت شارەزای زمانی مەبەست و

---

[1] چێشتی مجێور؛ بەرهەمی مامۆستا هەژار موکوریانی.

زمانی سەرچاوە بێت. چوار شێوە لە وەرگێڕاندا هەیە کە دەکرێ لێک بدرێرێتەوە: زیادکردن یا سڕینەوە، هەڵە، گۆڕانکاری، کارێکی بەجێ و باش. بەڕێز بێهزاد خۆشحاڵی لە هەندێ جێگەدا بڕێک لە وشەکانی گۆڕیوە. لەو دەقەدا کە مامۆستا هەژار دەڵێت: «بابم تەبعی مەوزوون بوو و دەیتوانی شیعر بڵێ؛ بەڵام زۆر ڕقی لە شاعیری هەڵدەستا و لای وابوو هەرکەس لە کوردەواریدا دەبێتە شاعیر خوا نان و دۆی دەبڕێ و بە سواڵکەری دەژی و بە سواڵکەری دەمرێ.» بەڕێز بێهزاد خۆشحاڵی وەریگێڕاوەتەوە بەوەیکە: «پدرم طبعی موزون داشت می توانست شعر بگوید اما همیشه از شعر و شاعری می نالید و براین باور بود که در سرزمین کردستان هرکس شاعر شود باید با فقرزندگی کند و با فقر هم بمیرد.» لێرەدا زانیارییەکی گەیاندووە؛ بەڵام نە بە شێوەیێکی دروست و پاراو. بە هەڵە لە وشەی فەقر بۆ سواڵکەر کەڵکی وەرگرتووە و دەیتوانی لە وشەی گەدا کەڵک وەرگرێت. مامۆستا هەژار مەبەستی ئەوەیە کە باوکی وتوویەتی شاعیر مەجبوور دەبێت بۆ هەرشتێ داوای پووڵ لە خەڵک بکات یا بە شیعر سواڵ بکات. لە دەقی ئەدەبیدا وەرگێڕ مافی کەمە. وەرگێڕ دەبێت بۆخۆشی کەسێکی ئەدەبی بێت و داهێنانی هەبێت. کەواتە بە جوانی لە دەقی سەرچاوە تێبگات لەو چوارشێوە بابەتی سەرەکییە کە باسمان کرد گۆڕانکاری بە شێوەیەکی زەق لە وەرگێڕانەکەیدا هەیە. و دەتوانین بڵێین بڕواپێنەکراوە. تەنانەت ناوەکانیشی گۆڕیوە. لەو دێڕەدا کە مامۆستا هەژار دەڵێت: «حەریق کە مردووە نانی شەوی نەبووە مەلا مارفیش هەتا مردن سواڵنامەی بۆ هەرە پیاوی خوێریش دەنووسی؛ ئیوا هەبوو پارەی دە نانی بۆ نەدەنارد.» کە وەرگێڕانەکەی بەڕێز خۆشحاڵی دەڵێت: «حریق و ملا مارف کرکوکی که از دوستان نزدیک و شاعران بزرگ بودند به عنوان مثال یاد می کرد.» مامۆستا هەژار ناڵێت شاعیری گەورە بوون و باس لە دۆستایەتیان ناکات تەنیا باس لە ناسینیان دەکات. هەروەها کۆکی کردووە بە کەرکوکی کە هەڵەیە. دەقی ئەدەبی سەرچاوەگەرایە و زۆرتر گرینگی بە دەقی سەرچاوە دەدرێت؛ کە ئەم بابەتە لەم وەرگێڕانەدا زۆر گرینگی پێ‌نەدراوە و پێچەوانەی تیۆری مامۆستا هەژار کاری کردووە.

وەرگێڕ دەبێت شارەزای دەقی سەرچاوە بێت. هەندێک ڕستە و دەستە واژە لە کوردیدا هەیە کە هاوتاکەی لە فارسیدا نییە؛ کە زۆرکات ڕستەکە هەر بەوشێوە دەهێننە ناو دەقی مەبەست. لە ڕستەیێکدا مامۆستا هەژار دەڵێت: «ئەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی کە دەرسیان خوێندووە سەدی نەوەدی خەریکی

شیعر دانانن.» بەڵام خۆشحاڵی دەڵێت: «کردهایی که الفبایی می آموزند حتما شعری هم می سرایند.» مامۆستا هەژار دەڵێت ئەو کوردانەی کە دەرسیان خوێندووە باس لە مامۆستایی و دەرسدانی ئەوان ناکات. بێهزاد خۆشحاڵی وەرگێڕانەکەی وشە بە وشەیە هەرچەند هەندێ لە وشە کانی سڕیوەتەوە، یا بە هەڵە مانای کردووەتەوە یا وشەی پێ‌زیاد کردووە. لە بڕوای هەندێ کەسەوە وەرگێڕانی وشە بە وشە باش نییە. بەڵام ڤاڵتەر بنیامین  وشە بە وشەی پێ‌باشترە؛ لەبەر ئەوەی پێی وایە هەموو زمانەکان لە زمانی ڕەسەن پێکهاتووە. لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی واتا گرینگە تا فۆرم. خۆشحاڵی واتاکەی پوخت و پاراو نەگەیاندووە و بەجۆرێک فۆرمە کەشی بە هەڵە بەیان کردووە. لە زۆر جێگای دەقەکەدا کاتو-ساتی گۆڕیووە و دەستی لێداوە. بۆ وێنە مامۆستا هەژار لە باسی سوێند خواردنەکەی بۆ باوکی هێشتا کارەکەی نەکردووە باسی بارودۆخی ئەو کاتە دەکات کە دەڵێت: «جا وەرە جوێنم بۆ داباریێ و بە سوێندی درۆوە ڕەش ببەوە کە من گوناهی وام نەکردووە.» خۆشحاڵی وەریگێڕاوەتەوە سەر ئەوەیکە: «حال بیا و چوب طعنه های او را بخور با هزار سوگند و دروغ راضیش کردم که من مرتکب چنین اشتباهی نشده ام.» کاتوساتی گۆڕیوە، توانستی ڕاگواستنی نەبووە. تەنانەت خوێنەر تێ‌ناگات کە لە دەقی سەرچاوەدا شارەزایە یا دەقی مەبەست. خاڵێکی ئەرێنی کە بە ڕێزیان سەرەنجی داوە؛ ناوی شوێنی لە ناو گیوومەدا نووسیوە بۆ ئەوەیکە خوێنەری دەقی مەبەست تێ‌بگات ناوێکی تایبەتە. وەرگێڕ دەبێت شێوازی  نووسەر بگۆزێتەوە ناو زمانی مەبەست و خوێنەر چێژی لێ‌وەرگرێت؛ چون دەقی ئەدەبی سەرچاوەگەرایە و دەبێت شێوازی مامۆستا هەژار بگۆزێتەوە سەر دەقی مەبەست. لەم دێڕەدا کە مامۆستا هەژار دەڵێت:  «لە بیرمە لەو زەمانەدا کە شیعرم دەگوت...» بەڕێز خۆشحاڵی دەڵێت: «به یاد می آورم آن دم که شعر می سرودم.» مامۆستا هەژار زۆر خۆماڵی قسە دەکات، چوارچێوەیێکی ساکاری هەیە. بە پێچەوانە بێهزاد خۆشحاڵی زۆر ئەدەبی کردووەتەوە. بە گشتی سڕینەوە لە وەرگێڕانی بەڕێز خۆشحاڵیدا زۆرە. لە دێڕێکدا کە مامۆستا هەژار دەڵێت: «بەڵام لە دواییدا بوومە ئەندامی کۆمەڵی ژـــک و دیتم کۆمەڵە بەو ئاواتەوەیە شاعیری هەبن و هەندێک شیعری پەسەندکراویانم دیت لام وابوو منیش هەرچۆنێک بێت دەزانم وەک ئەوانە بهۆنمەوە لە خۆشەویستی کۆمەڵە بامدایەوە سەر شیعرگوتن بوومە شاعیری ناچاری، لەوساوە ناوی شاعیریم بەسەردا سەپا.»

هەولێرنامەی کێز

بەڕێز خۆشحاڵی دەڵێت : «اما پس از آنکه عضو جمعیت ژ ـ ک (جمعیت تجدد حیات کرد) شدم، احساس کردم جمعیت نیازمند سرودن شعر است؛ این کار را از سر گرفتم.» زۆربەی وشەکانی سڕیووەتەوە مامۆستا هەژار باس لە پێویستی و نیاز ناکات لە ڕاستیدا باس لە ئاواتەکانی کۆمەڵە دەکات و دەڵێت ئەو چەن شیعرەم دیت منیش هاندرام بۆشیعر وتن کە بە تەواوی لەوە ناچێت. پاشان از سر گرفتم یانێ دەس پێ کردن بەڵام مامۆستا هەژار دەڵێت ناوی شاعیریم بەسەردا سەپا.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوە زۆرتر شی کردنەوەی وەرگێڕان بوو. بە بڕوای من وەرگێڕان هەم زانستە هەم هونەرە؛ کەسێک وەرگێڕان ئەنجام ئەدات ئەبێت ئەو هونەرە لە خۆیدا شک ببات و بەش بە حاڵی خۆی زانستی وەرگێڕانی خوێندبێت و بزانێت.

**سەرچاوەکان:**


شەرەفکەندی عەبدولڕەحمان. چێشتی مجێور. چاپی یەکەم. سنە: کانی، ۱۳۹۲.

شرفکندی عبدالرحمن. *شلم شوربا*. ترجمەی بهزاد خوشحالی. تهران: پانیذ، ۱۳۸۹.


هەواڵنامەی کتێب

# ماسییە ڕەشە بچکۆلە[1]

## وەرگێڕانی خالق تەوەکولی



سارا جەعفەری

هەواڵنامەی کێژ

**سەرەتا**

سەمەد بێهرەنگی لە دایبک بووی ساڵی ۱۳۱۸ شاری تەورێزە، بێهڕەنگی بە زمانێکی هێماخوازانە بەرهەمەکانی بۆ تازەلاوان و منداڵان بە زمانی فارسی نووسیوە. بێهرەنگی چەپ گەرا بووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەکە نووسراوەکانی ڕەنگ و بۆی چەپ گەرایانەی هەبێ و ئەو ڕوانگەیە زاڵ بێتە سەر بەرهەمەکانی. کوورتەچیرۆکی ماهی سیاه کوچولو یەکێ لە گرینگترین و بە ناوبانگترین بەرهەمەکانی بێهڕەنگییە کە براوی چەندین خەڵاتی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی بووە. ماهی سیاه کوچولو باسی بەسەرهاتی ژیانی ماسییەکی چکۆلەیە کە لەگەڵ دایکی لە جویبارێکدا دەژین. خەونی دیتنی زەریای هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە شوێن ئاواتەکانییەوە بڕوا، بەڵام لە ڕێگەی گەیشتن بە ئاواتەکانی تووشی کێشە دەبێ، ماهی سیاه کوچولو وەکوو هێمایەک بووە بۆ تازەلاوانی شۆڕشگێڕی وڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، زمانی بێهڕەنگی لەو سەردەمەدا زۆر کاریگەر بووە. ئەم کتێبە بە چەندین زمانی جیاوازی دونیا وەرگێڕان کراوەتەوە، خالق

---

[1] *ماهی سیاه کوچولو*، بەرهەمی سەمەد بێهڕەنگی.

تەوەکولی وەکوو وەرگێڕێ ئەم کتێبە، بە نێو ماسییە ڕەشە بچکۆلە بۆ ئاخێوەرانی کورد وەرگێڕاوە و چاپەمەنی مانگ بڵاوی کردووەتەوە.

**شرۆڤە**

هێنانەوەی هەندێ چەمک و زاراوەی کوردی بە جێگەی فارسییەکان، وەرگێڕ لەسەر هەر دوو زمانی سەرچاوە و مەبەست شارەزا بووە و توانیویە هاوتای باشیان لە کوردیدا بۆ دانێت .هەمان کاریگەری، شێوەی دەربڕینی مەجازی و کەڵک وەرگرتن لە پەند و زاراوەی باوی کوردی.

**همسایە گفت این حرف ها مال گذشتە است- دراوسێ کوتی کای کۆن بە با مەکە

**تا کار بە جای باریک نکشیدە - تا کار لە کار نەترازاوە

**اصلا تو بیخود بە در و دیوار می زنی - تۆ چێو لە تاریکی دەکوتی

**دیگر خودت را بە آن راە نزن - ئیتر خۆتی لێ گێل مەکە

**من با قورباغە ها لجم — من دانووم لەگەڵ قرپۆکەکان ناکوڵێ

**کار تمام است — کار لە کار دەترازێت

**دلم برایتان می سوزد- زگم پێتان دەسووتێ

**تو ما را از خواب خرگوشی بیدار کردی — ئێمە لە گوێی گادا خەوتبووین، تۆ ئێمەت وەخەبەر هێنا.

**ماهی سیاە گریە او را دید و گفت؛ این بچە ننە ی ناز نازو را چرا دیگر همراە خودتان آوردید؟ - ماسییە ڕەشە بچکۆلە کە گریانی ئەوی دیت گوتی؛ باشە بۆچی ئەم نازداری قازی بەنێتان لەگەڵ خۆتان هێناوە؟(بۆ وشەی بچە ننە وەرگێڕ لێرە قازی بەنێ بە کار بردووە، لە پەراوێز کتێبەکە نووسەر بە باشی بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەو قازی بەنێ چییە، لەویا نووسراوە کە قازی بەنێ زیارەتگایەکە، گوایا هەر ژنێک منداڵی نەبێ، ئەچێتە سەر گۆڕەکەی بۆ ئەوەی منداڵی ببێ، ژنی وا هەیە گەڕاوە منداڵی دەبێ، هی وایش هەیە نایبێ، ئەوەی وا منداڵی دەبێ، منداڵەکەی زۆر خۆشەویست دەبێ، لای باوک و

دایکی پێی دەڵێن نازداری قازی بەنێ، هەر کەسێکی تر وا منداڵەکەی خۆشەویست بێ پێی دەڵێن نازداری قازی بەنێ.

٢- وەرگێڕ لە هەندێ شوێندا، دەقی سەرچاوەی  بە تەواوی سڕاندووەتەوە و لە وەرگێڕانەکەدا نەیهێناوە، هەرچەن زۆربەی لە وشە سەرەکیەکان و ڕستەکانی دیسانەوە هاوردووە، بەڵام ئەم چەن نموونەیە سڕاندووەتەوە، ڕەنگە ئەویش بە پێش چاوی نەکەوتوێ یاکوو زۆر بە پێویستی نەزانیوێ، چونکە وشەکانی ئەوەندە سەخت نییە کە وەرگێڕ نەتوانێ هاوتای بۆ دابنێ یاکوو نەتوانێ لە ڕیزکردنی وشەکان لە پاڵ یەک ڕستە ساز بکا.

**وقتی حرف های ماهی سیاه کوچولو تمام شد، مادرش گفت؛ بچه جان مگر به سرت زده دنیا.. دنیا.. دنیا دیگر یعنی چه، دنیا همین جاست که ما هستیم زندگی همین است که ما داریم.

** این را هم می دانم که مرغ سقا چه کیسه ی گل و گشادی دارد.

** ماهی سیاه کوچولو گفت فکر مرا دیگر نکن من تا این بدجنس را نکشم بیرون نمی آیم.

**می بخشی حرف حرف می آورد اگر به حساب فضولیم نمی گذاری،  بگو ببینم ماهی گیر را چگونه تنگ می آورند؟ ببووره قسه قسە دێنێ، پێم بڵێ چۆن ڕاوچیەکەیان بە زاڵە هێناوە

لێرەدا اگر به حساب فضولیم نمی گذاری سڕاوەتەوە، ڕەنگە وەرگێڕ لەبیری چووبێ وەرگێڕانی بکا .

٣- ئیزافە کردنی هەندێ شت بە دەقی مەبەست، وەرگێڕ جگە لەوەیکە شتی لابردووە ، هەندێ شتی دیکەشی ئیزافە کردووە. ئەمەش بە دڵخوازی وەرگێڕ بووە کە هەندێ شتی گۆڕاندووە و یاکوو بە دەقی مەبەست ئیزافەی کردووە کە ناتوانێ کێشەی وەرگێڕان بێ .

**مگر اینجا چه عیبی دارد؟ – باشە پێمان بڵێ مەگەر ئێرە کێشەی چییە؟



هەواڵنامەی کتێب

**قورباغه لب برکه نشسته بود، جستی زد توی آب وآمد پیش ماهی و گفت؛ - قرپۆکەکە کە لە سەر بەردێکی قەراغ گۆمەکە، گوێ بۆ متۆمۆی ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە و بێچووەکانی هەڵخستبوو، پەڕییە نێو ئاوەکە و هات بۆ لای ماسییەکەو گوتی.

**بیچاره تو که هنوز راه رفتن بلد نیستی – ئەی هاوار بۆ تۆی بێچارە کە هێشتا نازانی بە ڕێگەدا بڕۆی.

**ماهی ریز گفت؛ تو مگر کی هستی ، مگر نمی بینی دارم از بین می روم – خۆزگە بە دڵت ، مەگەر نابینی خەریکم لە ناو دەچم.

٤- وەرگێڕ هەندێ شتی لە دەقی مەبەستدا بە پێچەوانەی دەقی سەرچاوە وەرگێڕاوە، ڕەنگە هەر لە یەک وشەیشدا بێ بەڵام هەر ئەو جیاوازییە هەیە، ئەمە خۆی یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانەکەیە و چون دەقێکی ئەدەبییە، زۆر ناتوانێ کێشە ساز بکا

** اما نگو درد دل او از چیز دیگری است – بەڵام نەیدەزانی بەچکەکەی بە دەردێکی دیکەوە دەناڵێنێ.

**مادرش گفت؛ حتما باید بروی؟ - دایکی گوتی دڵنیای دەبێ بڕۆی؟ .

**هنوز هم همان ماهی چشم بسته ام که بودم – هەموو تەمەنیشم بە کوێری و کەڕی بردووتە سەر .

**نمیدانم کدام بدجنس زیر پای بچه نازنینم نشسته – نازانم کام خوانەناس چووەتە کێشەی منداڵە نازدارەکەمەو و لە خشتەی بردووە. ((بدجنس=خوانەناس))

**هزارها کفچه ماهی توی آب وول می خوردند – بە هەزاران کلکەتەشی لە ناو ئاوەکەدا لە جم وجووڵ بوون.

**می نشینم از تیغ گیاه ها خنجری می سازم و به ماهی های دانایی مثل تو می دهم – لە چڵقی گیاکان خەنجەرێ ساز دەکەم و دەیدەم بەو ماسییانە کە وەکوو تۆ گۆڕان خوازن .(( دانا= گۆڕانخواز))

**چەن خاڵی گرینگ و سەرەنجڕاکێش**

* لە بواری ڕێزمانیەو زۆربەی ڕستەکان و بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە  بە پێی ڕێزمانی کوردی بە ڕێکوپێکی ڕیز کراون و بەو شێوە کێشەی دەستووری نابیندرێ.

* هێنانی پەراوێز و پاوەرەقی لە هەندێ شوێندا بۆ وشەگەلی سەخت وەکوو نێوی ماسییەکان و ئەڵبەت هەندێ وشەی دیکە . بۆ وێنە لە لاپەڕەی 23 کە نێو سەقاقوش، ماسییەشارە، ماسیخۆرەی هێناوە لە دەقەکە لە پەراوێزدا ئاماژەی بە هاوتا فارسیەکانی کردووە بۆ نموونە ماسیخۆرە لە پەراوێزدا هاتووە باڵدارێکی سپییە کە ڕاو ماسی دەکا، بە فارسی مرغ ماهیخوار.

لاپەڕەی 19 بۆ قرپۆک نووسیویە قربۆق ، بۆق کە ئاماژەی بە هاوتاکانی لەو زاراوەکان کردووە.

لاپەڕەی 24 بۆ بەرچیلە نووسیویە گۆشتی ژێر چەنە بە فارسی غبغب .

لاپەڕەی 28 بۆ وشەی نامۆ  وشەی غەوارە و بێگانەی داناوە ، هەڵەیێک کە هەیە ئەوەیە کە لە لاپەڕەی 40 وشەی غەوارە هاتووە و واتەی نامۆ و بێگانەی بۆی داناوە کەچی ئەیتوانی بۆ وشەگەلی تر هەر لەو لاپەڕە ئەو کارە بکا وەک وشەی هاشاوڵ .

*بێهەرەنگی ئەم چیرۆکییە بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ منداڵان و تازەلاوان نووسیوە بە جۆرێ کە بە هاسانی تێدەگەن، بەڵام خالق تەوەکولی بە هۆی هێنانی وشەگەلی پەتی کوردی و هەروەها هێنانی هاوتای کوردی بۆ ڕستەکان دەقەکەی تۆزێ سەخت کردووەتەوە، کە ڕەنگە منداڵان و تازەلاوان لە خوێندنەوەی تووشی کێشە بن ، باری ئەدەبی کارەکە زیاد بووە و چووەتە سەر و لە بواری خۆماڵی کردنی دەقەکە وەرگێڕ سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەروەها کە وترا،  ئەم دەقە بۆ تاقمی کەم تەمەنی کۆمەڵگایە و پێویست بەو پەتیگەرییە ناکا، بۆ نموونە لەو شوێنە کە ئەڵێ «همسایه گفت این حرف ها مال گذشته است» کە وەرگێڕان بووە بە «کای کۆن بە با مەکە» یان ئەوەی کە ئەڵێ «من با قورباغه ها لجم» بووە بە «من دانووم لەگەڵ قرۆپەکان ناکوڵێ» کە خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەم زاراوە و مەتەڵە پێویستە کە ڕەگەزی بزانێ کە بۆ کەسێکی کەم تەمەن ئەم شتە سەخت و کێشە سازە .

ئەڵبەت ئەبێ بە ئەمەش ئاماژە بکرێ کە هەندێ وشەی کوردی و پەتی و خۆماڵی لە ماسییە ڕەشە بچکۆلە هەیە کە ئەتوانێ بۆ فێرکاری گرینگ بێ، ناوی بوونەوەرەکان و ماسییەکان بە کوردی هاتووە وەکوو قرژانگ، مارمێلک، کلکەتەشی، قرپۆک، ماسیخۆرە، کیسەڵ، قرژاڵ، کارمامز و.... یان تەپلۆس (تنبل) بێواز(بی میل) کە ، ئەمەش خوێنەر ئەگەر لە ناوچەی کوردستاندا بوو، کە ئەم وشەگەلە باو نەبووە لەوێ، بە یارمەتی لە گەورەکان دەتوانێ ماناکەی بزانێ ، (بە هۆی بەربڵاوی کوردستان ڕەنگە لە هەنێ ناوچە ئەم وشەگەلە لە زمانی ئاسایی و ئاخافتنی خەڵک بەکار بێن).

* نزیک بوونی دەقی سەرچاوە و مەبەست لە باری جوگرافیایی و هەروەها زمانی ، جیاوازی فەرهەنگی کە نێوان دوو بەرهەمەکەدایە کەم ئەکاتەو ، ئەگەرچی لە نێو ئەم دوو دەقە باسی فەرهەنگی نەکراوە و هێمایانە بووە، بەڵام بە شێوەییەکی بەرپێوار ئاماژە بە کۆمەڵگای ئێرانی لەو سەردەمە دەکا و ماسی هێمایە بۆ تازە لاوان، لەباری سیاسی و فەرهەنگییەوە فارسەکان و کوردەکان لەگەڵ یەکدا پێوەندیان هەیە و لەیەک نزیکن.

* لە دەقی سەرچاوە لە هەندێ شوێندا لە ماسییەکە و ئەو بوونەوەرگەلە کە لە درێژەی سەفەرەکە لەگەڵیدا قسە ئەکا وێنەیەک کێشراوە ، ئەمەش لە دەقی وەرگێڕدراو هاتووە و نەسڕاوەتەوە.

**کۆتایی؛**

لە کۆتایی کارەکە ئەبینین سەرەڕای ئەم چەن خاڵە، وەرگێرانەکە باش و پەسەندکراوە. وەرگێڕ لە دەرئەنجامی کارەکەی سەرکەوتووە، هەم هەندێ شتی تازەی بە بەردەنگی خۆی ناساندووە وەکوو نازار قازی بەنێ و هەم دەقەکەی خۆماڵی کردووە وەکوو بەکار بردنی زاراوە کوردییەکان.

**سەرچاوەکان:**


بهرنگی، صمد. *قصه‌های صمد بهرنگی*. چاپ اول. استکهلم: کتاب ارزان، ۱۹۹۸.

تەوەکولی، خالق؛ *ماسییە ڕەشە بچکۆلە*؛ مانگ: ۱۳۹۵.

# مۆرانە[1]

## وەرگێڕانی ڕەسووڵ سوڵتانی



شادیه وەهابی

### سێ پێوەر بۆ بەراورد کردن:

پێوەری یەکەم: بەپێی زانیاری هەر دوو دەقەکە لە باری زانیاری وەکوو یەکن. پێوەری دووهەم: بە پێی ڕوون یان لێڵی، کە دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەست هەر دوو ڕوونە. پێوەری سێهەم: شێوازی نووسین، کە شێوازی هەر دوو دەقەکە سرووشتییە بەڵام لە دەقی سەرچاوە شێوازی نووسینەکەی ئەدەبییە بەڵام لە دەقی مەبەست شێوازەکەی ساکار وسادەیە لە بڕێ شوێن لەفزەکەی خۆماڵییە.

### ١-بواری سڕینەوە:

-دەقی سەرچاوە: مبادا کسی تصور کند کیسه دوختەام.

دەقی مەبەست: مانای بۆ دانەناوە و لە دەقی مەبەست سڕیویەتەوە.

-دەقی سەرچاوە: دیگه تنهای تنها هستم.

دەقی مەبەست: مانای بۆ دانەناوە.

-دەقی سەرچاوە: کسانی که در دادگاها دستەدسته مردم را با گناه بی گناه به زندان می‌فرستند.

[1] بەرهەمی بوزورگ عەلەوی.



هەواڵنامەی کتێب

دەقی مەبەست: ئەوانەی لە دادگاکاندا پۆلپۆل خەڵکی بێتاوان لە زیندان توند دەکەن. تاواندار لێرەدا نەنووسراوە وهەروەها بۆ وشەی زیندان دەیتوانی وشەی بەندیخانە هەڵبژێرێ.

-دەقی سەرچاوە: اما همین قدر بس هست کە گاهی پیغام وپسغامی بەمن بدهد.

دەقی مەبەست: بەڵام ئەوەندەیە جاروبار پەیخاوێکم بۆ دەنێرێ. لێرەدا بۆ وشەی پسغام هاوواتای دانەناوە، وەکوو وشەی دوا پەیخام.

**۲- بواری پەند و مەسەل:**

-دەقی سەرچاوە: قصدم این است آنچە دربارەی دیگران مینویسم قابل قبول باشد.

دەقی مەبەست: باسی خەڵکی، وا ناگێڕمەوە نەچێتە ئەقڵەوە. لە کۆ ڕستەی خۆماڵی کەڵکی وەرگرتووە.

-دەقی سەرچاوە: ازآن آب و دانە در نمی آمد.

دەقی مەبەست: هیچی هەڵنەدەکێنرا. دەقی سەرچاوە لە پەندومەسەل کەڵکی وەرگرتووە بەڵام لە وەرگێڕان پەندومەسەلی بۆ دانەناوە، بەبڕوای من دەیتوانی بەرچاو تەنگ یان ئاویش گەرم ناکا بە کار بهێنێ.

**۳- بواری ئەدەبی و ساکار:**

-دەقی سەرچاوە: دوندگی دیگر ازم بر نمی آید.

دەقی مەبەست: ئیتر ڕاکەڕاکەم پێناکرێ.

-دەقی سەرچاوە: فقط دستم کار میکند، مغزم پوک است.

دەقی مەبەست: هەر دەستم بۆ ماوەتەوە مێشکم کای تێدایە.

دەقی سەرچاوە: فصاحت وبلاغتی در کار نیست.

دەقی مەبەست: هیچ گفت ولفتی ناوێ.

دەقی سەرچاوە: من جزء بەجزء زندگی دور وبری های خودم را میدانم همەشان را میشناسم.

هەواڵنامەی کتێب

دەقی مەبەست: من لە ڕەگی قووتی ئەوانەی دەور و بەریشم شارەزام کەردار کەری خۆی واناناسیٚ.

-دەقی سەرچاوە: دیگر لازم نیست پیش آنها دستم دراز شود.

دەقی مەبەست: ئیتر پێویست نییە دەستیان لەبەر پان بکەمەوە.

**٤- گۆڕانکاری لەدانانی مانا کە هاوواتاکانی جیاوازە، بە حەزی وەرگێڕ:**

-دەقی سەرچاوە: در فرانسه رکن دوم.

دەقی مەبەست: لە فەڕانسە ژووری عەمەلیات.

-دەقی سەرچاوە: این را بگویم که متوجه شوید اطلاعات من از چه منبعی است.

دەقی مەبەست: ئەوەش بڵێم بۆ ئەوەی بزانن سەرچاوەی بژیوی منیش لەکوێیە.

-دەقی سەرچاوە: همبازی بودیم.

دەقی مەبەست: ئاواڵ بووین. لێرەدا وشەی ئاواڵ بۆ هاوبازی نابیٚ، ئاواڵ بە واتای ڕەفێق یان دۆستە بۆ هاوبازی وشەی هاوکایە باشترە.

-دەقی سەرچاوە: ما فقیر بیچاره بودیم.

دەقی مەبەست: ئێمە هەژار و ناهمێد بووین. بە بڕوای من وشەی بێچارە کە ناهمێدی داناوە جوان نییە، دەیتوانی وشەی داماو یان بەوبەخت هەڵبژێریٚ.

-دەقی سەرچاوە: میخواهی چیکار کنی؟

دەقی مەبەست: خێر بۆ دەپرسی؟ دەقی مەبەست بە دەقی سەرچاوە نایی، ئەو پرسیاری شتیٚ دەکات ئەم شتێکی دیکە دەیژیٚ.

**٥- بواری زیاد کردنی وشە و کۆ وشە:**

-دەقی سەرچاوە: دهان بندان نیست.

دەقی مەبەست: زار دورێن لە گۆڕیٚ نییە.

هەواڵنامەی کتێب

-دەقی سەرچاوە: گفتم این جور نمیشود.

دەقی مەبەست: گوتم ئاوا نەبێ نا.

-دەقی سەرچاوە: عوضش گزارش نوشتەام.

دەقی مەبەست: هەڵبەت تا بڵێ ڕاپورتم نووسیوە.

**٦- بواری ڕێزمانی:**

-دەقی سەرچاوە: سالها پیش از انقلاب مرد.

دەقی مەبەست: چەند ساڵان بەلە ڕاپەڕین مرد. وشەی ساڵها کە لە فارسی کۆ دەبێتەوە لە زمانی کوردی ئیتر پێویست بەوە نییە وشەی ساڵ کۆ بێتەوە دەڵێن چەند ساڵ.

کۆ ڕستەکان یان ڕستەکان لە دەقی مەبەست وەکوو دەقی سەرچاوە جوان ولەبار نییە، ئەوەش هەر ئەوە دەگەیێنێ کە دەقی سەرچاوە لە بەرانبەری دەقی مەبەست ئەدەبیترە هۆی ئەوەیە وشە و عبارەتەکانی جوانتر بە کار هێناوە.

-دەقی سەرچاوە: من هم با او مینالیدم.

دەقی مەبەست: وێڕای ئەو دەنووزامەوە. عبارەتی نووزاندنەوە لێرەدا بۆ مرۆڤ بە کار نایێ باری مەنفی هەیە.

-دەقی سەرچاوە: میدوید پیشم.

دەقی مەبەست: بە غار دان درهاتە لام. لە جێگەیەکی دیکە بۆ دەویدەن هەڕاکردنی داناوە لێرەشدا غاردان کە کاتێ ئەم عبارەتە بۆ مرۆڤ بە کار بێنی جوان نییە وباری مەنفی هەیە.

کردارەکان لە زۆربەی شوێنەکان بە شێوەی خۆماڵی بە کار هاتووە و بەشێوەی فەرمی نییە.

دەقی سەرچاوە: بدبختی هستم شکست خوردە، مفلوک، چلاق، پایم تیر خوردە، چیزی نماندە بود این تیر بە قلبم یا بە سرم بخورد.

هەواڵنامەی کتێب

دەقی مەبەست: چارەڕەشێکی هەڵشکاوم، داماوێکی نۆقسان، فیشەکێکم وەلاقی کەوتووە چی وای نەمابوو دڵم یان سەرم بگرێ.

کاتێکە ڕستەیەکی فارسی جوان بە کار هێنراوە و کردارەکەی بە قەرینە سڕیویەتەوە ڕەنگە ئەو ڕستە وەرگێڕیتەوە ئەو جوانییەی لە بەینبچێ لێرەدا وەرگێڕ ڕستەیەکی وای بە جوانی و بە حەزی خۆی نووسیویەتەوە.

دەقی سەرچاوە: نمی توانستم بە دیگران آنچە فکر کردم و احساس، بروز دهم.

دەقی مەبەست: نەمدەتوانی ئەوەی بیرم لێکردووتەوە و هەستم پێ کردووە، بۆ خەڵکی بدرکێنم.

کاتێکە نووسەر لە دەقی سەرچاوە ناوی تایبەت بە کار ئەبات یان دەیهێنێ بە بڕوای من ئەگەر وەرگێڕ هەر ئەو ناوە دووبارە بە کاری بات جوانترە و پڕپێسیەتی. وەکوو:

دەقی سەرچاوە: اگر اسم آقا مثلا باختری است من بە اسم بختری نقل میکردم.

دەقی مەبەست: ئەگەر ناوی کابرا بۆ وێنە نەوشیروان بووبا من بە ناوی نەوشێران بڵاوم دەکردەوە.

**سەرچاوەکان:**


سوڵتانی، ڕەسووڵ. چاپی یەکەم. تاران: *مۆرانە*، ٢٠١٦.

علوی، بزرگ. *موریانە*. تهران: انتشارات نگاه، ١٣٨٦.


هەواڵنامەی کتێب

# هونەر

- کابووکێ
- پرسیاری بێوەڵام
- تەمبوور
- کورتەیەک لە مێژووی وێنەکێشان لە کوردستاندا

هەواڵنامەی کتێب

# کابووکێ[1]

## ئۆرکێسترێک بۆ هەموو وەرزەکان

### دیمانەیەک لەگەڵ مامۆستا خەسرەو ژیان

**بۆیەکەم جار،**

ئەزموونێکی بەنرخی هونەری دێتە زمان.



ئا: توورەج خەسرەوی

هەواڵنامەی کتێب

*** مامۆستا ژیان، سەرەتا باسی ئۆرکێستری کابووکێ بکە؛ ئەو ئەزموونە ناوازەیە کە لە ئێستادا زۆر کەس قەت ناویشیان نەبیستووە و ئەندامەکانی ناناسن؛ هەر لە دەستپێکەوە تا خولقاندنی ئەو بەرهەمانە و پێشکەشکردنیان و تا کۆتاییهاتنی چۆن شرۆڤە دەکەن؟**

ئۆرکێستری کابووکێ، بە کاک ئێقباڵ حاجبی-یەوە دەستی پێکرد، واتە ئەو دامەزرێنەری ئەم گرووپە بوو و پەرەی پێی دا و بە هەوڵی خۆی و هەڵبژاردنی ژەنیاری بەتوانا و گۆرانیبێژ و گرووپی کۆر، بەڕێوەی دەبرد. کاک ئێقباڵ کەسێکی شێلگیر و ماندوویینەناس بوو و ئەوەندە هۆگری مۆسیقا بوو، لە سەردەمی لاویەتی لە دەوروبەری ١٦ ساڵیدا، ئەو کاتە کە ماڵیان لەگەڕەکی بیست و پێنج بوو، ژێرزەمینێکی پێچ و پلۆچیان بوو؛ دەچووە بەشی پشتەوەی ژێرزەمینەکە و دەرگاکەی پێوە دەدا و قەرەنەی و جاز و ئەو ئامێرانەی دەژەند. ئەگەرچی لە ئوموور تەربییەتی[2] ئەو کاتەدا بوو، بەڵام کەسێک بوو کە خۆی، خۆی پەروەردە دەکرد. ئەو کاتە ئەمن زۆر ئاموشۆی ئەوانم دەکرد. دایکی

---

[1] کابووکێ بە واتای کۆترە و بە چەند شێوە گۆ دەکرێت: کابووکێ، کاڤووک، کاڤووکێ، کاووکێ.

[2] ناوەندێکی هونەری بووە بۆ ڕاهێنان و پەرەسەندنی چالاکییە هونەرییەکان.

کاتێ خواردنی بۆ دەبرد، لە پشت دەرگای ژێرزەمینەکەوە دایدەنا و بانگی دەکرد وەرە نانەکەت بخۆ؛ ئەویش کاتێ سەرقاڵی مۆسیقا و ژەندن دەبوو، وازی لە هەموو شتێک دەهێنا؛ کە دەهاتەوە دەیدی مشک داویە لە خواردنەکە و ئەویش هەر خەریکی مۆسیقا و سازلێدانە.

ئەم ڕاهێنان و خۆماندووکردنانە بووە هۆی ئەوەی کە بە باشی خۆی ئامادە بکات و ئەم ئۆرکێسترە ئاکامی ئەو هەوڵە جیدی و بەردەوامانەی ئەو کاتە بوو. ئورکێستری کابووکێ سەرەتا نزیکەی ٦٠ تا ۷۰ کەس دەبوو؛ زۆربەیان خوێندکاری دانشسەرای هونەری ئەو کاتە بوون کە لە بەشی مۆسیقادا دەیانخوێند. ژەنیاری چاکی تێدا بوو و لە گرووپی کۆرەکەیدا کەسانێکی تایبەت هەبوون و هەروەها ئەو کاتە لە قۆناغی یەکەمدا مامۆستا فەریبورز فەخاری و مامۆستا نەجمەدین غولامی-ش لەم گرووپەدا بەشدارییان دەکرد. تا ئەوەی کە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە ساڵی ۱۳۵۹دا ناوەندێکی بە ناو فیلارمۆنیکی کابووکێ لە مەیدانی ئازادیی شاری سنەدا لە سەرەتای شەقامی وەکێڵدا کردەوە. هەندێ لە ژەنیارەکان لەو ئۆرکێسترەدا نەمان و چوون؛ چەند کەسێکی تر هاتنە نێو گرووپەکەوە و ئەمنیش لەو کاتەدا بوو کە بە ئامێری فلووت هاوکاریم لەگەڵیاندا دەست پێ‌کرد. کاک ئێقباڵ پێشتریش لە ساڵی ۱۳۵٦دا ئەم بەرهەمانەی ئامادە و پێشکەش کردبوو. لە قۆناغی دووەمدا کە ئەم ئۆرکێسترە دیسان دەستی بەکار کرد، ئەم جارە نزیکەی ۸۰ تا ۹۰ کەس تێیدا بەشدار بوون. گرووپی کۆری بوو و زۆرێک لە ئامێرە جۆراوجۆرە فوودار، کلاڤیە، ژێدار و لێدانی-یەکانی بە کار دەهێنا و تەنانەت دەفیشی بە کار هێنا و نزیک بە ٦ دانە دەفی تێدا بوو. بە هاوڕێیەتیی مامۆستا عەزیز شارۆخ، وەکوو گۆرانیبێژ، ئەم گرووپەی بە دەوری یەکدا کۆ کردەوە. بەرهەمەکان لە سنە و سەقز و مەهابادا پێشکەش کرا و بە ڕاستی پێشوازییەکی گەرموگوڕ و زۆر باشیشی لێوە کرا. نزیکەی حەوتەیەک لە مەهابادا بووین و لەوێ پێشکەش کرا. کاک ئێقباڵ، لە ۱۳۵٦ بەم لاوە کە ئەو ئۆرکێسترەی پێک هێنا بەو تەمەنە کەمەوە و بەو پێداویستییە کەمەی ئەو سەردەمەوە ئەو بەرهەمە بەرزانەی خولقاند، کە نزیکەی ۱۸ ساڵی بوو. ئەگەرچی کەسانێک هەن کە مۆسیقایان بە شێوەی ئاکادێمیک خوێندووە، بەڵام زۆریان ماوە بەو ئاستە بگەن؛ بە ڕاستی بەتوانا بوو و هۆگرییەکی ئێجگار زۆری بە مۆسیقا هەبوو و ژیانی خۆی لەو پێناوەدا دانابوو.



وێنەی بەشێک لە ئەندامانی ئۆرکێستری کابووکی، لە کاتی ڕاهێنان، لە هۆڵی ئازادیی شاری سنەدا

بە ڕاستی یەکێ لە دژوارترین و ئاڵۆزترین کارەکانی ئەوە بوو کە بۆ هەموو ئامێرەکان نۆتی دەنووسییەوە؛ ئەم کارە لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژییەوە زۆر ئاسانە؛ بۆ نموونە، ژەنیار بە کیبۆرد پارچەمۆسیقایەک دەژەنێت و ئەم کیبۆردە، نۆتەکەی بۆ ئامادە دەکات. سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتنانە، بەرهەمەکانی ئێستا ئەو چۆنایەتی و هەستەی پێشوویان تێدا بەدی ناکرێت. ئەو شەو و ڕۆژ دادەنیشت و بۆ هەر ئامێرێک نۆتی دەنووسییەوە و خۆی پێوە ماندوو دەکرد. زۆر بە هەستیارییەوە ئەم کارانەی ئەنجام دەدا و لە نێوان ئەو هەموو ئامێرەدا ئەگەر کەسێک لە نۆتێکدا هەڵەی بکردبا، دەستبەجێ دەیزانی و لێی تووڕە دەبوو و بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوو. بە داخەوە ئێستا لە ئۆرکێسترەکاندا، بەم هەموو پێشکەوتنانەوە، بۆ نموونە لە چەند ئامێردا پێکەوە کۆک نین و تەنانەت خۆشیان بە هونەرمەندێکی جیاواز و ئاستبەرز لە قەڵەم دەدەن.



مامۆستا ئێقباڵ حاجبی

بەڵام هەموو کاتێک بەرهەمی ڕەسەن دەمێنێتەوە و بەرهەمی سووک و کەمنرخ خێرا لە ناو دەچێت. ئەو کارانەی پێشوو ڕەسەن بوون و کەسێک وەکوو کاک ئێقباڵ، ڕەسەنە و هەر دەمێنێتەوە.

ئەنوەر قەرەداغی، کە مامۆستایەکی گەورە و ناسراوە، لەو کاتەدا وتی: «ئێقباڵ حاجبی، بەم کارە پیشانی دا کە بلیمەتە و لە مۆسیقادا لەو پەڕیدایە.» لە گەشتکێدا کە چووم بۆ باشوور، لە برازایەکی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، کە ڕیبەری ئۆرکێسترەکەی بوو، پرسیم ئەرێ کاکە ئەتۆ ئێقباڵ حاجبی دەناسی؟ وتی: «کاکە چۆن نایناسم! تاجی سەری مۆسیقای کوردستانە.»




هەم گۆرانیبێژی گرووپەکە، کە مامۆستا عەزیز شاڕۆخ بوو، هەم گۆرانیبێژی کۆراڵ، لەم ئۆرکێسترەدا بەشدار بوون. ئەندامانی کۆر، یەکیان کاک فەرهاد بابان بوو کە دەنگی باریتۆن بوو و زۆر دەنگی باش بوو؛ بە چەشنێک کە ئەوندە دەنگی کۆک و گونجاو بوو، نۆتی بە ئامێرەکان دەدا تا ئامێرەکان کۆک بکەن؛ واتە سازەکانیان بە دەنگی ئەو کۆک دەکرد. هەروەها لە نێو کچەکاندا خاتوو لیدا قادرپەنا بوو. یەکێک لە سۆلیستەکان، کە سۆلیستی ڤیالۆن بوو، کاک جابر ئێتاعەتی بوو؛ کاک ڕەزا ڕەزایی بە ئامێری سەنتوور و کاک حسێن زلێخاپوور بە ئامێری کیبۆرد لەو ئۆرکێسترەدا بەشدارییان دەکرد. ئەم کارانە تۆمار کرا و لە کاسێتێکی ئۆرجیناڵدا خرایە بەردەست. کاک ئێقباڵ، ئێستا دەڵێت ئەو بەرهەمە زۆر سادە بوو و یەکەم بەرهەمم بوو؛ لە کاتێکدا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گوێم لە وەها بەرهەمێک نەبووە.

ئەمنیش بۆخۆم ئەگەرچی کاری مۆسیقام دەکرد بەڵام لە لای کاک ئێقباڵەوە فێری نۆت بووم. لە فێرگەکەی خۆیدا و لە چەند جێگەی دیکەدا بە شێوەی گرووپی ڕاهێنانمان دەکرد. زۆرێک لە ئامێرەکان وەکوو کلارینێت، فلووت، ترۆمبێن، ترۆمپێت، پیانۆ، تێمپانی، جاز، تیمپۆ و دەفی تێدا بوو.

ئەندامەکان زۆرتر سنەیی بوون، بەڵام لە شارەکانی دیکەش وەکوو مەهاباد و سەقزیش لەم ئۆرکێسترەدا بەشدار بوون؛ ناوی زۆربەیانم لە بیر نەماوە. لە سنە لە هۆڵی ئازادیدا ئەو بەرهەمەمان پێشکەش کرد هەروەها لە مەهاباد و سەقزیشدا. لە سەقزدا شەڕ دەستی پێ‌کرد و تەنیا یەک جار پێشکەشمان کرد بەڵام لە مەهابادا چەندین جار پێشکەشمان کرد. شەوێک لە مەهابادا، پاش کۆنسێرتەکە، لە حەوشەدا هەڵدەپەڕین و شاییمان دەکرد کە مامۆستا هێمن هات و لە ناوەڕاست شایی و هەڵپەڕکێیەکەدا کورسییەکی دانا و لە سەری دانیشت و هەر لەوێدا چەندین بەیت شیعری تازەی نووسی و لە بەر خۆیەوە دەیگوت ئافەرین و زۆر حەزی لەو بەرهەمە بوو.

**ناوی هەندێک لە ئەندامانی ئۆرکێستری کابووکێ:**

**گۆرانیبێژان:** عەزیز شارۆخ (ئاڵتۆ)، نەجمەدین غوڵامی، فەرهاد بابان (باریتۆن)، لیدا قادرپەنا (سووپرانۆ).

**گرووپی کۆر:** ئەدیب عەتایان، ویدا حاجبی، سەلاح قورەیشی

**ڤیالۆن:** جابر ئێتاعەتی، جەلیل حاجبی، مەنووچێهر پاکڕەوان، شکووهـ پاکڕەوان، حەمید ئەردەڵان، ئەحمەد حسێنی

**ترۆمبون:** جەماڵ حاجبی

**ئامێرە لێدانییەکان (جاز، تۆمبا):** بێهزاد هومایوونڕووز

**سنج:** جمیل ڕەشیدیان

**ساکسیفوون:** فەریبورز فەخاری، محەمەد ڕوستەمی، ئێقباڵ مورادی

**کلارینت:** کوورش خوراسانزار، غەزاڵ پاکسرشت

**دەف:** حەمەعەلی غەریبی، عەتا شاڵپۆش.

**فلووت:** خەسرەو ژیان، مەحیە شوکری، بارام ئازەرپیرا، ئەمیر وەیسی، فەردین سادقئەیووبی، عیسا پەیک‌فەلەک، عەزیز ئیتاعەتی

**ترۆمپێت:** ئەمجەد کارگەر، سابر فەریقی، کەماڵ خوراسانزار، فەرزاد هومەیلی

**قانوون:** عەلی یاری

هەواڵنامەی کتێب

**جاز:** فەرید میرزایی

**تیمپۆ:** حەمید ڕۆمی

**تێمپانی:** بارام سەرایداری

**تۆمبا:** فەرهاد مورادوەیسی

**گیتار:** جەمشید نیکخاه، مەنووچێهر نیکخاه، پەرویز نیکخاه

**تەپڵی گەورە:** جەمشید ئاژیر

**تەپڵی ڕیز:** جەلال دێهزەنی، شوکروڵای وەیسی و ئومید حسێنی

**سەنتوور:** ڕەزا ڕەزایی، نادرە

**کیبۆرد:** حسێن زلێخاپوور

چیرۆکی کابووکێ، چیرۆکی شەڕ بوو. ئەو شەڕ و نەگبەتییانەی کە بەرۆکی ئەم ناوچەیەی گرتبووەوە. ئەوەی کە پاش ڕاپەڕین پێشکەش کرا تۆزێک جیاواز بوو؛ بەڵام بە گشتی نواندنەوەی ئەو شەڕانە بوو کە لەم ناوچەدا ڕووی دابوو. بۆ ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی خەڵکی سنە کە لەو شەڕانەدا کوژرابوون، بۆ نموونە، دەفی لە ئۆرکێسترەکەدا بە کار هێنابوو؛ تەنیا لە پارچەیەکدا و بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لە دەف وەرگرتبوو؛ کە بەهێزی و جوانی ئەو بەرهەمە پیشان دەدات و کاتێ دەفەکە دەستی پێدەکرد، مووی جەستەی ڕاست دەکردەوە. بە پێچەوانەی ئێستا کە دەفەکە لە سەرەتاوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا بەردەوام دەنگی لێوە دێت کە لە باری جوانیناسییەوە کێشە بۆ مۆسیقاکە دروست دەکات. دەف سازێکی عیرفانییە و دەبێ لە جێگەی خۆیدا، خۆی بنوێنێت. بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامێرەکان لە جێگەی خۆیدا، بۆمبارانی سنە و شەڕەکانی دەنواندەوە. بۆ نموونە، دەنگی خومپارە و ڕاکد و تۆپ و چەک و هەراوهوریا و بۆمبارانی دەنواندەوە و هەموو کەسێک لەوێ هەستی بەو کەشە ئاڵۆز و تەنگەتاوە دەکرد. تەنانەت برووشووری چاپ کردبوو و بە ئامادەبووانی دەدا و هاوکات کە گوێیان لە مۆسیقاکە ڕادەگرت، برووشوورەکەشیان دەخوێندەوە و بە تەواوی لە بەشە جیاجیاکانی بەرهەمەکە تێدەگەیشتن و پێیان وابوو لە سینەمادا دانیشتوون و وێنەکان لە بەرچاویاندایە؛

ئەو مۆسیقایە ئەوەندە ڕێکوپێک و گونجاو و بەجێگە بوو، ئەو هەستەی بە چەشنێک دەگواستەوە کە پێت وابوو لە جەرگەی شەڕەکەدایت.

دواتر پاش چەندین ساڵ کە مۆسیقا تۆزێ لەو بێدەنگییە دەرهات و گرووپەکان دەرکەوتن، کابرایەکی ئەرتەشی بوو وابزانم ناوی مەسعوود بوو، کە پێکەوە کۆنسێرتمان بوو و ترۆمپێتی دەژەند؛ پێش کۆنسێرتەکە هات و بە منی وت دەبا بڕۆمە سەر سەکۆی شانۆ و دەست بکەم بە ژەندن تا خەڵکی بزانن بەم ئامێرەش دەکرێ ساز بژەنیت و بزانن کە چۆن ئامێرێکە! وای دەزانی خەڵکی ئێرە بۆ یەکەم جارە چاویان بە وەها ئامێرێک دەکەوێت. ئەمنیش وتم واز بێنە کوڕە؛ خەڵکی ئێرە لەمێژە ئاشنای ئەو ئامێرانەن. وەکوو دەڵێن، هاتوویتە کرمان، زیرە بنوێنی! بە سەرسووڕماوییەوە وتی چۆن!؟ کوتم ئێرە کانی ئامێری مۆسیقا و ژەنیار و هونەرمەندە و تۆ ئەتەوێ ئەو ئامێرە پیشانی خەڵک بدەیت! لەبەر ئەوەی پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ماوەیەک مۆسیقا کەوتبووە پەراوێزەوە و بە لاوە نرابوو؛ دواتر بوار ڕەخسا و ڕێگەی پێدرا و ژەنیار و گۆرانیبێژ هاتنەوە مەیدانەوە؛ ئەویش پێیوابوو لێرەدا ژەنیار نەبووە و کەسێک ئامێرەکان ناناسێت تا ئەوەی کە باسی ئەو ئۆرکێسترە و ئەو سەردەمەم بۆی کرد. زۆر پێی سەیر بوو، ئەگەرچی بۆخۆی ژەنیار بوو، بەڵام ناوی چەند دانە لە ئامێرەکانی نێو ئۆرکێسترەکەم وت کە نەیدەزانی چییە. کابووکێ لە باری هونەرییەوە کارێکی بەرز و بێوێنە بوو. بەڵام ئێستا هەندێ کەس پێیان وایە کارێکی هونەری و ئاستبەرز لە ڕابردوودا نەکراوە و تەنیا چەند دانە گۆرانی ئامادە کراوە و چەند گۆرانیبێژێک هەندێ گۆرانییان خوێندووە؛ یان لە وەها ئۆرکێسترێک بەو ئاستە و بەو ژەنیارە بەهرەمەندانەوە بێئاگان یان خۆیانی لێ گێل دەکەن.

کاک ئێقبال چوو بۆ ئەورووپا و لێرەدا ئەو کەسانەی کە هۆگرییان بە مۆسیقا هەیە و سەرقاڵی مۆسیقان و کەسانێکی ناودار و ناسراون، دەیناسن. لەوانەیە ئەم کەسانەی کە تازە دەستیان بە کار کردووە نەیناسن، چونکوو بەرهەمەکانی ئەو لێرەدا بڵاو نابێتەوە و کارێکی بازاڕی و سووک نییە و مۆسیقایەکی سادە نییە کە کەسێک بە گۆرانی بیخوێنێت و زۆرتر لەگەڵ ئۆرکێسترە گەورەکانی ئەورووپادا هاوکاری دەکات. کاک ئێقباڵ ئێستا لە وڵاتی ئەڵماندا پرۆفیسۆرە و لە زانستگادا هەم لە بەشی مۆسیقا و هەم لە بەشی مێژوودا وانە دەڵێتەوە و بە شێوەیەکی پسپۆڕانە سەرقاڵی کارکردن لەگەڵ

ئۆرکێسترگەلێکی زۆر گەورەیە و کار و بەرهەمی جیهانی پێشکەش دەکەن و بەو چەشنەی کە من بیستم، دەڵێن لە نێو ئەو ٢٥ کەسەدایە کە بە زانای مۆسیقا لە جیهاندا دەیاننناسن.







وێنەی ژەنیارانی ئۆرکێستری کابووکێ، لە کاتی پێشکەشکردن لە شاری مەهابادا

**مامۆستا جەماڵ حاجبی لەسەر ئۆرکێستری کابووکێ وەها دەڵێت:**

ئەم ئۆرکێستره سەر بە هیچ لایەن و ڕێکخراوێک نەبوو و بە شێوەی سەربەخۆ چالاکی دەکرد و مەبەستی نواندنی هونەر و کەڵکوەرگرتن لە مۆسیقا بە شێوەیەکی جیاواز بوو. بەرەبەرە لەگەڵ زۆربوونەوەی ئەندامەکان و هەڵبژاردنی ژەنیاری باشدا، زۆر گەشەی کرد و لە ماوەیەکدا سەرجەم ئەندامانی گرووپەکە بە گرووپی کۆرەوە بوو بە ١٨٠ کەس. وێنەی سەر شانۆکە، کە لە لایەن مامۆستا هادی زیائودینی-یەوە ئامادە کرا، وێنەی تابووتێک بوو بە سەر شانی چەند کەسێکەوە، کە لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

یەکەم ترپەی دەنگی ئۆرکێسترەکەدا، بە ئاماژەی ڕێبەری ئۆرکێسترەکە، دەهاتە خوارەوە و دەکەوتە بەرچاو.


بۆ یەکەمجار لە ساڵی **١٣٥٦** لەم ئۆرکێسترەدا ئامێری دەف لە مۆسیقادا بە کار هێنرا. ئامێری دەف پێشتر، لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردندا بە کار دەهێنرا و دەکەوتنە بەردەم خەڵکەوە و لەگەڵ تەرمەکەدا تا قەبرستانەکە دەفیان لێ‌دەدا. سەرەتا ئۆرکێسترەکە دەستی پێ‌دەکرد و نزیکەی **٢٠** خولەک درێژەی دەبوو؛ پاشان گۆرانیبێژەکان و گرووپی کۆرەکە دەستیان پێ‌دەکرد. یەکەم جار لە ساڵی **١٣٥٦**دا لە کۆشکی ناوەندی لە تاراندا ئەم بەرهەمە پێشکەش کرا. لە شوێنە جیاجیاکانی ئێرانەوە گرووپی زۆر لەوێ ئامادە بوون و بەرهەمیان پێشکەش دەکرد. کە گەیشتە نۆرەی ئۆرکێستری کابووکێ، هەمووان هۆڵەکەیان بە جێ هێشت؛ پێیان وابوو تەپڵ و سازێکی سادە و فۆلکلۆریکە و نییە لەو ئاستەدا؛ بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆرکێسترەکەدا هەمووان گەڕانەوە نێو هۆڵەکە، بە چەشنێک کە جێگا بۆ دانیشتن نەما.



(ئەندامانی ئۆرکێستری کابووکێ، لەگەڵ وێنەی پشتەوە کە تابووتێکە بە سەر شانی ئەو خەڵکەوە)

لە ساڵی ١٣٥٨دا لە هۆڵی ئازادیی شاری سنەدا پێشکەش کرا کە لەو کاتەدا مامۆستا عەزیز شارۆخ گۆرانیبێژی ئۆرکێسترەکە بوو. مامۆستا هێمن و هەڤاڵانی لەوێدا ئامادە بوون و لە کۆتاییدا مامۆستا هێمن لەوێدا شیعری خوێندەوە. کاک ئقباڵ، خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکی دیکە بە ناوی گوڵی خوێناوی بوو و بڕیار بوو لە ئاویەردا پێشکەش بکرێت، بەڵام لەبەر باردۆخی ئەو کاتە، بە داخەوە ئەم بەرهەمە بە نیوەچڵی و ناتەواوی مایەوە و نەگەیشتە ئەنجام.

**ئامێری تومبەک کە بۆخۆتان، تەمەنێکتان لەگەڵیدا داوەتە سەر و بە شێویەکی پسپۆڕانە هەوڵتان داوە باشتر بیناسێنن و زۆر کەس لای ئێوە فێری ئەم ئامێرە بووە، چۆن پێناسەی دەکەن و چ پلە و پێگەیەکی بۆ لە بەرچاو دەگرن؟**



ئامێری لێدانی، کە زەربیش دەگرێتەوە، لەگەڵ سەرەتای بەدیهاتنی مرۆڤەوە هەر بووە. مرۆڤی بەراییی، دوو دانە چێویان لێک داوە یان پێیان بە زەویدا کوتاوە و لەو کاتەدا ڕیتمیان بۆ خۆیان دەستنیشان کردووە. بەڵام ئامێری تومبەک لە سەردەمی قاجارەکانەوە بەرەبەرە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی و لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین ناویشی گۆڕیوە؛ دومبەک، تومبەک، تونبەک، زەرب و ... کە دواتر مامۆستا حسێن تارانی نۆتی بۆی نووسییەوە کە بۆخۆی ژەنیارێکی زۆر بەتوانا و پسپۆڕ بوو و بە شێوەی سێ‌هێڵ، لە زانستگاکاندا دەستی کرد بە وانەوتنەوە. بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، وەکوو ئامێرێکی سەرەکی

بە ئەژمار نایێت، لە کاتێکدا دەکرێت وەکوو ئامێرێکی سەرەکی لە بەرچاو بگیردرێت؛ چونکوو لێزانی و توانستی تایبەت بە خۆی دەوێت و تەنانەت دەکرێت میلۆدیشی پێ‌بژەنرێت.

مۆسیقا و هەڵبژاردنی ئامێرێک، بە حەز و هۆگرایەتی بەو ئامێرە و بەو دەنگە بەستراوەتەوە، هەم بە ڕۆح و هەم بە جەستە؛ بۆ نموونە کەسێک تامی شیرینیی پێ خۆشە، کەسێکی تر حەز بە ترشی دەکات و هەر کەسێک حەز بە جۆرێک خواردن دەکات؛ مۆسیقاش بە هەمان چەشن وایە، خۆراکی ڕۆحە؛ بەڵام تومبەک وەها ئامێرێکە کە داهێنانی زۆری تێدایە. بۆ نموونە، کاتێ لە ئامێری سەنتووردا ژێژەنەکە بە ژێدا دەهێنیت، زایەڵەیەکی خۆشی لێ دەکەوێتەوە کە زۆربەی خەڵک حەزیان لێیە و بیرەوەرییەکانیان وە بیر دێنێتەوە، بەڵام تومبەک وا نییە. تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە هۆگری تومبەکن ئەو زایەڵە و نەوایە خۆشە و دەیانورووژێنێت. تومبەک بە تەنیا خۆی هەموو سازەکان کامڵ دەکات و هۆگرانی تایبەت بە خۆی هەیە. کاتێ بە تومبەک شەش- هەشتێک دەژەنیت، لەگەڵ هەزار گۆرانیدا دێتەوە. دەبێ ئەو کەسە بە دەست و پەنجە و بە هەستی خۆی بتوانێت ئەوەندە جوان و بەجێ پێشکەشی بکات و ئەو ڕیتمە لێ‌بدات کە بەرەو لای خۆی ڕاتبکێشێت. لە هەموو ئامێرێک زۆرتر پێویستی بە هەست و توانایی ژەندن هەیە. چونکوو میلۆدی نییە کە لە زەینتدا ڕایبگریت، ڕیتمێکە کە دەبێ بتوانی بە باشی پێشکەش بکەیت.

یەکەم هاندەری من باوکم بوو. باوکم هەم دەنگی خۆش بوو، هەم کەسێکی شاد و بەگوڕ و تین بوو. بەرهەمەکانی ئیرەج سەرهەنگ-ی دەخوێند کە بە فارسی بوون، هەروەها گۆرانییە کوردییەکانیشی دەخوێند. گەروویەکی چاک و لەباری بۆ گۆرانی‌خوێندن هەبوو. یەکێک لە بیرەوەرییەکان کە لە باوکم ماوەتەوە ئەوەیە کە کاتێ دەچووین بۆ سەیران، لەپڕدا ون دەبوو و کاتێ ئاگامان لێ دەبوو کە لە دوورەوە دەنگی هەڵێناوە و لە تەنیشت دارێکەوە گۆرانی دەخوێنێت. خەڵکی دڵیان خۆش بوو و شاد بوون و کاتێ بە دەوری یەکدا کۆ دەبووینەوە، گۆرانی دەخوێند و ئەمنیش سەرەتا بە دەبەی جێگەی ئاو و ئەو جۆرە شتانە لەگەڵیدا زەربم لێ‌دەدا و ئەو گۆرانیی دەخوێند. ئەوە بەستێنێک بوو کە منی بەرەو لای تومبەک ڕاکێشا و حەزم بە تومبەک کرد و ئەو ئامێرەم هەڵبژارد. بابم وتی تومبەکێکی باشت بۆ دەکرم؛ لە شەقامی بیست و پێنجدا، عارف بووچکەڵێک بوو سازفرۆشیی هەبوو، یەکەم سازفرۆشی سنە

هەواڵنامەی کتێب

بوو؛ کەلوپەلی جوانکاری و ئۆدکولۆن و ئەو شتانەی دەفرۆشت و لە تەنیشت ئەوانەدا سازیشی دەفرۆشت. لەوێدا سازێکم بینی کە باش لە بیرمە لەو کاتەدا نووسیبووی ٥٥٠ تمەن؛ ئیدی دڵم چوو لەو سازە و کڕیم. دواتر مامۆستا بێهزاد هومایوونڕووز وتی دوو دانە زەربم هەیە کە یەکیان گرانتر بوو و یەکیان هەرزانتر بوو. یەکیانم بە ٥٠٠ تمەن کڕی. خەڵکیش بە باوکم دەیانگوت کاک سدێق چۆن ٥٠٠ تمەنت دا بەو زەربە! ئەویش لە وەڵامدا دەیوت منداڵە و حەزی لێیە ... . لەگەڵ بابمدا سازم لێدەدا و هەمیشە بە دەستمەوە بوو و دام نەدەنا و زۆر خۆشم دەویست. ئامێرێکی چێوی سادە بوو کە بە دەست خەڕاتی کرابوو؛ وەکوو ئێستا زۆر وردەکاریی پێوە دیار نەبوو بەڵام دنیای من بوو. بە هیچ نرخێک نەمدەفرۆشت بەڵام دواتر بە داخەوە نازانم بۆ فرۆشتم، دەبوا لای خۆم بمهێڵایەتەوە!

ئەمن لە منداڵییەوە هۆگری ئامێری تومبەک یان زەرب بووم. یەکەم جاریش نزیکەی ١٣ ساڵم بوو کە چووم بۆ دایرەی فەرهەنگ و هونەر و زەربێکم لە مامۆستا بێهزاد هومایوونڕووز کڕی کە بۆخۆی ژەنیارێکی بەتوانای زەرب و جاز و تێمپۆ بوو. زەربێکی چێویم لێ کڕی و وتم دێم بۆ لات تا فێری زەرب ببم. دایرەی فەرهەنگ و هونەر، لە شەقامی وەلیعەهدی ئەو کاتەدا بوو؛ چووم بۆ ئەوێ و بەڕێز ساڵح پیرزەهیری کە گۆرانیبێژ بوو و تاریشی دەژەند لەوێ بوو. حەسەن کامکار و کوڕەکانیشی لەوێ بوون و خەریکی ڕاهێنان بوون. بەڕێز پیرزەهیری پرسیاری کرد بۆ هاتووی؟ ئەمنیش وتم هاتووم فێری زەرب ببم. لە دیوەکانی دیکەدا دەنگی زەرب دەهات. مامۆستا بێهزاد هومایوونڕووزیش لەوێ وانەی دەوتەوە. پرسیاری کرد، وتی زەربت لێداوە، لەگەڵ ئەم سازەدا ئاشنایت؟ ئەمنیش وتم تۆزیک کارم کردووە. زەربێکی دا بە دەستمەوە و وتی فەرموو بزانم چی دەکەیت. ئەمنیش باش لە بیرمە، ڕیتمێکی شەش- هەشتم بۆی ژەند و وتی باشە ئێستا بیکە بە بەزمی کوردییەکەی خۆمان. ئەو کاتە ڕیتمەکانم نەدەناسی و نەمدەزانی کە حەوت- هەشتە و دەموت گەڕیان؛ تۆزێ گەڕیانم لێی دا. پاشان هەڵگرتن (دوو-چوار). ئینجا خۆی تارێکی هێنا و پارچە مۆسیقایەکی ژەند، پێم وابێ زەردەمەلیجە بوو؛ وتی ئەتوانی لەگەڵ ئەم مۆسیقایەدا زەرب لێبدەیت؟ وتم بەڵێ. ئەمنیش لەگەڵیدا زەربم لێدا و پاشان گۆڕای و کردی بە شەش- هەشت؛ بەم چەشنە سێ چوار ڕیتمی دیکەی گۆڕا و ئەمنیش لەگەڵیدا

زەربم لێ دا. پاشان وتی دەی ڕۆڵەگیان بڕۆ، ئێمەش هەر ئەوەندە دەتوانین شتت فێر بکەین، بڕۆ بۆخۆت کار بکە. وتم ئەمن بۆیە هاتووم کە باشتر فێر ببم، وتی نا بڕۆ خۆت کار بکە.

گوێم بۆ ژەنیارەکان دەگرت و بۆخۆم کارم لەسەری دەکرد. لە ساڵی **١٣٥٥**دا جێژنی مۆسیقا بوو لە سنەدا و ئەمنیش بە ئامێری زەربەوە بەشداریم کرد. بێهزاد هومایوونڕووز بوو بە یەکەم، کوڕێکی کرماشانی بوو بە دووەم و منیش بووم بە سێیەم و پێنج شەش کەسی دیکەش بوون. لەوێدا ئێمە هەڵبژێردراین و بردیانین بۆ ڕامسەر. بەم چەشنە خەریکی ڕاهێنان بووم و زۆر هۆگری زەرب بووم تا ئەوەی کە لەگەڵ کاک ئێقباڵ حاجبی-دا کارم کرد و حەزم لە فلووت دەکرد؛ وتم پێم خۆشە بێم و بە فلووت هاوکاریتان بکەم و لەئۆرکێستردا بەشدار بم؛ لەوێدا فێری نۆتی کردم. کە فێری نۆت بووم و زانیم دەتوانم بە نۆت کار بکەم، چووم کتێبەکەی حسێن تارانی-م کڕی. کتێبەکەم خوێند و توم و میانە و کنارە و ئەوانەم تێیدا دۆزییەوە کە باش فێر بووم؛ وردەوردە دانیشتم و کارم کرد تا هەموو کتێبەکەم بە تەواوی خوێند. پاشان لە ساڵی **١٣٦٢**دا چووم بۆ سەربازی. لەوێ لەگەڵ کوڕێکدا ئاشنا بوومەوە کە ئەویش تومبەکی لێدەدا و بە نۆت کاری نەدەکرد بەڵام ڕیتمەکانی دەناسی و بەتوانا بوو. کاتێ سازمان دەژەند، ئەمن هەندێ لە ڕیتمەکانم باش نەدەناسی، یارمەتیم لێوەرگرت و باشتر فێری ڕیتمەکان بووم و دوو جاریش لەگەڵ هاوڕێیەکمدا چووم بۆ لای مامۆستا محەمەد ئیسماعیلی و چەند شتێکیش لە ئەوەوە فێر بووم.

بە گوێگرتن و نۆت و ئەوانە درێژەم پێ دا، تا ئەوەی کە لە ساڵی **١٣٦٦**دا، لە سنەدا ئەنجومەنی شمشاڵ دامەزرا و چووم بۆ ئەوێ و وتم دەتوانم وانە بڵێمەوە. کەسێک نەبوو لەو کاتەدا، تەنیا مامۆستا ڕەزا ڕەزایی بوو کە بۆ ئامێری تومبەک وانەی دەوتەوە؛ لەوێدا دەستم پێکرد. خەزوورم کارمەندی دایرەی فەرهەنگ و ئیرشاد بوو؛ لە ساڵی **١٣٦٧**دا خانەی فەرهەنگ دامەزرا کە بەڕێز فەرشا بەڕێوەبەری ئەوێ بوو و بەشی مووسیقاکەشی بەڕێز عەلیئەسغەر شوجاع سەرپەرشتیی دەکرد کە خۆی کارناسی مووسیقا بوو. بە پێشنیاری خەزوورم چووم بۆ خانەی فەرهەنگ و لەوێ وانەم دەوتەوە. دواتر بە شێوەی تایبەت وانەم دەوتەوە و لەگەڵ چەندین گرووپدا هاوکاریم کرد. کەسانێک وەکوو پەیمان سەلیمیفەرد، سیامەک نەجەفی، ڕەزا ڕەزایی و... . هەر فێرگەیەکی هونەری بۆمۆسیقا دەکرایەوە،

بانگهێشتی دەکردم و لەوێدا وانەم دەوتەوە، چونکە کەسێک نەبوو لەو کاتەدا. بۆیە دەستم لە پیشەکەم هەڵگرت و ئەم کارەم وەکوو پیشەیەکی سەرەکی وەرگرت و درێژەم پێی دا و لە پاڵ ئەوەدا سەرقاڵی کاری دروستکردنی جانتا و جێگەی ئامێر بووم. نزیکەی سێ ساڵیش لەگەڵ گرووپەکەی حسێن زلێخاپووردا لە دەنگ و ڕەنگی سنەدا کارم کرد؛ هەروەها لەگەڵ گرووپەکەی زاهێد مەنسووریشدا هاوکاریم دەکرد. تا کاتێ زاهێد مەنسووری لەوێ بوو، ئەمنیش لەوێدا مامەوە بەڵام کاتێ ئەو چوو، ئەمنیش لەوێ هاتمە دەرەوە. لەوێ باسی ئەوە بوو کە لێرەدا داتان دەمزرێنین و مووچەتان بۆ دەستنیشان دەکەین، کە بە داخەوە وانەبوو و بەڵێنەکەیان نەبردە سەر. بەرهەمی زۆرمان لەگەڵ گرووپی جۆراوجۆردا پێشکەش کرد؛ هەم لە سنە و هەم لە شارەکانی دیکەشدا. یەک لە دوای یەک فێرگەکان زۆر بوونەوە و قوتابییەکان زۆر بوونەوە و بەرەبەرە خۆیان بوون بە مامۆستا و وانەیان دەوتەوە. ئیدی ئەمن لە فێرگەکاندا وانەم نەدەگوتەوە و هەر لە دووکانەکەی خۆمدا وانەم دەوتەوە تا ئێستا کە لەوانەیە لە نەورۆزی ١٣٩٨ بەو لاوە، واز لەوەش بێنم. ئیدی دەبێ ڕێگە بە لاوان بدەین ئەوان بێنە مەیدانەوە و هیوادارم بتوانن بە باشی درێژەی پێبدەن و هەستیان لە مۆسیقادا دانەبەزێت.

*** ڕەوتی مۆسیقا بە گشتی و دۆخی ئێستا بە تایبەتی، چۆن دەنرخێنن؟ ڕادەی بەرهەمهێنانی هونەری لە چ ئاستێکدایە و ئەو گۆڕان و جیاوازییانەی کە لە ڕابردوو و ئێستادا، بابەتێکی بەرچاون و پێتان وایە کارتێکەرییان لەسەر مۆسیقا داناوە، کامانەن؟**

بەختەوەرانە تومبەک لە ناو خەڵکدا ئێستا جێگە و پێگەیەکی باشتری هەیە؛ سەردەمانێک وا نەبوو؛ باش لە بیرمە کە لە خانەی فەرهەنگدا وانەم دەوتەوە، کابرایەکی دراوسێمان منداڵەکەی لەگەڵ خۆی هێنا و پاش سڵاو و مەرحەبایی پرسیاری کرد لێرەدا کار دەکەی؟ ئەمنیش وەڵامم داوە و پاشان وتی ئەمنیش کوڕەکەم هێناوە دەبا بۆخۆی ببێتە لۆتی باشترە تا بێکار بێت. ئەمنیش بە تانەوە وتم دەستت خۆش بێت، ماڵت ئاوەدان بێت، گەورەت کردین! بێگومان ناتوانین بڵێین لۆتی خراپە؛ ئەم ناوە خراپ جێکەوتووە؛ ئەو کەسەش کە لە شایی و زەماوەنددا زەرب لێ دەدا، زەحمەتی کێشاوە و جیاوازیی نییە و پیشەکەی ئەوەیە؛ وەکوو ئەوە وایە بێڕێزی بە پیشەی کەسێک بکەیت. مەبەستم ئەویە بڵێم ئەو

کابرایە تێگەیشتنی لەو ئاستەدا بوو و وەها ڕوانگەیەک لە نێو خەڵکدا باو بوو؛ ئەگەر لۆتی ئەوەیە، ئێمە حەزمان لێیە. ئێستا ئیدی ئەو شێوە تێڕوانین و بۆچوونانە کەم بووەتەوە و لەوە تێدەگەن کە نەک تەنیا تومبەک، هەموو ئامێرەکان باش و بەکەڵکن و ئەو ڕوانگە نەرێنییە لەسەر تومبەکیش کەمڕەنگ بووەتەوە و زۆرتر لە ئەوسا بایەخی پێدەدرێت.

لە ئێستادا لە مۆسیقا ئەوەندە تەکنیک زاڵ بووە، نەک تەنیا لە زەربدا، بەڵکوو لە زۆربەی ئامێرەکاندا، بە داخەوە هەست و سۆز لە بەرهەمەکاندا زۆر کەم بووەتەوە. کە گوێ بۆ کارەکانی ئەوسا دەگریت، بیست جار گوێی لێ بگرە وەڕەز نابیت، چونکوو هەستی تێدا بوو. ئەو مامۆستایانە بۆ ئامادەکردنی دوو بەرهەم، چوار مانگ کاتیان بۆ تەرخان دەکرد تا ڕێکوپێک دەکرا و بڵاویان دەکردەوە. بەڵام ئێستا زۆر جار دەبینیت لە حەوتەیەکدا چل بەرهەم تۆمار دەکرێت. چونکوو هەستی تێدا نییە؛ پێکەوە خێرا ئامادەی دەکەن و دابەشی دەکەن و دەیخەنە بەر دەستی خەڵک. بەرهەمێک کە هەستی تێکەڵ نەبێت، بە دڵەوە نانیشێت. ئەمە یەکێ لە جیاوازییە بەرچاوەکانی ڕابردوو و ئێستایە. بە داخەوە تەکنیک، ئەو هەستە هونەرییەی لە مۆسیقا سەندووەتەوە؛ هیوادارم دیسان ئەو هەستەی جاران بگەڕێتەوە نێو مۆسیقا.

ئێستاکە مۆسیقا بووەتە تەکنیک و بووەتە بازاڕ و لەبەر ئەوەی کە هەستی تێدا نەماوە، تووشی زیان بوە؛ تەنیا وەکوو ئامراز و ڕێگەیەک بۆ پارەدەستخستن چاوی لێدەکەن. لە ڕابردوودا هەر یەک لە ژەنیارەکان، لەوانەیە پیشەیەکی جیاوازیان بووبێت یان هەندێکیان پیشەیان هەر وانەوتنەوە یان ژەنیاری بووبێت؛ مەبەستم ئەوەیە کە مۆسیقایان بۆ دڵی خۆیان هەڵبژاردبوو؛ تا بەرهەمێک زۆر بە دڵیان نەبووە و تا باش کاریان لەسەر نەکردووە، نە گۆرانیبێژەکە خوێندوویە و نە ژەنیارەکە سازی ژەندووە و نە ئاوازدانەرەکە مۆسیقای بۆ ئامادە کردووە. بەڵام لە ئێستادا قەرەباڵغییەکی زۆری پێوە دیارە و هەر کەسێک بووەتە بڕیاردەر و مۆسیقای ئاوەکی و شیعری ئاوەکی بەرهەم دەهێنن. بێگومان لە ڕابردووشدا ئەم شێوە کارانە بووە بەڵام مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو بەرهەمە بەپێز و شکۆدارانە نەماوە و لە ئێستادا بەرهەم نایێن. لە مۆسیقای سونەتیدا هەندێ کار و چالاکی دەکرێت بەڵام ئەویش بووەتە بازاڕێک و کەوتووەتە دەست کەسانێکی تایبەت.

لە وێنەیەکدا کە گرووپی کامکارەکان پێکەوە لە وێنەکەدا دیارن، یەکیان لە سەر تومبەکەکە دانیشتبوو؛ بە ڕاستی ئەو کارە بێڕێزیکردن بەو ئامێرەیە. ئەمن لە ئەزموونی دەیانساڵەی خۆمدا بەم ئاکامە گەیشتووم کە ساز وەکوو نان وایە؛ کاتێ وردەنانێک دەبینیت کە داکەوتووە، بەرزی دەکەیتەوە و دەیخەیتە کەنارێکەوە؛ لەبەرچی؟ دەڵێن ئەو نانە پیرۆزە... بۆ پیرۆزە؟ دەزانی ئەم پیرۆزایەتییە لە کوێوە هاتووە؟ لەبەر ئەوەی کە دەبێتە هۆی مانەوەت و بە زیندووت دەهێڵێتەوە، بۆیە پیرۆزە. چیت بە زیندوو دەهێڵێتەوە؟ جەستەت؛ واتە خۆراکی جەستەی تۆیە. کەوایە خۆراکی ڕۆحیش نابێ جیاوازی لەگەڵ ئەوەدا هەبێت. ئەو سازە کە دەیبینیت، دەبێ بە چاوی ڕێزەوە لێی بڕوانیت. کاتێ دادەنیشم و ساز دەژەنم، بە ڕاستی ڕۆحم تێر دەکات و شارژم دەکاتەوە. ڕێک وەکوو کاتێ کە پارووە نانێک دەخۆم و تێرم دەکات و زیندووم دەهێڵێتەوە. بە داخەوە ئەو بایەخ و ڕێزدانانە بۆ ساز کەمتر دیارە. هەندێ کەس بێخەم دەیخەنە کەنارێکەوە و بەم لا و بەو لادا سووڕی دەدەن. تەنیا وەکوو کەرەستەیەک بۆ پارەدەستخستن بە کاری دەهێنن، بۆیە کەسایەتیی ئەو سازە وای لێ هاتووە. لە ئێستادا بشێوییەکی پێوە دیارە و تێکەڵ و پێکەڵە و زۆر کەس بەم شێوە هەڵسوکەوت دەکەن. کەسانی هونەرمەند و گەورەش هەن کە ڕێز بۆ ساز دادەنێن و هیوادارم هەر ئەوان سەرکەون و بەرەو پێشەوە بڕۆن.

بۆ کۆککردن و ئامادەکردنی ئامێری مۆسیقا پێش لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکە، پێشتریش دیاپازۆن هەر بووە کە بە یارمەتی ئەوە سازەکانیان کۆک دەکرد. بەڵام لە ئێستادا زۆر بە ئاسانی لە مۆبایلەکاندا ئەو تەکنۆلۆژییە یارمەتیی ژەنیار و گۆرانیبێژان دەدات. بەڵام ئەمن پێم وایە کۆککردنی سازە ئێرانییەکان بەپێی ئەو کۆکە سەرەکییەی کە بە دیاپازۆن دیاری دەکرێت، ئەو هەستەی کە پێویستە بە بەرهەمەکە نابەخشێت؛ تەنانەت لە ڕیتمیشدا. ئێستا کە گوێ بۆ بەرهەمەکانی مامۆستا جەلیل شەهناز ڕادەگرین، لە هەندێ شوێندا دەڵێین ئەوە بۆ لە ڕیتم کەوتووە! لەبەر ئەوەی کە بە هەستەوە سازیان دەژەند، بۆیە هەندێ جار بە دڵخوازی خۆیان دەستکاریی درێژی و کێشی چەند خانەیەکیان(میزان) دەکرد و کەم و زۆریان دەکردەوە؛ تەنانەت سازەکەی بە دیاپازۆن کۆک دەکرد بەڵام تۆزێکتر دەیبردە سەرەوە و وای پێخۆش بوو. کۆکی سازی ئێرانی، بە دڵخوازی ژەنیارەکەیە. باسی ئەوە ناکەم کە چەند ساز لەبەر ئەوەی کە دەبێ پێکەوە هاوکۆک بن و لێیان تێک نەچێت، ناچارن بە

دیاپازۆن یان بە یەکێک لە ئامێرەکان کۆکی بکەن؛ بەڵام تاکژەنی لە ڕاستیدا پێویستی بە کۆکی هەستمەندی ژەنیار و هەروەها ڕیتمی هەستمەندیش بووە. زۆر جار پێش هاتووە کاتێک ژەنیارێکی تومبەک لەگەڵ ئەو کەسانەدا سازی ژەندووە، لێی تێک چووە و نەیتوانیوە درێژەی پێبدات؛ لە ڕاستیدا مۆسیقاکەی تێک نەداوە، بەڵکوو هەستی بەو شێوە دەرخستووە و تۆزێ کەم و زۆری کردووەتەوە؛ بۆ نموونە، ئەگەر ڕیتمەکە دو-چوارە و دەبێ خانەیەک(میزان) دوو دانە یەک ترپەیی هەبێت، ئەو دەبڵ-کرۆش (دوولاچەنگ)ی پێ زیاد کردووە و پێی وابووە بەو شێوە خۆشترە و باشترە. ئێستا چوارچێوەیەکی تایبەتی هەیە و هەروا کە وتم، لەبەر ئەوەی کە ئەو هەستە کەم بووەتەوە ناچارن ئەو خانەگەلە (میزان) بە هەمان ڕادە بێت و بە یارمەتی مێترۆنۆم چارەسەری دەکەن. لە ڕابردوودا تاکژەنییەکان بە مێترۆنۆم نەدەکرا.

ئێستا مۆسیقای کوردی بە شێوەیەکی ئەوتۆ چالاک نییە؛ بەرهەمە فۆلکلۆرەکان دێنن و سەرلەنوێ دابەشی دەکەنەوە و هەندێ کەس بە داخەوە بە ناوی خۆیانەوە پێشکەشی دەکەن و خۆیان بە ئاوازدانەر دەناسێنن. ئەو کەسانە زۆربەی میلۆدییە کۆن و ڕەسەن و فۆلکلۆرییە کوردییەکانیان خستووەتە نێو بازاڕ و فرۆشتوویانە و بە فیڕۆیان داوە و دەتوانین بڵێین لە ناویان بردووە. میلۆدییەکەیان داوە بە گۆرانیبێژێک کە بە شێوەی پاپ یان سونەتی خوێندوویانە و بە داخەوە ئەو بایەخەی نەماوە. لە لایەکی دیکەشەوە، بە داخەوە لێرەدا کار بە کەسانی لێزان و پسپۆڕ ناسپێرن و هەندێ کەس بەشی مۆسیقا بەڕێوە دەبەن کە تەنیا بە هۆی دەستوپێوەندییەوە لە وەها شوێنێکدان. کەسانێ دەبن بە سەرپەرشتی بەشی مۆسیقا یان سەرۆکی بەشی مۆسیقای سنە، کە یان تازەکارن و پسپۆڕ نین یان لەبەر پێوەندی و نزیکایەتی لەو شوێنەدا دەستبەکار بوونە؛ پێم وایە لە هەموو شارەکانی دیکەشدا وابێت؛ «هەشتێکە لە مشتێ». زۆر ژەنیار و گۆرانیبێژی باش هەن کە کەناریان گرتووە و کەوتوونەتە پەراوێزەوە و لەبەر ئەم بارودۆخ و بازاڕە کار ناکەن و کەسیش ئاوڕیان لێناداتەوە، ئەگەرچی دەزانن کە ئاستیان زۆر لە سەرەوەیە، بەڵام ناویان لێنابەن تا خۆیان زۆرتر دەرکەون.

ئێستا مۆسیقای پاپ لە پەرەسەندندایە و مۆسیقای سونەتیش هەیە. ئەو ئۆرکێستری فیلارمونیکەی ئێستا، هێشتا زۆری ماوە جێگیر ببێت و بۆ هەر ئامێرێک ژەنیارێکی بەتوانا بدۆزێتەوە.

ڕێبەری ئەم گرووپە وتوویە مۆسیقا پێش من و دوای من! پێش من و دوای من یانیَ چی!؟ پێش تۆ زۆز زۆر لەمە بەهێزتر و ئاستبەرزتر بوو. سەرەتا پرسیار بکە و بگەڕە بزانە شتێک بووە یان نا؟ ئینجا بڕیار بدە. خوێندن لە زانستگایەکی تاران و بینینی چوار دانە ئامێر، نابێت ببێتە هۆی ئەوە کە وا بیر بکەیتەوە کەس چاوی بەو شتانە نەکەوتووە و بەوە نازانێت! پێشتر حەسەن کامکار بوو، کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، ئوموور تەربیەتی، عەباس نیروومەندەکان و گۆرانیبێژی باشمان بووە؛ ژەنیار و گۆرانیبێژی بەتوانا لەم شارەوە سەریان هەڵداوە. لە ئێستاشدا، بەرەبەرە خەریکە کەسانی خوێندەوار و ئاکادێمیک ڕوو لە مۆسیقا دەکەن.

لە دەنگ و ڕەنگی ناوەندیی سنەدا، کەسانێک وەکوو داوەر و کارناسی مۆسیقا لە بەرنامەی چریکەی شەو-دا بڕیاریان دەدا و قسەیان دەکرد؛ جارێکیش هاتن و چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ مندا ساز دا، من وتم هیچ بڕیارێک نادەم و کارم پێوە نییە؛ لە بارەی خۆمەوە دەتوانم لەگەڵتاندا قسە بکەم و باسی کار و چالاکییەکانی خۆم بکەم، چونکوو ئەو بابەتە بە کاری قسەکردن و بڕیاردان نابێت. بەڵام گلەییم کرد لەو کەسانە کە بە ناو کارناس و داوەر لەوێدا دانیشتوون. لەو کەناڵەدا بەرنامەیەکیان بڵاو دەکردەوە کە پاش ئەو قسانە کۆیان کردەوە و نەما. ڕەخنەکەی من ئەوە بوو کە یەکێک لەو بەشداربووانە کە تۆزێک دەنگی باش بوو و دیار بوو لە نێو دۆست و دانیشتنەکانی خۆیاندا گۆرانی وتووە و کەسانی دەوروبەر پێیان خۆش بووە و وتوویانە دەنگت خۆشە، ئەمانیش چەند کەسی وەهایان جیا کردبووەوە و لەوێدا پێیان دەوت بۆ نموونە، بەرهەمێکی مامۆستا خالقی بخوێنە؛ کابراش نە دەیزانی دەنگی خالقی چییە، نە پەردەی دەناسی، نە نۆتی دەناسی، نە مەوداکانی دەناسی و تەنیا لەبەر ئەوەی کە لای ئەمان دەنگی خۆش بوو، وایان دەزانی زۆر باشە. جارێک بە یەکێک تریان وت بەرهەمێکی مامۆستا سدێق تەعریف بخوێنێت؛ سەرەتا دەبیَ بڵێم کە نەدەبوا وەها پێشنیارێکیان پێی بکردبا، چونکوو کەسێک کە دەنگ ناناسێت و ئاگاداری لایەنە جیاجیاکان و وردەکارییەکانی مۆسیقا نییە، قەت ناتوانێت بەرهەمێکی باش بخوێنێتەوە و تەنیا هاتووە لەو بەرنامەیەدا بەشداری بکات و خۆی پیشان بدات، کە بۆ ئەو کارێکی خۆشە؛ بەڵام ئەمن ئەگەر بە جێگەی مامۆستا سدێق تەعریف بم، پێم زۆر ناخۆشە. چونکوو هونەر بە ئاسانی بەرهەم نایێت و هەوڵ و زەحمەتی زۆری دەوێت و پاش ساڵەها بەرهەمێک

دەخولقێت. وەها کارێک بێ‌ڕێزی‌کردن بە هونەر و هونەرمەندە و دەبێ بۆ وەها کەسانێک بەرهەمێک پێشنیار بکرێت کە لە ئاستی خۆیاندا بێت. وەکوو ئەوەیە وەرزشوانێك لە دەستپێکی وەرزش‌کردندا، پاش چەند حەوتە ڕاهێنان پێی بڵێن قورساییەکی ۲۰۰ کیلۆیی بەرز بکاتەوە، کە دیارە ناتوانێت. بە داخەوە مۆسیقا ئێستا بە دەستی کەسانێکەوەیە کە نین لەو ئاستە و تەنیا خۆیانیان پێوە سەرقاڵ کردووە.

ئێستا زۆرتر پێم خۆشە بۆ دڵی خۆم ساز لێ‌بدەم. ئەگەر گرووپێکی ڕێکوپێک هەبێت و بە تەمەن پێکەوە نزیک بین یان بەرهەمی گونجاو و هونەری و بەنرخ پێشکەش بکەن و لایەنگریی لێوە - بکرێت، بەڵێ پێم خۆشە بەشداری بکەم بەڵام ئەگەر بەم ڕەوت و شێوە نەبێت، نا بە کار نایێت. زۆر جار گرووپێکی پاپ لە شوێنێکی ترەوە دێن بۆ سنە و کوڕ و کچ بە دەرفەتی دەزانن و بازاڕێک دروست دەبێت کە بلیت دەست ناکەوێت و ئەگەر بایی هەر بلیتێک ۵۰ هەزار بێت بە ۱۰۰ هەزاریش دەفرۆشرێت. بەڵام گرووپێکی ئەم ناوچەیە، کاتێ کە چەندین ژەنیاری بەئەزموون و لێزان لەگەڵ گۆرانیبێژێکدا بەرهەمێکی هونەریی بەپێز پێشکەش دەکەن، کەس ناڕوات و لایەنگریی لێوە ناکرێت و هەموو کەسێک چاوەڕوانە بانگهێشتی بکەیت یان بلیتی پێ‌بدەیت و بڵێی توخودا وەرە؛ بە داخەوە چەندین بەرهەم لەم دواییانەدا وەهایان بە سەردا هات و لاینگریی لێوە نەکرا. چونکوو بەرهەمەکان بەنرخ و هونەرییە و ئێستا لاوان زۆر ئاوڕی لێ‌نادەنەوە. پێیان خۆشە بڕۆنە شوێنێکی قەرەباڵغ بو هەڵبەز و دابەز و دوایی بڵێن لەگەڵ دۆستەکەمدا چووم بۆ کۆنسێرتی فلانە گۆرانیبێژ کە لە تارانەوە هاتووە؛ بە داخەوە هەلومەرجەکە بەم چەشنەیە و کەسێکیش نییە خۆی بە بەرپرس بزانێت؛ کەسێک بووەتە بەرپرسی مۆسیقا کە قەت بۆی گرنگ نییە و هەندێ کەسیش ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆ پارەدەستخستن. یەک لە دوای یەک ئەم و ئەو بانگهێشت دەکەن و بلیت دەفرۆشن و دەبنە ئێسپانسێر و پارەی پێ کۆ دەکەنەوە و هیچیان بۆ گرنگ نییە. زۆربەی ژەنیارەکانی ئەوسا، ئێستا کار ناکەن؛ کاتێک لە کۆنسێرتی گرووپەکانی ئەم ناوچەیەدا، کەس ناڕوات و پێشوازیی لێوە ناکرێت، ئیدی ژەنیار و گۆرانیبێژیش ئەو هەست و مەیلەی بۆ کارکردن نامێنێت و بەشداری‌نەکردن لەو دۆخەدا زۆر باشترە، چونکوو دواتر پاشگەز دەبێتەوە. بۆیە ئیدی ئەمنیش پێم خۆش نییە بەشداری بکەم؛ دەبا لاوان درێژەی پێ‌بدەن، هەر کەسێک پێی خۆش بوو دەبا بڕوات و کار بکات.

*** مۆسیقا چی بە ئێوە بەخشی و چی ئەستاند؟ پاش تەمەنێک ئەزموون و کارکردن و پێوەندیی لەگەڵ ژەنیار و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و بە گشتی لەگەڵ مۆسیقادا، چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەمن لە جیاتی مۆسیقا ئەگەر بە دوای پارە و دەلاڵی و ماڵ و سامانەوە بوومایە، ئێستا دۆخێکی زۆر باشترم هەبوو. ئەگەرچی ئێستاش کێشەیەکی ئەوتۆم نییە چونکوو تەنیا کارم مۆسیقا نەبووە، دەنا ئێستا لە برسانا دەمردم. لانی کەم توانیم پیشەیەکی دیکە هەڵبژێرم و ژیانی پێ بەرێ بکەم بەڵام لە باری ماڵییەوە هەر زیانم بەر کەوتووە. بێ گومان پەشیمان نیم لەوە، چونکوو تەنیا ماڵ و سامان نییە کە بایەخ بە مرۆڤ دەبەخشێت و شکۆی پێ دەدات؛ سەعدی دەڵێت: «هونەرمەند بۆ هەر شوێنێک بڕوات، ڕێزی دەگرن و لای سەرەوە دایدەنێن»؛ ئێستاش کە بۆ شوێنێک دەڕۆم کەسانێک وەکوو هونەرمەند دەمناسن و ڕێزی هونەرمەندان دەگرن و لە ناو خەڵکدا مایەی شانازییە؛ لەم بارەوە زۆر باشە و بە تەنیا ماڵ و دارایی ئەوە دەستەبەر ناکات، ئەگەرچی زەمانەیەک کەوتووین کە پارە و سامان لە سەرووی هەموو بابەتێکەوەیە و کەسایەتی و متمانە و هەموو شتێکی مرۆڤ بووەتە پارە. ئەگەر تەنیا باسی مادی ببوایە، دەبووا شوێن هونەر نەکەوتبام. هونەر تەنیا لە باری مادییەوە زیانی پێ گەیاندم. بەو چەشنە نییە کە بڵێم بریا بەو ڕێگەدا نەدەڕۆشتم، چونکوو کەسێکی مادی نیم و تەنیا پارەم بۆ گرنگ نەبووە. خۆم حەزم لێبووە و هەڵمبژاردووە و بۆ دڵی خۆم بووە؛ دڵم پێ خۆش بووە و هەمو کاتێک بە منداڵەکانم ڕاسپاردووە کە مۆسیقا بۆ دڵی خۆتان لێبدەن و مەیکەن بە پیشە دەبا تووشی زیان نەبن. بە داخەوە لە ئێراندا هەر کەسێک تەنیا دوای هونەردا بکەوێت، تووشی زیان دەبێت.

ئەم ڕستەیە زۆر باوە کە دەڵێن: «هونەرمەند قەت نامرێت»؛ بەڵێ ڕاستە، هونەرمەند هەموو کاتێ ناوی دەمێنێتەوە و هەمیشە هەیە بەڵام ئەمن پێم وایە **هونەرمەند دوو جار دەمرێت**؛ هونەرمەند مەرگێکی هەیە کە خۆی دەیبینێت؛ واتە لە هونەردا کاتێ لە ژیاندایە؛ ئەگەر ژەنیارە، کاتێ ناتوانێت ساز بژەنێت، هەست دەکات ئیدی مردووە. مەرگی دووەمیش، مەرگی سرووشتییە؛ کاتێ هونەرمەند کۆچی دوایی دەکات و وەکوو هەموو کەسێک جەستەی لە ناو دەچێت. ئەمن بەو بڕوایەم؛ یەکەم هونەرەکەی نامێنێت، دووەم جەستە و ڕۆحی نامێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

*** ئەمن هەر کاتێک جەنابتان دەبینم کە لە جیاتی ئەوەی ئەو هەموو ئەزموون و ڕابردووە بەنرخە ببێتە دەستمایەیەک بۆ بەرهەمهێنانی هونەری و کات و وزەی خۆتان بۆ ئەو مژارانە تەرەخان بکەن، خەریکی سازکردنی جانتا و کاری دەستین کە زیان لە دەست و پەنجەتان دەدات، زۆرم پێ ناخۆشە کە هونەرمەند بۆ بژیویی ژیانی دەبێ چاوپۆشی لە حەز و خولیاکانی بکات؛ بەڕێزتان چۆن ئەم بابەتە لێک دەدەنەوە؟**

بەڵێ ڕاستە، ئەم کارە لە باری جەستەییەوە زیانی پێ گەیاندووم. ئێستا ئەمن تەمەنم ٥٧ ساڵە؛ پاش ٥٧ ساڵ خەریکم وەکوو لاوێکی ٢٥ ساڵان کار دەکەم؛ هەر کەس دەمبینێت دەڵێت چەندە بەتوانا و گورج‌وگۆڵیت! لە کاتێکدا هاوپۆلەکان و هاوڕێکان و هاوتەمەنەکانم زۆربەیان ئێستا خانەنشین کراون، مووچەی مانگانە وەردەگرن و ماڵ و سامانێکیان هەیە؛ دێن بۆ لام بە ئاسوودەییەوە تاوێک لێرە دادەنیشن خەمی کارکردنیان نییە. بەڵام ئەمن دەبێ کار بکەم و زەحمەت بکێشم تا زگم تێر بکەم. لە ڕابردوودا ئەمن زۆرتر خەریکی تێرکردنی ڕۆحم بووگم و ڕۆحم تێر کردووە بۆیە ئێستا لەم دۆخەدام. کارکردنیش پێویستە دەنا نەمدەکرد؛ ژن و منداڵ پێڕاگەیشتنیان دەوێ؛ ئایا ئەو منداڵە ناڵێت بابە ئەمنت بە دنیا هێناوە، چیت کردووە بۆ من؟ سازەکەت ئەبێتە نان بۆمن، ئەبێتە جلوبەرگ بۆ من! خۆ نابێ، ناچارم کار بکەم. ئەو سازە بۆ خۆت خۆشە، ژن و منداڵ چاوەڕوانییان لێت هەیە و دەبێ کار بکەیت. ئەگەر دوای هونەر نەکەوتبام ئێستا لە باری ماڵییەوە کێشەیەکم نەبوو. ئەگەرچی بەشی خۆم ماڵ و سامانم هەیە و نیازمەند نیم بەڵام دەبوا لەمە زۆر باشتر ببایا و ئێستا کارم نەکردبا. هەندێ جاریش وەڕەز دەبم بەڵام بە ناچاری هەر کار دەکەم، چونکوو لە کاتی خۆیدا بە دوای کارکردن و پارەکۆکردنەوەوە نەبووم.

کاک فاتح مەردۆخی، کە ژەنیاری پیانۆیە، کەسێکی تەنیایە و بە تەنیا دەژیێت؛ ئەو دەڵێت: «ئەمن هەموو شتێکم مۆسیقایە». تەنیا خۆیە و کەسێک کاری پیوە نییە و کەسێکیش چاوەڕوانییەکی لێ‌نییە و ژیانی لەو پێناوەدا داناوە. بەس پارووە نانێکی هەبێت کە زگی تێر بکات و لە برسا نەمرێت، تەواوە. بەڵام بە داخەوە ئەویش ئەوەندە دۆخی باش نییە کە پیانۆیەک بکڕێت و کاری پێ‌بکات و بەرهەمێک ئامادە بکات؛ دەستتەنگی و هەژاریش، وەها مرۆڤ تووشی زیان دەکات؛ لانی کەم، دەبێ ئەوانەی هونەرمەندن و دوای هونەر دەکەون، کەسێک یان ڕێخراوەیەک پاڵپشتییان لێوە بکات



هەواڵنامەی کثیر

کە هەم هونەرەکە نەمرێت و هەم هونەرمەندەکەش لە ناو نەچێت و زیانی بەر نەکەوێت؛ تەنانەت هەم هۆگرایەتییەکەی زۆرتر ببێتەوە بە هونەرەکەی و زۆرتر بەرەولای ڕابکێشرێت، هەم نەکەوێتە دۆخێکەوە کە بڵێت کاشکای دوای هونەر نەکەوتبام. **مەخابن! زۆر کەسی لەم چەشنە هەیە؛ زۆر جار بیستوومە هونەرمەندێک لە پاش تەمەنێک کاری هونەرییەوە دەڵێت: «کاشکای جگەرەم بفرۆشتبا و دوای هونەر نەکەوتبام». بە ڕاستی جێگەی داخە، مرۆڤ بکەوێتە وەها دۆخێکەوە کە وا بڵێت! بە ڕاستی جێگای داخە، بۆ دەبێ وابێت ...!؟** هیوادارم دۆخەکە بگۆڕێت و پاڵپشتی لە هونەرمەندان بکرێت و دەوڵەت گرنگی پێبدات و لانی کەم مووچەیەک و داهاتوویەکی ڕوونیان بۆ دەستەبەر بکات کە بتوانن درێژە بە کاری هونەری بدەن و دەستی لێ هەڵنەگرن و هونەر لە ناو نەچێت.

کاتێ کەسێک گوێ لە مۆسیقایەک دەگرێت، ڕۆحی ئارام دەبێتەوە و هەستێکی خۆشی پێ-دەبەخشێت؛ کاتێ پزیشکێکیش دەستێکی براو یان هەر کێشەیەکی دیکە چارەسەر دەکات، بە ملیۆن پارە وەردەگرێت، کە بەشێک لە جەستەی کەسێکی چاک کردووەتەوە؛ ئەی بۆ هونەرمەند کە ڕۆح و دەروونی خەڵک چاک دەکاتەوە و ئارامی و خۆشییان پێدەبەخشێت، هیچێ پارەشی دەست ناکەوێت، دەبێ تووشی چەرمەسەری بێت و ئازار ببینێت و لە تەنگانە و هەژاریدا بژییێت! هونەرمەندی جۆرێک تاوانە لەم سەردەمەدا. تەنیا بەشی ژان و ئازارە. وەکوو دەڵێن، کابرا دزی دەکات، دەستی دەبڕنەوە؛ ئەتۆ چیت کردووە؟ هونەرمەندی؟ بڕۆ لە برساندا بمرە!

مۆسیقا دەورێکی پڕڕەنگ و بەرچاوی هەیە و کارتێکەریی گەورەی لەسەر مرۆڤ داناوە؛ مۆسیقایەک دەبێتە هۆی ئەوە شەڕێک سەر بکەوێت یان کەسێک کە لە حاڵی مەرگدایە بە بیستنی مۆسیقا زیندوو ببێتەوە. ئەوەی کە وەها دەورێکی گرنگی هەیە دەبێ بمرێت و ئەوەی کە نوسخەیەکی نووسیوە، دەبێ نوقمی پارە ببێت. هونەرمەندی لە تاوانە گەورەکانە؛ چی لێ دەکەی، کێ بەمە دەزانێت! لە وڵاتە بیانییەکاندا وردەوردە ئەم شتانە چارەسەر کراوە بەڵام بە داخەوە لە ئێراندا وەها هەوڵێکی بۆ نەدراوە.

*** ڕەوتی فێرکاریی و شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ مۆسیقا بە چ ئاقارێکدا تێپەڕیوە و لە چاو ڕابردوودا چ گۆڕانکارییگەلێک بەدی هاتووە و چ هۆکارگەلێک ئەم جیاوازییانەی پێک هێناوە و هەروەها چ ئاسۆیەکی بۆ ڕادەبینن؟**

لە ئێستادا ئەگەر گوێ لە مۆسیقاکانی ئەوسا بگرن، لە خولەکی سێیەمدا لێی وەڕەز دەبن و دەیگۆڕن. ژیانی ماشینی، ڕێگە بەوانە نادات؛ ژیان بووەتە هەڵاتهەڵات و پەلەپەلکردن؛ مۆسیقاکەش بووەتە هەڵاتن. سێ خولەک گوێ بۆ مۆسیقایەک بگرە و خێرا بیگۆڕە بە گۆرانییەکی تر. تەنانەت ئەگەر گوێ بۆ گۆرانییەکانی نێو مێمۆرییەک یان نێو ئوتومبێلی کەسێک ڕابگریت، هەر تراکتێک هی گۆرانیبێژێکە؛ لە ڕابردوودا بەو چەشنە نەبوو، چەندین گۆرانیی بە دوای یەکدا بوو کە هی یەک گۆرانیبێژ بوو و گوێی بۆ هەمووی ڕادەگرت. ئەمەش بۆ تاقەت و ئاستی دانبەخۆداگرتنی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە. ئەم شێوە ژیانە کارتێکەریی لەسەر هەموو شتێک بەتایبەت مۆسیقاش داناوە. حەز دەکا خێرا گۆرانییەکە بگۆڕێت و لێی ماندوو دەبێت؛ ئەگەرچی پێشتر هۆگری ئەو بەرهەمە بووە و کەیفی پێوە دەکرد، ئێستا ناتوانێت گوێی بۆ ڕابگرێت. سەردەمێک هێمنایەتی و ئارامییەک لە ژیانیدا بوو کە ئێستە نەماوە. پێشتر لە میوانییەکدا کۆ دەبوونەوە و قەوانێکیان لەسەر گرامافۆنەکە بەو هەموو زەحمەتەوە دادەنا و هەموو بێدەنگ گوێیان بۆ ڕادەگرت. ئێستا مێمۆرییەک سێسەد دانە گۆرانیی تێدایە کە لە پەستا بە دوای یەکدا دەگۆڕێت و تەنانەت گوێگرەکەش تاقەتی نییە دەست بەرێت و بیگۆڕێت و هەر بە دوای یەکدا بڵاو دەبێتەوە. گوێگرتن لە بەرهەمی ڕەسەن کەم بووەتەوە و خەڵکی حەز دەکەن خێرا تێپەڕێت. ژیانەکە و فەرهەنگەکە وای لێ کردووە چونکوو مۆسیقا، ڕەنگدانەوەی شێوەی ژیانە و هەڵسوکەوت و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە دەنوێنێتەوە.

ئەو کەشوهەوایەی ئێستا کە لە کۆمەڵگادا زاڵە، ئەم دۆخەی لە مۆسیقادا پێک هێناوە؛ مۆسیقا لە سەردەمێکدا قەدەغە بوو، لە نێو مۆبایل و کۆمپیوتر و فیلم و سیدی و تەکنۆلۆژییەکانی دیکەدا ئەو ئامێرانە پیشان دەدرێت کە دەبێتە هۆی هاندانی خەڵک بەرەو لای ئەو ئامێرانە و سازە ئێرانییەکان کەمتر وە بەر چاو دەخرێن. ئاشکرایە کە لە کۆتاییدا بۆ لای ئەو ئامێرە ئێرانییانە دەگەڕێنەوە، بۆ لای ئامێرە ڕەسەنەکان. دەبێ لاوان بە ڕاستی هەوڵی بۆ بدەن. ئەو لاوانەی کە بەتوانا و

لێزان و ژیرن، دەبێ بیبووژێننەوە. خەڵکی ئێستا دڵیان خەمینە و حەز دەکەن بە مۆسیقای شاد، ئەو سەردەمە تێپەری کە بۆ نموونە، شەجەریان مەقامێکی دەخوێند کە زۆرتر لە بیست تا سی خولەک بوو و لە کۆتاییدا گۆرانییەکی دەخوێند کە سێ چوار خولەک بوو؛ ئەو سەردەمە کۆتایی هات. ئێستا بەم شێوە نییە، خەڵکی تاقەتیان نەماوە. مۆسیقا دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی ئەو شوێنە؛ دەڵێن ئەگەر دەتەوێ بزانی لە شارێکدا لە شوێنێکدا خەڵکی چۆن دەژین و فەرهەنگیان چییە، بڕۆ گوێ لە مۆسیقاکەیان بگەرە، بڕۆ بۆ سەر قەبران و بڕۆ بۆ ناو شایی و زەماوەندەکانیان. خەڵکی، ئێستا لەبەر ئەوەی کە دڵ-بەخەمن و حەز بە مۆسیقای شاد دەکەن، سەریان لێ تێک چووە؛ گوێ لە هەندێ مۆسیقای شاد دەگرن کە ڕەسەن نییە و تەنیا قەرەباڵغیی پێوە دیارە و تەنیا ئەو ساتە سەریان پێوە قاڵ دەبێت. فەرهەنگی کۆمەڵگا گۆڕاوە، مۆسیقاش دەگۆڕێت؛ خەڵکی تاقەتیان نەماوە؛ سەردەمانێک خەڵک تاقەتیان لە سەرەوە بوو کە گوێیان بۆ بەرهەمە ڕەسەنەکان، وەکوو بەرهەمەکانی شەجەریان ڕادەگرت بەڵام ئێستا بەو چەشنە نین.

پێشتر تومبەک سازێکی نامۆ بوو؛ کەمتر کەسێک تومبەکی دەناسی و لەگەڵی ئاشنا بوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە دەوری ئەو سازە لە گرووپدا دیار نەبوو؛ ئەگەر ئۆرکێسترێک تاری لەگەڵدا نەبێت یان کەمانچە، سێتار یان هەر ئامێرێکی دیکە، کێشەیەک نییە بەڵام بە بێ ئامێری لێدانی یان تومبەک نابێت؛ تومبەک دەورێکی گرنگی بوو لە مۆسیقادا بەڵام لە نێو خەڵکدا غەریب و نامۆ بوو. لە ئێستادا وردەوردە خەڵکی خەریکن ئەم سازە دەناسن و بەو گرنگییە دەزانن و وەکوو ئامێرێک ناوی لێدەبەن کە پێشتر وانەبوو. پێشتر پێیان وابوو هەر لە شایی و زەماوەندا بە کار دێت کە شەش-هەشتێکی پێ بژەنرێت و خەڵکی تۆزێ سەمای لەگەڵدا بکەن. بەڵام ئێستا زۆر باشترە و ئەمنیش بەش بە حاڵی خۆم، لەم پێناوەدا هەوڵم داوە؛ هەر ئەوەی کە خەڵکم لەگەڵ ئەم ئامێرەدا ئاشنا کردووەتەوە و زۆر کەسم هان داوە کە فێری ئەم سازە ببن، بەم مەبەستەوە بووە؛ لە هەر شارێکیشدا، لانی کەم، یەک دوو کەس هاوشێوەی من بوونە کە درێژە بەم کارە بدەن و بەم ڕێگایەدا بڕۆن. کەسێک وەکوو حسێن تارانی زەحمەتی زۆری بۆ ئەم سازە کێشا؛ هەر ئەوەی کە بۆ یەکەم جار نۆتی بۆی نووسییەوە، بە چەشنێک کەسایەتیی بەو سازە بەخشی. پێشتر بە ژمارە و وشەکان (صد و بیست و چار ضرب در دو، بلە و بلە و

کتێب هەواڵنامەی

بله دیگە و ...) خەڵکی فێر دەکرد کە دواتر تێگەیشت وا بە کار نایێت و نۆت پێگە و بایەخێکی دیکەی هەیە. مامۆستا حسێن تارانی زۆر باش سازی دەژەند و وردەکاری و شیرینکاریی باشی لە تومبەکدا بەدی هێنا و بە هەستەوە سازی دەژەند و بووە هۆی ئەوە ئەم ئامێرە پلە و پایەی خۆی بە دەست بێنێت و هیوادارم ئێمەش بتوانین هەر کامە و لە شار و شوێنی خۆماندا جێگە و پێگە و ڕەسەنایەتیی ئەو سازە بە خەڵک بناسێنین.

ئامێری دەف سەردەمانێک زۆر کەسی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا؛ چونکوو دەف وەها ئامێرێکە لە کاتی ژەندندا قەرەباڵغییەکی زۆری پێوە دیارە و خەڵکیش زۆر نەیاندەناسی. ئامێرێکی عیرفانی بوو کە لە سنەدا سەرنجی زۆری پێ‌دەدرا و بەرەبەرە هێنرایە نێو مۆسیقا و خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و وەکوو تا و یاوێکی کاتی خەڵکی داخ کرد و زۆر کەسی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەمە ڕاستییەکە هەر شتێک خێرا گەشە بکات، لەوانەیە خێراش تووشی داکشان ببێت؛ بەڵام شتێک کە بەرەبەرە گەشە بکات و خۆی بنوێنێت، درەنگیش ڕوو لە داکشان دەکات. لە لایەکی ترەوە، هەندێ لە لاوان بەرەو لای ئەو ئامێرانە زۆرتر ڕادەکێشرێن کە بە وتەی خۆیان پرێستیژی(کلاس) هەیە؛ کاتێ تومبەکێک بە دەستیانەوە دەدەیت، ڕوویان نییە بە دەستەوەی بگرن و دەیشارنەوە. ئەگەرچی خۆی هۆگری ئەو ئامێرەیە، بەڵام لای وایە خەڵکی بە عەیب و عاری دەزانن. لەم بارەوە میدیاکان تاوانبارن؛ کەی لە تەلەفزیۆندا ژەنیارێک دەبینین کە خەریکە تومبەک لێ‌دەدات یان ئامێرەکانی دیکە پیشان دەدرێت! ئەم ئامێرانە کە ڕەسەنایەتییان پێوە دیارە، پیشان نادرێن بەڵام زۆر جار گیتار و هەندێ ئامێری دیکە پیشان دەدەن کە زۆر لاوەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە؛ تەنانەت ئەمن بۆخۆم دیومە جێگەی سازەکەیان کردووە بە شاندا و لە شەقامەکاندا پیاسەیان پێوە کردووە، چونکوو دەڵێن پرێستیژی هەیە. بەڵام دڵنیام ئەوەش نامێنێتەوە و جێگای خۆی دەگۆڕێت. ئەوەی کە ڕەسەنە هەمیشە دەمێنێت. لە کۆتاییدا ئامێرە ئێرانییەکان جێگای خۆیان دەدۆزنەوە و بایەخیان پێ‌دەدرێت.

ئێستا زۆر کەس هەن کە شوێن و جێگەی و پێگەی خۆیانیان لێ تێک چووە و هەندێ بڕیاری نابەجێ و هەڵە دەدەن. بۆ نموونە، کابرا هەیە کە لە ڕووی کتێبەکەی مامۆستا پایوەر کاری کردووە؛ هەنگاو بە هەنگاو بەو کتێبە لەگەڵ مۆسیقا و شێوەکانی ژەنیندا ئاشنا بووەتەوە و فێری مۆسیقا بووە

بەڵام کاتێ قسە دەکات، دەڵێ پایوەر کاتێ لێی تێک دەچوو، ڕیزێکی پێ زیاد دەکرد؛ ئەگەر تۆ بە خۆت دەڵێیت هونەرمەند، هونەرمەند وەها نییە؛ هونەرمەند نابێ ئەو شتانە بێت بە دەمیدا. هونەرمەند یەک دانە نۆت لە هەر کەسێکەوە فێر ببێت، دەبێ ڕێزی بۆ دابنێت و ناوی بە باشە ببات و بڵێ ئەو نۆتە لەو کەسەوە فێر بووم. ئەگەر تاقە نۆتێکیش بێت، تەنانەت ئەوە ناڵێم کە ببێتە ژەنیارێکی چاک. ئێستاش کەسانێک هەن کە لە سەرەتادا نەیاندەزانی سازەکە بە کام دەستیانەوە بگرن، چۆن ڕایبگرن و چۆن ژێژەن بە کار بهێنن؛ بەڵام کاتێک فێری ئەو شتانە دەبن، دەڵێن ئەو کەسە کە فێری کردووە نازانێت و بە ژەنیاری نازانن! ئەو شێوە هەڵسوکەوتکردنانە مایەی شەرمە. لەوانەیە ئەتۆ ببیت بە ژەنیارێکی پلەبەرز و زۆر چاک کە لە مامۆستاکەشت باشتر بیت؛ ئەوەش هەر ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستاکەت بووە؛ وەها بەستێنێکی بۆت دابین کردووە و کارێکی کردووە ئەتۆ ئەوەندە بەهێز بیت و هانتی داوە ئەوەندە باش فێر ببیت کە بتوانیت ببیتە ژەنیارێکی چاک.

**بە ڕای من مامۆستای باش، ئەو مامۆستایەیە کە قوتابییەکەی لە خۆی باشتر بێت؛ ئەوە نیشانەی توانایی و ئاستی بەرزی ئەو کەسەیە. نەک ئەوەی قوتابییەکەی هەر کار بکات و هیچ شتێک نەزانێت و هەر مامۆستاکەی لەو سەرتر بێت؛ ئەگەر وەها بێت ئەم مامۆستایە چ کارێکی کردووە! ئەگەر بڕیارە ببێتە کەسێک وەکوو خۆی، کارێکی بێهوودەیە؛ ئەو خۆی هەیە، ئیدی پێویست بەوە ناکات کەسێکی هاوشێوەی خۆی پەروەردە بکات. مامۆستا دەبێ هەم شتی فێر بکات و هەم هانی بدات کە لە کەسانی دیکەش شت فێر ببێت، تا سەرکەوتوو بێت.** هەندێ کەس بەو شێوە نین؛ زۆر جار چیرۆکی ئەو زۆرانبازە وە بیر دێننەوە کە ڕاهێنەرەکە دەڵێت هەموو کاتێک دەبێ یەک دانە تەکنیک بۆ خۆت بهێڵیتەوە و بە کەسی فێر نەکەیت؛ بەڵام ئەمن بڕوام بەوە نییە؛ ئەوە زەینییەتی کەسانی کەم-جیقڵدان و بێنرخە. ئەتۆ چیت لە ئەستۆدایە و چی دەزانیت، فێری بکە و هانی بدە دیسان فێر ببێت و سەربکەوێت؛ بە چەشنێک کە خۆت پێت خۆش بێت و بڵێیت ئەو کەسە بە لای منەوە ڕاهاتووە و کاری کردووە و ئێستا ژەنیارێکی زۆر چاکە و کەیفی پێوە بکەیت.

بە داخەوە ئێستا بەو چەشنەیە کە هیچ کەسێک ئەوی دیکەی لا پەسەند نییە؛ تەنانەت مامۆستاکەی خۆشی؛ سا چۆن دەتوانی لەگەڵ وەها کەسێکدا قسە بکەیت. دەبێ ئاوڕی لێ نەدەیتەوە

و بە هونەرمەند ناوی لێنەبەیت. کەسێک وەکوو مامۆستا جەلیل شەهناز، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا، بانگیان کرد و هاتە سەر سەکۆ و سازەکەیان بە دەستییەوە دا، بەڵام نەیتوانی یەکێک لە بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش بکات. ئەگەر قوتابییەکەی کە لەو بەهێزتر و بەگوڕترە، بێت ئەو پارچە مۆسیقایە پێشکەش بکات، بڵێت ئەمن زۆر باشترم، کارێکی شیاوی کردووە!؟ ئەو ئیدی پیر بووە و ناتوانێت ساز بژەنێت؛ لە باری جەستەییەوە لاواز بووە و ناتوانێت. هەر کەسێک تا ڕادەیەک دەتوانێت کارێک بەرەو پێش بەرێت. مۆسیقاش دەبێ لەگەڵ خەڵک و سەردەمدا بسووڕێت و دەستبەدەست بکرێت و بە کەسانی دیکە بسپێردرێت. ئەم ڕەوتە زەنجیرئاسا پێوەندیی پێکەوە هەیە و ناکرێ بڵێیت هیچ کەسێک نەبووە؛ لە ناوەڕاستەوە بێیت و بڵێیت هیچێک نەبووە و کەسێک پێش من نەبووە، ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بەو واتایەیە کە خۆت هیچێک نیت. کەسێک کە شارەزاییەکی لە کارێکدا بێت، پێویست ناکات خۆی باسی بکات؛ کەسانی دیکە لە شوێنی خۆیدا باشتر ئەو کارە ئەنجام دەدەن. ئەمن بەو بڕوایەم کە ژەنیار و بە گشتی هونەرمەند، دەبێ کەسایەتیی هەبێت؛ بۆ نموونە، ئەگەر من ژەنیاری تومبەکم، بە چییەوە ژەنیارم؟ بە دەست و پەنجەمەوە. ئەگەر ئەو دەستە لە کار کەوت یان قامکێکم لە دەست دا، ئیدی ناتوانم ساز بژەنم؛ واتە ئایا لە نێو خەڵکدا ئیدی ئەو ڕێز و جێگە و پێگەیەم نامێنێت؟ هونەرمەند دەبێ خاوەنی کەسایەتی و پێگە و شوێنی شیاوی خۆی بێت.

کتێبخانەی هەوراز

# پرسیاری بێوەڵام



و: پارساکەریمی

**ئەم بابەتە وەرگێڕانی وانەوتارێک لە زنجیرە وانەوتارەکانی زانکۆی نۆرتۆنە کە بۆ فێرخوازانی ئەم زانکۆیە لە پۆلدا بە ڕێوە چووە.**

**پێشەکی**

لیئۆنارد بێرنشتاین[1] لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٨ لە ماساچۆسێتسی ئەمریکا لە دایک ئەبێت و لە زانکۆی هاروارد فێرخوازی مامۆستایانی زۆر بلیمەت وەکوو ڤاڵتێر پیستۆن و مێری لە مۆسیقا کێتریج و سپێنسێر لە ئەدەبیات بووە. بێرنشتاین لە **١٩٧٣**، واتا ئەو کاتەی کە بووە بە مامۆستای بووتیقای شێعر دەبێت بە خاوەنی کۆرسی چارلز ئێلیووت نۆرتۆن و هەر لەو زانستگایە دەست دەکات بە بەڕێوەبردنی وتارگەلێک کە تێیدا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە سەر بیرێکی سەردەمی لاوییەتی خۆی باس دەکات بەڵام ئەو جۆرە خۆی دەڵێت هیچ کات زۆر لەسەری قووڵ نەبووتەوە بەڵام کاتێک کە دواتر بەرهەمە کانی چامسکی دەبینێت خێرا ئەو بیرە کۆنەی خۆی دێنێتەوە بیر و پاش پێوەندیگرتن لەگەڵ چامسکی دەستدەکات بە کۆکردنەوەی بابەت بۆ ئەم وانەگەلە. بێرنشتاین ئەیەوێت لەم وانەگەلە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە مێشکی مۆسیقازانی سەدەی بیستەمی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ئەویش ئەو پرسیارەیە کە مۆسیقا بەرەو کوێنە دەڕوات؟ بەڵام ئەو پێی وایە ئەبێت ئێمە سەرەتا بزانین مۆسیقا لە کوێوە

[1] Leonard Bernstein (1918-1990)

هاتووە، پاشان ئەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەو. بێرنشتاین ناوی ئەم وانەگەلەی لە مۆسیقاییێکی ئاڤانگارد بە ناوی «پرسیاری بێ وەڵام» بەرهەمی چارلزئایڤز وەرگرتووە و ئەم وتارگەلەی پێشکەش کردووە بە مامۆستای خۆی پرۆفسۆر دەیوید پراڵ(١٨٨٦-١٩٤٠). کەسێک کە فەلسەفەی جوانیناسی فێری کردووە. لێئۆنارد بێرنشتاین بێ‌شک یەکێکە لە کاریگەرترین مۆسیقازانی هاوچەرخ کە جگە لە ئاهەنگ‌دانان لە بوارگەلێک وەکوو ڕێبەری ئۆرکێسترا، ژەنیاریی پیانۆ، لێکۆڵینەوەی زانستی و فێرکاری دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە. بێرنشتایین لەم پۆلە تەواوی وێنەکانی بە پیانۆ دەژەنێت و لێرا نۆتی هەموویان هەیە و لە درێژەی‌دا دەسپێکی سەمفۆنی ٤٠ی مۆزارت شی دەکاتەوە کە پارتیتووری سەرەتایی مووڤمانی یەکەمم لە کۆتاییدا داناوە.

لە کۆتاییدا وەرگێڕانی ئەم وتارە زانستییە پێشکەش بە مامۆستای بەڕێزم، کاک کاوان خەتمی، دەکەم کە فێری کردم لە گۆشەنیگایەکی زانستییەوە بۆ مۆسیقا بڕوانم.

هەواڵنامەی کتێب



**ڕێزمانی جیهانی**

ساڵەکانی ٥٠ هاوکات لەگەڵ بووژانەوەی بەشی زمانەوانی زانستگاکانی ئەمریکا نۆوام چامسکی[1] بە بڵاوکردنەوەی کتێبی *پێکهاتە ڕێزمانییەکان* (*Syntactic Structures*) خوێنێکی تازەی خستە دەماری زانستی زمانەوانییەوە و شۆڕشێکی نوێ پاش ویلیام جۆنز[2] (١٧٩٤-١٧٤٦) و فێردیناند دۆسۆسوور[3] (١٩١٣-١٨٥٧) بەرپا کرد. کتێبی *پێکهاتە ڕێزمانییەکان* لە ساڵی ١٩٥٧ لە چاپ ئەدرێ، چامسکی لەم بەرهەمەیدا باسی ئەوە دەکات کە وێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان زمانگەلی دونیا و ڕەوتی فێربوونی زمان لە نێوان هەموو منداڵیک وەکوو یەکە کەواتە مێشکی مرۆڤ لە پێشەوە جۆرێک دانراوە کە خاوەنی هێزی دەروونییە بۆ فێر بوونی زمان و هەروەها زانستی زمانی مرۆڤ لەگەڵ زانستەکانی‌تری جیاوازە کەواتە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە و ئەبێت بە شێوەییێکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی لە سەربکرێ.

چامسکی لە بارەی بێرنشتاینەوە دەڵێت بۆ ئامادە کردنی باسگەلی ئەم وتارە پێکەوە کارمان دەکرد و بۆم دەرکەوت کە بێرنشتاین بەڕاستی کەسێکی بلیمەتە، چون هەر لە سەرەتاوە کە دەست دەکا بە کارێک ئەزانێ چۆن بڕواتە پێشەوە، بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەندە باش بێت.

ئەمەوێت وانەکەم بە بیرەوەرییەکی جوان لە سەردەمی قوتابیەتیم لە خزمەت پرۆفسۆر پڕاوڵ دەستپێبکەم. ساڵی ١٩٣٧ بوو کە من بۆ یەکەم جار ڤاریاسیۆنگەکی پیانۆی ئارۆن کۆپلاندم بیست، زۆرم پێ‌خۆش بوو، شاعیرانە بوو، بەرهەمێکی نوێ بوو.

[1] Noam Chomsky.
[2] William Jones
[3] Ferdinand de saussure



[1]

ئەم بەرهەمە دەرفەتێکی باشی بە من دا کە زۆرتر لەگەڵ تەکنیک گەلی مۆسیقایی ئاشنا بم. وتارێکم بۆ وانەی جوانی‌ناسی نووسی، ئەوەندە وتارەکەم بەلای پرۆفسۆر پراوڵەوە سەیر بوو کە ویستی خۆی فێری ببێت. تەنانەت خۆی چوو نۆتەکەی بۆ کڕیم. من دوای تەکمیل‌کردنی بەرهەمەکە فێری خۆیشیم کرد و پاشان ئەو بە منی وتەوە و پێکەوە شیمان کردەوە.

من نامەوێت چیرۆکێکی هەستیارانەتان بۆ بگێڕمەوە... چونکە هاوکات لەگەڵ شی‌کردنەوەی بەرهەمی کۆپلاند، من شتێکی سەرسووڕهێنەرم دۆزییەوە و ئەویش ئەوە بوو کە چوار نۆتی دەسپێکی بەرهەمەکە کە ناوکەی سەرەکیی تەواوی بەرهەمەکەیە لەڕاستیدا ئەم چوار نۆتەیە کە نۆتی چوارەم یەک ئۆکتاڤ لە سەرەوەیە و من لە ناکاو زانیم کە هەر ئەم چوار نۆتە بە گۆڕانێک لە ڕەوتی نۆتەکاندا،




ئامیانی سەرەکی فووگ C# minor لە کۆمەڵی ڤێرتێمپێرد کلاڤیێری باخە.



دواتر بۆم دەرکەوت کە هەر ئەم چوار نۆتە بە جێ‌بەجێ‌بوونی نۆتەکان و پات‌کردنەوەی نۆتی دەسپێکی، ئامیانی ڤاریاسیۆن‌گەلی ئۆکتێتی ستراوینسکییە.

[1] بۆ تاقیکردنەوەی هەموو ئەم نۆتانە دەبێ لە پیانۆی ئاکۆستیک کەڵک وەربگیردرێت.

هەمدیسان ئەم چوار نۆتە بە جۆرێکی دیکە و لە تۆنالیتە[1]یێکی دیکەدا بنواتا(تێم)ی دەسپێکی ڕاپسوودی ئێسپانیایی ڕاڤێلە.



لە سەرووی هەمووشیانەوە، لە ناکاو مووزیکێکی هێندیم هاتەوە بیر کە پێشتر ئەو سەردەمەی کە زۆر گوێم لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی دەگرت بیستبووم.



لەم کاتەدا بوو کە بیرۆکەییێک بە مێشکم گەیشت کە دەبێت هۆکارێکی گرینگی لە پشتەوە بێت کە بۆچی ئەم چوار نۆتە بەم پێکهاتەوە دەتوانن ناوکەی سەرەکیی مۆسیقاگەلێکی ئاوەها جیاواز لە بەرهەمی هۆنەرمەندانێکی وەکوو باخ، ستراڤینسکی، کۆپلاند و ڕاڤێل و مووزیکی هێندی بن. ئەم شتانەم بە پرۆفسۆر پراوڵ وت و یەکەم وانەوتارەکانی نۆرتۆنم هەر لەوێ بەڕێ چوون، ئەڵبەت لە پۆلێکدا کە تاقە خوێندکارێکی هەبوو.

لەو کاتەوە تیۆری زاتیبوونی زمان مێشکمی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوو و لە ڕاستیدا ئەگەر ئاوەها بیرۆکەییێک نەبوایە هەرگیز بیرم لە بەڕێوەبردنی ئاوەها وانەوتارگەلێک نەدەکردەوە و ئەبێ بڵێم کە ئەم بیرۆکەیەی نۆوام چامسکی زۆر بۆ من سەرنجڕاکێش بوو. بەڵام بەم وتانەمەوە نامەوێ باسەکانم بە بیرۆکەی چامسکی ببەستمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر کارم ئاساییتر دەبێتەوە؛ چونکە ئەو بەناوبانگترین و شۆڕشگێڕترین کەسە لەم بوارەدا.

چامسکی لەگەڵ هاوکاران و خوێندکارانی کە زۆربەیان ئێستا کێشەیان لەگەڵ ڕوانگەکانی ئەو هەیە بە خوڵقاندنی بەرهەمگەلێکی نوێ هێزێکی نوێیان خستە جەستەی زمانەوانییەوە تا ئەو جێگا کە

[1] Tonality.

تیشکێکی جیاوازیان خستە سەر هێزێکی لێڵاو و زۆر گرینگ بە ناوی مێشک، ئەوان بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوەی کە بۆچی مرۆڤەکان بەم شێوەیە قسە ئەکەن و بە دەرخستنی یاساکانی زمان بتوانین بەو ئاستە بگەین کە پێوەندییەکی بەربلاوتر لەگەڵ یەک بگرین؟ لە ڕێگای مۆسیقا یان هەر هونەرێکی دیکە و لە کۆتاییدا لە ڕێگەی هەموو هەڵسوکەوتەکانی کۆمەلایەتییەوە. ڕەنگە بتوانین دەری‌بخەین کە مێشکی مرۆڤ لە چی پێک‌هاتووە؟ چون قسەکردن و زمان تایبەتە بە مرۆڤ، کە ئەڵبەت زۆریش بە دوور نییە کە سبەینێ دوارۆژ هەواڵ‌گەلێک لە قسەکردنی دۆلفینەکان و مەیموونێکی تایبەتمان پێ بدەن؛ بەڵام ئەم زانستە نوێیە، واتا زمانناسی وا دیارە نوێترین کلیلی خۆناسینە و وا دیارە هەر ساڵێک کە تێدەپەڕێت ئەم تیۆرییەی چامسکی زۆرتر خۆی ئەسەپێنێت.



هەواڵنامەی کتێب

وێنەکێش: فلۆرا ئیبراهیمی

بەڵام چۆن ئەتوانین جیهانی‌بوونی مۆسیقا بە شێوازگەلێکی زانستی وەکوو هاوسەنگ‌گەلێک لە زمانناسی شی بکەینەوە؟ مۆسیقا بڕیارە هێماییێک بێت لە نادیارترین هەستەکانی ناخی مرۆڤ. بەڵام دەقێکی هەستیارانە زۆر باشتر ئەتوانێ دەرخەری ئەم هەستە بێت تاکوو هەڤ‌کێشەیێکی ڕیازی. تەنانەت زانایێکی گەورە وەکوو ئالبێرت ئەنشتەین ئەڵێت کە جوانترین ئەزموون‌گەلی ڕۆحی ئێمە لە شتانێکی هێماییەن؛ چون خۆشی ڤیالۆنیست و عاشقەو مۆسیقا بوو. بەڵام بۆ زۆربەمان تێدەکۆشین لە سەر جوانی مۆسیقا بدوێین؟ کە بە ڕای من کارێکی نەشیاوە و هێمایین‌بوون و لێڵاوی مۆسیقا دەسڕێتەوە.

بەڵام نابێ ئەم ڕاستییە لە بیر کەین مۆسیقا تەنیا هونەرێکی ڕەمزاوی نییە؛ بەڵکو زانستێکە کە ئامرازەکانی سازکردنی بە زانستی ڕیازی شی ئەکرێتەوە، فرێکانس، مەودای درێژیی نۆتەکان، دێسیبل، ناڤبەر[1]ەکان. کەواتە هەر پێناسەکردنێک لە مۆسیقا ئەبێ تێکەڵێک لە جوانیناسی و ڕیازی بێت هەروەکوو زانستی زمانەوانی کە تێکەڵێکە لە فەلسەفە و ڕیازی؛ یان کۆمەڵناسی یان هەر بوارێکی دیکە. هەر بەو بۆنەوەیە کە شێوەڕوانینێکی تازە بەرانبەر بە مۆسیقا لە ژێر کاریگەری زمانەوانیی نوێدا بە لامەوە سەیروسەمەرەیە. بۆ ئێمە لە سەر زمانەوانی مۆسیقایی نەکۆڵینەوە؟ هەروەکوو ئێستا کە زمانناسی دەروونناسمان هەیە یان زمانناسی کۆمەڵناس. بێن تاقی بکەینەوە. بەختەوەرانە زمانناسی زانستێکی سێلۆیە کە لە سەر ئەوانە ئەم پۆلانە بەڕێوە ئەبەین. ئەم سێ لۆیە ئەمانەن:

١. دەنگناسی
٢. ڕێزمان
٣. واتاناسی

ئەم سێ شتە لە ڕاستیدا ڕێنوێنێکی باشن لە مۆسیقادا. ئێمە لەم دانیشتنەماندا لە سەر دەنگ کە بنەڕەتیترین باسە لە مۆسیقا و زماندا، ئەکۆڵینەوە کە مێشکمان ئامادە بکەین بۆ دانیشتنی دوایی کە باسی ڕێزمان و لە کۆتاییدا بە وردی باسی واتاناسی شی ئەکەینەوە، واتاناسی هەم لە مۆسیقا و هەم لە زماندا. واتاناسی دەرئەنجامی تێکەڵبوونی دەنگناسی و ڕێزمانە و لە دەرئەنجامدا بێ ئەوەی بمانەوێت دەگەڕێینەوە بۆ پرسیاری بێ وەڵامی ئایڤز:

مۆسیقا لە سەردەمی ئێمەدا بەرەو کوێ دەڕوات؟

وابزانم تێگەیشتبن کە بۆچی کاتێک باسی زمانناسی نوێم کرد زۆر هەستۆک بووم، چون بنەڕەتی کاری ئەو لە سەر ئیستعدادی زاتی و دەروونیدایە و خێرا بیرۆکەی سەردەمی خوێندکاریم سەر لە نوێ زیندوو بووەوە. ساڵیانێکی زۆر بیرم لێ نەدەکردەوە و پێم وا بێت لەبەر ئەو وتەیە بوو‌بێت کە دەڵێت مۆسیقا زمانێکی جیهانییە کە واتاکەی ئەو ڕستەیەش زۆرتر پشتگیریکردنە لە ئۆرکێستیرای سەمفۆنیکی ناوچەی خۆتان. ئەم ڕستەیە جگە لەوەی کە زۆر دووپات دەکرێتەوە، مەترسیداریشە.

[1] Interval



هەواڵنامەی کتێب

چەند کەس لە ئێوە ئەتوانن بۆ ماوەی چل خولەک گوێ لە ڕاگاییێکی هێندی بگرن؟ ئیتر باسی بۆ خەوبردنەوەتان ناکەم. گوێ‌گرتن لە مووزیکی ئاڤانگارد چی؟ کەواتە ئەوەندەش جیهانی نییە. من زۆر بیرم لە ئەم زمانە جیهانییەی مرۆڤ دەکردەوە، بەڵام کاتێک دەستم کرد بە خوێندنی زمانناسی نوێ، ڕێگاییێکی تازەم دۆزییەوە کە لە سەر بیرۆکەی کۆنی خۆم کە بێ تام و ساکار و لاوازیش بوو بکۆڵمەوە و بە بەراودێک لە نێوان زمانناسی و مۆسیقا ئەو وتەیە کە زۆر دووپات ئەبێتەوە نەدەکرا لابچێت، بسەلمێندرێت یان پێناسە بکرێت. بەڵام با هەوڵ بدەین شی بکەینەوە.

جیهانی‌بوون چەمکێکی گشتگیرە، مەترسیداریشە؛ هاوکات کە وێکچوونەکان ئەخاتەوە بیرمان، جیاوازییەکانیش دەرئەخات. ئەو وتەی مانتەین بهێننەوە بیر کە دەڵێت گەورەترین تایبەتمەندیی جیهانی‌بوون، جیاوازیی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکترین. ئەم جیاوازییانە لە دڵی لێکۆڵینەوەگەلی زمانیدایە؛ چونکە کاتێک کە زمانناسێک لە سەر بنەماڵەییێکی زمانی ئەکۆڵێتەوە هاوکات بە شوێن فۆرموولگەلێکدایە بۆ ڕێزمانی شیکارانە. لە هەمان کاتدا چاو لە وێکچوونە بنەماییەکانی نێوان زمانەکان یان بنەماڵە زمانییەکان دەکات. ئەوان ئەم ڕێزمانە شیکارانەیە لە ڕێگەی شیکردنەوی ڕەوتی قسەکردنی مرۆڤ ساز دەکەن و لەم ڕێگەوە کۆمەڵە یاساگەلێک ئەدۆزرێتەوە کە هیوادارم ڕاستییەکەی بە سەر تەواوی زمانەکاندا بسەپێندرێ، چ ئەو زمانانەی کە ناسراون، چ ئەوانەی نەناسراون کە ئەمەش کارێکی ئاسایی نییە بەڵام ئامانجێکی گەورەیە و ئەگەر یاساگەلی دنیاداگر (جهانشمول) بسەلمێندرێ برایەتیی مرۆڤەکان دەرئەکەوێت. زمانناسەکان چۆن لە ئەنجام‌دانی ئەم کارەدا سەردەکەون؟ یەکێک لەو شتانە باس‌کردنی «دنیاگەلی ڕاوەستاو لە سەر زاتی خۆ»یە؛ وەکوو وێنە لە دەنگناسیدا کە باسی سەرەکی ئێمە لەم دانیشتنەدایە، زمانناسەکان دیان بە دنیاییێکی ڕاوەستاو لە سەر زاتی خۆدا دەنێن کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

- زمانەکان خاوەنی فۆنیم‌گەلێکن کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشن.

- فۆنیم یەکەمین هێمانەی پێکهێنەری زمانە کە ڕەوتی پێکهاتنەکەی سرووشتییە و چون هەر کەسێک ئامرازە سرووشتییەکانی هەیە کەواتە هەموومان ئەتوانین بڵێین ئا (A).

هەر تاکەکەسێک لە هەر ڕەگەزێک ئەتوانێت ئەم دەنگە بڵێتەوە، بە جیاوازییەک کە بە هۆی ڕاهاتنی قوڕگەوەیە یان بە هۆی جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتییەوەیە کە ئەو کەسە لە کاتی قسەکردندا بڵێت «کلاس» یان «کڵاس»؛ بەڵام هەموویان خەریکن هەر ئەو فۆنیمە ئەڵێنەوە، کەواتە ئەم شتە بە پێکهاتەیێکی جیهانی بزانین و ئەمە بۆتان ئەبێت بە جێهانێکی ڕاوەستاو لە سەر زاتی خۆ (قائم بالذات). ئەڵبەت من جێهانێکی ڕاوەستاو لە سەر زاتی خۆ پێناسە ناکەم چون نامەوێ ماندووتان بکەم.

هەندێک لە زمانناسەکان بە شێوەگەلێکیتر بە شوێن ئەم جێهانە ڕاوەستاوە لە سەر زاتی خۆیانەدا دەگەڕێن بۆ وێنە ڕیشەناسانی زمان پێیان وایە خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە سەر وشەی ئیسپانیایی «ئابلار» بە واتای قسەکردن و هاو واتای پۆرتیغالیی «فاللار» ئەوە نییە کە ئەم دوو وشە لە یەکتر جیاوازن؛ بەڵکوو هەردووکیان یەکێکن، خاوەنی ڕیشەیێکی هاوبەشن کە لە زمانی لاتینەوە هاتوون (فابوولار)، بە جیاوازییەکی بچووک لە دەربڕینی دەنگەکاندا کە نامەوێت باسی چۆنیەتی ئەم گۆڕانانە بکەم؛ هەرچەند کە باسێکی زۆر خۆشیشە. کەواتە باسی سەرچاوە هاوبەشەکانی ئەم وشانە دەکەم.

کلیلەکەمان هەر ئەم سەرچاوەی هاوبەشەیە، چون ئەگەر کەسێک چاو لە ئەم گۆڕانکارییانە لە درێژەی مێژوودا بکات بە خاڵی جیهانیبوون دەگات؛ بەڵام ئاوەها لێکۆڵینەوەگەلێک تەنیا تا سەردەمێک دەبێ بکرێن کە مرۆڤ فێری نووسین بوو؛ چون ئەو دەنگە کۆنانەی مەبەستی منن ئەبێ لە کۆنترین زمانی مرۆڤەوە دەربهێنرێن. زمانگەلی بەر لە مێژوو لە درێژەی ڕەوتی پێشکەوتنەکانی مرۆڤدا لەگەڵی بوون و دەگەڕێنەوە بۆ مرۆڤی پێش لە سازکردنی بورجی بابێل کە ئێستا هەموویان لە ناو چوون؛ کەواتە چون بەڵگەگەلێکی نووسراو لە بەردەستدا نین زمانناسانی مێژوویی دەست دەکەن بە گومان هێنانەوە و بۆچوون بە جۆرێکی شیاو، کە بگەن بە ئەو زمانە جیهانییەی کە لە نێوان مرۆڤە بەراییەکاندا هاوبەش بووبێت.

بەڵام ئەم کارە زۆر ئاستەمە چون بە مانای گەڕان لە تاریکیدایە. دەسکەوتێکی بەرچاو لەم بوارە ئەوەیە کە ناوێکیان بۆی هەڵبژاردووە کە دەبێت بە مۆنۆجێنێسیس بە ئاماژە بەو بیرۆکە کە تەواوی زمانەکان سەرچاوەیێکی هاوبەشیان هەیە .مۆنۆجێنێسیس بە واتا هاو ڕیشە بەڕاسی وشەیێکی شیاوە کە

من زۆر پێم خۆشە و شەوێک تا بەیانی نەخەوتم تاکوو لە سەر مۆنۆجێنێسدسەکانی خۆم بیر بکەمەو. خۆمم بە تاکەکەسێکی هۆمێنیت ناو نا و هەوڵمدا بزانم پێشینیانی من چ هەستگەلێکیان هەبووە و چۆن مەبەستی خۆی بە قسەکردن دەربڕیوە؟ چەن لاپەڕەم پڕکردووە لە جێگاگەلێک کە وەکوو یەکترن و خۆشم لەوەی وێکچوونێک هەیە لە نێوانیاندا خۆشحاڵ بووم .

سەرەتا بەوەوە دەست پێ بکەم کە خۆم بە کۆرپەیێکی هۆمینید بزانم لە جێگایێکەوە خەریکم دەنگێک کە تازە دۆزیبوومەوە تاقی بکەمەو دەنگێک وەکوو پیتی م ساز دەکەم. دوای ماوەیێک لە برسا ئەمەوێت دایکم ئاگادار بکەمەوە. دواتر کاتێک دەمم دەکەمەوە تا شیر بخۆم دەڵێم MA ئاگاتان لێ بێت، من وشەیێکی سەرەتاییم ساز کرد.

Mather کە پێم وابێت ئەم وشە لە یەکەمین وشەگەلێک بێ کە مرۆڤ سازی کردووە تەنانەت زمان گەلێکی وەکوو لاتین، ژێرمانیک، ئێسلاڤ، عیبرانی و ژاپۆنی و هتد بۆ بانگکردنی دایکیان لە وشەیێک کە لەم ڕیشەیە گیراوە کەڵک وەردەگرن بە هەندێک گۆڕانکاری بچووکەوە. ئەمە سەرکەوتنێکی بەرچاو بوو بەڵام من دەستم کرد بە پەرەپێدانی. ئێستا M لەگەڵ L کە بڕگەیێکی سەرەتاییە MAL، من بە وشەگەلێکی ئاشنانەوە دەستم پێ‌کرد کە واتای خراپ بوونیان ئەدا لە زمانگەلی خاوەن ڕیشەی لاتینن، دواتر بیرم لە زمانگەلی ئێسلاڤ کردەوە کە ئەم بڕگە لە ناو وشەکانیاندا هەیە، لە پڕ بیرۆکەیێک بە مێشکم گەیشت، ئاخۆ ئیمکانی هەبێ لە کۆنەوە لە نێوان چکۆلەبوون و خراپ بووندا پێوەندییەک هەبووبێت؟ بۆچی نا

لە بیرتان نەچێت ئێمە ئێستا دەوری مرۆڤە سەرەتاییەکە دەگێڕین و هەر شتێکی بچووک، خراپە. چکۆلەبوونی مرۆڤی تاک لە سرووشتێکی پڕ لە مەترسیدا دەرئەنجامێکی نەشیاوی هەیە. باش نییە بەرهەمی کشتوکاڵت کەم بێت. کە بیرم کردەوە، ئەبێ لە نێوان گەورەبوون و باشبوونیشدا پێوەندییەک هەبێت، دەستم کرد بە گەڕان لە ناو فەرهەنگە لاتینییەکاندا و بۆم دەرکەوت تەواوی ئەو وشانەی واتای گەورەبوونیان هەیە دوو دەنگی G و R یان تێدایە، وەکوو گرمەی بەبرێکی بەهێز Grande-Grus و خرۆت لە هۆلەندیدا کە تۆزێک دەنگی G نەرمتر دەرئەبڕن و وەکوو پیتی خ ی لێ دێت کە هەمووی ئەم وشانە لاتینی و ژێرمانیکن؛ بەڵام بە چاوخستن بە زمانگەلی ئێسلاڤ ئەبینن کە دەنگی G بووە بە

«خ». سەرەنج بدەنە ئەم وشە جوانە Xaroshi بە واتای فرە هێمنکەرەوە و بەهێز یان Xub دیسان بە واتای باش. ئەمانە هەموویان لایەنی ئەرێنی ئەدەن، من هیوادارم کە لە سەردەمی پێش لەدایکبوونی ئەم زمانانە کە تا ڕادەییێک نوێن، لە زۆر کۆنەوە بە ڕاستی زمانێکی دایکیی جیهانی هەبووبێت کە تێیدا گەورەبوون بە واتای چاکبوون و چکۆلەیی هاوواتای خراپبوونە.

بۆ ئێستا من بە گەمە کانی خۆم سەرتان دێنمە ئێش؟ بە بیرۆکەیێکی نازانستی کە لە ڕوانگەی زمانناسەکانیشەوە بۆچوونێکی زانستی نییە. لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم من وەکوو مامۆستایەکی ئاکادێمیا مافی هەڵەکردنم هەیە. چەمکی مۆنۆجێنێسیس یان هاوڕیشەیی زۆر بەلامەوە سەرنجڕاکێشە و هیوادارم بۆ ئێوەش وا بێت. بێن چەن خولەکێک بەراوردێک بکەین و دیسانەوە دەوری ئەو منداڵە سەرەتاییە بگێڕینەوە کە ئەو وشە سەرەتاییەی MA دۆزییەوە، خێرا بۆمان دەرکەوت کە ئەو وشە گرێ بدەین بە دایکمان کە شیردانمانی لە ئەستۆیە و لە کاتی برسییەتیدا بانگی دەکەین.

لە ڕوانگەی ئاواناسییەوە ئەم دەنگە بە هەڵمەتێکەوە دەستپێدەکات، پاشان بە خشاندنێک بەرەو نزمبوونێک کۆتایی پێدێت کە ئەڵبەت ئەگەر بۆ پرسیارکردن بیڵێن خشاندنەکە بەرەو بەرزتر بوونەوە دەڕوات. ئێستا ئەگەر برسییەتی زۆری هێنابێت ئەو دەنگە زۆرتر درێژە ئەدەین و لەپڕ ئەبینین کە خەریکین گۆرانی دەڵێین. بەم شێوەیە مۆسیقا لە دایک بوو و ئەو دەنگە بوو بە نۆت کە ڕووداوێکی سەیروسەمەرە بووە لەو کاتەدا.

بەڵام ئەو شتە کە خەریکین پێی دەگەین وتەیێک کە زۆر دووپات ئەبێتەوە ئەسەلمێنێت، مۆسیقا یانی بە تەشق گەیاندنی وتە (بەرزکردنەوەی کەلام) کە بە ڕای ئێوە هۆکاری چی بووە؟ هەستگەلێکی دووپاتکەرەوەیی، کە بێگومان تەنیا شتێک کە لە نێوان مرۆڤدا هاوبەشە هەستە وەکوو برسییەتی، چاوەنواڕی، ترس و هتد و چونکوو مۆسیقا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی خۆمان کەواتە مۆسیقا زمانی جیهانیی مرۆڤە یان ڕەنگە نموونەیێکی ئاسمانییە کە ئەو وتەیە کە دەڵێ «سەرەتا کەلام بووە» مەبەستی ئەوەیە کە وتارێکی ئاوازییە. کتێبی پیرۆز دەڵێت تەواوی ڕەوتی خولقاندنی ئینسان بە وتار بووە، خودا **وتی** کە زەوی ببێت، خودا **وتی** کە ئاسمان ببێت. بیر بکەنەوە کە خولقێنەری جیهان هەر بەم شێوەیە بڵێت وەکوو ئەوەی کە خەریکە شتێک داخوازی ئەکات یان زمانی


ئەسڵی کتێبەکە «یەهیئۆڕ» من زۆر بیرم لەوە دەکردەوە. بە ڕای من ئەو ئەم دوو وشەی دەخوێند و بەڕاستی کارتێکەرتر بووە، مۆسیقا دەیتوانی نووربباران بکات، بەڵام من ئێستا ئەو دەنگەم درێژە پێدا و ... دیسان قسەییکی‌تر کە زۆر دووپات دەبێتەوە قسەیەکی کلیشەیی دێنێتەوە بیرمان، مۆسیقا ئەو کاتە دەستپێ‌دەکات کە وتە (کەلام) دائەمێنێت، پێم وابێ وتەی شۆپێنهاوێر بێت.

لەڕاستیدا ئەگەر تیۆری هاوڕیشەیی (لە یەک ڕیشەبوونی هەموو زمانەکان) ڕاست بێت و کەلامی هەموو مرۆڤەکان سەرچاوەیێکی هاوبەشی ببێت و ئەگەر ئەوەی کە دەڵێن بە تەشق گەیاندنی وتە مۆسیقا پێک دەهێنێت ئەتوانین بڵێین کە مۆسیقاش لە مرۆڤەکاندا سەرچاوەیێکی هاوبەشی هەیە واتا شتێکی جیهانییە. زۆریش تەوفیری نییە ئەم نۆتانە لە زاری ئەو منداڵە سەرەتاییەوە هاتبێت یان لە ئاسمانەوە هاتبێت.


ئەم نۆتانە لە کوێوە دێن؟

بۆچی گوێچکەی ئێمە ژمارەیێکی تایبەت لەم نۆتانە هەڵئەبژێرێت؟

وەکوو وێنە، منداڵەکان بە مووزیکێکی تایبەت گەمە دەکەن.



دوو نۆتی تایبەت کە منداڵان بۆ بانگ‌کردنی یەکتر کەڵکی لێ‌وەردەگرن کە زۆرجاریش لە کایە مووزیکاڵەکانیشدا بەکاری دەهێنن کە دەبێت بە سێ نۆت.



توێژینەوەکان دەریانخستووە کە جۆری پیکهاتنی ئەم دوو نۆتە و ڕەوتی هاتنی نۆتی سێیەم و تێکەڵبوونیان لە هەموو شوێنێکی دنیادا، بەم شێوەیە منداڵان لە کاتی گەمەکردندا هەر ئاوا بەکاری دەبەن، لە هەموو وڵاتێکدا، لە هەر بەژ(قارە) ێکدا و لە هەر فەرهەنگێکدا.

ئێستا ئیتر وێنەیێکی ئاشکرا و ڕوونمان لە زماناسی جیهانیی مۆسیقایی دۆزیوەتەوە. وێنەیێک کە ئەتوانێ بە شێوەی بەڵگەدار پێناسە بکرێت. لە دەرفەتێکی باشدا ئەم کارە بە وردی دەکەم چونکە کلیلی تێگەیشتن لە باسی جیهانیبوونی مۆسیقا لە پێناوی پێناسەکردنی ئەم باسەدایە؛ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی ئەم دوو نۆتە؟ بۆچی ئەم دوو نۆتە لە مۆسیقای مۆتزارت[1]، کۆپلاند و شۆێنبێرگ؟ ئێمە مۆسیقاناسان سەرپشک(امتیاز)ێکی باشترمان لە زماناسەکان هەیە کە ئەو پرسیارەیان هەیە کە «بۆچی ئەو دەنگانە لە زاری مرۆڤدا هەن؟» و ئەو کات بە سازکردنی گریمانەگەلێکی زۆر ئاڵۆز لە شوێن وەڵامدان. گریمانەیێک کە ئێستایش بە کار دێت ئەویش بۆ مەبەستی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە. بەڵام ئێمە مۆسیقاران دیاردەیەکمان هەیە بە ناوی harmonic series.

ئەم دیاردەی ئاکۆستیکییە کە harmonic series یان over tone ی پێ‌دەڵێن دەگەڕێتەوە سەر ئەو باسەی کە ئەو شەپۆلە دەنگییانە کە لە لەرینەوەی ماکگەلێکی ناهاوچەشن و ناتەبا ساز دەبن دەبێتە هۆی پێکهاتنی شەپۆلگەلێکی ناڕێک کە پێیان دەڵێن **نۆیز.** بەڵام ئەگەر ئەو سەرچاوەی لەرینەوەیە لە ماکگەلێکی هاوچەشن و یەکدەست وەکوو هەرکام لە ژێکانی پیانۆ دروست بووبێتن ئەم دەنگانە دەبنە شتێکی وەک نۆتی مۆسیقا. ئەگەر یەکێک لە ژێکانی پیانۆ بلەرێنەوە ئەو شەپۆلە دەنگییە کە پێکی دەهێنێت ڕێک و خۆشگوێیە کە ئێمە ئەم دەنگە بە **نۆتی مۆسیقا** ئەبیستین کە زۆریش تەوفیر ناکات ئەم دەنگە لە ژێی پیانۆوە ساز ببێت یان لە بۆریی ئامێرێکی وەکوو کلارینێت


[1]- Wolfgang Amadeus Mozart(1756-1791)

و ئۆبوا یان پێستی ئاژەڵێک کە زۆربەی تەپڵەکان پێک‌دەهێنێت؛ بەڵام ئەو شتە کە گرینگە پێی‌دەڵێن هێزی جووڵەی لەرینەوە(توان حرکت ارتعاشی) کە ئەم زاراوەی زانستییە بە هۆی پڤ کردن، زەخمە لێ‌دان یان ئارشەکێشانی ڤیالۆن پێک‌دێت.

ئێستا ئێمە لە ئەم ژێیەی پیانۆ کەڵک وەردەگرین کە تایبەتمەندییێکی هەیە و کاتێک کە چەکوشەکەی پیانۆ لە ژێکە دەدرێت شەپۆلێک بە فرێکانسی ١٣٢ هێرتز ساز دەکات، کە لە هەموو جیهاندا بە نۆتی C (دۆ) دەناسرێت. ئێستا شتی سەیر ئەوەیە کە ئوە پێتان وایە کە تەنیا هەر دەنگی ئەم نۆتە دەبیستن بەڵام ئێوە لە هەڵەدان؛ چونکە ئێوە هاوکات ئەژمارێکی زۆرتری نۆت ئەبیستن کە هاوکات دەنگیان دێت.



ئەم نۆتانە جۆرێک پێکهاتوون کە بە پێی یاساکانی جیهانی فیزیک، سرووشت لە سەرەتاوە بۆی دابین کردووە. بۆ ئێوە ئەم باسە هەواڵێکی نوێیە کە هیوادارم هەواڵێکی باش بێت بۆتان کە ئەویش ئەوەیە تەواوی نۆتەکانی خوار (BASS) کە زانیاریمان سەبارەت بە بوونیان نەبوو لە دیاردەیەکی سرووشتی پێک‌دێن کە لە هەر سەرچاوەی پێکهاتنی دەنگ یان شیاوتر بڵێم نۆتی مۆسیقا پێک‌دێت کە هاوکات لەگەڵ لەرینەوەی ژێکە ساز دەبێت وەکوو ئەم ژێیەی پیانۆ کە جگە لە لەرینەوەی سەرانسەری ژێکە کە ئەو نۆتی Cیە ساز دەکات بەڵکوو بەشە بچوکترەکانی ئەلەرێنەوە وەکوو ئەوەی کە ئەم ژێیە بە بێ‌کۆتا بەشی‌تر دابەش بکرێت و هەر بەشیش بە جیا بلەرێتەوە و هەرچی ئەو بەشانە بچووکتر بێت خێراتر ئەلەرێتەوە و فرێکانسی بەرزتر کە نۆت‌گەلێکی بەدی دەهێنێت تۆن، ئۆڤێرتۆن یان بەو جۆرە کە هەندێک جار دەڵێن هارموونیک.



ئەم هارمۆونیکانە هەموویان پێکەوە هاوکات لەگەڵ دەنگی سازکراوی بنەمایی c دەنگیان دێت. ئەمە بناغەیێکی بنەڕەتییە کە بە پێی ئەوە تەواوی harmonic series ساز دەبن و هەرچی ئەو نۆتەی باشتر بێت ئەبێتە هۆی دروستبوونی harmonic series ی زۆرتر. کەواتە ئەگەر من هەر نۆتێک بژەنم ئەبێتە هۆی دروستبوونی هارمۆونیکێکی تایبەت بە خۆی کە هۆکاری ئەوەی کە نۆتی c، پڕ زایەڵەیە ئەوەیە کە نۆتی زۆری بە دواوە دێت. ئێستا ئەگەر یاسای فیزیکتان وەبیر هینابێتەوە دەزانن ئەم هارمۆونیکانە دەنگیان کەمترە لە نۆتی بنەڕەتی، کە لەم باسەی ئێمەدا c بوو.


ئێستا بزانین ئەتوانین هارمۆونییەکان بەپێی ئەوەی پێشتر باس کرا ببیستین. بە گوێرەی یاساکانی فیزیک، یەکەم harmonic series ئەبێت یەک ئۆکتاو بانتر لە نۆتی بنەڕەتی ببێت.




ئێستا ئەگەر من نۆتی C دووهەم کلاڤییەکەی لە خوارەوە بگرم و ئەو نۆتی c بنەڕەتییە لێ-بدەم. ئاشکرایە کە نۆتی harmonic series ئەبیستین کە یەک ئۆکتاو سەرتر لە نۆتی پایەیە و هاوکات لەگەڵ ئەو ژێیەدا ئەلەرێتەوە و واتە، ئەم نۆتی c-ـە کە ئۆکتاوێک سەرترە، بەشێکی دانەبڕاو لە نۆتی بنەڕەتییە؛ واتە خاوەنی هارمۆونیی زاتییە. هارمۆونیی دوایی کە هەیە، هەر لە بنەڕەتی هەمان ژێ لە لەرینەوەی سێ بەش دروست ئەبێت. ئەمە دەبێت بە یەکەمین هارمۆونی جیاواز، واتا ئیتر نۆتی C نییە، نۆتی G-ـە. ئێستا دیسانەوە ئەو ئەزموونەی سەرەوە دووپات ئەکەینەوە واتە کلاڤییەی C دەگرم

و ئەو نۆتەی G پایە لێ دەژەنم  کە دیسان ئەو نۆتە نوێیە ئەبیسین. ئێستا ئێمە بە بەشێکی زۆر گرینگ گەیشتوون. زانیمان کە نۆتی  بنەرەتی و یەکەمین هارموونی ناڤبەرێکی یەک ئۆکتاوییەو ناڤبەر. بەڵام ئەمە هارموونیکە لەگەڵ نۆتی G ناڤبەرێکی پێنجمە واتە ئێستا دوو نۆتی جیاوازمان هەیە و کاتێک گوێمان پێڕاهاتوو بێت ئەوکاتەیە کە کلیلی مۆسیقای تۆناڵمان وەدەست هێناوە. سیستەمێک لەسەر تۆنیک و دۆمینانت. ئەم نۆتەی C لە ڕاستیدا نیشاندەری نۆتی تۆنێکە کە ئەرکیشی نیشاندانی ناوەندی تۆناڵی هەر تۆنالیتەییێکە و ئەرکی دۆمینانت هاوکاری لە سەقامگیرکردنی ئەو تۆنالیتەیە لە ڕێگەی  پێوەندیکی تایبەت کە لەگەڵ نۆتی تۆنێک هەیەتی کە هۆکاریشی نزیک بوونیان لەharmonic series. ئەم باسە دوایی زۆرتر لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین.

ئێستا over tone دیکە لێ دەژەنین(harmonic) کە ١/٤زۆرترە لە ئەو نۆتەی Gکە ژەندمان. ئێستا دیسان ئەزموون سەرەو دووپات دەکەینەوە و دیسان کلاوییەکەی لە خوارەوە دەگرین. دیسان نۆتێکی جیاواز کە ١/٣لە سەرەوەی نۆتی پێشترە. سەرنج بدەن لە هەرچی بەرەو بانتر بڕۆین ناڤبەرەکانمان بچووکتر ئەبنەوە، بە ئۆکتاو دەستمان پێکرد جا ١/٥-پاشان ١/٤ و ئێستا ناڤبەرێکی سێیەم. ئەم جارە هارموونێک نوێمان نۆتی E و دیسان ئەزموونی سەرەوە دووپات دەکەینەوە، دەنگەکە وەکوو هارموونیکەکانی سەرەوە بەهێز نییە واتە ئەم هارمونییە کز و لاوازتر ئەبیسترێت.  بەم شێوەیە ئێوە چوار نۆتی هارموونیکی دەسپێک series تان بیست. واتە نۆتی بنەڕەتی پایە، هارموونیکی ئەوەڵ، دووهەم، سێیەم و چوارەم کە لە سێ نۆتی جیاوازێک دێت بەڵام ئێوە دەزانن کە ئەم سێ نۆتە لە ڕیزی یەکتردا شتێک دروست دەکەن کە پێی دەڵێن تریادی ماژۆر کە بەردی بناخەو ناوکی زۆربەی بەرهەمەکانی مۆسیقا کە ڕۆژانە ئەیبیسین. لە سەمفۆنیایان ئاوازگەلی ئایینی یان بلووز بێت.





ئەم تریادە بە پێوەندیکی تۆنیک، دۆمینانتی کە هەیە و ناڤبەری سێیەمێک C کە لە نێوان یان داهاتووە بنەڕەتی مۆسیقای تۆنالە ڕۆژئاواییە کە لە درێژەی سێ قەرندا هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی کەلتووری ڕۆژئاوای پەرەی سەندووە. وریابن ئێمە تووشی ئەو هەڵە کە خەڵک تووشی بوونە نەبین، بەم ترییادە لە ڕیزی ماکەیێکی بنەڕەتی جیهانی دانەنێین. ئەم ڕوانگە و بۆچوونێکی هەڵەیە کە زۆر باوە. زۆر کەس سەرەنجی ئەوە نادەن کە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی ئێمە یەکێکە لە فەرهەنگەکانی زۆری جیهانە لەگەڵ گشتگیر بوونی لە جیهان.

وێنەیێکی زۆر باش بۆ ئەم وتەمە ئۆڤێرتۆنی دواییە لە هەر ئەم سێرییە کە بۆ کەلتووری تۆناڵی ڕۆژئاوای زۆر نائاشنایە، ئەم ئۆڤێرتۆنە لە ڕاستیدا لە سەر پیانۆ بوونی نییە کەواتا ناژەنگێت. ئەگەر بمەوێت بە ڕێکووپێکی و وردتر بۆتان باس بکەم ئەم هارموونییە لە سەر ئەم پیانۆوە بەم کۆک و پێکهاتەی سرووشتییەی، ئەو جۆرە کە ئەو C بنەڕەتییە بە پێی یاساکانی فیزیک دروست کراوە بوونی نییە.

ئێستا پێتان دەڵێم بۆچی.

پیانۆ وەکوو هەموو ئامێرە کلاڤییەکان نۆتەکانی تامپرە(مۆعتەدیڵ) بووە و پێکهاتەی جۆرێکە هەر نۆتێک پاش گرتنی هەر کام لەم ١٢ کلاڤییە بە دروستی دەنگی دێت، ئەم هەڵوەژاردنەوەی کۆکی ئامێر کاتێک کە مۆسیقا لە قەرنی ١٧بە تەشقی تۆناڵی خۆی گەیشت، دووری لیَنەکرا و مۆسیقازانان بۆیان دەرکەت کە پێویست نییە کە لە دەسپێکی بەرهەم تا کۆتایی لە یەک پەیژە[1] بمێنن، بەڵکوو ئەتانن لە درێژەی بەرهەمدا بەردەوام مۆدۆلاسیۆن[2] بکەین بەڵام نۆت گەلێک کە بە شێوەی سرووشتی لە harmonic series دروست ئەبێت هەر جار تەنها لە پەیژەیێک دەنگێکی باشی هەیە واتە ئەو کۆمەڵەنۆتە کە لە پەیژەیێک کۆکە، لە پەیژەییێکیتر فاڵشە. باوەڕتان ئەبێت ئەگەر کە کۆکی پیانۆ جۆرێک ببوایەت کە هەموو نۆتە سرووشتییەکانی تامپرە کراوی نەبوایات هەر ناڤبەرێکی لە ٧٧کلاوییە پێک دەهات. ئاشکرایە کە ئەبوایە مۆسیقاران لە سەر شتێک یەککگرتوو ڕێک بکەون کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی بڵاوبووەنەی مۆسیقای تۆناڵ، لەگەڵ پەرەسەندنی زۆر زووی

[1] Scale.
[2] Modulation.




هەواڵنامەی ڕێبەر

ئامێرگەلی کلاڤییەیی کە نۆتەکانیان جێبەجێ نەبوون و بەم شێوەیە بوو کە کلاویکۆردێکی تامپرە کراو دروست بووە و لە ئاکامدا ئەم گرندە پیانۆوە گەیشتووە دەستی ئێمە. هەر بەم هۆیەیە کە من ناتوانم هارموونێکی دوایی لێ بدەم بەڵام ئەگەر بمەوێت وەکوو ژەنیاری پیانۆ بە دوایی هارموونیکەکاندا بڕۆم، لە درێژەی harmonic series لە جێگەی نێزیک جێگاییێک لە بەینی Bb و نۆتی A یەکێ لە نۆتەکانی بلووز.



ئەو نۆتەی دابڕاوە ئەکرێت بە گوێ مرۆڤ هەم B واتا بکردرێتەوە هەم A لە هەر حاڵەت ئەبێت لە سەر هەر کام لە ئەو کلاڤییانە قامکمان بەهێزتر بیژەنین(لە سەر یەکێکیان جەخت بکەین) و لە هەر دوو شێوەدا دەگەین بە هارموونیکێکی نوێ.[١]

ئێستا چوار هارموونیک جیاوازمان هەیە.




بەم شێوەیە بە تۆخمێکی زمانناسی جیهانی مۆسیقایی گەیشتین و ئێستا ئەو گۆرانییە بەناوبانگی منداڵانە شی دەیکەنەوە و باشتر لێی‌تێدەگەین چون بە تەواوەتی لە ئەو کۆمەڵە نۆتە (٤ئۆڤێرتۆنە) پێکهاتووە کە تێیدا نۆتی تۆنیک سڕیاگەسەو، واتا نۆتی تۆنێک کە هەر ئەو نۆتی C

١ سپاسی کاک ئارەش سەلامیە دەکەم بە بۆنەی یارمەتیدانم بۆ نووسینەوەی نۆتەکان.

هەواڵنامەی کتێب


پایەس کەلە مێشکی ئینسان ئەبیسگلێت (لە سەر خۆ) و ئەو سێ ئۆڤێرتۆنی نوێیەکە ئەژەنگێت. ئێستا دەرکەوت کە ئەو دەسکەوتە دەگەین کە ئەم سێ نۆتە سرووشت پێشکەشی ئێمە کراوە. بەڵام بۆچی شێوەی داڕشتنەکەی جیاوازە؟ چون بە ئەو شێوەیە کە ئەم نۆت گەلە لە harmonic series پێکهاتووە. ئەمە تۆخمی جیهانێکی ڕاوەستاوە لە سەر زاتی خۆ (قائم بالزات) دنیاداگرە. لەو شتانەی کە زماننناسەکان زۆر بە شوێنی دەگەڕن بەڵام ئەو جۆرە کە دیارە پێ نەگەیشتوون. لە ڕاستیدا ئەگەر لە سەر ئەم سێرییە دیسان بەرەو ژوورتر بڕۆین تۆخمگەلێکی سەیر و سەمەرتری زۆرتر دەرئەکەوێت بۆ وێنە هارمۆونێکی دوایی کە هارمۆونێکی شەشمی نۆتی d.c ئێستا پێنج نۆتی ئۆڤێرتۆنی جیاواز هەیە کە دیسان لە ناو پەیژەیەکدا دای ئەڕژێنینەوە. دەست بەجێ تۆخمێکی جێهانی دیکەمان دەست دەکەوی، پەیژەی پێنج نۆتە یان پێنتاتۆنێک ئێستا بە هۆی بوونی ئەم نۆتەی جێشکەی ئاخری ئەم پەیژەیە ئەتوانێت یەکێک لەم دوو شێوازە بە خۆیەوە بگرێت. جارێک بە Bbکۆتایی بێت، و جارێکی‌تر بە A تەواو دەبێت. ئێستا لە سەر جۆری دووهەم ئەکۆڵینەوە. پەیژەیێک پێنتاتۆنیک کە بەلای مرۆڤەوە خۆشە لە پەیژەیێکە کە لە سەر پیانۆ بە گرتنی کلاڤییە گەلی ڕەش ئەژەنگیت. بە ڕاستی کە جیهانی بوونی ئەو پەیژە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەکرێت وێنە گەلێکی لە چوار لای زەوی  پێم بێژن. وەکوو وێنە: ئێسکاتلەند



پێنتاتۆنیکێک پەتی لە چین



یان لە ئەفریقا




لە کەلتووری هێند، ئوستراليا، سوورپێستەکانی ئامریکای ناوەندی و باشووری، لە ئوستراليا و فەنلاند و هتد. بە ڕاستی کە ئەمە ماکەیێکی مۆسیقایی جیهانداگری زماننناسییە، بەڵام ئەبێت لە بەکارهێنانی گرۆبەرە بەراوردکارانەکانی زمانناسی پارێزبکەین. شایەد بکرێت لە نێوان ئەو نۆتەی c و تەک واجی MA کە پێشتر دۆزیمانەوە بەراوردێک بکەین و ئەو ڕەوتی بەراوردکارانە درێژە بدەین بە جۆرێک کە over tone گەلی ئەو نۆتەی c بنەڕەتییە لەگەڵ کۆمەڵی وشەگەلی ڕیشە گرتوو لە ئەو تەک هجای ma بەراورد بکەین. وتم شایەد چون هەمووی بۆچوونە, بەڵام ئەو شتە کە ڕازیکەرە وێکچوونی نێوان بەکارهێنانی دەستووری زمانی زاتی چامسکییە لەگەڵ کارایی دەستوور زمانی زاتی مۆسیقا کە شایەد لە ناخی هەموو تاکە کەسێکدا بێت. ئەمە شتێکی خۆییە کە بتانین over tone هایێک کە سرووشت دایڕشتووە بەشێوەهایێکی جۆراوجۆر شی بکەینەوە هەر وەکوو کەلتوورەکانی جۆربەجۆرەکانی جیهان، ماکەهایێکی هاوڕیشەیی- بناخەیی جیاوازییان بە شێوەهایێکی جۆربەجۆر بۆ خۆیان شی کردۆتەوە و ئەژمارێکی زۆر دەستوور زمانی جیاوازیان نەقشاندووە. هەر بەو شێوەیە کە کەلتوورەکانی جیاوازی مرۆڤ هێزی ئەوەیان هەیە بە شێوەهای جیاواز ئەو پەیژەی پێتاتۆنیکە شی بکەنەوە بەو مەرجەی کە، کام لەو پێنج نۆتە ئەرکی ناوەندی تۆنال لە ئەستۆوە بگرێت.

وەکوو وێنە:



یان:



ئەبینن کە هەر بەو پێنج نۆتە پێنتاتۆنکێک جیاواز دروست ئەبێت. یان وێنەیێکیتر هەربەو پێنج نۆتە بەڵام پەیژەییێک جیاواز



هەوالنامەی کتێب

کە هەندێک لە مۆسیقا جوانەکانی ئافریقا پێک دێنێت. ڕەوتێکیتر هەیە کە زۆر پێچراوە و کە ناوێرم باسی بکەم بەڵام نیشاندەری پەیژەیێکی پێنتاتۆنیک جیاوازە لە ژاپۆن یان پێنتاتۆنێکی تایبەت مۆسیقای بالی.

ئیتر پێتاتۆنیک بەسە. پێم وابێ تێگەیشتن کە harmonic series کار کردنیان بە چە شێوەییێکە. ئەبێت زۆر وریا بین کە هەرچێ بەرەو سەری هارموونیک ژوورتر دەڕۆین، لە دەست بەجێ نۆتهاییێکی نوێتر ئەدۆزرێتەوە کە بەم کۆمەڵە نۆتەی ئێستاوە دەلکێت و ئێمە لە ئاکامدا ئەتوانین بە پەیژەهاییێکی شەش یان حەوت نۆتی کە بریتین لە: لە مۆدهایی یوونانی یان کەلیسا، بگەین هەروەها بە پەیژەهای دیاتۆنیک[1]ی هەم ماژۆر و هەم مینۆر و لە ئاکامدا بە دوانزە نۆتی پەیژەی کرۆماتیک[2]

[1] Diatonic Scale.
[2] Chromatic Scale.

بگەین کە ئەڵبەت ئەمانە گشت بە هۆی تامپرەبوونەوە دروست بووە ئێستا ئیتر ١٢نۆت بە ناڤبەر گەلی وەکوو یەکمان هەیە

بەڵام شایەد بپرسن بۆچی ١٢ نۆت.

سەبر بکەن!

دواتر تێدەگەین!

تەنانەت ئەم ١٢ نۆتە ناتوان.ن تەواوی نۆت گەلی harmonic series نیشان بدەن، لە نۆت گەلی سەرەوەی سێری هارموونیک دیسانەوە بە ناڤبەر گەلێکی بچووکتر لە نیم پەردە گام کرۆماتیک ئەگەین ناڤبەر گەلێکی وەکوو چارەکە پەردە یان ١/٣یان ١/٥ کە ئەمانە ئیتر دەرواتە ناو باسی زانستی هارموونیک و تویژینەوەی ئێلێکترۆنیک. لێی گەڕێن لە میکرۆتۆنەکان کە بەشێکی زۆر گرینگن لە لەق و پۆی مۆسیقان وەکوو مۆسیقای ڕۆژهەڵات. بەڵام بنەماییێکی گرینگ کە لە سەر هەموویان ڕاستە، ئەوەیە کە هەر جۆر مۆسیقا چە پاپ یان ناوچەیی، سەمفۆنیک، مۆدال یان تۆنال، پۆلی تۆنال، میکروتۆنال، تامپرە کراو یان نەکراو، مۆسیقای سەردەمی کەون ئارا یان داهاتوو، هەموویان ماکەییێک هاوبەشیان لە harmonic series هەیە و بابەتی بەرباسی ئێمە مۆنۆجنێنسی(هاو ڕیشە) مۆسیقایی هەر ئەمەیە.

بەڵام بە ڕای ئێوە ئەم ماکە ماکەییێکی گشتگیرە(جهان شمول)؟

بیربکەنەوە!

چارەنووسی ئەو ڕاگا هێندیانە کە تێگەیشتی بۆ زۆر کەس ئاسایی نییە چییە؟

من بۆ ئەم شتە وڵامێکی زۆر ئاساییم هەیە.

بە پێی نموونە بەراوردکارانەکانی زماننانسی هەر ئەو جۆرەی کە یاساکانی دەستووری زمانی مرۆڤ، تەنانەت ئەو زمان گەلەی کە تێ‌گەیشتنی ئاسایی نییە ئیحتمالی ئەو هەیە کە لە یەک ڕیشە



هەواڵنامەی کتێب


مۆنۆجنسیس بن کە لە ئاکامدا دەگەین بەوە کە بڵێین زمانگەلی مۆسیقای جۆراوجۆر کە لەگەڵ یەکدا نائاشنان هەر بەم شێوە، سەرچاوەی بەدیهاتنیان و گەشە کردنیان لە شوێنێکی هاوبەشەوە دەسی پێ-کردووە. بە واتاگەلی ئاواناسی، ئەم زمانانە زمانگەلێکی تۆنالن کە سەرچاوەی پێکهاتن و گەشە کردنیان لە پێکهاتەییێکی تۆنالی جیهانییە کە سرووشت دابینی کردووە. من هەمووی باسەکانم زۆر بەکورتی بۆتان باس کرد و وێنەگەلی مێژوویی مۆسیقایی نەبوو کە ئەگەر وا نەدەکرد باسەکەمان تا سبەینێ درێژەی پێئەدا کەواتە ئەم دانیشتنەی ئێمە نە پۆلی زماننناسییە نە پۆلی مێژووی مۆسیقایش. من تەواوی هێزی خۆم بە کار هێنا کە ڕوانینێکی لەسەرەوەتان پێ بدەم بە ڕەوتی گەشەدانی(تکامل) مۆسیقا، ئەویش لە بارووەدۆخێکدا کە کۆمەڵی وشەکانمان بە هۆی بوونی ئۆڤێرتۆنەکان پاراوتر ئەبێت. هەر وەکوو ئەوەی کە خەریکین تەواوی ڕەوتی بووژانەوەی مۆسیقا لە سەرەتاوە تا ئێستا تەنها لە چەن چرکە شی بکەینەوە.

ئێستا بێن دیسان خەیاڵ بکەین ئەو منداڵە هۆمینیتین و گۆرانی خۆشی ئەمرۆمان بۆ وێنە فیرهارواردەو و دەیخوێنین

لە ناو کەوێڵی خۆمان دانیشتووین و ئەخوێنین...



لەم حاڵەدا ژنەکەمان یان شایەد منداڵەکەمان ئەیانەوێت لەگەڵماندا بخوێنن ئەوکاتەسە کە چونکە دەنگی ژن یەک ئۆکتاڤ لەگەڵ پیاو ناڤێ هەیە، ئیتر حاڵەتی UNISAN (یەک دەنگی) دەر دێت



هەواڵنامەی کتێب

چون دەنگی ژن و پیاو یەک ئۆکتاڤ مەودایان هەیە.

کاش بۆ باشتر گەیاندنی باسەکەم هێزی خوێندنی ناڤبەرەکەشیم ببوایێت.

بەڵام ئەو مەودای یەک ئۆکتاوییە، یەکم ناڤبەری harmonic series ببوو.

لە بیرتانە ؟

هەروەها ناڤبەری دیکەیharmonic series بە دەستی ئینسان میناک سازی(شبیە سازی) ئەکرێ، واتا ناڤبەری پێنجەم و ئێستا ئەتوانین ئەمە بخوێنین



ئەڵبەت ئەم گۆڕانکارییە بچووکە ئێمە دە میلیوون ساڵ ئەباتە بەرەوە و بە قەرنی دەهەم زایینی یا کەلتوورێکی مۆسیقایی زۆر بان دەگەیێنێت. ئیتر ناڤبەری دیکەی series ئەناسینەوە و ئێستا ئەتوانین ناڤبەر گەلی ئۆکتاڤ، پێنجم و چوارەم لەگەڵ یەک تێکەڵ بکەین.



وردە وردە خەریکە وەکوو مۆسیقای پۆلی فۆنی[1] لێ‌دێت، دیسانەوە پێشکەوتنێکی گەورەمان دەسکەوت و مووسیقا، هارموونیکی دوایی ئەدۆزێتەوە، ناڤبەری سێیەم.

---


[1] Polyphony بە جۆرێک لە مووسیقا دەڵێن کە لە پێناویدا هاوکات چەن بەش مووسیقا ئەژەنگێت کە لە بەرابەری مووسیقای monophony (تاکە دەنگی) ئەوێستێت و جۆری تریان مووسیقای Homophony کە مێلۆدێک تەنهایە بەڵام لە بەرامبەریدا ئاکۆردگەلێک (Gr- Akkord) یارمەتی‌دەر ئەژەنگێت. ئەم باسەی سەرەو سێ چەمکی گرینگن لە مێژووی مووسیقادا. مووسیقی پۆلیفۆنی یەکێکە لە ڕووداوە گەورەکانی مێژووی مووسیقا لە ڕۆژئاوا، بەڵام بە هۆی هەندێک باسەوە هۆکاری مێژوویی وردیان بۆ دابین نەکراوە بەڵام بۆ یەکەم جار لە قەرنی هەشتەمدا بە ئاوازگەلی چەند دەنگی ئاماژە

بە جیاوازی سەرنج بدەن



مۆسیقاییێکی یەکجار نوێیە، مۆسیقاییێکی پەتی‌تر بە دەنگی نوێ و ئەو جۆرە کە دەیزانن ئەم ناڤبەرە نوێیە یانی سێیەم،

ڕاستی بڵێم من لەوەی پێشتر زۆرتر خۆشم دێت...!



و بەم شێوەیە شتێک پێک دێت کە پێی‌دەڵێن تریاد و بەم شێوەیە شتێک لە داییک ئەبێت کە پێ دەڵێن مۆسیقای تۆنال کە ڕیشەییێکی زۆرقووڵی لە نۆت گەلی harmonic series هەیە. نۆتی بناخەیی و یەکم ئۆڤێرتۆنی جیاواز، پێنجم، کە هەتاهەتاییە ناویان نیاگە تۆنیک و دۆمینانت. بەڕاستی ئەو ناڤبەری پێنجمە دۆمینانتی زاڵە چون ئەم پێوەندییە کاتێک دۆزرایەوە ئاهەنگ دانەران ڕێگاییێکیان بۆ ئەزموون و چالاکی دۆزییەوە و ئێستا بە شوێن یەکدا پێنجممان هەیە



کە هەرکام تۆنیکێکی نوێن کە دۆمینانتێکی نوێ ساز دەکەن ،١٢ دەور لە پێنجمەکان کە دەسپێکی ئەبێت لە نۆتی یەکمەوە بێت کە ئەکرێت بەرەو ژوور بێت

---

ئەکرێ. ڕووداوەکانی سەردەمی پۆلیفۆنی لە قەڕنی نۆ تا سێزدە لە مووسیقا کلیساوە لە سەر شیعر گەلی گێرگووری ڕووی داوە.




وریا بن دەسانەوە بە نۆتی C گەیشتین

یان بەرەو خوار بێت کە دیسانەوە بە نۆتی C دەگەین

و هەروەها ئەو ١٢ نۆتە ئەبێت بە بناغەیێک بۆ ١٢ پەیژە. کە بە یارمەتی سیستەمی کۆک تامپرە ئاهەنگ دانەرەکان ڕزگارانە ئەتوانن لە جیهانی پەیژە کرۆماتیکەکان بگەڕێن و بە واتاییێکی دیکە بەرهەمی فییێرهاروارد، ئەتوانیٚ جۆرێکی دیکە ببیسرێت.

ئێستا ئەم کرۆماتیسیزمە پاراوە مۆسیقا بە ئەسڵی بنەمایی دیاتۆنیسیزم بە خۆیەوە ئەگرێت واتە پێوەندیی بەردەوامی تۆنێکەکان، لەگەڵ دۆمێنانتەکان لەگەڵ SUB DOMINANT-SUPERTONIC دۆمێنانتگەلی نویٚ و تۆنیک گەلێک نویٚ. ئێستا ئەکرێت بە هەر شێوەیێک مۆدیلاسیون بکەین هەرئەندازە کرۆماتیکیش کە گەرەکمان بێت و چەمکی تۆناکیش زاڵ ببێت. ئەم سیستەمی زۆر باش ڕاگرتنی تۆناڵە بە دەستی یووهان سێباستیەن باخ[1] تۆمار و جێبەجیٚ کرا کە ئەم لێهاتوویيە ناوازەیە بووەتە هۆی هاوسەنگی نێوان دوو هێزی دیاتۆنیسزم و کرۆماتیسیزم. دوو هێزێک کە لەگەڵ یەکدا وەکوو یەک بوون و شایەد لە دەروونداا لەگەڵ یەکدا وێکچوونیان نەبووبێت.

[1] یووهان سێباستییەن باخ: لە ساڵی ١٦٨٥لە بنەماڵەیێکی مۆسیقازانی ئاڵمانی لە دایک ئەبێت، باب و باپیری باخ ژەنیاری ئۆرگی کەنیسە بوون و لە هایان قۆناغە سەرەتاییە کانی مۆسیقا فێر دەبێت و لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا ئەبێت بە ژەنیاری ئۆرگ لە کەنیسەی شاری ئەرێنشات. باخ لە هەموو جۆرەکانی سەردەمی بارووک بێجگە لە ئۆپێرا شاکارهاییێکی خولقاندووە و زۆربەی مۆسیقییە ئاوازەکانی کە زۆرینەی بەرهەمەکانی باج پێک دێنێت لە سەر هۆنراوە ئایینی گەلی کەنیسە دانراوە و هەروەها ئاسەوارەکانی لە ڕووی هارموونی و کۆنترپۆواندا خاڵ گەلێکی باشی تێدایە بۆ فێرخوازانی مووسیقا. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باخ لە سەر کۆنسێرت گەلی ئیتالیایی و سەما فەرانسییەکان و مۆسیقای ئایینی ئاڵمان ئەنجامی دا، بوونە هۆی ئەوە کە باخ شێوازێکی تایبەت لە مۆسیقا پێک بێنێت. باخ زۆری پیٚ خۆش بوو کە بیرۆکە ئایینیەکانی لە ڕێگای بە کارهێنانی هێماخوازییەوە لە مۆسیقا پیشان بدات لە ساڵەکانی ١٧٥٠ هێزی دیتنی باخ ڕووی لە داکشان کرد و کاتێک لە ١٧٥٠ کۆچی دوایی ئەکات چاوی لە دەست دابوو.

ئەم وێکچوونە لە مێژووی مۆسیقا هێزی ئەوەی بوو کە لە یەک قەرِندا بە بێ هیچ گۆڕانکارییێکی بەرچاو ژیانی خۆی بە سەر ببات و ئەم سەدساڵە بوو بە سەردەمی زێڕین، واتا ئەم وتەمە ئەوە نییە کە گۆڕانکارییێکی بەرچاو لە بابەتی فۆرم و شێواز ڕووی نەداوە چونکە لەم سەردەمە بوو کە شێوازی زۆر جیاوازی ڕۆکۆکۆ پێکهات و با لێی گەڕێن لە لەدایک بوونی سەرسوورهێنەری فۆرمی سۆنات بە دەست کەڵە مۆسیقازانێک وەکوو کارل فیلیپ ئێمانوئێل باخ، هایدێن و مۆزارت و هەروەها بێتهۆڤێن. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ باسی واتاناسی و تێکەڵ کردن بە هێزێکی زۆرترەوە لە دانیشتنەکانی دوایی باسی دەکەین و ئێستا لێکۆڵینەوەکانمان لە سەر دەنگناسییە و دەبینین ئەو لووتکە کە باخ پێ گەیشتبوو وەکوو زەوییێکی ڕێکوپێک دەگات بە مۆسیقای بێتۆڤێن.



ئێستا گەرەکمە بانگەهێشتان بکەم لەگەڵ من یەکێک لە وێنەگەلی سەردەمی زێڕینی مۆسیقا ببیسن، سەمفۆنی G minor مۆزارت کە کرۆماتیسیزمێکی ئازادی تێدایە، من هەوڵی ئەوە ئەدەم بە هاوردنی وێنەگەلێک ئێوە بەرهەڤ بکەم بەو هیوایە ئەم بەرهەمە بە گوێیەکی ئاواناسانەی نوێ ببیسن و لە بیر

مەکەن کە بە شوێنی شێوەگەلێکی داهێنەرانەین کە تێیدا کرۆماتیک بتانێت بە شێوەیێکی سیستێماتیک لە چوارچێوەی تۆنیک-دۆمینانت جێگیر بێت.

تێکەڵ کردنی ئەم دژەیەکترانە (کرۆماتیسیزم و دیاتۆنیسیزم) کە تۆخمگەلێکی لێڵ و دووجەمسەرین لە ناخی تەواوی ئەم ماکانە نێژراون. بە کار هێنانی وشەی لێڵاو بوون، بۆ پێناسە کردنی بەرهەمی ئاهەنگ‌دانەرێکی سەردەمی زێڕینی مۆسیقا، مۆزارت کە مامۆستای ئەوەیە کە بەرهەمی خۆی بە زمانێکی پاراو بخۆلقێنێ بە دووره. بەڵام لێڵاو بوون پێکهاتەیێکە لە ڕۆحی تەواوی هۆنەرەکان بە گشتی و مۆسیقا بە تایبەت، هەر چێک لێڵی زۆرتر بێت دەربڕین بەهێزترە کە ئەمەش تا ڕادەیێک دروسە کە لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا بە لێڵاوێکی زۆر قووڵ دەگەین کە لەسەر خاوێنی مۆسیقا کاریگەری نەرێنی هەیە و ئەوکاتەیە دەگەین بە پرسیاری بێ وڵامی ئایڤز، مۆسیقا بەرەو کوێنە دەڕوات؟

بەڵام ئێستا باسی سەردەمی کلاسیکە و لیڵاوی بە شێوەی کلاسیک لە ناو ئەم سەمفۆنی مۆزارتە خۆی پیشان ئەدات. بێن خێرا باسەکە دووپات بکەینەوە. هەمووتان دەسپێک سەمفۆنیتان بیستووە؛ ئەم بەشە زۆر ساکار بە شێوەیێکی دیاتۆنیکی پێش ئەڕوات، لە تۆنیک G minor تا کادانسی یەکم کە بە شێوەی سرووشتی لە سەر دۆمینانتە. بە ساکاری دەڕواتەو سەر تۆنیک. زۆر چاکە لە بیرتانە کە سەرچاوەی پێوەندی تۆنیک-دۆمینانت لە نزیک بوونی نۆتی بەرەتی و یەکم نۆتی هارموونیکی سازدەبێت و لێنەو مۆسیقا پێش دەڕوات تا بە دەورێکی پێنجمی ڕووەو خوار بگات. بە ماژۆری پێوەندی داری Bb واتا هەر ئەو بەشەی کە دەبێت بە دووهەمین بەشی تێماتیک، دەس پێ بکات. بەڵام ئەبێت وریا بن کە تێمی مۆزارت بە شێوەی کرۆماتیک سازکراوە و لە درێژەدا زۆرتر لە ناو کرۆماتیک قووڵ ئەبێت و تەنانەت لە دووپاتکردنەوەیدا زۆرتر وابێت. ئەمە چە بوو؟

پەیژەیێک نوێ Ab Major پەیژەیێک کە نە پێوەندی بە Bb هەیە و نە G minor

چۆن گەیشتین بە ئێرا؟ لە ڕێگەی دەوری بەناوبانگی پێنجمەکان، ئەبینن باسەکان چۆن وەکوو پێنجم گەلی قاییم لە دۆمینانت بەرەو تۆنیک دەڕۆن؟ لە حاڵێکدا لەو ژوورەوە مێلۆدی بە نیو پەردەگی کرۆماتیک بەرەو دەڤەری خواروو کە Ab Major دەڕوات، ئەمەسە کە هاوسەنگییە کلاسیکە کە باسم دەکرد.

ڕەوتی کرۆماتیکەکان لە ژوورەوە کە لە خوارە بە یارمەتی پێکهاتەی تۆنیک – دۆمینانت بە هێزتر خۆی پیشان ئەدات. ئێستا تێگەیشتن کە مەبەستی من لە جوانی لێڵاوی چە بوو؟ شتێک کە لە تێکەڵکردنی دوو هێزی کرۆماتیسیزم و دیاتۆنیسیزم کە هاو کات لەگەڵ یەکتردا چالاکیان هەیە و ئاوەها پاساژێکی کارتێکەر سازدەکەن. ئێستا لە ناوەڕاستی دەڤەرێکی کرۆماتیکین چۆن دەتوانین لە دەڤەری Ab Major بێینە دەرەوە؟

بە جێبەجێبوونێکی ساکار کرۆماتیکی وەکوو خزیانێک لە ناو بەفردا و بە سلامەت دەگەڕینەوە بۆ جێگەی دەسپێک لە Bb Major ئێستا ئەگەر بتانن ئەمە تێبگەن، زۆر ڕووداوێکی تر لە مۆسیقا تێدەگەن وەکوو شێوەی مۆزارت لە دەسپێکی بەشی بەر بڵاوەکەر، دەسپێکی کار لە سەر Bb Major دائەمەزرێنێت بەڵام نە ڕووداوێکی نوێی کرۆماتیک دێنێتە ئاراوەکە دێتەوە سەر پەیژەی F# minor کە زۆر دڵخوازی خۆی بوو.

بەڵام ئەبێت لە ئاکامدا بمانگەڕێنێتەوە بۆ بەشی دووپاتکەرەوەیی تێم لە G minor، و ئازادە ئەم کارە هەر جۆر پێی‌خۆشە بە شێوەی کرۆماتیک ئەنجام بات بەڵام تەنانەت لێراش یاساکانی بنەڕەتی دیاتۆنیک ئەو هەیەجانە وێڵە و ئارام دەکات و لەم دەڤەرە ڕای دەگرێت ئەڵبەت بە یارمەتی دوابەدوایی پێنجمەکان، پێنجەمێک کە بە شوێن نۆتی تۆنیکی ئەڕوات و هەر تۆنیکێک ئەبێت بە پێنجەمێک کە بە شوێن نۆتی تۆنیکی خوەی دەڕوات و ئەم ڕەوتە هەر دووپات ئەبێتەوە. ئێستا لە F# Major

ئێستا زەنجیرەییێکی دوابەدوایی مۆزارت لە تۆنالیتەی F# لە حاڵەتی تۆنیک بە حاڵەتی پێنجم ئەگۆڕێت. کە بە دوایی نۆتی تۆنیکی خۆی واتە B ئەگەڕێت و دەگەین بە ئێرە ئێستا Bبێکار خۆی پێنجمە کە بە دوایی نۆتی تۆنیکی خۆی دەگەڕێت واتا E ئێستا E بە دوایی A دەڕوا ئێستا A بە دوایی R دەڕوات.

ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە تا دێتەوە سەر G minor، بەڵام تەنانەت ئەم چوونەوە بۆ سەر تۆنالیتەی دەسپێک بە شێوەیێکی کرۆماتیک نووسراوە کە بە پێداڵێکی دۆمینانت جێگاکەی سەقام ئەگرێت. بەم کرۆماتیسیزمە سەرنج بدەن و دیسانەوە دەگەڕینەوە بۆ بەشی زۆر جوانی دەسپێک.

ئێستا ئەبێت بەو خاڵە ئاماژە بکەم کە ئەم ڕووداوانە زۆر پێچراوتر و جوانترن لەوەی کە باسم کرد، ئەم ڕەوتە هەرجار لەسەر پێنجم گەل نییە و خاڵگەلێکی هەس کە شی‌کردنەوەی کات بەرە تەنانەت بۆ

خوێنکارەکانی مۆسیقا لە زانکۆی هاروارد کە باشترین کاری من، دابین کردنی ڕێنوێنیکە بۆ ناسینی چەمکی لێڵاو بوون. بە بوونی کرۆماتیسیزم لە پێکهاتەی دیاتۆنیک کە کاتێک لە مووڤمانی دووهەم ئەم پاساژە ئەبیسن بتانین بنەڕەتی پێکهاتەی دیاتۆنیکی بناسنەوە و پێنجمەکان کە دیسان هەنگاوگەلێکی قورسن لە تۆنیک بە پێنجم تەنانەت لە مووڤمانی سێیەم کە یەکجار مۆزارت ناتوانێت بەر خۆی بگرێت و پێش لە تواو بوون تەکانێکی کرۆماتیک بەخۆی دێنێت. یەکجار هەمووی بە کادانسێکی دۆمینانت –تۆنیک کلاسیک کۆتایی دێت. بەڵام بە هێزترین کرۆماتیک لە مووڤمانی کۆتایی دێت. لە بیرتانە؟ زۆرساکار و لە بواری تۆناڵ زۆریش سەرقاڵ نییە لە سەرانسەری ناسینی تێم بەڵام دووبارە بەشی بست و توسعە دێت بە هەر چیێ شتە دەشێوێنێت. تێگەیشتن؟ ئەم Passage بە دەگدانەوەیێکی ئاتۆناڵ هەمووی ۱۲ نۆتەی تێدایە بێجگە تۆنیک کە نۆتی G بەڕاستی کە کارێکی سەرسوورهینەرە تەواوی نۆتەکان بێجگە لە نۆتی تۆنیک زۆر ئاساییە کە مۆسیقاییێکی قەڕنی بیستەمییە بەڵام هەمووتان دەزانن کە بەرهەمی مۆزارتە. بەڵام تەنانەت ئەم تەقینەوەی کرۆماتیسیزمە بە چەرخەی پێنجم گەل شی دەکرێتەوە کەواتە لە ژێرکاریگەری یاساکانی مۆسیقای کلاسیکە. بەشی بەرزی بست و توسعە هەر وەها کە دەڕێت بۆ پەیژەی C# minor کە دوورترین مەودای هەیە لە تۆنالیتەی دەسپێک Gminor و هەمووی ئەم کارانە بە مۆزارتیترین شێوە و لە ژێرکاریگەری دیاتۆنیک ئەنجام ئەدرێ. واتای ئەم وتەمە چە بوو؟ بۆ تێگەیشتنی باشتروایە تەواوی بەرهەمەکە کە ئۆرکێسترای بۆستۆن ژەندوویانە ببیبسین و هیوادارم بە گوێچکەی ئاواناسانەی نوێ ببیسن.

Mozart

# Symphony No. 40
# in G minor
K. 550




The Oboe and Clarinet parts printed in the two systems at the top were added later by Mozart to replace the Oboe part in the fourth system.


a 2.
a 2.
a 2.
a 2.


a 2.


p
cresc.
f
tr
a 2.
sf


a 2.
a 2.


a 2.
a 2.
à 2.
p

**سەرچاوەکان:**

١. کیمی ین، راجر. *درک و دریافت موسیقی*. حسین یاسینی. چاپ یانزدهم. تهران: انتشارات چشمه، ١٣٩٠.

٢.تیورک، رلف. *عناصر موسیقی*. ترجمەی علیرضا سیداحمدیان. چاپ سوم. موسسه فرهنگی- هنری تهران: ماهور، ١٣٩٥.

٣. پورتراپ، مصطفی کمال. *تئوری موسیقی*. ویراست چهارم/چاپ چهل و ششم. تهران: نشر چشمه، ١٣٩٠.

4. *A Bief History of Classical Music*/Arthur wenk/2017

٥. هیو ام میلر و دیل کاکرل. *تاریخ موسیقی غرب*. ترجمەی پیام روشن. موسسه فرهنگی-هنری ماهور، ١٣٩٣.

٦. بنت، ری. *تاریخ مووسیقی*. ترجمەی پیام روشن. چاپ اول. موسسه فرهنگی-هنری ماهور، ١٣٨٤.

٧. ناصری، فریدون. *فرهنگ جامع اطلاعات موسیقی*. چاپ چهارم. تهران: انتشارات روزنه، ١٣٨٧،

٨. بیرنشتاین، لیئونارد. *پرسش بی پاسخ ١*. ترجمەی گلنار نویدان. تهران: موسسه فرهنگ و هنر رها فیلم، ١٣٩٢.

٩. دبیرمقدم، محمد. *زبانشناسی نظری*. تهران: انتشارات سمت، ١٣٩٣.

١٠.روبینز، آر اچ. *تاریخ مختصر زبانشناسی*. ترجمەی محمد علی حق شناس. تهران: نشر مرکز، ١٣٨١.

١١.مشکوه الدینی، مهدی. *سیر زبانشناسی*. مشهد: انتشارات فردوسی، ١٣٧٣.

١٢.کۆپلاند، ئارۆن. چۆن چێژ *لە مۆسیقا وەربگرین*. وەرگێڕانی عادل محەمەد کەریم. چاپی یەکم. هەولێر: دەزگای مووزیک و کەلەپووری کوردی، ٢٠١١.

هەواڵنامەی کتێب

# تەمبوور

## کۆنەئامیرە سیحراوییەکەی کوردستان



عاتفە مەحموودی

هەواڵنامەی کتێب

تەمبوور یەکێک لە کۆنترین سازەکانی ئێرانییە کە لایەنی عرفانی و مەقامی هەیە. ئەم سازە گەورەتر لە سێتارە و لە کۆندا بە دووتار بەناوبانگ بووە و لە ناوچەکانی گۆران و قەڵخانی و کوردەکانی کرمانشان تمیرە یان پێ وتووە. (دەروێش عەلی چەنگی) شاعر و مووزیکناسی سەدەی شانزەیەمی زایینی، پێکهاتەی وشەی تەمبووری بۆ دوو وشەی یۆنانی (طن) و (بورە) دەگەڕێنێتەوە، بە واتای دڵ و ڕیشەکێشکردن و سووتاو دێت، بەو جۆرە تەمبوور بە واتای ڕیشەکێشکەری دڵ دێت. تەمبوور لە ناو یارسانەکان زۆر پیرۆزە و بە ئاستێک گەیشتووە کە بە نیدای حەق بەناوبانگە و ژەنیارەکان پێش و پاش ئەوەی کە تەمبوور لێ بدەن دەستی سازەکە ماچ ئەکەن.

**مێژووی تەمبوور:**

لە بەڵگەنامە مێژوویەکاندا واهاتووە، کە تەمبوور مێژوویەکی دێرینەی هەیە و لە ڕاستیدا پیرێکی بەئەزموونە، کە لە دوای ئاوابوونی ڕووی سەلتەنەتە شکۆدارەکان و بێلانە فریودراوەکانی مێژوو، بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە بەسەربردن و سەرگەرمی و ڕازاندنەوەی مەجلیسی پاشایانە، بە فانیبوونی جیهان و دەرکەوتنی فریودراوی ئەوە، هۆشیاربوونەوە و گەڕان بە دوای بنچینەی خودا، بۆ داوێنی پیرانی خەڵوەنشینی هەژار هەڵبژێردراوە، بە پەنابردن بۆ چەنگژەنین بۆ سەرچاوەی عیرفان و مانەوە، نەمریی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

بە بڕوای دێرینە ناسەکان تەمەنی ئەم سازە ٦٠٠٠ساڵە، کە گرینگترین بەڵگەی مێژوویش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاگەیاندنانە، پەیکەرێکە لە تەنیشت هەڵکۆڵینێک لە نزیکی حەزرەتی دانیالی نەبی کە کەوتووەتە شاری شووش. ئەو پەیکەرە ئاماژە بۆ دوو پیاوی موزیک ژەن دەکات کە دەڵێت: هەتا ئێستا زیندوویەتی و شەوقی ژیانی دوای ٦٠٠٠ ساڵ پاراستووە و سروودی ژیان دەژەنێت، بە دەستی یەکێکیانەوە تەمبوورێک دەناسرێتەوە و مێژووی ئەم پاشماوەیە دەگەێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی حەزرەتی مووسا واتە تا سێ چوار هەزار ساڵ پێش لە دایک بوونی حەزرەتی مەسیح. ڕەنگە نەتوانین کاتێکی دیاری کراو بۆ سازکردی ئەم سازە دابین بکەین بەڵام ئەتوانین دان بەمەدا بنێین کە درووس‌کردنی تەنبوور بۆ سەدەکانی پێش ئیسلام ئەگەڕێتەوە. تەشقی شان و شکۆی تەمبوور لە سەدەی پێنجی کۆچی واتە لە زەمانی شاخوشین بووە، لە گێڕانەوە ئەفسانەیەکاندا هاتووە ڕووسەم لە خوانی چوارەمدا تەنبووری لێداوە. فارابی لە کتێبی *مووسیقی ئەلکەبیر* بە باشی باسی تەنبوور و مەوداکان و کۆکەکانی شرۆڤە کردووە. لە بەرهەمی شاعرانی فارس زمان وەکوو فردوسی، مەولەوی، حافز، بیدل دهلوی و وفا کرماشانی باسی تەنبوور کراوە. بۆ نموونە بە شعرێکی مەولەوی ئاماژە ئەکەین:

پس حکیمان گفته اند این لحن‌ها

از دوار چرخ بگرفتیم ماه

بانگ گردشهای چرخست این که خلق

میسرانیدش به تنبور و به حق

مومنان گویند که آثار بهشت

نغز گردانید هر آواز زشت

ما همه اجزای آدم بوده‌ایم

در بهشت آن لحنها بشنوده‌ایم

پێکهاتەکانی ئامێری تەمبوور:

هەواڵنامەی کتێب

١- سەندووقی دەنگ (کاسە): هاوشێوەی هێلکەیە، لە سندووقی سێ تار گەورەترە، لە داری توو درووست کراوە، سندووقەکە ٤-٢ میلی‌مەتر ئەستوورە.
٢- ڕووی ئامێر: لە داری توو ساز کراوە.
٣- ملی ئامێر(دەستە): لە داری پتەوی وەک گوێز و قەیسی درووست ئەکرێ. درێژی ملی تەمبوور ٥٩ سانتیمەترە و چینبەندی پەردە جێ پەنجەکان و کلیلەکانی لە سەر دادەنرێ، ملی تەمبوور لە کۆتاییدا باریکتر دەبێت و بۆ ئاسانی جێگۆڕکێ‌کردن دەستی ژەنیار بە شێوەیەکی خڕ درووست دەکرێت.
٤- چینەبەندی (پەردە): ژمارەی چینبەندی تەمبوور ١٤یە.
٥- ژێ: لەکۆندا ژێکان ئاوریشمی بوون، بەڵام ئێستا تەلی کانزایی جێ ئاوریشمی گرتووەتەوە.
٦- کلیل: ڕێکوپێک‌کردن و توندکردن و شلکردنەوەی ژێی تەمبوور یان کۆک‌کردن بە کلیلەکانەوە ئەنجام دەدرێ.
٧- ژێگیر: لە تووخمی کانزا، ئێسقان، پلاستیک یان شاخ، درووست دەکرێ. کە لە بەشی پشتەوەی سندووقی دەنگی تەمبوورە، بۆ ڕاگرتن و پارستنی ژێکان، دادەنرێ.
٨- پردە: دوو جۆر پردە لە تەمبووردا دەبینرێ؛ یەکێکیان لە سەر ڕووی سەرەوەی سەندووقی دەنگییە، ئەوەی تریشیان، لە کۆتایی ملی ئامێرەکە دادەنرێت.

هەواڵنامەی کتێب

**مۆسیقای تەنبوور بە چوار بەش دابەش ئەکرێ:**

١- سرووده ئاینییەکان و مەقام و کەلامەکان: گرینگترین بەش لە مۆسیقای تەنبوور بەشی ئایینی یارسان یا مەقامە حەقانییەکانە کە لە لای ئەهلی حەق بە کەلام بەناوبانگە. ژمارەی ئەم کەلامانە ٧٢ دانیە کە لە دەستکردەکانی ئاینی پیاوانی ئەهلی حەقە کە خۆی سێ دەستەیە:
١- دەستەیەک کە ئاوازییە یانی مەتری هەیە. ٢- خاوەن ڕیتمی خێرا و لەسەرخۆیە. ٣- خاوەن ڕیتمی خێرایە. دەستەی یەکەم بە تاکە کەس ئەژەنرێت، دەستەی دووهەم بە کۆ ئەژەندرێت.
٢- مەقامە کۆنەکانی بێ‌کەلام کە پێگەی مێژوویان هەیە: مەقامگەلێکی کۆن و بێ‌کەلامن کە زۆربەیان لە مەقامە مێژوویەکانی تەنبوورن. مەقامەکانی ئەم بەشەش نزیک بە ١٤ تا ٢٠ ژومارەیە.

زۆربەی ئەم مەقامانە شێوەی ئاوازیان هەیە و لەحنێکی بێڕیتمیان هەیە وەکوو (سارۆخانی، قەتار، گلە و دەرە). ژمارەیەکی تری ئەم مەقامانە خاوەن ڕیتمێکی دیاریکراون، وەکوو (جولۆشاهی، بایە بایە، جەنگەراە، خانئەمیری، سوار سوار، گوڵ و خار). هەروەها لە نێوان هەموویاندا مەقامی سەحەری شێوەیەکی جیاوازی هەیە. کە لەحنی ئاوازەکەی بێڕیتمە و لەحنە سازییەکەی ڕیتمی هەیە .

٣- بداهە نەوازی: ئەم بەشە لە سەر مەقامە کۆنەکانی تەنبوور پێک هاتووە، ژەنیاری ئەم بەشە بە لەبەرچاوگرتنی شێوە و نەریت لە بەیانی تەنبووردا بەیارمەتی گرتن لە زەوقی خۆی دەتوانێ کەشێکی بێکۆتایی بۆ نەغمە جوان و ڕەسەنەکان پێک بێنێت .

٤- پێکهاتەی هاوچەرخ: ئەم بەشە تەواو بە پێی بناغەکانی مەقامی و لە بەرچاوگرتنی فەرهەنگی مۆسیقای تەنبوور پێک هاتووە.

**تەمبوور لە مەراسیمی زیکرکردن لە کرماشاندا:**

ئامێری تەمبوور هەر لە کۆنەوە وەک ئامێرێکی ئایینی و پیرۆز ناسراوە. ئەم ئامێرە هەمیشە پەنای پیاوانی حەقخواز بووە لە ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقەتدا. تەمبوورژەنەکان وەک ڕابەر و گەورەکانی بنەماڵەی خۆیان، یادی دەکەنەوە. لە چیرۆکەکاندا، بەم جۆرە هاتووە، کە یەکێک لە گەورەکانی ئەم گرووپە بە ناوی شاخوشین لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی، موریدەکانی بە چەند گرووپی ٩٠٠ کەس دابەش کردووە و خۆشی لەگەڵ ئەو گرووپانەدا، دەستی کردووە بە تەمبوورژەنین، لە بەر ئەوە ئەم ئامێرە بە ئامێری شاخوشینیش دادەنێن. بە شێوەی گشتی، مەراسیمی زیکرکردن لە ڕۆژانی پەێنج شەممەدا، لە جەمخانەکان بەڕێوە دەچێ. لەم مەراسیمانەدا: کەمەر و سەری خۆیان دەبەستن، بە شێوەی لە سەر دوو ئەژنۆ و چوارمشقی دادەنیشن، لە سەرەتای مەراسیمدا، سەید و پیری کەماڵ بە دەست- پێکردنی نەزمی حەقانی بە هۆی تەمبوور و ئەو شیعرانەی لە ستایشی یاوەرە پاکەکان، بە تایبەت گەورەی بە باوەڕان عەلی دەخوێننەوە. ئەم شیعرانە بە زمانی کۆنی فارسی یان زاراوەی هەورامی دەخوێندرێنەوە:

عەرب دوجیلم

عەرب و عەرب قەیسی دوجیلم

ارتو لیلی من لیلی لیلم

اسری نەدیدم چو سیلات کیلم

دوسان مزگانی هایا وام ولیل

نەبوی عترلیل دماغ کردم کیل

دیده دیده لیل نناسو وه ویش

کوربو نابینا بدتر بیو پیش

تەمبوور لە تەکییەکان و مەراسیمی مەولود خوێنی لە کوردستاندا (سنه):

ئامێری تەمبوور ، لە شاری سنە لە چاو شوێنەکانی تری کوردستان، زیاتر سوودی لێ وەردەگرێت، هەرچەند لە باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان نزیک بووینەوە ئەم ئامێرە کەمتر بە کار دێت.

**تەمبوور لە مەراسیمی پرسەدا لە ناوچەی گۆراندا:**

دانیشتووانی گۆران و قەڵخانی، لە کرند، بۆ بەخاکسپاردنی خۆشەویستەکانیان، مەراسمێکی تایبەتیان هەیە. بە شێوەیەکی باو تەمبوورژەنەکان، لەو مەراسمانەدا بە پێشکەش کردنی گۆرانی بێکێش (مەقامی تایبەت)، ئەزیزان و گەورەکۆچکردووەکانی خۆیان دەکەنە ڕابەر و ڕێنوێن. بۆ کەسێکیش کە نەخۆش دەکەوێ و لە مەرگ نزیک ئەبێتەوە بە تەمبوور گۆرانی بێکێش ئەژەنن. لە کاتی ناشنی تەرمەکەدا، تەمبوورژەن لە پێش تابوت و بەشدارانی پرسە، هەتا بەخاکسپاردنی مردووەکە گۆرانی بێکێش پێشکەش ئەکەن. شیعرەکانی لە سەر ناپایداری دونیا دانراوە . ژەنینی تەمبوور لە مەراسمی سێڕۆژە، حەوتم، چلە و ساڵڕۆژی مردووەکەدا دووبارە دەکرێتەوە. ئەگەر کەسانێک لە گوندەکانی ترەوە بێن بۆ سەرخۆشی، لەگەڵ خۆیان تەمبوور دەهێنن و لە کاتی نزیکبوونەوە بۆ ماڵی خاوەن پرسە گۆرانی فانی فانی دەڵێن، لە بەرامبەر خاوەن پرسەیش بۆ ڕێزلێنان لە ئەوان تەمبوور ئەژەنن.

**تەمبوور لە ئۆرکێسترە گەورەکاندا:**

هەواڵنامەی کێژ

بە پێکهاتنی چەند گروپێکی پیشەیی ژەنیارانی تەمبوور، بە سەرپەرشتی مامۆستایانی وەک کەیخوسرەو پوورنازری، سەید خەلیل عالی نەژاد کە شارەزاییان لە زانستی موزیکدا هەیە، ئەم گۆڕانکارییە گەیشتۆتە لووتکەی خۆی، هەوڵی دڵسۆزانەی ئەم ماموستایانە، بە پێشکەش کردنی چەندین بەرهەم لە ناو و دەرەوەی وڵات بۆتە هۆی ئەوەی تا هونەری تەمبوورژەنین و پێگەی عیرفانی ئەم ئامێرە، شەیدایانی مووزیک و عیرفان بناسێنیت. لە ئەمڕۆدا تەمبوور، مایەی بایەخپێدانی ئاوازدانەرانی پیشەیە و ئەم ئامێرە لە پاڵ ئامێری کلاسیکی و میلیدا، سوودێکی زۆری لێ وەردەگرێت. ئاوازدانەرە گەورەکان وەک: کامبیز ڕەوشەن ڕەوان، فەرهاد فەخرەدینی، لەم بوارەدا ئەزموونێکی نوێیان خستووەتە بەردەست.

**تەمبوورژەنە ناسراوەکان:**

ئاسەید عەلی‌یار ئەفزەڵی شا ئیبراهیمی، سەید قاسم ئەفزەڵی شائیبراهیمی، دەروێش عابدین خادمی، دەروێش ئەمیر حەیاتی، سەید وەلی حسەینی، تاهێر یار وەیسی، نوورعەلی ئیلاهی، شەیخ موحەمەد باقر تەیموریان، سەید خەلیل عالی‌نژاد، عەلی‌ئەکبەری موڕادی، کەیخوسرەو پوورنازری، ئارش شەهریاری، فەرەیدوونی کەماڵی، شاهپوور کەماڵی، عادڵ کەماڵی، بێهزاد مورادی.

**تەمبوور سازەکان:**

چەندین شوێن و جێگەی جیاجیا هەیە کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و پسپۆڕانە ئامێری تەمبوور ساز دەکەن کە شاری گەهوارە یەکێک لەو ناوەندە گرنگانەیە کە ئەم ئەرکە بە باشی جێبەجێ دەکەن و ناوبانگێکی تایبەتی هەیە. هەندێ لە تەمبوورسازە بەناوبانگەکان بریتین لە: مامۆستایان حسەین فەرمانی، چەنگیز فەرمانی، شەمسوڵا فەرمانی، ئەسەدوڵا فەرمانی، عەبدول ڕەزا ڕەهنما، سەید تەهموورس چراغپوور.

**سەرچاوەکان:**

عالی‌نژاد،سید خلیل. *از دیرباز تا کنون*. تهران: دانش فن، ١٣٨٤.

نەسروڵاپوور، عەلی‌ئەسغەر. *ئامێری مووزیکی کورد*. وەرگێڕانی ستار کەریم. هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٧.

# کورتەیەک لە مێژووی وێنەکێشان لە کوردستاندا



هێرۆ حاجی‌خلانی

لاپەڕە سپییەکان و چەند کتێبێک چەند ڕۆژ پێش کە بابەتەکەیان هونەر بوو کڕیم، لە سەر مێزەکەی دادەنێم تا لەبارەی بە شێوەکاری و مێژووی هونەر لە کوردستاندا چەند دێڕێک بنووسم؛ بەڵام هەر چەند دەگەڕێم پێنووسەکەم نادۆزمەوە، بە ناچار پێنووسە شکاوێک کە دوێنێ لە ڕێگادا دۆزیبوومەوە لە ناو کاغەزە بێ‌کەڵکەکاندا هەڵدەگرم و دەست دەکەم بە نووسین. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە شێوەکاری هونەرێکە کە ڕوخسار و ماکەی نەخشە و گەڕان بە دوای نەخش لە کوردستاندا لەو شێوەگەلەی کە لە زیندەوەرەکان بەجێ ماوە لەسەر بەرد و شاخەکانی هەورامان تا فۆرم و شێوە دۆزراوانەی سەر گڵێنە جوانە دۆزراوەکان لە هونەری مادەکان، زیویەی سەقز تا قاڵی گڵێم و جاجم و دەستچنە جوانەکانی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی کۆنەوە و دوای ئەوەش ڕەنگ دەداتەوە. هەروەها لە ئەشکەوتەکانی پاریزگای لۆڕستاندا وێنەی شێوەکاری لە ئاژەڵان و وێنەی دیکە دۆزراوەتەوە. ئەو شێوەکارییانەی لە ناوچەی تەپەی سیالەک و لۆڕستاندا لەسەر قاپە گڵێنەکان دۆزرایەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە هونەرمەندانی ئەم ناوچانە لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا ئاشنا بوونە و هەروەها شێوەکاریگەلێک لە سەردەمی ئەشکانییەکان و شێوەکاریگەلێکی دیکە لە سەر دیوار، کە زۆربەیان لە بەشە باکوورییەکانی ڕووباری فورات دۆزراونەتەوە کە یەکێک لەم شێوەکارییانە، دیمەنی ڕاو پیشان دەدات.

ئەو نەخشانەی کە یەک بە دوای یەک لە بەرەکان و گۆڕانکارییەکاندا دەم بە دەم گوازراوەتەوە، تا ئێستا ماوەتەوە و بە هەمان چەشن بە ژیانی مرۆڤی ئەم ناوچەیە، جوانی دەبەخشێت. لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەماییەکاندا و گۆڕان لە ئێستای فەرهەنگی وێنەیی کوردستاندا، گۆڕانکاری لە

شێوە و نەخشەکاندا بەدی هاتووە. ئەو بەرهەمانەی کە ئەو نموونانە پیشان دەدات، و دەکرێ ئامژەی بۆ بکرێت، تابلۆکانی کتێبی *شەرەفنامە*-ی شەرەفخانی بتلیسییە کە لە ژێر کارتێکەریی شێوەکاریی ئێرانی لە سەردەمی ئێمپراتۆریی عوسمانیدا بووە و پێوەندیی بە مێژووی ژیانی کوردەکانەوە بووە.

بێ‌گومان پێشینەی هونەر لە کوردستاندا، بە قەت مێژووی هونەری ئێران کۆنە و پێویست بە وەبیرهێنانەوە و گەڕانەوەی نییە. بەڵام هەندێ جار لەو دیمانەگەلەی لەگەڵ شێوەکارەکاندا ئەنجام دەبێت، پێیان وایە شێوەکاریی کوردی بوونی نییە؛ لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی نازانستییە؛ شیوەکاریی و شێوەکاری کوردیشمان هەیە. بۆ نموونە، بەڕێز ناسر فەیزوڵابەگی بۆ سەر سێ دەستە دابەشی دەکات:

١.هەموو چالاکییە شێوەکارییەکان لە ناوچەی کوردستاندا لە مووسڵ، ئامەد، کرماشان و هەر شار و گوندێک کە کوردان تێیدا ژیاون، دەگرێتەوە. ئەم قۆناغە لە دەسەڵاتی مادەکان، هەخامەنشییەکان و ساسانییەکانەوە دەستی پێ‌کردووە و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەستەبەر کردووە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە شێوەکاریی ئێرانی وە بەرچاو دەکەوێت. واتە، مێژووی شیوەکاریی کوردی بەشێکی جیانەبووەوەی لە هونەری ئێرانی.

٢. لە کوردستانی ئێراندا لە سەد ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێ‌کردووە و لە دەیەی ١٣٦٠دا بە کۆچی فەیزوڵاخانی ناهید کۆتایی پێ‌دێت. لەم قۆناغە دەکرێ ئاماژە بە سالارەلبەلاغ و تاجخانم (دایکی فەیزولاخانی ناهید) بکرێت. چونکوو لە خۆشنووسی و شێوەکاریدا دەستێکی باڵای هەبووە. دەسەڵاتی ئەو کاتە نازناوی تاجی دەوڵەتی پێ‌بەخشیوە. ئیفتخار ناهید، فەیزوڵاخانی ناهید، ڕەحمان قازی، ئیبراهیم قازی، جەعفەر قازی، مستەفا شێرزاد، حاجی محەمەد ڕەسیدبەگی محەمەدی ئەحمەدی بەلەکی، ئازاد ئەحمەدی، حسێن ئابسۆران، عوسمان موبارەکی، ڕەحمان فەتاحی، کەماڵ تاتایی، سەعید مەولایی، محەمەد ساڵح شەمسی، محەمەد مەلەکی، لوقمان کەریمی، ئیبراهیم نەقشی و هونەرمەندان و مامۆستایانی دیکە. ئەم شێوەکارانە بە شێوەی سەربەخۆ لە توانستەکان و بەهرە کانی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و شێوازێکی تایبەتیان دامەزراند کە دەکرێ بە شێوەکارە کلاسیکەکان ناودێریان بکەین.

٣. لە کۆتایی دەیەی ٥٠دا دەستی پێ‌کرد و تا ئێستا درێژەی هەبووە. بەرەی سێهەمی شێوەکارە کوردەکان لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، شێوەکارەکانی قۆناغی دووەم و جیهانی شیعر و ئەدەب بەرەو جیهانی مۆدێرن هەنگاویان هەڵهێنا و ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمی

شێوەکارە ئەورووپی، ئەمریکی و ڕووسی کارتێکەریی لەسەریان هەبوو و خێرا پەرژاونەتە سەر کێشەکان و فەرهەنگ و سرووشتی ناوچەی خۆیان. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە هونەرمەندانێک وەکوو هادی زیائودینی، محەمەد ڕوستەمزادە، ئەکبەر مەنسووری، ناسر قازیزادە، ماشەڵلا محەمەدی، مەسعوود ڕەحیمی، فەردین سادقئەیووبی، ڕەئووف نادری، مێهدی زیائودینی، ئەسەن ڕەحیمزادە، خەلیل ڕەحیمپوور، ئەحمەد خەلیلی فەرد و ... بکرێت. لە قۆناغی دوو و سێدا تەنیا ئاماژە بە شێوەکارەکانی کوردستان کرا. شیاوی ئاماژەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شێوەکاری کوردی دیکە هەن کە لەم قۆناغەدا جێگەیان دەبێتەوە. لەم نێوانەدا شێوەکارەکانی قۆناغی دووەم جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ شێوەکارەکانی هاوچرخی خۆیان هەبووە؛ لە ڕاستیدا دەکرێ وەکوو بلیمەتێک لە شێوەکاریی کوردیدا ناوی لێبەرین. فەیزوڵلاخان بە بەوێنەدەرهێنانی فەرهەنگ و دابونەریتی خەڵکەکەی بووەتە بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگای خۆی کە لە دیمانەیەک لە گۆڤاری سروەدا چاپ بووە، وەها دەڵێت: «ئەمن لەگەڵ شێوازدا ئاشنایەتیم نییە؛ لە سرووشتی جوانی کوردستانەوە ئیلهامم وەرگرتووە».

زۆربەی شێوەکارە کوردەکان لە فێستیڤاڵە ناوەکی و دەرەکییەکاندا سەرکەوتوو بوونە و ناوبانگی زۆریان دەرکردووە و مایەی شانازیی خەڵکی کوردستانە و پێم وایە بە دڵنیاییەوە کوردستان هیچ شتێکی لە فلۆرانس کەم نییە و تاقمێکی زۆر پەیکەر کە پەس و پەنای شارەکانییەوە لەگەڵ خەڵک دەدوێن و هونەرمەندانی کورد لە مێژوودا لە پێشینان فێری ئەوە بوون کە ئەگەر هونەر و مرۆڤایەتی ئاوێنەی یەکتر نەبن، هەردوو دەمرن.

هەواڵنامەی کتێب



قوتابخانەیەك یا نەخۆشخانە و قوتابخانەیەکی نۆشداری لە ئامێدی. باسی میرنشینی بەهدینان دەکات و بریتییە لە دوو بابەت: نیوەی سەرەوەی، دیمەنی قوتابخانەیەکە لە ئامێدی و نیوەی خوارەوەشی وێنەی یاریی قاشوان-ە.

هەوالنامەی کتێب



جزیرا بۆتان و مەم و زین لە بابەت میرنشینی بۆتانەوەیە کە لە سێ دیمەن پێك هاتوە کە هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەیە. یەکەمیان بریتییە لە دامێنی تابلۆیەك کە ڕووباری دیجلەی تێدا وێنە کێشراوە. بەشێکی سەر و لەشی لاوێکی جوانی سمێلڕەش لە بەرەی خۆرهەڵاتی دیجلەدا بەدەر کەوتووە کە نیازی وایە لەو ڕووبارە مەزنە بپەڕێتەوە و بەرەو شار بچێ. لاوەکە دەستی بۆ لای ڕووبار یا کچەکە درێژ کردووە کە لەو بەری گومگومێکی زەردی لە دستدایە و پڕی دەکا لە ئاو. دیمەنی سێیەمی تابلۆکە دیمەنێکی ڕاوە و بریتییە لە شوێنێکی شاخاوی کە باسی دەرەوەی شاری جەزیر دەکات.

# ڕەنگامە

- ✓ کورتە پێناسەییێکی دوو قوتابخانەی کفری و ڕوانگە
- ✓ پێگەی خشڵ و زەنبەر لە مەم و زیندا
- ✓ بەشی دەنگیی کتێبخانەی نابینایانی زانستگای کوردستان
- ✓ مەشکە

هەواڵنامەی دیار

# کورتە پێناسەیێکی دوو قوتابخانەی کفری و ڕوانگە



سروه باباخانی

ئەدەب هەمیشە لە گۆڕاندایە و سەرەکیترین چەشنی ئەدەبیاتیش شیعرە کە لە هەر سەردەمێکدا لە ژیانی خەڵکی کۆمەڵگا سەرچاوە ئەگرێت و ژیانی خەڵکیش ڕەنگدانەوەی باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتییە و ڕەنگدانەوەشی لە شیعردا هەبووە. شیعری کوردیش هەر وەکوو شیعری گەلەکانی دیکە لە گۆڕانکاری دایە کە چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە و لە هەر قۆناغێکیش چەندین قوتابخانەی بووە و دوا قۆناغیش، قۆناغی شیعری نوێیە کە بە مامۆستاگۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح دەستی پێ‌کردووە و لە ئەدەبی ئەورووپی و تورکی کاریگەری وەرگرتووە و لە سەر دەستی شاعیرانی دیکە درێژەی پێدراوە کە لە چەند قوتابخانەی جیاواز بوون کە هەندێک جار لێکچوونیان بووە و هەندێک جار جیاوازی یان درێژەدەری ڕێگای قوتابخانەگەلی پێش خۆیان بوون کە دواتر جیاوازیان پەیدا کرد و دوو قوتابخانە سەرەکی ئەم قۆناغە ڕوانگە و کفرییە کە تایبەتمەندی و جیاوازی خۆیان هەیە.

یەکێک لەو قوتابخانەگەلە قوتابخانەی ڕوانگەیە کە یەکەمین قوتابخانەی نوێی شیعری کوردی دوای گۆرانە گەرچی زوو بە زوو دوای کۆتایی گۆران نەهاتووە بەڵکوو یەکەمین قوتابخانەیە کە پاش ماوەیەک بێ دەنگی یا کەم دەنگی لە دوای گۆران سەری هەڵداوە. هەر وەکوو شێرکۆ بێکەس

دەڵێ:« ڕوانگە لە منداڵدانی شەستەکاندا خولقاو بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا لە دایک بوو ئینجا لە ناوەڕاستیدا پێی گرت و هاتە ناو خەڵکەوە». لە ١٩٧٠/٤/٢٥ بە بەشداری شێرکۆبێکەس و حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و چەندین کەسی دیکە بەیاننامەکەیان بڵاو کردەوە. ئەم قوتابخانەیە هەر چەندە سەرەتا کاریگەری شیعری گۆرانی پێوە دیاربوو بەڵام دواتر بوو بە یەکێک لە قوتابخانە یاخییە ئەدەبییەکان کە دیارترین تایبەتمەندییان بریتی بوو لە تێکشکاندنی فۆرم و هەروەها بەکار هێنانی وشەی نوێ و ڕەسەنی کوردی، گرینگی دانی زۆر بە تەکنیکە ئەدەبییەکان و دابڕانی خۆی لە نەریتە کۆنە ئەدەبییەکانی شیعری کوردییە کە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعریان پێش خست و ناوەڕۆکە شیعرییەکانیان باس لە کێشەی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی گەل و هەژاری و برسێتی ئەکات بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت باس لە شۆڕشگێڕی و ئازادی و سەربەستی ئەکات و باسی ئافرەت و یەکسانی پیاو و ژنیان کردووە.

هاوکات لەگەڵ ڕوانگە بزووتنەوەیەکی دیکە بە ناوی کفری سەری هەڵدا کە لە ناوچەی کەرکووک بە ئەندامێتی لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر شاکەلی(فەرهاد)، کەنعان مدحەت و چەند کەسێکی دیکە بوون و ئەم گرووپە تا ڕادەیەک بیر و بۆچوونەکانیان لەگەڵ ڕوانگە یەکی دەگرتەوە، هەرچەندە لە سەرەتا پێش ئەوەی ڕوانگە بەیاننامەکەی بڵاو بکاتەوە ویستیان لەگەڵ ئەم گرووپە ببن بە یەک بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت و قوتابخانەی ڕوانگە بەیاننامەکەی بە جیا بڵاو کردەوە پاشان شاعیرانی قوتابخانەی کفری کە بەناوبانگترینیان لەتیف هەڵمەت بوو بە دەربڕینێکی جیاواز هەوڵیان داوە سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایە تییەکان شیعر پێشکەش بکەن. ئەم بزوتنەوەیە گەرچی بەیاننامەیەکی دیاری کراوی بڵاو نەکردووە بەڵام چەند شیعری لەتیف هەڵمەت بە جۆرێک بەیاننامەی ئەم قوتابخانەیە دادەنێن و تایبەتمەندیگەلی تایبەت بە خۆیان وەکوو زەق کردنەوەی جیاوازی و بەرابەرێتی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگا، گەڕانەوە بو پێشینە فەرهەنگییەکان و واتا ئایینییەکانی کۆمەڵگای کورد، نواندنەوەی چەمک و ڕوانینی سۆفیگەرانە، و مرۆڤ خوازی و ....هەیە.

قوتابخانەی کفری و ڕوانگە دوو قوتابخانەی گرینگ دوای شیعری گۆران بوون کە هەر کام تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەگەڵ یەکیشدا هاوبەشی و جیاوازیان هەیە کە لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس دوو شاعیری بەناوبانگ و دیاری ئەم بزوتنەوانە و گەلی کوردن کە لە ڕووی ئەدەبی و هزری بەرهەمەکانیان جیاوازن کە شیعری بێکەس شیعری زۆرتر بۆ وروژاندنی هەستی خوێنەری نوخبەیە بەڵام



هەواڵنامەی گیژ

هەڵمەت لایەنی دەروونی و زەینی زۆرتر باس ئەکات و بابەتی تاکەکەسی و لایەنی سۆفیگەرانەی هەیە و کەمتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، هەروەکوو بێکەس و هەڵمەت، ڕوانگە و کفریش جیاوازیان بوو بەو واتایە کە لە سەرەتا ڕوانگە زۆر لە شیعری گۆران نزیک بوو بەڵام پاش چەند ساڵ لەو شیعرە دوورکەوتەوە و جیاوازی پەیدا کرد بەڵام کفری لە سەرەتا شیعرەکانی زۆر بەهێز بوو و جیاوازی بوو لەگەڵ شیعری گۆران بەڵام دواتر ڕووی لە داکشان کرد و شیعرەکانی سادە و ڕەوان بوون و زۆرتر باری دەروونییان لە بەرچاو دەگرت.

### سەرچاوە:


سەجادی، بەختیار. لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی روانگە و کفری بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت. *پژوهشنامە ادبیات کردی*. ژمارەی٤. زانستگای کوردستان، **١٣٩٦.**

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی. *زمان و وێژەی کوردی*. سەقز: گوتار، **١٣٩٦.**

قادر حسێن، شادمان. *بزووتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی*. سلێمانی: سەردەم، ٢٠٠٠.

# پێگەی خشڵ و زەنبەر لە مەم و زیندا



کولسووم محەمەدی

خشڵ و زەنبەر و شتە ڕازێنەر و بۆن خۆشەکان، لە هەموو سەردەمێکی ژیانی مرۆڤ، پێگەیەکی تایبەتی لە ناو خەڵک و بە تایبەت ژناندا بووە و بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی خۆیان و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەرگرتووە. مێژووی بەکارهێنانی خشڵ و زێڕ، هاوکات بووە لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی مرۆڤ، واتا هەر لەو کاتەوەی کە مرۆڤەکان هەوڵ و تەقالایان ئەوە بووە کە خۆیان لەگەڵ سروشت بساچێنن و ئەو شتانەی کە پێویستی ژیانیانە، بە دەستی بهێنن.

بە کارهێنانی خشڵ و زەنبەر لە ئەدەبیاتیشدا لە بیر نەکراوە و شاعیران و نووسەران هەوڵیان داوە بە هەر شێوەیەک بووە بۆ جوانترکردنی بەرهەمەکانیان ئەو ئامرازانەی کە خەڵک بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان بە کاری دەبەن بیهێننە نێو دەقەکانیانەوە. لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە دەتوانین ئەو ئامرازە جوانکارییانەی کە تایبەتی ناوچەیەک و فەرهەنگێکن بیانناسین.

**ئەدەبی فارسی**

کاتێ چاو لە دەقەکانی ئەدەبی فارسی بە تایبەت دەقە کۆنەکان دەکەین، ناوی ئەم ئامرازانە بە سەدان شێوە دەبینین. بۆ وێنە، لە خوسرەو و شیرینی نیزامی ناوی چەند جۆر لە ئامرازەکانی جوانکاری براوە وەکوو، ***هەفت کەردە*** بە واتای ئارایشی تەواو و کامڵ، ئەنگوستیلە، زێڕ، بازنە،گوارە،کە زۆرتر بۆ وەسفی جوانییەکانی دڵدار بە کار براوە.

انگشتری بدست آن بتان مجلس افروز     سپهر انگشتری میباخت تا روز

**ئەدەبی کوردی؛ مەم و زینی خانی لە وەرگێڕانی مامۆستا هەژار**

هەر وەکوو ئەدەبی فارسی، شاعیران و نووسەرانی کوردیش بە زۆری و بە جوانی ئەم ئامرازانەیان بە مەبەست گەلێکی وەکوو وەسفی عەشق، دڵ نەبەستن بە زێڕ و ماڵی دۆنیا، ناساندنی ئەو خشڵانەی کە تایبەتی ناوچەی کوردەوارییە و ژنانی کورد بە کاری دەهێنن و هەروەها شوبهاندنی دەقە کوردییەکان بە دوڕ و یاقووت و هتد.. بە کار بردووە. لەو شاعیرانەی کە ئەم ئامرازانەیان بەکار بردووە زۆرن وەکوو نالی، هێمن و ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا  و... خانی لە مەم و زینەکەیدا زۆر ناوی زێڕ، یاقووت، ئەنگوستیلە، گوارە و هەوری بەکار بردووە کە مامۆستا هەژاریش لە وەرگێڕانەکەی ئەمەی نیشان داوە و وشەکانی تایبەتی کوردەواری بە کار بردووە .خانی پانزدە جار ناوی زێڕ و خشڵی بە کار بردووە بۆ وێنە:

خشڵ و جل و یار و زێڕ و زەنبەر    نەمخواستەوە هی منن سەروبەر

برِیار بێ بزانم و بیاندوێنم        چل زێڕی بسێنم و بۆتی بێنم

هەروەها بە کار بردنی وشەگەلێک وەکوو ئەنگوستیلە،کە دەبێتە هۆی لە یەک ئاگادار بوون و پێوەندی ئەویندارانەی نێوان دوو دڵدار و چەند ناو کە لە کوردی هەیە بە کار براوە وەکوو کلکەوانە، نقێم، هەنگولیسک.

تا ببنە هەواڵی دیدە مەستان    ئەنگوستیلە دەخران لە دەستان

گۆڕیبیاننەوە کلکەوانەی خۆ        نایانەوە داو و دانەیی خۆ

ئەو ڕازێنەرانەی کە تایبەتی ژنانی کوردە وەکوو بەروانکە، هەوری، ئۆیە، دەسماڵ، گۆبەروک،کە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم شێعرانەوە دەتوانین بە باشی بیانناسین.

هەوری لە ملان بە ئۆیە دەسماڵ    تافتەکوڵەجە کراس و لێو ئاڵ.

# بەشی دەنگیی کتێبخانەی نابینایانی زانستگای کوردستان



ئا: سومەیە کەریمی

بەشی دەنگیی کتێبخانەی نابینایانی زانستگەی کوردستان، وەکوو بەشێک لە بەشەکانی کتێبخانە بە مەبەستی ڕەچاوکردنی مافی کۆمەڵایەتیی خوێندکارە نابیناکان چالاکی دەکات. بەرهەمی ئەم کتێبخانەیە، کتێبی دەنگییە. کتێبی دەنگی، بەرهەمێکە کە هاوکات خوێندکارە نابیناکان و کەسانی دیکە دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن. بە سەرنجدان بەوەی کە لەم سەردەمەدا تەکنۆلۆژییە نوێیەکان و کەرەستە دەنگییەکان کە زۆر پەرەی سەندووە، هەموو کەس دەتوانێت لە کتێبی دەنگی کەڵک وەربگرێت. بۆ نموونە، شۆفێرێک لە کاتی لێخوڕیندا، ژنێک لە ماڵەوە لە کاتی ئەنجامدانی کاروباری ماڵ و دووکاندارێک لە بازاڕدا، دەتوانن گوێ بۆ ئەم کتێبانە ڕاگرن. ئامانجی بەشی کتێبخانەی دەنگی، سەر بە کتێبخانەی مامۆستا هەژار-ی زانستگەی کوردستان، کە لەم زانستگەیەدایە بەپێی ئەوەی کە خوێندکاران هۆگرییەکی زۆریان بە خوێندنەوەی کتێب هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی کتێبی دەنگی لە خوێندکاران کەڵک وەردەگرێت.

ئێستاش، وتووێژێک بە مەبەستی پێناسەکردنی زۆرتری چالاکییەکان لەم بوارەدا، لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەی دەنگی زانستگەی کوردستان، دەخەینە بەر دەستی خوێنەران: بەڕێز عێرفان سەلیمی، خوێندکاری ماستەری بەشی فیقهی ئیمام شافیعییە و دامەزرێنەری کتێبخانەی نابینایانی زانستگەی کوردستانە کە بەشی دەنگییەکەی، ژێربەشی ئەم کتێبخانەیەیە. بەڕێزیان لەسەر ئەم چالاکییانە و ڕەوتی بەرهەمهێنانی کتێبە دەنگییەکان وەها دەدوێت:

«لە زانستگەی کوردستاندا ١٧ خوێندکاری نابینامان هەیە کە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی دوو کولێژی زمان و وێژە و زانستە مرۆییەکاندا سەرقاڵی خوێندنن. ئەم کتێبخانەیە بە ئامانجی دابین‌کردنی سەرچاوەی پێویست بۆ خوێندکاران دابین کراوە. نەک تەنیا بە شێوەی دەنگی، بەڵکوو بە شێوەی برەیل-یش سەرچاوەکان دەخاتە بەر دەستی خوێندکاران. سەرەتا ئەو سەرچاوانەی مامۆستایان بۆ خوێندنی وانەکان دەیانناسێنن، ئێمە ئەو دەرفەت و توانایەمان هەیە کە بە شێوەی دەنگی و هەروەها بە شێوەی برەیل ئامادەی بکەین بۆ خوێندکاران. ئەم چالاکییانە بە یارمەتی خودی خوێندکارە نابیناکان و کەسانی دڵسۆزی دیکە بەڕێوە دەچێت. بەشی نابینایان، لە ڕاستیدا ناوەندی نابینایانی زانستگەیە، ئەم کتێبخانەیە بەشێک لەو ناوەندە پێک دەهێنێت و بەشێکی گرینگی دیکەی ئەو ناوەندە، بنکەی خوێندکارانی نابینای سۆما-یە کە سەر بە جێگرایەتی فەرهەنگیی زانستگەی کوردستانە.

ئەم ناوەندە لە ژێر چاوەدێریی خۆبەخشانەی تاقمێک لە مامۆستاکانی زانستگەی کوردستانە کە بە شێوەی خۆبەخشانە لەگەڵ ئەم بەشەدا هاوکاری دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. مامۆستاکان بۆ خۆیان چەندین خوێندکار دەناسێنن بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم بەشەدا؛ کەوایێت، زۆربەی چالاکییەکانی ئەم بەشە، بە شێوەی خۆبەخشانە بەرەوپێش دەچێت. لێرەدا جێی هەیە ئەمن وەکوو بەڕێوەبەرێکی نابینای ئەم بەشە ئەمەگناسیی خۆم بەرانبەر بە ئەو مامۆستایانە و خوێندکارە ئازیزانەی کە لەگەڵمان هاوکارییان هەیە، دەرببڕم.

بە سەرنجدان بەوەی کە بەشی زمان و وێژەی کوردی، قۆناغی سەرەتایی خۆێ تێپەڕ دەکات، خوێندکار و مامۆستای ئەو بەشە، لە بەرهەم‌هێنانی سەرچاوە دەنگییەکان چالاکێیەکی بەرچاو دەنوێنن. دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە ئەم بەشی دەنگییە بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت کە لە بواری فەرهەنگ و وێژەی کوردیدا چالاکی بنوێنێت. بۆیە هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانە کوردییەکان لە ژێر چاودێریی مامۆستایانی بەشی کوردی دیاری کراوە کە بە یارمەتیی خوێندکارانی ئازیزی ئەو بەشە تۆمار دەکرێت. بۆ نموونە، سەرجەمی نووسراوەکانی مامۆستا عەتا نەهایی، لە لایەن خوێندکارانەوە بە شێوەی دەنگی تۆمار و ئامادە دەکرێت تا دواتر بڵاو ببێتەوە.»

هەروا کە دەزانن ئەم کۆمەڵە چالاکییانە کارتێکەری زۆری هەیە لە گرینگی‌دان بە خوێندن و پەرەسەندنی ئەدەب و فەرهەنگ، دەبێتە هۆی ئەوەیکە خوێندکاران و لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەب بە

مەبەستی بەرهەم هێنانی فایلی دەنگیی بابەتە ئەدەبییەکان زۆرتر ڕووبکەنە ئەم ئاقارە و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و نووسینی کوردی؛ بەم شێوەیە بە بەردەنگەکان بناسێنن و زۆرتر گرینگی بەم بوارانە بدەن. ئەم شێوەیە، واتە بەرهەم هێنانی فایلی دەنگی دەرفەتێکە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵییان زۆرە و یان بە هەرهۆییێک لە کتێب و خوێندنەوە دوور بوونەتەوە؛ بە کەڵک وەرگرتن لەم فایلانە دەتوانن لە خوێندن و فێربووندا بەردەوام بن.

لە کۆتاییدا سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی ئەم بەڕێزانە دەکەین کە بەردەوام و ماندوو نەناسانە لەم بوارانەدا چالاکییان نواندووە. هیواداریین لە داهاتووشدا بە بەرهەم هێنانی زۆر و بە پێسترەوە درێژە بەم چەشنە چالاکییانە بدەن و بەشێوەییێکی بەربڵاوتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکە وەکوو مرۆڤ ناسی، فەلسەفە، زماننناسی و کۆمەڵناسی و هتد بەردەوام درێژە بە کار و ئەرکی خۆیان بدەن، نمونەیان زۆربێت و سەرکەوتووبن.

هەواڵنامەی کتێب

# مەشکە



تۆمارکردنی دەنگ:
فریشتە مەجیدی‌پوور

بابەت: گۆرانیی مەشکە
ناوی بێژەر: کشوەر مەیمەیی
تەمەن: ٦٣ ساڵ
شوێن: ئیلام، مەیمە، عەشایەرە کۆچەرەکانی
ئێڵی کورد (کوردەلی)
کات: ڕێبەندانی ١٣٩٧

هەوالنامەی کێژ

لە کۆنەوە بۆ زۆربەی زۆری هەر یەک لە کارەکان، گۆرانییەکی تایبەت و ڕیتمێکی تایبەت، بەپێی جۆری کار و شێوەی جووڵەوە دەستنیشان کراوە کە هۆکاری زۆری لە پشتەوە بووە. ئەم هۆ و مەبەستانە، بۆ نموونە، دەتوانێت بۆ ڕێکوپێکی لە کارکردن و هەروەها پێوەندی گرتنی زۆرتر لەگەڵ کارەکەدا بێت کە لە باری زەینییەوە تاکی مرۆڤ ئاوێتەی کردەوە و جووڵە و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی دەکات. لەوانەیە لە کۆندا، لە چاو ئێستە ڕوانینێکی جیاوزتریان بۆ کار بووبێت؛ چونکوو ژیانیان بە کار واتا کردووەتەوە و بە بەشێکی سەرەکیی ژینیان داناوە. کار لەگەڵ ژیان و مانەوە و گەشە و جێژدا هاوواتا بووە.

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە کە لە کاتی مەشکەژەندندا، بە ڕیتم و مۆسیقایەکی گونجاو لەگەڵ جووڵەی جەستەدا دەخوێنرێت، لەسەر کێشی بڕگەیی ٥+٥ پێک هاتووە کە کێشێکی خۆماڵیی کوردییە و بێجگە لە فۆلکلۆردا، لە شێوازی شیعری گۆرانیدا کێشێکی بەرچاوە؛ یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شێوازی گۆرانی، کە لەم پارچە شیعرەشدا وە بەر چاو دەکەوێت، ئاخاوتن لەگەڵ شتێکی بێ‌گیانە. لێرەدا مەشکە، ئەم دەورە دەگێڕێت و لە زەینییەتی ژنی کورددا، وەکوو

هاوڕێیەکی نزیک و بەردەنگێکی پشوودرێژ، ژیان، خەم، ئاوات، خواست و تەنیاییەکانی باس دەکات و لەگەڵیدا سۆز و قسەی دەروونی خۆی دەردەبڕێت. لەم شیعرەدا بەندێک هەیە (هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی) کە لە نێوان دێڕەکاندا دووپات دەبێتەوە. ئەم دێڕە لە کاتی گۆڕانی بابەتی باسەکە لە شیعرەکەدا و لە دەستپێکی باسێکی دیکەدا دووپات دەبێتەوە؛ هەندێ جاریش، بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی شیعرەکان، بێژەر دووپاتی دەکاتەوە تا شیعرەکانی دیکەی وە بیر بێتەوە.

لەم دێڕانەدا ئەو کەشە خۆماڵی و دێرینەی کۆمەڵگای مرۆڤی پێشمۆدێرن دەنوێندرێتەوە و پێشینەیەکی لێوانلێو لە پێوەندییە پتەو و نزیکە ناوخۆییەکانی نێو بنەماڵە و ئێڵ، کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمانە پێناسە دەکات، لە قاڵبی دەستەوشەی جیاجیادا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەر دەکەوێت. ئەو ناوانەی لەم دێڕانەدا بە کار هاتوون (ئەلی، نادر و موجتەبا (مشی))، منداڵانی خودی بێژەرەکەیە؛ لە کاتی مەشکەژەندندا، هەر ژنێک ناوی منداڵ و کەسوکار و خۆشەویستانی خۆی لە شیعرەکەدا بە کار دەهێنێت. واتە کەسایەتییەکان لە دەنگی هەر مەشکەژەنێکدا دەگۆڕدرێت و بەپێی گونجاوبوونی تایبەتمەندییەکان و پێکهاتەی ئەو کەسەی کە بە کەسایەتیی نێو شیعرەکەوە نزیکە، ئەم گۆڕینەوە پێک دێت. لێرەدا بێژەری ئەم دێڕانە دەبێتە بەشێک لە دانەری ئەم دەقە و دەوری راستەوخۆ لە هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەدا دەگێڕێت و دەتوانین بڵێین دیسان مێژوو دووپات دەبێتەوە و ئەو دەقە فۆلکلۆرییەی سەردەمانێک لە زاری کەسێکەوە وەکوو بەرهەمێکی بنەماڵەیی لە بازنەیەکی تایبەتدا خولقێنرابوو، لە کاتێکی دیکەدا هەر هەمان ڕەوت تێپەڕ دەکات و دیسان لە بنەماڵەیەکەوە دەبووژێتەوە و دەبێتە بەرهەمێکی نەتەوەیی و دەگەڕێتەوە نێو ئەرشیڤی فۆلکلۆریکەوە.

## مــــەــــشــــکــــە



مەشکەگەم ژنیا،
وە کەرەی پەتی
ئاو لە کوو بیارم،
کەنی قیمەتی

مەشکەگەم چشە،
نالەنالشە
ئاوەگەی ماران،
وە خێیالشە

باوان

مرواری

گوڵپینە

جاهڵێ خوازم،
ئەڵ کەل بنیشێ
ئەڵخشەی ئاخڵ،
شمشێر دەرکیشێ

گەوهەر فرووش

مەشکەگەم چشە،
هەر هووە مەکەی
کەرەی ڤەر و پیشت،
گرد کوووە مەکەی

کتێبی هەواڵنامەی

مەشکەگەم ژنیا، وە کەرەی پەتی　　ئاو لە کوو بیارم، کەنی قیمەتی

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

ئی لای مەشکەگەم، تەم گوڵ باری　　نەوجەی مەشکەگەم، تەم گوڵ باری

ئەو لای مەشکەگەم، ماک و مرواری

ماک و مرواری کردمە بەنەوە　　دامەی وە **ئەلی** سڵام سەنەوە

ئی لای ماڵمان چیت و گوڵپینە　　ئەو لای ماڵمان چیت و گوڵپینە

ئەسپەل **نادر** تازە وە زینە　　وە شکار مەچوو، باڵای ڕەنگینە

یەی باڵێ **لاڵە**، یەکێ پیرووزە　　ئەزیزم **ئەلی**، جاهێڵ ئی هووزە

جاهڵێ خوازم، ئەڵ کەل بنیشێ　　ئەڵ خشەی ئاخڵ، شمشێر دەرکیشێ

شمشێر خاڵخاڵی، کەفتە داوانم　　کول بوونە قوروان، خێڵ و باوانم

خێڵ و باوانم، دا وەی هەردەوە　　هەرچێ دای کردم، گل نەخواردەوە

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

بیشن وە **نادر**، خان مێمانێیە　　سەراوەی وێسان، جاێ دیواخانێیە

دیواخانەکەی، چل گەز ڤەرێیە　　شاڵەگەی **ئەلی**، سەرەوسەرێیە

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

خان چیدە خزڵ، قرمزیپووشە　　ئەڕای شاپەسەن، گەوهەرفرووشە

گەوهەر نالێگەم، بچم وا دزی　　ئەڕای شاپەسەن، گووناقرمزی

هەیف شاپەسەن، یەی چەمێ کاڵە　　هەر گووشەی چەمێ، سە تمەن ماڵە

سە تمەن بیەن، تەوڵێ بسازم　　وە نوای سیر **ئەلی**، سپای بوازم

هەواڵنامەی کێژ

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

کەڵکەڵە مریژ، تا دەم دەلیا    هوار کە **ئەلی**، ژنەکەی بریا

گێسەل ژنەکەی، هیل و قوڵتاسە    ئەڕای بەن شمشێر، **مشی**-یم خاسە

**مشی**-یم چی شێر، پرد بەسە پەردە    کەوشەل نارنجی، قەیواڵای زەردە

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

مەشکەگەم چشە، ناڵەناڵشە    ئاوەگەی ماران، وە خێیاڵشە

مەشکەگەم چشە، هەر هووە مەکەی    کەرەی ڤەر و پیشت، گرد کووە مەکەی

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

مەشکەگەم چشە، ناڵەناڵشە    ئاوەگەی چنار، وە خێیاڵشە

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

ئەر مەشگەی خوەمی، خاترم دیری    ڤەرت جلەوەل، وە سەرم ناری

جلەوەل هاتن، دەس وە پیلەوە    هیزەلم هشکن، وەو ئالینەوە

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

مەشکەگەم ژنیا، وە کەرەی چڵچڵ    ئاو دە کوو بیارم، دە کەنی بڵبڵ

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**

مەشکەگەم چشە، ناڵەناڵشە    ئاوەگەی ڕڤێ، وە خێیاڵشە

مەشکەگەم ژنیا، وە کەرەی پەتی    ئاو لە کوو بیارم، کەنی شەروەتی

ئەڵ پای مەشکەگەم، خاوم بەردەوە    دەسم چوو ئەڵ بان، کەرەی سەردەوە

کەرەی سەرد و سڕ، بان نانەگە    **نادر** تو بخوە، نۆش گیانەگە

هەواڵنامەی کیژ

وەو زوور، وەو زەوەرد، بان شانەگەت　　وەو تەقەی پەشتیر، نوای خانەگەت

خان چیدە خزڵ، قرمزیپووشە　　ئەڕای شاپەسەن، گەوهەرفرووشە

گەوهەر نالیێگەم، بچم وا دزی　　ئەڕای شاپەسەن، گووناقرمزی

هەیف شاپەسەن، یەی چەمێ کاڵە　　هەر گووشەی چەمێ، سە تمەن ماڵە

سە تمەن بیەن، تەوڵێ بسازم　　وە نوای سیر ئەلی، سپای بوازم

**هەی نۆم خودا، هەی نیر ئەلی**



هەواڵنامەی کتێب

# ڕەخنە لە ئاوزین

- ✓ پێداچوونەوەیەک بۆ ناوخۆ
- ➢ ...
- ➢ ...
- ➢ ...
- ➢ ...

کتێب هەوالنامە

# پێداچوونەوەیەک بۆ ناوخۆ



سارا ئەحمەدزادە

گۆڤاری ئاوزین گۆڤارێکی خوێندکارانەیە کە تا ئێستا سێ ژمارەی لێ‌دەرچووە، وەکوو یەکەم هەنگاو و یەکەم هەوڵەکان بۆ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی سەرەتایەکی باشە؛ بەڵام بێ‌گومان هەڵگری هەندێ ڕەخنەشە کە بۆ باشترکردن و بەرەوپێش‌چوونی زیاتری گۆڤارەکە پێویستە. لە هەموو ڕەخنەیەکدا دەبێ بە پێی پێویست خاڵە لاواز و بەهێزەکانی چەمکی بەرباس بێتە گۆڕێ و کە لێرەدا مەبەست تەنیا بەهێزکردن و پێشکەوتنی زیاتری گۆڤارەکەیە.

گۆڤاری ئاوزین دروستە کە خوێندکارانەیە، بەڵام هەموومان دەزانین زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکە جیاوازترە و چەندین ساڵە بە گەرمی لە سەر زمان و ویژەی کوردی کار دەکرێ و ساڵ بە ساڵ شاهیدی پێشکەوتن و گەشەی زیاترین، ئێمە وەک خوێندکاری زمان و ئەدەبی کوردی ئەرکی سەرشانمانە کە بە تەواوی هێزمانەوە هەوڵ بدەین بۆ زمان و ئەدەبی خۆمان و ئەمەش لە یەکەم هەنگاودا لە قەڵەم و خامەی ئێمەدا خۆی دەنوێنێ. ئەو گۆڤارەی بەردەستمان یەکەم قۆناغە بۆ دەرخستنی زانست و نووسینمان، هەر لە سەرەتاوە با بە وزەیەکی باشەوە و بە جۆرێکی جیاواز و دوور لە لاوازیی سەرەتایی بنووسین، بەڵام زمانێک کە هەمووان لێی‌تێبگەن؛ واتا ناوەڕۆکی بەهێز و پتەو لەگەڵ دەربڕینێکی ساکار و ڕەوان.

پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکرێ کە دەبێ شوێن پێی مامۆستاکانیش لە گۆڤارێکی خوێندکارانە دەرکەوێ و بە جۆرێک نەبێ کە بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە تەنیا ڕەنگ و بۆنی زمانی خوێندکارانەی

هەواڵنامەی کتێب

ببێ بەڵکوو بابەتەکان بە یارمەتی و دروستکردنی هەلومەرجێکی گونجاو لە لایەن مامۆستایانەوە، لە ئاستێکی بەرزتر و باشتردا بنووسرێن و پێشکەش بکرێن. لە هەر سێ ژمارەکەدا چەندین شت بەرچاو دەکەوێ کە بەردەوام دووپات ئەبێتەوە لە سەر یەک ڕەوت و یەک شێوە، لە ڕاستیدا گۆڤارەکە خۆی خاوەن پۆلێنبەندییەکی باشە واتا بەشی لێکۆڵینەوە، مژاری تایبەت، ناساندن، چیرۆک، شێعر و هتد بە ڕێکوپێکی بۆ گۆڤارێکی خوێندکارانە پۆلێن کراون. لە هەر سێ ژمارەکەدا بەشی شیعر و چیرۆک ئاستێکی تا ڕادەیەک لاوازیان هەیە، بە تایبەت لە ژمارەی سێ‌دا هەندێ لە چیرۆک و شێعرەکان هەڵگری هەندێ ڕەخنەی بەرچاون کە لە یەک چاوخشاندنی ئاساییدا بە زەقی بۆ خوێنەری چالاک دەردەکەوێ. بۆ وێنە کاتێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە ئەبینێ کە هیچ داهێنان و نوێکارییێکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە سەرنجڕاکێش یان بە جۆرێک فێرکارانە بن، یان تەنانەت جۆرێک داڕێژرابن کە بۆ یەک چرکەش بێت خوێنەر بخەنە ناو بیر و فکرەوە.

بابەتێکی‌تر ئەوەیە کە ڕێژەی چیرۆک و شێعر زیاترە لە وتارەکان؛ لەوانەیە بۆ ئەم ڕەخنەیە هەندێ بڵێن کە ئەمە گۆڤارێکی ئەدەبیی خوێندکارانەیە و خوێندکاران هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتوون کە خۆیان خاوەن وتاری زانستی یان تەنانەت وتاری ئاسایی سەربەخۆ بن بۆیە زیاتر جەخت دەکرێتە سەر شیعر و چیرۆک و ناساندنی شاعیرانی کورد و بەرهەمەکانیان، بەڵام ئێمە ناتوانین گۆڤارێک تەنیا بەوانەوە ببەستینەوە لە ژێر ناوی گۆڤاری ئەدەبی خوێندکارانەدا، ئەم هەمووە چەمکە گرینگ و خاوەن قسە و باسە هەیە کە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تا ڕادەیەک زانستی و خاوەن مێتۆدی باش بنووسین.

ڕاستە کە لەوانەیە خوێندکارانی کارناسی هێشتا نەگەیشتبن بەو ئاستەی کە خۆیان بتوانن وتار، چیرۆک، یا هەر شتێکی بە تەواو مانا بنووسن. ئەوەی نووسراوە لەو گۆڤارە یا وەرگێڕانێکی سادە بووە یا هەندێ نووسین لە سەر شاعیران کە وەرگیراو لە دوو سێ کتێبە و تەواو، بەڵام لە ڕاستیدا و دوور لە هەر بیانوویەک بە بێ هیچ بەربەستێک هەموو تاکێکی خوێندکاران دەتوانن شتێک بنووسن خاوەن مۆرک و هێمانەی خۆیان بێ نەک وەرگیراو و ئیلهام لە سەرچاوەی دیکە، هەزاران کتێبی باش و وتار هەیە کە خوێندنەوەیان دەبێتە هۆی دروستبوونی بیر و ئەندێشەیەکی تازە و داهێنانێکی نوێ و تا ئێستا نەوتراو. با هەوڵ بدەین چیرۆک و شیعرەکانمان لە داهێنانی نوێ نزیک بکەینەوە و ببینە خاوەن شێوازی جیاواز.

وا باشە زیاتر گرینگی بدەینە نووسینی وتار، بەڵام نەک هەر نووسینێ کە ناوی وتاری بە سەرەوە خەسار بکەین. وتارێ کە بە سادەیی و ساکاریی لە ناو لاپەڕەیەک ویڵی نەکەین و بە دوو سەرچاوەی سەرەتایی وازی لێنەهێنین و تا ئەتوانین لە سەرچاوەی زیاتر کەڵک وەربگرین بۆ نووسینی وتارێک. دواتر سەرەڕای هەموو سەرچاوە و توێژینەوەیەک بتوانین دەرەنجامێکی باش بو وتارێک بە پێی هزر و ئەنجامی توێژینەوەی خۆمان دابین بکەین.

ئەو بەشەی کە زۆر کەم لەم گۆڤارەدا دەبینرێ چاوپێکەوتن و گفتوگۆیە، چەندین مامۆستا و نووسەری شارەزا هەن لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا کە دەتوانین بە شێوازێکی باش چەمکێکی دیاری کراو هەڵبژێرین و سەبارەت بەو چەمکە لەگەڵ کەسایەتییەکی شارەزا بە بابەتە دیاری کراوەکە چاوپێکەوتنمان هەبێ و زانستیانە بابەتێ ڕوون بکەینەوە کە هەم سەرنجڕاکێش بێ و هەم ڕەنگ و بۆنی شێوازی مۆدێڕنی پێوە دیار بێ.

کێشەی ڕێنووس و هەڵە زۆرەکانی وەک خاڵێکی لاواز و بەرچاو کە پێویستە وەک چەمکێکی زۆر گرینگ چاوی لێبکەین. هەرچەند بە ڕای من ئەوە ناچێتە خانەی ڕەخنەوە چونکی بەڕاستی لە گۆڤارێکی خوێندکارانەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی چاوەنواڕی ئەوە دەکرێ کە بچووکترین هەڵەی تێدا نەبێ ئەویش دوای سێ ژمارە؛ بەڵام بەداخەوە هەڵەی زۆری تێدایە کە پێوەندی بە ڕێنووسی یەکگرتووشەوە نییە و هەڵەیەکە کە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ. بۆ وێنە هەندێ وشە هەن کە هەر لە یەک لاپەڕەدا بە دوو جۆری جیاواز نووسراوە، ئەوەش یەک و دوو نییە بەڵکوو بە لێشاو لەم جۆرە هەڵانە دەبینرێ و یەکگرتوویی زمانیی تیا ڕەچاو نەکراوە. ئەگەر ئێمە بە گشتی ڕێنووسی یەکگرتوومان نییە لانیکەم با لە ناو گۆڤارەکەی خۆماندا یەکدەست و یەکگرتوو بین و بە ڕێکوپێکی و دروست بنووسین.

خاڵێکی دیکە کە جێی ئاماژەیە و مایەی دڵخۆشیشە ئەوەیە کە خوێندکاران بەوپەڕی متمانەوە و هەروەها بە چاونەترسییەوە بابەتە تازە پێگەییشتووەکانیان بە قەڵەمێکی هەرچەند سادە و سەرەتاییش دەنووسن، بە چاوەڕوانی لەوەی کە دەشزانن لەوانەیە بکەونە بەر ڕەخنەی زۆر کەس چ لە ناو زانکۆ و چ لە دەرەوەی زانکۆ. هەر وەک هەموومان دەزانین بەشی زمان و ئەدەبی کوردی زانستگای کوردستان بە چاک و خراپ زۆر چاوی لە سەرە، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک زۆربەی خوێندکارانی ئەم بەشە

بەبێ وچان و بە دڵێکی پڕ لە هیواوە و وزەیەکی لەبڕاننەهاتوو بۆ گەشەکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەوڵ ئەدەن.

با تێبکۆشین قەڵەممان ڕەنگین بکەین نەک تەنیا بۆ گۆڤارێک و بۆ کتێبێک، بەڵکوو بۆ داهاتووی زمانێک کە کەم و بەرتەسک مەودای خۆنواندنی بۆ خوێندنی ئاکادمیک پێ دراوە، با هەوڵ بدەین بە چاوکراوەیی و بە مێشکێکی ئاوەڵا و پڕ لە ورە و زانستەوە هەموو بابەت و تەوەرە گرینگەکان بخەینە بەر باس و توێژینەوەی چڕوپڕیان لە سەر ئەنجام بدەین. بە هیوای داهاتوویەکی گەش هەم بۆ ئاوزین و هەم بۆ خوێندکارانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.

هەواڵنامەی کتێب

# چیرۆک

- ✓ کفتەی کەر
- ✓ باران
- ✓ پیرەپیاوی سەر پردەکە

هەواڵنامەی کتێب

# کفتەی کەر



شلێر ڕەحمانی

لەو کاتەوە کە گۆشت گران بووە قووکەوتووە کە چەند دانە لە قەساوەکان لە جیاتی گۆشتی گا و پەز گۆشتی کەریان بە خەڵک فرۆشتووە، وریا بە لە لای هەر قەساوێک گۆشت نەکڕی؛ شیرزاد وتی ژنەکە خۆ من منداڵ نیم و باش ئەزانم لە کوێ شت بکڕم، هەر ئەڕۆم بۆ لای حاجی حەمەی قەساو، ئەو پیاوە دین و ئیمانی هەیە و خوا ترسە، وتم: ئیدی خۆت ئەزانی ئەمشەو میوانم هەیە و ئەمەوێت کفتەیان بۆ لێنێم، نەیخەیتە دێرەوە هەر بۆ نیوەڕۆ بیهێنە بۆم. چایەکەی هەڵقولاند و قەندەکەی ناو مشتییەوە کە مابوو خستیەوە ناو قەندانەکە. هەر کە کەوشەکانی خستە سەرپێ و لە پلەکانەکانی هێوانەوە ڕۆیشتە خوارێ چوومە سەر قەندانەکە بزانم کام لەو قەندانە بۆرتر دیارە، فڕێ بدەم، بەڵام هەرچی سەرنجم دایەوە نەمدۆزییەوە، بۆیە ناچار کەوتم هەموو قەندەکانی ناو قەندانەکە فڕێ بدەم، چوومە خوارەوە و هەموویانم خستە ناو ئاوی حەوزەکەوە و ئاوێکم دا بە قەندانەکە و ڕۆیشتمە ماڵەوە.

دەمەو نیمەڕۆ بوو کە هەموو منداڵەکان پێکەوە لە قوتابخانە گەڕانەوە بۆ ماڵ، بانگم کرد لێیان مەریوان، وریا، قانیع کە ئەگەڕانەوە بۆ ماڵ، باوکتان لە دووکاندا بوو یان دووکانی داخرابوو، قانیع کوڕە بچووکەکەم کە لە ئەوانی دیکە وریاتر بوو کوتی: دایکە دووکان باز بوو، بەڵام باوکم لە دووکاندا نەبوو، کوتم توخوا ئەوە کارە باوکتان ئەیکات، ئەوە وتم زوو گۆشتەکەم بۆ بێنە، وریا کوتی: تۆ سفرەکە داخە برسیمانە ئەویش دێتەوە. نانمان خوارد و هێشتا نەهاتەوە، سەعات دوو بوو کە گەڕایەوە. پێیگوتم ئەوە پیاوەکە خۆ ئامانەتم دابوو کە زوو گۆشتەکەم بۆ بێنی بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟ گوتی: چە گۆشت دەست ئەکەوێت، لە بەر دووکانی حاجی حەمە سەف بوو، هەموو ئاوایی لەوێ بە ڕیز بووبوون، دوو سەعات لە نۆرەدا بووم تا گۆشتم دەست کەوت.

شەو کە میوانەکان هاتن، سفرەمان داخست و هەر کە کفتەکانم هێنا میرزا فەتوڵا دەستی کرد بە چەنە بازی، ئەوکاتەی کە خەریک بووم تیکەکەم دەبرد بۆ دەمم ئەمەی کوت: ئەیچە شیرزاد ئەزانی دووکان حاجی حەمەیان قەپات کردووە، کە ئەم قسەیە کرد تیکەکە لە دەستم داکەوت، وتی:

نازانی شیرزاد ئەڵێن گۆشت کەری بە خەڵک فرۆشتووە، هاوارم بەرزەو بووەوە ئەی ماڵ کاولم شیرزاد، ڕەنگی شیرزاد سوورهەڵگەڕا و چاوی زاقەو بوو. وریا وتی دایکە ئەوە ئەو مووە ناو ئەم چێشتە چییە و تەکی دایە دواوەوە.

قانع دەستی کرد بە قاقا پێکەنین و گوتی: شۆفیری تاکسییەکە ئەیگوت هەر گۆشتێکتان خوارد تورش بوو بزانن ئەوە گۆشت کەرە و مەیخۆن، ڕاستی دایکە ئەم چێشتە لەوە ئەچێت کە ترش بێت و هەمجارە پێکەنی. گەزیزەی کچی میرزا گوتی کەر لە کوێ ترشە زۆریش شرینە، نازانن کەرەکەی ماڵ باوا چەندە جوانە و بەنازەوە لێم ئەڕوانێ. ماڵی باوای گەزیزە دراوسێی ئێمە بوون و کەرێک سپییان بوو.

قانع:

دایکم بە بیانووی تورشییەوە لە سەری سفرەکەوە هەستا، بەڵام باوکم و کا فەتێ هەر بەو جۆرە نانی سەنگەکەکەیان بە شێوەی گوێی کەر دەیانکردە ناو چێشتی کەرەکە، وا هەست دەکەم باوکم لەگەڵ خۆیدا ئەڵێت کەریش خراپ نییە. هیچمان قیزمان نەدەبرد نان بخۆین و هەر بەو جۆرە خۆمان دەخلافاند. مەریوان هەستا و وتی من تێر بووم و ئەڕۆم بۆ تۆپان، وریا و منیش بە دوایدا ڕۆیشتین. سفرە بە ئەو هەموو کفتە ماوەوە بۆ باوکم و میرزا فەتوڵا و گەلاوێژ خێزانی و گەزیزەی عاشقەو کەر. تورشییەکەی دایکیشم هەر پێنەگەیشت. هەموویان تێر و پڕ کەریان خوارد و چایشیان کردە بانی. دایکم هات و سفرەکەی کۆ کردەوە و هەرچی کفتە مایەوە کردیە بەر پشیلەکەی حەوشەکەمان، من بە پشیلەکە ئەمگوت بخۆ پشی گیان هەموو شەوێک دەست نادات گۆشتی کەر بخۆی ئاخرکام پشیلە کەری خواردووە؟ ڕەنگە تۆ یەکەمیان بی.. کە میوانەکان ڕۆیشتن دایکم تێر باوکمی شۆردەوە، وتی عەمرت نەمێنێت بۆ گۆشت کڕینت، تۆ کەر نەکڕیت کێ بیکڕێت پووڵەکەیشت لە کیس دا.

لەو شەوەوە، دایکم لای باوکمەوە نەدەخەوت، نازانم بۆ چی، شەڕیان بووبوو یان دایکم قیزیدەکردەوە. خۆمیش ئیدی نەمدەهێشت باوکم ماچم بکاتەوە، هەرچی تماشای لێویم دەکرد ئەکەوتمە بیری لێوی کەر، چی بکەم بە ئەنقەست نەبوو، ماچ لە دەمێک کە گۆشتی کەری خواردووە؟! هەڵڕشامەوە... نازانم بۆ چی لەو ڕۆژەوە هەستم دەکرد لە ئاواییەکەمان کەرەکان نەماون، شەوێک بۆ شێو دەعوەتی ماڵی جافرە ڕەش باوای گەزیزە بووین، کەرەکەیان هەموو نیوەڕۆیەک ئەیسەڕاند بەڵام سێ چوار ڕۆژ بوو کە ئیدی دەنگی نەبوو، ئەوەم دوای ئەوەی کە ئاوگۆشتەکەیانم خوارد کەوتە بیرم. وتم ئەوە فاتمە خانم کەرەکەتان دەنگی نایێت، وتی نازانم وەڵا من سەرنجم نەداوە، ڕەنگە خەوتووە. ئەو کاتە هەستم دەکرد خودا تۆڵەی ئەو پێکەنینانەی لێم سەندووە. کە گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان، چوومە دەستبەئاو و

تا توانیم ئەنگوستم کردە قورگی خۆمەوە، تاکوو هەڵیبێرم بەڵام وا دیارە گۆشتی کەر زوو هەزم ئەبێت و هیچی لێ نەمابوو. چوومە ژووری مەریوان و وریا و گوتم ئەوە ئێوە حاڵتان باشە؟ گوتیان بۆ چی؟ گوتم ئەوە ئێمەش لە ماڵی کا جافر کەرمان خواردووە، بە سەرسوورمانەوە سەیریان کردم و گوتیان ئەمە چە ئەیژی؟ گوتم بەگیانی باوا درۆ ناکەم کەرەکەیان نەماوە، ئەها دەنگی نایێت.

مەریوان وتی:

وەڵا ڕاس ئەکەی منیش چەند ڕۆژێکە دەنگیم نەبیستووە. وریا گوتی: ئەزانی چی بکەین شەوێکدا بە دزییەوە لە دیوارەکەیان بچینە خوارەوە و بڕۆینە ناو تەوێڵەکە بزانین کەرەکەیان ماوە یان خواردوومانە. شەوی دوایی کە باوکمان لە هێوان خەوت و دایکمان لە ژوورەکەی خۆیەوە خەوت هەمووومان کەوشەکەمان دا ژێری باڵمانەوە و بە پێخواسی پەیژەکەمان نیا پاڵ دیوارەکە و من و وریا کە گەورەتر بووین چووینە ناو حەوشەکەیان و قانع کە لە ئێمە بچووکتر بوو لەوێ کێشکی ئەدا. هەموو جێگاییێک تاریک بوو و تەنیا تۆزقاڵێک نووری دارتێلی کووچەکە حەوشەکەی ڕۆشن دەکردەوە، کە چووینە ناو تەوێڵەکە، کەوشەکانمان کردە پێمان تاکوو نەچەقێتە ناو سەنێرەوە، بەڵام لە ناخلاف پێم کەوت لە پووتی ئاوەکە و کەر سەڕاندی. کاتێک کە کەرەکە سەڕاندی هاواری قانع هاتە گوێمان کە ئۆۆۆۆخەی کەرەکە سەڕاندی، کەرەکە سەڕاندی... ئەوەندەمان زانی ڕامان کردە دەرێ و لە پەیژەکە چووینە خوارەوە. کە گەیشتینە ناو حەوشەوە بینیمان باوکمان بە پێی پەتی و دەست بە ناوقەد ڕاوەستاوە.

ئەو شەوە تێر تۆپاندمانی و نەیهێشت بڕۆینە ژوورەکەمان بخەوین و تا بەیانی لە حەوشدا لە سەرمادا ئەلەرزیاین. کە ڕۆژ بووەوە باوکم گوتی: دابێژن کەرەزلگەلە لە ماڵی جافرە ڕەش چیتان ئەکرد؟ قانع گوتی باوکە وەڵا لەبەر کەرەکەیان بوو. گوتی کەری چی؟ بۆ؟ وریا گوتی بابە ئاخر دوێشەو کە لە ماڵی ئەواندا بووین و ئاوگۆشتەکەمان خوارد دەنگی کەرەکەمان نەبیست و قانع گوتی ڕەنگە کەرەکەیان داوە دەرخواردمان، بۆیە ڕۆیشتین بزانین کەرەکە ماوە یان نا؟ باوکم کە ئەم قسانەی بیست دەستی کرد بە قاقا لێدان و گوتی خوا بتان کوژێت وا عەقڵی خۆتان داوەتە دەستی ئەم منداڵەوە، ئاخر کێ کەر ئەکاتە ئاوگۆشت؟ قانع گوتی: باوکە گیان کەر ئەبێتە کفتە بەڵام نابێتە ئاوگۆشت؟! کاتێک قانع ئەمەی گوت دایکم پێکەنی و خۆی تێکەڵی باسەکە کرد و گوتی: کفتەی کەری چی؟ هەموومان ئەو شەوە بە گاڵتەی باوکتان و میرزا فەتوڵا بووین، دوایی باوکتان ئەوەی بۆم دەرخست کە پێکەوە بڕیاریان داوە گاڵتەمان پێبکەن. ئاخری نەمانزانی کە ئەو ڕۆژە دایکمان ڕاستی گوت یان لەبەر ئێمە ئەو درۆیەی دا یان باوکمان ئەو درۆیەی بە دایکمان گوتووە تا لەگەڵی ئاشتەو بکاتەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە قەت دەممان بە گۆشتەوە نەدا.

# باران



گوڵزار ئەحمەدی

سڵام، ئەمڕۆ چۆنی؟ باشی؟ ئاراد! ئەمڕۆ ساڵڕۆژی ئاشناییمانە، دووەمین ساڵی ئاشنایەتیمانە. دەزانم تۆیش لە بیرت ماوە. چی ئەڵێم؟! ئەمڕۆ جوانترین ڕۆژی ژیانی هەردووکمانە، هیچکەس جوانترین ڕۆژی ژیانی لە بیر ناباتەوە، من کە هەمیشە لە خەیاڵی ئەوڕۆژەدام؛ لە ناو پێخەفەکەمدا، شەو... کاتی خەوتن، بەیانی... کاتێک کە چاو دەکەمەوە. هەمیشە و هەمووکات بیر لە و ڕۆژە دەکەمەوە، بیر لە چاوانی تۆ. ئەسڵەن دەزانی؟ من بێ تۆ مردووم. لە بیرت ماوە ئەو ڕۆژە چەن شەمە بوو؟ نازانم، تەنیا دەزانم باران دەباری، لەگەڵ شادی و نیاندا بۆ زانکۆ دەچووین؛ بەڵام ئەو ماشینە و شۆفیرە مەستەکەی ڕێگای ژیانمیان گۆڕی. ئەو کاتە کە لێی دام وامدەزانی مردووم، بەڵام کاتێک چاوەکانم کردەوە و چاوانی تۆ لە پێش چاومدا تیشکیان دایەوە زانیم کە ڕەشیی چاوانی تۆ وەک خۆر لە ژیانمدا هەڵهات. نازانم بۆچی بەو هەمووە زەخمە و بە دەست و قاچی شکاوەوە، ئێشم نەبوو، شایەدیش مەست بووم. ڕەنگە بە شەرابی چاوانی تۆ مەست بووبێتم. نەخۆشی و برینداری زۆر خۆشە بەو مەرجە کە تۆ دوکتۆری ئەو بریندارە بی. ئەو بریندارە من بووم و ئەو دوکتۆرە تۆ بووی. کاتێک لە سەر سەرمەوە وێستابووی هەموو هۆش و هەواسم لای تۆ بوو، کاتێک ترپەی دڵمت کۆنترۆڵ دەکرد و نەتدەزانی هۆی توندلێدانەکەی چییە، ئەو کاتە کە پێت‌گوتم کە ئیتر دەتوانم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە و، ئەوە ئاخرین ویستی من بوو، نەخۆشخانە ماڵی من بوو کاتێک کە تۆ لەوێ بووی.

ئەو کاتە کە چوومەوە ماڵ و لێت دوور کەوتمەوە، وەکوو ماسیێک کە لە ئاو دادەبڕێت بێ‌قەرار بووم. ئەو کاتە کە گووشییەکەم زەنگی خوارد و ژمارەیەکی نەناس لە سەری بوو، بەڵام دەنگی کەسێکی ئاشنام لێ‌بیست، خۆش‌ئاهەنگ‌ترین دەنگ بوو. ئەو کاتەی کە وەکوو یەکەم جاری من وشە

کان بۆت بێگانە بوون، هیچ وشەیێک بە کەڵکت نەهاتن و مەجبوور بووی خواحافیزی بکەی، بێدەنگییەکەت دڵمی خستە لەرزە. ئەو کاتە کە لە بەر دەرگای زانکۆ چاوم پێت کەوت قاچەکانم بێهێز بوون، کە هاتیتە پێش و داوات لێمکرد کە پێکەوە پیاسە بکەین و قسە بکەین، بیستنی وشەی خۆشەویستی لە تۆ زۆر جوان بوو ئەو کاتە کە لێتپرسیم کە ئاخۆ تۆیش دڵت لە لای منە؟ سەرم داخست و نەمتوانی هیچ بڵێم. هەموو دڵم دەیگووت کە بێجگە لە تۆ هیچ خەیاڵێکی نییە، چەندە خۆش بوو من و تۆ وەکوو لەیلی و مەجنوون، خەج و سیامەند، ڕۆمیۆ و ژوولییێت. من و تۆ، ئاراد و دینا، چەندە خۆش بوو دەست لە ناو دەستی تۆ لە ژێر باراندا هەنگاوەکانمان کورتتر دەکردەوە کە درەنگتر بگەینە ماڵەوە و لە یەک جیا ببینەوە، بەڵێنت پێدام کە هەرگیز بەجێم نەهێڵی. ئەو کاتانەی پێکەوە نەبووین کاری من تەنها ئەوە بوو کە ماقی ئەو ئەنگوستیلەیە ببم کە تۆ لە دەستمت کرد، ئەو ئەنگوستیلەیە کە نیشانەی عەشقی بێپایانی ئێمەیە، زۆر جوانە، بڕوانە چەندە جوانە! من هێشتا وەفاداری تۆم، ئەویندارى تۆم تا ڕۆژی قیامەت. ساڵوەگەڕی عەشقەکەمان پیرۆز بێت یارە بێوەفاکەم، بڕوانە ئەم گوڵانەم بۆ تۆ هێناوە، گوڵی سوور کە زۆرت پێ خۆش بوو. پێت دەگوتم:

دینا! وەکوو گوڵی سوور جوانی، تەنانەت جوانتر لەویش. ئێستا بۆ بێدەنگی؟ من جوانییەکەم نەماوە یان دڵی تۆ لە عەشقەکەمان خاڵی بووەتەوە؟ تۆ کە وتت عەشقت بە من وەکوو دەریاییێکی بێبنە، ئێستا چی گۆڕاوە؟ من، تۆ، یان دونیا؟... لە بیرت ماوە کاتێک نمەنمە باران دەباری، لە سەر زەویدا ڕادەکشاین لە پاڵ یەکتردا، من سەرم لە سەر شانی تۆ، دەمانڕوانی بۆ ئاسمان، ئاسمان زۆر جوان بوو، دارەکان، باڵندەکان، دەنکەدەنکەی باران، هەموو دونیا زۆر جوان بوون، ئێستا چی گۆڕاوە؟ من، سەرم لە سەر شانی تۆ بۆ ئاسمان دەڕوانم، جوان نییە، ڕەش و تەماوی، هیچ جوانییەک نابینم، هەموو ڕەش، بەڵام نەوەکوو چاوەکانی تۆ، ڕەشیی چاوەکانی تۆ هۆی ژیان بوون، ئەم ڕەشییە کە دەیبینم ڕەنگی مەرگە، ببوورە یارەکەم فرمێسکەکانم ڕاوەستانیان بۆ نییە، ببوورە کە بەڵێنەکەم شکاند، بەڵێنمدا کە فرمێسک لە چاوانم نەیێت، کە تۆ خەمبار نەبی، بەڵام چی بکەم پەیمانشکێنیی تۆ دڵمی شکاند، زامی دەست و پێم، تۆ تیمارت کرد. زامی دڵم کێ تیماری کات؟ تۆ بەڵێنت بە دڵم دا کە تا قیامەت لەگەڵم بمێنی، پەیمانت شکاند، زوو پەیمانەکەت لە بیر بردەوە، ئەمە ڕەسمی عاشقان نییە، پەیمانشکاندن

هەوراز کتێب

لە نێوان عاشقان هیچ جێگاییێکی نییە، بەجێ‌هێشتن لە مەرامی عاشقاندا نییە، چی بڵێم کە وام‌دەزانی تاکوو قیامەت دەستم لە ناو دەستتدا، سەرم لە سەر شانت دەمێنێت، وام‌دەزانی ماڵی من تەنها باوەشی تۆیە، چی بڵێم کە وامان‌دەزانی عەشقی ئێمە تاکوو قیامەت دەمێنێتەوە، وامان‌دەزانی من و تۆ نە وەکوو خەج و سیامەند، لەیلی و مەجنوون، ڕۆمیێۆ و ژوولییێت، بەڵکوو وەکوو خۆمان بە یەک دەگەین و پێکەوە ئەژین. چی بڵێم کە هیچ بیرمان لە مەرگ نەدەکردەوە، بەڵام مەرگ بیری لە سەر تۆ بوو، لە سەر یارەکەی من، ئەو ڕۆژە نەحسە کە ماڵەکەت ئاگری گرت و تۆ و ژیانی من سووتان، دونیا قەد ئینسافی نییە، بێزارم لە هەموو دونیا، لە خۆم، لە ژیان، لە مەرگ کە کەوتە بەینی من و تۆ. دونیا چاوی دیتنی من و تۆی پێکەوە نەبوو، دونیا زۆر بەخیل بوو کە پێی خۆش نەبوو دەنگی پێکەنینی من و تۆ ببیسێت، خۆزگە پێکەنینەکانمان ئارامتر، بێ‌دەنگ‌تر بووایە. ئێستا من سەرم لە سەر قەبرەکەی تۆ، بۆ ئاسمان دەڕوانم. تۆ بێ‌دەنگیت و دەنگی گریانی من تەواوی زەوین و ئاسمانی داگرتووە، خۆزگە بەڵێنم پێت نەئەدا کە بژیم؛ چی بڵێم کە من مردووم و تەنها قاچە بێ‌هێزەکانم لەشم لەگەڵ خۆیان دەبەن. بێ‌وەفا خۆزگە هەرگیز نەتدەگوت خۆکووژی گوناحە، ئەی دڵشکاندن و بەجێ‌هێشتن گوناح نەبوو؟...

# پیرەپیاوی سەر پردەکە



نووسەر: ئێرنێست هەمینگوەی
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: ئەحمەد گوڵشیری
وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی: زانا ڕەشیدی

پیرەپیاوێک بە چاویلکەیەکی دەورە ئاسنی و جلوبەرگێکی خۆڵاوییەوە لە تەنیشت ڕێگاکە دانیشتبوو. لە سەر ڕووبارەکە پردێکیان لە دار ساز کردبوو کە گارییەکان، کامیۆنەکان، پیاوان، ژنان و منداڵان بە سەریدا دەپەڕانەوە. گارییەکان کە بە هێستر کێش دەکران، بە دژواری لە سەرولێژی کەنارەکە سەردەکەوتن. سەربازەکان پەڕی چەرخەکانیان دەگرت و بۆ پێشەوە پاڵیان پێوە دەنا. کامیۆنەکان بە دژاری بەرەو سەرەوە دەخزان و لە پردەکە دوور دەکەوتنەوە و هەمووان کە لە پردەکە دەپەڕانەوە. دێهاتییەکان لە نێو گڵێکدا کە تا قولاپەی پێ-یان دەهات بە دژواری هەنگاویان هەڵدەهێنا، بەڵام پیرەپیاو بێ جووڵە لەوێدا دانیشتبوو؛ ئەوەندە ماندوو بوو کە نەیدەتوانی هەنگاوێکی دیکە بنێت. من ڕاسپێردرابووم، کە لە پردەکە بپەڕمەوە. درگای ئەوبەری پردەکە بپشکنم و بزانم دوژمن تا کوێ پێشڕەوی کردووە. کارم کە تەواو بوو لە سەر پردەکەوە گەڕامەوە. ئیتر گارییەکان ئەوەندە زۆر نەبوون و چەند کەسێک مابوونەوە کە بە پیادە تێپەڕ دەبوون، بەڵام پیرەپیاوەکە هێشتا هەر لەوێ بوو.

-پرسیم: «خەڵکی کوێی؟»

-کوتی: «سان کارلۆس» و بزەیەکی کرد.

شاری باوە و باپیرانی بوو و هەر بەم بۆنەوە یادی ئەوێ دڵخۆشی کرد و لێوی بزەی هاتێ.

دواتر کوتی: «پارێزگاری ئاژەڵەکان بووم.»

من کە بە باشی لێی تێنەگەیشتم، کوتم: «ئەرێ ئیتر.»

کوتی: «ئەرێ دەزانی من مامەوە تا پارێزگاری لە ئاژەڵەکان بکەم. من دوایین کەس بووم کە لە سان کارلۆس هاتمە دەرەوە.»

شێوەی لە شوان و مەڕ و ماڵاتدارەکان نەدەچوو.

سەیری جلە ڕەش و خوڵاویی، سەر و چاوە تۆز گرتوو و چاویلکە دەورە ئاسنییەکانیم کرد و کوتم: «چ جۆرە ئاژەڵ گەلێک بوون؟»

به نائومێدییەوە سەرێکی لەقاند و کوتی: «هەمەجۆر ئاژەڵێک بوون. ناچار بووم کە جێیان بێڵم.» چاوم لە پردەکە و دیمەنی دڵڕفێنی ئیبەرو دەکرد، کە مرۆڤی دەخستە یادی ئافریقاوە و لە بیری ئەوەدا بووم کە چەندە دەخایەنێ کە چاوما بە دوژمن بکەوێ. دایمە گوێ بە زەنگ و ئامادە بووم کە یەکەمین دەنگەکانی شەڕ و پێکدانانەکە ببیستم، کە لەم ڕووداوە ئاڵۆز و نادیارە هەڵدەستێت. پیرەپیاوەکە هێشتاکە لە وێدا دانیشتبوو.

-پرسیم: «کوتت چ ئاژەڵ گەلێک بوون؟»

-کوتی: « سەرجەم سێ جۆر ئاژەڵ بوون. دوو بزن و پشیلەیەک و چوار جووت کۆتر.»

-پرسیم: «ناچار بووی جێیان بێڵیت؟»

- «ئەرێ، لە ترسی تۆپەکان. سەروانەکە پێی کوتم کە لە نێو تۆپ بارانەکەدا نەمێنم.»

-پرسیم: «ژن و منداڵت کە نییە؟» سەیری ئاخری پردەکەم دەکرد، کە چەند دانە گاری بە پەلە لە سەرولێژی کەنارەکە دەچوونە خوارەوە.

-کوتی: «تەنیا ئەو ئاژەڵانە بوون کە کوتم. هەڵبەت پشیلە هیچی بە سەر نایێ. پشیلەکان دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام نازانم ئەوانی دیکە چییان بە سر دێت؟»

-پرسیم: «لایەنگری کێی؟»

-کوتی: «سەرم لە سیاسەت دەرناچێت، ئیدی حەفتا و شەشساڵمە. دوازدە کیلۆمەتر بە پێ هاتووم، لەوە ناچێ بتوانم لێرە زیاتر بڕۆم.»

-کوتم: «ئێرە بۆ مانەوە جێیەکی باش نییە. ئەگەر حەوسەڵەت بێ، کامیۆنەکان لەو ڕێگەدان کە تورتوساوە تێدەپەرێت.»

-کوتی: «کەمێکی دیکە دەمێنمەوە. دواتر ڕێ دەکەوم. کامیۆنەکان بەرەو کوێ دەچن؟»

-کوتم: «بارسێلۆنا.»

-کوتی: «من لەوێ کەس ناناسم، بەڵام سپاست دەکەم. زۆر سپاس.»

بە نیگایەکی ماندوو و پووچەوە سەیری چاوی بڕییە من، وەکوو کەسێ وابوو کە بییەوێت لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەرد و پەژارەکەی بەش بکات، کوتی: «پشیلە هیچی بە سەر نایێ، دڵنیام. بۆ چی خەمی بۆ بخۆم؟ بەڵام ئەوانەی دیکە چییان بە سەر دێت؟ تۆ دەڵێی چییان بە سەر دێت؟»

- «ئاشکرایە، بە شێوەیەک هەر ڕزگاریان دەبێت.»

- «تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟»

-کوتم: «هەڵبەت.» سەیری کەنارە دوورەدەستەکەم دەکرد، کە ئیدی لەوێ هیچ گارییەک نەدەبینرا.

- «بەڵام ئەوان لە ژێر ئاگری تۆپەکاندا چی دەکەن؟مەگەر هەر لە ترسی ئەم تۆپانە نەبوو کە پێیان کوتم لەوێ نەمێنمەوە؟»

-کوتم: «دەرگای قەفەسی کۆترەکانت کردۆتەوە؟»

- «ئەرێ»

- «کەواتە هەڵدەفڕن.»

-کوتی: «ئەرێ، هەڵبەت کە هەڵدەفڕن، بەڵام ئەوانی دیکە چی؟ باش وایە بنیادەم بیری لێ نەکاتەوە.»

-کوتم: «ئەگەر ماندوویت دەرچووە، من وەڕێ بکەوم.» دواتر بە؟ زۆرەوە کوتم: «ئێستاکە هەستە و هەوڵ بدە وەڕێ بکەویت.»

-کوتی: «سپاس». هەستایە سەر پێ و خلۆر بووەوە. بە پشتدا کەوت و لە نێو گڵەکاندا دانیشت. سەرسەرییانە کوتی: «من تەنیا پارێزگاریم لە ئاژەڵەکان دەکرد. »بەڵام ئیدی ڕووی قسەکانی لەگەڵ من نەبوو. دیسان دووپاتی کردەوە: «من تەنیا پارێزگاریم لە ئاژەڵەکان دەکرد.»

ئیدی نەتدەتوانی کارێ بکەیت. یەکشەممە جەژنی پاک بوو و فاشیستەکان بەرەو ئیبەرو دەڕۆشتن. هەورە ڕەشەکان ئاسمانیان پەچن کردبوو و فڕۆکەکانیان بە ناچار هەڵنەدەفڕین. ئەم بابەتە و ئەوەیکە پشیلەکان دەیانزانی چۆن لە خۆیان پارێزگاری بکەن، تەنیا دڵخۆشی پیرەپیاوەکە بوو.

هەواڵنامەی کێژ

# شیعر

- ✓ تاراوگەی بیرەوەرییەکان
- ✓ درەنگ ...

هەواڵنامەی کتێب



شلێر ڕەحمانی

# تاراوگەی بیرەوەرییەکان

لە شەوێکی سارددا...

هەموو شتێک دەسووتێت

تەنانەت باران!

زستان کراسی تەنیایی

کردووە بەر دارستان!

لە دووریی نیگاکان

قاپەکان شینگێڕی بیرێکی کۆنن

کۆنتر لە شین، منم لە مێشکی ئەوین

تەمەنی من زۆرترە لە تەمەنی نزاکان

بە گوێی با مەچرپێنە!

تیشکی خۆر مەلاوێنە!

پاڕانەوەی من لە خوداکان

پاڕانەوەی قەلێک بوو،

لە سپییەتی کۆترەکان...

پاڕانەوەی من لە دونیا

پاڕانەوەی بەفر بوو،

لە ئامێزی چیاکان...

ئێستا...شوناسێکی نامۆم،

لە تاراوگەی بیرەوەرییەکان!!!

قەت هەستی تەنیاییم ناهەژێنێ...

ڕاهاتووی سەهۆڵبەندانم

بۆت نییە دوبارە دام بگیرسێنی.



محەمەد ڕەحیمزادە

## درەنگ ....

درەنگ هاتم

درەنگ هاتی

ئەتۆ تازە دوایین پێکەنینی تاڵی

ماسیەکی سەربڕاوی

منیش دوایین

بڵێسەی ئاوری تەنیایی

ئاخ کە چەند درەنگ هاتی!

درەنگ هاتم بەڵام لەم کات

نیشتیمانی دڵم

سەودای ئاڵای بوونت ئەکات

درەنگ هاتی بەڵام هێشتاش

چاک دەیزانم چاوت

بۆ بوونی من هەوڵ ئەدات

ئەزانم چەند درەنگ هاتم

بەڵام هاتم بۆ مانەوە

بۆ لەلای یەکتری ژیان

فرمێسکی یەک پاک کردنەوە!

هەواڵنامەی کتێب

# بەرهەمە تازەچاپکراوەکان

## (ئەو بەرهەمانەی ڕەوانەی نووسینگەی ئەنجومەن کراون)





*زەردەشت وەها دووا*

*کتێبێک بۆ هەموو کەس و هیچ کەس*

نووسەر: فریدریش ویلهێلم نیچە

ئەندێشە؛ سلێمانی: ۲۰۱۸



*مێژووی بیری کوردی*

نووسەر: مامۆستا جەعفەر

(فازیل کەریم ئەحمەد)

حەمدی؛ سلێمانی: ۲۰۰۹




*هزر و زمان*

نووسەر: ل. س. ڤیکۆتسکی

وەرگێڕ: مستەفا غەفوور

موکوریانی؛ هەولێر: ۲۰۱٦




*ئەفسانە و ئایدۆلۆژیا و زمان*

*کۆبەرهەمی زمانەوانی (۱)*

نووسەر: سەلام ناوخۆش

تەفسیر؛ هەولێر: ۲۰۱٦




*Mem û Zîn*

Poet: ehmed xanî

Translated by:

Feryad Fazil Omer

Institute of Kurdish Studies Berlin

2018




*مەنتیقوتەیر*

عەتار نەیشابووری

وەرگێڕ: مەلا خەلیل مشەختی

کارۆ؛ سلێمانی: ۲۰۱۸




*زوان ئیمە*

*(کۆمەڵە وتارەکانی کامران ڕەحیمی)*

کۆکردنەوە: عەلی حەیاتنیا

زاگرۆ؛ ئیلام: ۱۳۹۵




*کۆمەڵگای کوردەواری لە*

*سەدەکانی ناوەڕاستد*

نووسەر: پ. د. زرار سدیق

ئاوێر؛ هەولێر: ۲۰۱٤

د. جەمیلە جەلیل؛ موزیسیەن و توێژەر



کتێب هەواڵنامەی



هەواڵنامەی کتێب

# Awzîn 4